

بۆ تێگەیشتنی قورئان

بەرگی [١٢]

نووسینی

مەلا مەحموودی گەلاڵەیی



تەفسیری ڕەوان

بۆ تێگەیشتنی قورئان

بەرگی بیست و چوارەم

نووسینی
مەلا مەحموودی گەلاڵەیی

جزمی (٢٤)



- تەفسیری رەوان بۆ تێگەیشتنی قورئان.
- نوسینی : مەلا مەحموودی گەلاڵەیی.
- چاپی یەکەم.
- چاپخانەی ئۆفسێتی تیشک.
- تیراژ: (٥٠٠) دانە.
- ژمارەی سپاردن: (٦٣٥)ی ساڵی ٢٠٠٢

هەڕەشە لەوانەی پێغەمبەران بەدرۆدەخەنەوەو مزگێنی بۆ ئەوانەی شوێنیان دەکەون

﴿ فَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّن كَذَبَ عَلَى ٱللَّهِ وَكَذَّبَ بِٱلصِّدْقِ إِذْ جَآءَهُۥٓ ۚ أَلَيْسَ فِى جَهَنَّمَ مَثْوًى لِّلْكَٰفِرِينَ ﴿٣٢﴾ وَٱلَّذِى جَآءَ بِٱلصِّدْقِ وَصَدَّقَ بِهِۦٓ ۙ أُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُتَّقُونَ ﴿٣٣﴾ لَهُم مَّا يَشَآءُونَ عِندَ رَبِّهِمْ ۚ ذَٰلِكَ جَزَآءُ ٱلْمُحْسِنِينَ ﴿٣٤﴾ لِيُكَفِّرَ ٱللَّهُ عَنْهُمْ أَسْوَأَ ٱلَّذِى عَمِلُوا۟ وَيَجْزِيَهُمْ أَجْرَهُم بِأَحْسَنِ ٱلَّذِى كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿٣٥﴾ أَلَيْسَ ٱللَّهُ بِكَافٍ عَبْدَهُۥ ۖ وَيُخَوِّفُونَكَ بِٱلَّذِينَ مِن دُونِهِۦ ۚ وَمَن يُضْلِلِ ٱللَّهُ فَمَا لَهُۥ مِنْ هَادٍ ﴿٣٦﴾ وَمَن يَهْدِ ٱللَّهُ فَمَا لَهُۥ مِن مُّضِلٍّ ۗ أَلَيْسَ ٱللَّهُ بِعَزِيزٍ ذِى ٱنتِقَامٍ ﴿٣٧﴾

لەوە پێش پەروەردگار هەڕەشەی توندی لە کافرەکان کرد، پەندو نەزیلەو نموونەی لە سەر بێ بناغەیی بیرو باوەڕیان هێنایەوە، ئەمجار لێرەدا ناشیرینتر بیرو باوەڕو هەڵوێستیان ڕون دەکاتەوە: کە بریتیە لەدرۆ هەڵبەستن بەدەم خواوەو هاوەڵدانان و منداڵ بۆ دانان و بەدرۆ خستنەوەی پێغەمبەرەکەیو ڕەتکردنەوەوی پەیامەکەی: هەڕەشەیان لێدەکاو دەیانترسێنێ لە ئاگری دۆزەخ.

ئەمجار وادەی بەهەشت دەدا بەخو دا پەرستان و لە تاوانیان خۆش دەبێ ئەگەر تۆبەبکەن.

دەفەرموێ: ﴿فمن أظلم ممن كذب على الله وكذب بالصدق اذ جاءه﴾ کێ لەوکەسە ستەمکارترە: کە درۆ لەسەر خودا هەڵدەبەستێ، پێغەمبەری ڕاستگۆو دڵسۆز بۆ ئایین و بۆ ئەوان بە درۆ دەخەنەوە، واتە: کەس لەو کەسە تاوانبارتر نیە کە درۆ بۆ خودا هەڵدەبەستێ: هاوەڵی بۆ بڕیار دەدا، منداڵی بۆ بەرەوا دەزانن، بە پێچەوانەی فەرمان و جڵەوگیریەکانی ئایین ﴿ حەرام و حەڵاڵ دیاریی دەکەن، بانگەوازیی پێغەمبەر بۆ یەکتاپەرستی رەتدەکەنەوە، درۆ لەسەر خودا هەڵدە بەستن و پێغەمبەرەکەیشی بەدرۆ دەخەنەوە، ئەوەبوو بە بێتێفکرین و بیر کردنەوە قورەیشییەکان پەیامی پێغەمبەریان رەتکردەوە، هەر لەگەڵ هاتە سەریان و بانگەوازی خۆی ڕاگەیاند خێرا و گۆزو گومەت بەدرۆیان خستەوە، ئەمەش بەڵگەیەکی ترە لەسەر نەفامی و نەزانییان.

ئەمجار بەشوێن ڕاگەیاندنی ئەو حاڵ و وەزع و هەڵوێستەیان دا هەڕەشەی توندیان ئاڕاستە دەکا، دەفەرموێ: ﴿أليس في جهنم مثوىً للكافرين﴾ ئایا لەدۆزەخ دا بۆ ئەو کافرەسەرەقانە شوێنی حەوانەوەنیە؟ واتە: ئەوانە شوێنیان دۆزەخەو جێگاو مەکانیان دیاریکراوە، ئیستیفهامەکە بۆ تەقریرو چەسپاندنە! ئەمجار وادەو مزگێنی دەدا بەخودا پەرستان و دەفەرموێ:

﴿والذي جاء بالصدق و صدّق به، اولئك هم المتقون﴾ ئەو کەسەی بەڕاستی پێغەمبەرەو پەیامی حەق و ڕاستی هێناوە، ڕەوانەکراوی خودا بۆ سەر ئادەمیزادو دوا پێغەمبەرو پێشە وایانە، هەروە ها ئەوانەش کە شوێن ئەو پێغەمبەرە کەوتون و ئیمانیان پێهێناوەو دڵنیان لەوە قورئان کەلامی خودایە و بەرنامەی ژیانەو چرای ڕێبازی بە ختەوەری و بە مراز

گەییشتنە، هۆی سەرفرازی دونیاو قیامەتە، ئەوانە ئەوکەسانەن لەخواترس و خۆپارێز لە هاوەڵدانان بۆ پەروەردگارو دژ بە بتپەرستین.

پاداشی ئەوانەلای خودایە ﴿لهم مايشاؤون عند ربهم، ذلك جزاء المحسنين﴾ هەرچی داوابکەن لە بەهەشت دا لای خودا بۆیان ئامادەیە، چییان بۆی لەبەهەشت دا لە پلەوپایەی بەرزو خۆشی بێ کۆسپ و لێخۆشبون لە تاوان و دەستەبەری بوونی ڕەزامەندی خودا بۆیان دەستەبەر دەبێ، نازو نیعمەتی وایان دەدرێتێ هیچ چاوێك نەی بینیوە و بەسەردڵی کەس دا تێنە پەڕیوە، بەخەیاڵیش کەس تەصەوری نەکردوە، ئا ئەو پاداشە زۆر و هەمە جۆرە پاداشی چاکە کارانە، ئەوانەی: خوداپەرستیان بە جۆرێك بووە وەکوو بڵێی چاویان لە خودا بووە، خۆ ئەگەر چاویان لەخودا نەبووبێ دڵنیا بوون لەوەی کە خودا چاوی لێیانە، ئەم پاداشە بەرزو پیرۆزە: کە خودا بۆی ئامادە کردون و وادەی پێ داون:

﴿ليكفر عنهم اسوأ الذى عملوا ويجزيهم أجرهم بأحسن ما كانوا يعملون﴾ بۆ ئەوە بەخراپترین خراپەکارییەکانیان بپۆشێ؛ پاداشیان بەگوێرەی کردەی باشیان بداتەوە، کام کردوەیان باش و پەسندە ئەوەیان بۆ دەکاتە نموونە، هەموو کردەوە باشەکانی تریان بەگوێرەی ئەو کردەوە باشترە بۆ حسێب دەکا.

جاکە لەکردەوە خراپ خراپەکانیان خۆش ببێ هەڵبەتە لە هەموو تاوانێکیان خۆش دەبێ، هیچ تاوانێکیان لە ئەستۆ نامێنێ. دەکەونە ژیانی بەختەوەری و سەرفرازییەوە.

ئەوانە بۆ خودا صوڵحاو بەخوچاراو بوون و، بەڕاستی بەندایەتی خودایان کردەوە ﴿أليس الله بكاف عبده؟﴾ ئایا خودا بەس نیە بۆ بەندەکەی؟ پێغەمبەر: کەخودای لەپشت بێ پێویستی بەکەسیترهەیە؟! نەخەیر!

بەڵێ هەرکەسێ بەڕاستی بەندایەتی بۆ خودا بکاو پشـتی پێبەستێ خۆبخاتە پەنای، خـودای بەسـەو حەوێجـەی بـە کەسـیتر نیـە، ناخۆشـی وتەنگ و چەڵەمەی ڕۆژی قیامەتی لێ دوور دەخاتـەوەو هـەرچی بیـەوێ دەیداتێ. لە دونیاش دا سەربەرزو سەرفرازەو شابەسەپانی خۆی نازانێ.

﴿ویخوفونك بـالذین مـن دونـه﴾ ئـەی پێغەمبـەر! ئـەو موشـریك و نەمامانە هەڕەشەت لێدەکـەن بەبتـەکانیان، دەڵێـن: ئەگـەر موحەمـەد وازنەهێنێ لە دژایەتیکردنی خوداکانمـان و بـەردەوام بـێ لەسـەر ڕەخنـە لێگرتنیان ئەوە توشی ناخۆشـی و تـەنگ و چەڵەمـەی دەکـەن، شـێت و وێتی دەکەن، ئەونەفامانە بڕوایـان وابـوو ئەوبتانـە هـێزو توانـای لـەبن نەهاتوویان هەیە، هەرکەسێ دژیان بـدوێ تووشـی کـارە سـاتی دەکـەن، دەگێڕنەوە: کە پێغەمبەرﷺ خالیدی ناردبۆ ئەوەی بتی (العـزی)بشـکێنێ کابرای مجەورو سادەنی وتی: دەترسم تووشی شتێکت بکا، چونکە ئەم بتە هێزو توانایەکی هەیەکەس ناوێرێتێ، بەڵام خالید گوێـی پـێ نـەداو بـە تەوەرەکەی وردو خاشی کرد.

﴿ومن یضلل الله فما له من هاد، ومن یهد الله فمـا لـه مـن مضـل﴾ کەسێك خودا بڕیاری گومڕابوونی بۆ دابی لەبەر ئەوەی بـۆ خـۆی ئامـادە باشی گومڕابون و تاوانکاری تێدابێ.کـەس نیـە بتوانـێ هیدایـەتی بـدا، کەسێکیش خودا هیدایەتی بدا، چونکە بۆ خۆی ئامادە باشـی هیدایـەت وەگرتنی تێدایە، ئەوەکەس نیە بتوانێ گومڕای بکا. واتـە گومڕاکـردن و هیدایەتدان بە دەست خودایە، ئەو بەدیهێنەریانە کەسیتر جگـە لـەخودا ڕۆڵی تێدا نابینن.

﴿ألیس الله بعزیز ذی انتقام﴾ ئایا خودا بەسەر هەموو شـتێك دا بـالاّ دەست و خاوەن توانانیە؟ ئایا خودا خـاوەنی سـزای سـەخت و دژوارنیـە؟ ئیستفهامە کە بۆ تەقریرو ئیسـباتە، واتـە بـەڵێ خـودا خـاوەنی توانـاو

دەسەلاتی ڕەهایە عەزابی سەخت و دژواری هەیە، هەرکەسێ پەنای بۆ بەرێ پەنادراوەو کەس ناتوانی زیانی لێ بدا.

بۆردانی بتپەرستەکان و هەڕەشە لێکردنیان

وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ لَيَقُولُنَّ اللَّهُ ۚ قُلْ أَفَرَأَيْتُم مَّا تَدْعُونَ مِن دُونِ اللَّهِ إِنْ أَرَادَنِيَ اللَّهُ بِضُرٍّ هَلْ هُنَّ كَاشِفَاتُ ضُرِّهِ أَوْ أَرَادَنِي بِرَحْمَةٍ هَلْ هُنَّ مُمْسِكَاتُ رَحْمَتِهِ ۚ قُلْ حَسْبِيَ اللَّهُ ۖ عَلَيْهِ يَتَوَكَّلُ الْمُتَوَكِّلُونَ ﴿٣٨﴾ قُلْ يَا قَوْمِ اعْمَلُوا عَلَىٰ مَكَانَتِكُمْ إِنِّي عَامِلٌ ۖ فَسَوْفَ تَعْلَمُونَ ﴿٣٩﴾ مَن يَأْتِيهِ عَذَابٌ يُخْزِيهِ وَيَحِلُّ عَلَيْهِ عَذَابٌ مُّقِيمٌ ﴿٤٠﴾

لەوەپێش پەروەردگار هەڕەشەی لە موشریکەکان کردو وادەی بەهەشتی بەیەکتا پەرستان دا، ئەمجار لێرەدا بەڵگە لەسەر پوچی بیرو باوەڕی بتپەرستەکان دەهێنێتەوە، موشریکەکان بۆ خۆیان دان بەوە دادەنێن: کە خودا ئاسمانەکان و زەوی بەدی هێناون، ئیعتیراف بەوەش دەکەن: کە ئەوبتانە دارای خێرو شەڕنین دەفەرموێ:

﴿ولئن سألتهم من خلق السموات والأرض ليقولن الله﴾ ئەگەر پرسیار لە و موشریکانە بکەی بڵێی کێ بەدیهێنەری ئاسمانەکان و زەوییە، خێرا دەڵێن: خودا بەدیهێنەریانە. لەوکاتەدا بت و صەنەم

دەپەرستن، دان بەوەدا دەنێن: کە خـودا بەدیهێنـەرە، دەی چـون عـەقلْ و ئاوەزیان ئەوە قبوولْ دەکا عیبادەتی غەیری خودا بکەن و هاوەلْ بۆ خـودا دابنێن، لە کاتێك دا ئەوپەرستراوانە دارای هیـچ شـتێکیان نیـە، نـەزیان دەگەیەنن نەسود بەخشن.

﴿قل: افرأیتم ماتدعون مـن دون الله ان ارادنـی الله بضـر هـل هـن کاشـفات ضـره، اوأرادنـی برحمـة هـل هـن مسـکات رحمتـه؟﴾ ئـەی موحەممەد بەو موشریکانە بێژە، ئەگەر ئێوە بەددەمی خۆتان دانە بـە وەدا بنێن. کە خودا بەدیهێنەرە و هەمووشـتێك هـەر ئـەو دروسـتی کـردوە، دەسا هـەوالّم بدەنـێ دەربـارەی بتـەکانی خۆتـان، ئایـا دەتوانـن قـەزاو قەدەری خودا رەتبکەنەوە. دەتوانن تەنگ و چەڵەمە قەلاّچۆ بکـەن، یـان ئەگەر خودا بیەوێ خێرو بێرێکم بەنسـیب بـێ، لـەخێرو خۆشـی دا ژیـان بەسەر بەرم ئایات ئەوانە دەتوانن ببنە کۆسـپ و لەمپـەرو نـەهێڵن ئـەو خێرەم بەنسیب بێ؟!

﴿قل: حسبـي الله، علیه یتوکل المتوکلـون﴾ ئـەی پێغەمبـەر: بڵـێ: خودام بەسە، لـە هـەموو کـاریکم دا، بەمـەرجی خـودا لـە پشتم بـێ، حەوێجەم بەکەســی ترنیـە، ئـەوم بەسـە بـۆ خـێر پـێ گـەیاندن و زیـان لێدوورخستنەوە، ئیـتر چ بـاکم لـەبت و صەنەمـەکانی ئێـوە نیـە زیـانم پێبگەیەنن ، جگە لە خودا لە کەس ناترسم، هەر پشت بەخودا دەبەسـتم و بەتەما یارمەتی ئەوم، خـاوەن بـاوەڕان هەرپشـت بـە ئـەو دەبەسـتن و چاویان لە کەرەمی ئەوە.

وەکوو لە سەرزمانی حەزرەتی هـود لەگـەلْ گەلەکـەیدا، دەفـەرموێ: ﴿ان نقول: الا اعتراك بعض آلهتنا بسوء، قال : انی اشهد الله واشـهدوا انی بریئ مماتشرکون، من دونه فکیـدوني جمیعا ثم لاتنـظرون. اني

توكلت على الله ربي وربكم، ما من دابة الا هو آخذ بناصيتها ان ربي على صراط مستقيم﴾ (هود/٥٤-٥٦) .

پێشەوایانی وەکوو ئیمامی ئەحمەدو تیرمیذی و حاکیم و ئیبنو ئەبیحاتەم لە عەبدوڵلای کوڕی عەباسەوە ﷺ دەفەرموێ: ڕۆژێك لەدوا پێغەمبەرەوە بووم فەرمویی: **(یاغلام، انی أعلمك كلمات: احفظ الله يحفظك، احفظ الله تجده تجاهك، اذا سألت فاسأل الله، واذا استعنت فاستعن بالله واعلم أن الأمة لواجمعت على أن ينفعوك بشيئ لم ينفعوك الا بشيئ قد كتبه الله لك، وان اجتمعوا على ان يضروك بشيئ لم يضروك الا بشيئ قد كتبه الله عليك، رفعت الأقلام وجفت الصحف و اعمل لله بالشكر في اليقين. واعلم أن في الصبر على ما تكره خيرا كثيرا وأن النصر مع الصبر، وأن الفرج مع الكرب وان مع العسر يسرا)**

عەبدوڵلای کوڕی عەبباس دەفەرمووێ: ڕۆژێك لە پاشکۆی پێغەمبەرەوە بووم، فەرمووی: ئەی کوڕە لاوە، من چەند ئامامۆژگاریەکت دەکەم لەدڵیان بگرەو لەبیرت نەچنەوە سەرفراز دەبی، هەمیشە خودات لە یاد بێ، خوداش تۆی لە بیرەو پشتیوانتە، خودات لەیاد بێ، دەبینی بۆ هەموو کارێکت خودا لەگەڵت دایە، ئەگەر داوای شتێکیت کرد هەر لە خودا داوابکە، ئەگەر پشتت بەکەسێك بەست پشت هەر بەخودا ببەستە، باش بزانە و دڵنیابە، ئەگەر هەموو ئامادەمیزاد کۆببنەوە لەسەر ئەوە سودێکت پێ بگەیەنن، ئەگەر ویستی خودای لەسەر نەبێ و خودا لە چارەی نەنووسیبی، ناتوانن خێرەکەت پێ بگەیەنن ..

ئەگەر هەموویان کۆببنەوە لە سەر ئەوە زیانێکت لێ بدەن، ناتوانن مەگەر خودا لەچارەی نووسیبی، لەلەو حولمە حفوظ دا هەموو شتێك بڕاوەتەوە، قەڵەم هەڵگیراوەتەوەو مەرەکەبی سەر کاغەز وشك بۆ تەوە. ئەی کوڕی خۆشەویستم شوکرو سوپاسی

خـودا بکـە بەڕاسـتی و دڵسـۆزی، بزانـە و دڵنیابـە: کـە سـەرەنجامی خۆگـری و پشـوو درێـژی لـە سـەر ناخۆشـی خـێرو فـەڕی زۆرە، سـەرکەوتن لەگـەڵ صـەبرو پشـوو درێـژی دا دەسـتەبەر دەبـێ، ڕزگـار بـون وسـەرکەوتن دوای ناخۆشـی و تەنگانـە دەێنەکایـەوە. دوا تەنگانە فەرەجی‌یە.

ئیبنو ئـەبی حاتـەم لـە ئیبنـو عەبباسـەوە ریوایـەت دەکـا، دەڵـێ: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: کەسـێك پـێی خـۆش بـێ لەهـەموو کـەس بەهێزتر بێ، باپشت بەخودا ببەستێ، کەسێك دەیـەوێ دەوڵەمـەندترینی خەڵك بێ واتە: دڵ دەوڵەمەندبێ، بـا متمانـەی بـەوەی لای خـودا هەیـە زیاتربێ لەوەی کە لە دەست خـۆی دایـە، کەسـێك دەیـەوێ بـەڕێزترینی ئادەمیزاد بێ، باتەقوای خودا بکا.

﴿قـل یـا قـوم اعملـوا علـی مکـانتکم انـی عـامل فسـوف تعلمـون مـن یأتیـە عـذاب یخزیـە، ویحـل علیـە عـذاب مقیـم﴾

ئـەی پێغەمبـەر! بەقورەیشـییەکان بڵـێ: ئـەی گـەل و هـۆزم ئێـوە بەویستی خۆتان چـی دەکـەن بیکـەن، چۆنتـان دەوێ هەڵوێسـتی خۆتـان بەرانبەر پەیامەکـەم بنوێنـن، بـەئارەزۆی خۆتـان دژایـەتی بانگـەوازیی یەکـەم بکـەن، بـەهێزو توانـای خۆتـان بنـازن، جۆرەهـا فـرت و فێـڵ و بیـانوو بهێننـەوە، دڵنیـابن مـن لەسـەر بـیرو بـاوەڕی خۆمـم و تۆزقاڵێك لە هەڵوێستی خۆم نایەمە خوار، سوور دەبم لەسەر بانگـەوازیی بـۆ یەکتاپەرسـتی و بـڵاو کردنـەوەی ئـاییـنی خـودا بـە نـاو خـەڵك دا، لەوە بەولاوە دەزانـن کـێ عـەزابی سـەختی دژوار دێتـە سـەری و چـۆن زەلیـل و بێچارەدەکـەوێ و چـۆن عـەزابی بـەردەوام نـازڵ دەبێتـە سەری و ڕۆژی قیامەت یەخەی دەگرێ !!

دیاردەکانی بەتوانایی خوداو زانیاری رەهای

إِنَّآ أَنزَلۡنَا عَلَيۡكَ ٱلۡكِتَٰبَ لِلنَّاسِ بِٱلۡحَقِّۖ فَمَنِ ٱهۡتَدَىٰ
فَلِنَفۡسِهِۦۖ وَمَن ضَلَّ فَإِنَّمَا يَضِلُّ عَلَيۡهَاۖ وَمَآ أَنتَ عَلَيۡهِم
بِوَكِيلٍ ﴿٤١﴾ ٱللَّهُ يَتَوَفَّى ٱلۡأَنفُسَ حِينَ مَوۡتِهَا وَٱلَّتِي
لَمۡ تَمُتۡ فِي مَنَامِهَاۖ فَيُمۡسِكُ ٱلَّتِي قَضَىٰ عَلَيۡهَا ٱلۡمَوۡتَ
وَيُرۡسِلُ ٱلۡأُخۡرَىٰٓ إِلَىٰٓ أَجَلٖ مُّسَمًّىۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَٰتٖ
لِّقَوۡمٖ يَتَفَكَّرُونَ ﴿٤٢﴾ أَمِ ٱتَّخَذُواْ مِن دُونِ ٱللَّهِ شُفَعَآءَۚ
قُلۡ أَوَلَوۡ كَانُواْ لَا يَمۡلِكُونَ شَيۡـٔٗا وَلَا يَعۡقِلُونَ ﴿٤٣﴾
قُل لِّلَّهِ ٱلشَّفَٰعَةُ جَمِيعٗاۖ لَّهُۥ مُلۡكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۖ ثُمَّ
إِلَيۡهِ تُرۡجَعُونَ ﴿٤٤﴾ وَإِذَا ذُكِرَ ٱللَّهُ وَحۡدَهُ ٱشۡمَأَزَّتۡ
قُلُوبُ ٱلَّذِينَ لَا يُؤۡمِنُونَ بِٱلۡأٓخِرَةِۖ وَإِذَا ذُكِرَ ٱلَّذِينَ مِن
دُونِهِۦٓ إِذَا هُمۡ يَسۡتَبۡشِرُونَ ﴿٤٥﴾ قُلِ ٱللَّهُمَّ فَاطِرَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ
وَٱلۡأَرۡضِ عَٰلِمَ ٱلۡغَيۡبِ وَٱلشَّهَٰدَةِ أَنتَ تَحۡكُمُ بَيۡنَ عِبَادِكَ
فِي مَا كَانُواْ فِيهِ يَخۡتَلِفُونَ ﴿٤٦﴾ وَلَوۡ أَنَّ لِلَّذِينَ ظَلَمُواْ

مَا فِي ٱلْأَرْضِ جَمِيعًا وَمِثْلَهُۥ مَعَهُۥ لَٱفْتَدَوْا۟ بِهِۦ مِن سُوٓءِ ٱلْعَذَابِ
يَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ ۚ وَبَدَا لَهُم مِّنَ ٱللَّهِ مَا لَمْ يَكُونُوا۟ يَحْتَسِبُونَ ﴿٤٧﴾
وَبَدَا لَهُمْ سَيِّـَٔاتُ مَا كَسَبُوا۟ وَحَاقَ بِهِم مَّا كَانُوا۟ بِهِۦ
يَسْتَهْزِءُونَ ﴿٤٨﴾

لەوەپێش بەڵگەی لەسەر تاك تەنهایی خودا هێنانەوە، نیشانەی دەسەڵاتی ڕەهاو بێسنووری پەروەردگاری ڕاگەیاند، پوچی مەز هەب و بیرو بۆچونی هاوەڵدانەرانی خستەڕو، وادەی خۆی بۆ چاكەكاران ڕاگەیاندو هەڕەشەی توندی لە خراپەكاران كرد.

ئەمجار لێرەدا دڵنەوایی پێغەمبەری كردو دڵخۆشی دایەوە: كە بە ئیمان نەهێنانی گەلەكەی پەست نەبێ؛ پێیزاناندو بۆی دوپات كردەوە: كە قورئانی پیرۆز بەحەق نازڵ بووە بۆئەوەی سود بە ئادەمیزاد بگەیەنێ و نامەی هیدایەتە بۆیان، ئەمەش یەكێكە لە دیاردەی بە توانایی پەروەردگار، ئەمجار بە شوێن ئەوە دا دوو جۆر لە دیاردەكانی دەسەڵاتی ڕەهای پەوەردگار رادەگەیەنێ، یەكێكیان وەرگرتنەوەی گیانەكانە لەكاتی تەوابوونی ماوەی ژیانی بۆ دیاریكراویان، دووەمیان ئەوەیە: كە هەر خودا خۆی خاوەنی شەفاعەتەو هەر ئەو شەفاعەت وەردەگرێ و ڕێگەی شەفاعەت دەدا.

ئەمجار وەصفی پەوەردگار دەكا بە چەند صیفەتێك: كە بەدیهێنانی بونەوەرەو زانیارییە بەسەر هەموو شتێك دا، دوابەدوای ئەوە هەندی دیمەنی قیامەت ڕادەنوێنێ.

دەفەرموێ: ﴿انا انزلنا علیك الكتاب للناس بالحق﴾ ئـەی پێغەمبـەر هەر ئێمە خوداین، هـەر ئێمـە خـاوەنی شـکۆ مـەندی و بـە دیهێنـەری بونەوەرین، ئێمە قور ئانمان بە حەق و ڕاستی بۆ سەرنازلٚ کردوی بۆ ئەوەی ئادەمیزاد و هەروەها جندۆکە پـێی بەهرەمـەند بـن، ببێتـە بەرنامـەی ژیانیـان و هـۆی بەختـەوەریی دونیـاو قیامـەتیان، ئـەرکی سەرشـانیان بەرامبەر خۆیان خودایان بـۆ ڕون بکاتـەوە، مزگێنیبـدا بەچاکـەکاران و خراپەکاران بترسێنێ،هەڵیان بنـێ بـۆ خوداپەرسـتی و دوورکەوتنـەوە لـە تاوان و خراپەکاریی، من خودای بونەوەرم وبەدیهێنەری هـەموو شـتێکم، هیچ پێویستیم بەکەس نیە، هەموو کەس موحتاجی منە.

﴿فمن اهتدی فلنفسه، ومن ضـل فانمـا یضـل علیـها﴾ جـا کەسـێك بەویستی خۆی ڕێبازی هێدایەتی هەڵبژارد سەرفرازە، کەسێکیش ڕێبـازی گومڕایی ڕەچاو کرد بەدبەخت و چارە ڕەشە.

تۆ ئـەی پێغەمبـەر: بـەر پرسـیارنی ئـاخۆ ئیمـان دەهێنـن یـان نـا، هیدایەتدانیان بەدەست تۆنیە، تۆ تەنها ڕاگەیاندنی پەیامەکەت لەسەرە و بە ڕێك و پێکیش ئەرکی سەرشانی خـۆت جـێ بـە جـێ کـردوە. وەکـوو لەشوێنێکیتردا دەفەرموێ: ﴿انما انت نذیر، والله علی كل شیئ وكیل﴾ (هـود/١٢). یـان دەفــەرموێ: ﴿فذكـر انمـا انـت مذكـر، لسـت علیـهم بمصیطر﴾(الغاشیة ٢٢/٢١).

ئەمجار پەروەردگار دیاردەیەکی دەسەڵاتیخۆی نمایش دەکا و دەفەموێ: ﴿الله یتوفـی الأنفـس حـین موتـها، والتـی لم تمـت فـی منامـها﴾ واتـە، بێگومان هەر خودا گیانەکان وەردەگرێتەوە لەکاتی مردنیان دا، فریشـتەکەی تایبـەت دەنـێرێ و گیـان دەکێشـێ، پـەیوەندی نێـوان جەسـتەو گیـان دەپچڕێنێ، گیان وەر دەگرێتەوە جەستە دەڕزێنێ پاش مردنیش جـارێکی تر دروستتان دەکاتەوە وە گیانتان بە بەردا دەکاتەوە.

هەربەو جۆرە گیانەکان وەردەگرێتەوە لەوانەی خەویان لیٚ دەکەویٚ و ماوەی ژیانیان لەدونیا ماوەو ماوەی ئەجەلیان نەهاتووە؛ چونکە خەولیٚ کەوتنیش جۆرە مردنیکەو زیندو بیٚ ئاگادەکاو لە کاروپیشەو بیرکردنەوەی دادەبڕیٚ، هەر ئەوەندە هەیە گیانەکەی لە جەستەدا دەمێنیٚ.

جا: کە پەروەردگار گیانەکان وەردەگرێتەوە ﴿فیمسك التي قضى عليها الموت، ويرسل الأخرى الى أجل مسمىً﴾ ئەو گیانەی مردنی لەسەر بڕیار داوە وەری دەگرێتەوەو نایگێڕێتەوە بۆ جەستەکەی، گیانە نووستووەکەدە گێڕێتەوە بۆ جەستەکە لە کاتێکا بە ئاگادێتەوە، هەر بەو جۆرە بەردەوام دەبیٚ و خەوی لیٚ دەکەویٚ و بە ئاگادێتەوە تادەگاتە کاتی مردنی حەقیقی و کۆتایی بە ژیانی دیٚ.

﴿ان في ذلك لآيات لقوم يتفكرون﴾ بێگومان لەم خەولێخستن و گیان وەرگرتنەوەدا، هەروەها لەدیاردەی خەولێکەوتن و مردن دانیشانەی سەر سوڕهێنەرو سەرنج ڕاکێش هەن لەسەر بەدەسەلاتی خودا و کار دروستی بۆ گەل و نەتەوەیەك بیر بکەنەوەو هەولٚ بدەن خودابناسن و بەندایەتی بۆ بکەن.

نموونەی ئەم ئایەتە ئایەتێکی تر دەفەرمویٚ ﴿وهوالذي يتوفاكم بالليل ويعلم ما جرحتم بالنهار ثم يبعثكم فيه ليقضى اجل مسمىً، ثم اليه مرجعكم، ثم ينبئكم بما كنتم تعملون، وهو القاهر فوق عباده، ويرسل عليكم حفظة حتى اذا جاء احدكم الموت توفته رسلنا وهم لايفرطون﴾ (الأنعام ٦٠/٦١).

ئەمجارماوەتەوە ئەو بزاندریٚ ئایا نەفس و روح دوو ناون بۆیەك شت، یان نەفس شتێکەو روح شتێکی ترە.؟ لەم بارەوە ئاثارو ریوایات و بیروڕای جۆراوجۆر هەن.

ئیبنوعەبباس فەرموویەتی: ئادمیزاد نەفس و روحی تێدایە، لەنێوانیان دا تیشکێك هەیە وەکوو تیشکی خۆر، نەفس سەرچاوەی عەقلْ و بەراورد کردن وشت لێك جیاکردنەوەیە، بەهۆی گیانەوە جم و جولْ و هەناسەدان دەستەبەر دەبن، کە ئادەمیزاد نووست خودا نەفسی لێوەردەگرێتەوە، بەلاّم گیانەکەی لە جەستەدا دەهێلێتەوە[1]، بەلاّم بەمردن نەفس و روح هەردوکیان لە جەستەدا نامێنن.

ئیمامی رازی دەفەرموێ: نەفسی ئادەمیزاد جەوهەرێکی گیانی ڕوناك کەرەوەیە، هەر کاتێ پەیوەندی بکابە جەستەوە ڕوناکی دەخاتە ناو هەموو ئەندامەکانییەوە، ئەو ڕوناکییە ژیانە، گیان تێدا بوونە، لەکاتی مردن دا ئەو جەوهەرە گیانییە لە جەستە جیادە بێتەوە، هیچ پەیوەندییەکی ظاهیری و باطنی پێوەی نامێنێ، بەلاّم لەکاتی نووستن دا ڕوناکی ئەو جەو هەرە لە ظاهیری بەردەن دەپچڕێ پەیوەندی باطینی دەمێنێ، کەوابوو مردن و نووستن بەکێکن وەلّی مردن بریتییە لەپچڕانی پەیوەندی ئەو ڕوناکییە لەجەستەبەتەواوی[2]

لەصەحیحی بوخاری ومسلم دا فەرموودەیەك لە ئەبو هورەیرەوە ڕیوایەت کراوە دەفەرموێ(اذا آوى أحدكم الى فراشه فلينفضه بداخلة ازاره فانه لا يدري ماخلفه عليه، ثم ليقل: باسمك ربي وضعت جنبي، وبك أرفعه، أن أمسكت نفسي فارحمها، وان أرسلتها فاحفظها بما تحفظ به عبادك الصالحين.[3]

١-تەفسیری قورطوبی ج٨/(١٩٠) ٤٣٧٤ .

٢-تەفسیری رازیی ج٢٦/٢٨٦ .

٣-رواه البخاري في الدعوات (٦٣٢٠) باب (١٢) ورواه مسلم في الذكر و الدعاء(٢٧١٤) باب مايقوله عند النوم . ریوایەتەکان رستەکانیان جوداوازیان تێدایە بەلاّم ماناکەیان یەکە .

ئیمامی بوخاری لە حوزەیفەوە ڕیوایەت دەکا دەڵێ: پێغەمبەرﷺ: کە شەو دەچوە سەر جێگای نووستنی دەستی دەخستە ژێر کوڵمییەوە ئەمجار دەیفەرموو: (اللهم باسمك أموت وأحيا) کە بە ئاگا دەهاتەوە دەیفەرموو: (الحمد الله الذي أحيانا بعد ما أماتنا واليه النشور)[1] .

ئەمجار پەروەردگار زەمی موشریکەکان دەکا، لەسەر ئەوە: کە لە جیاتی خودا بت و صەنەم دەپەرستن و ئەو دارو بەردە بێ گیان و هەستانە بەبێ بەڵگە دەکەنە هاوشانی خوداو بەخودایان لە قەڵەم دەدەن. دەفەرموێ: ﴿أم اتخذوا من دونه شفعاء﴾ بەڵکوو ئەوانە لەجیاتی خودا چەند شتێکیان کردوە بە هاوشانی خواو بەتەما شەفاعەتیانن .؟؟

واتە باوانەکەن و ئەوە بیرو باوەڕو هەڵسوێستیان نەبێ. ﴿قل أو لو كانوا لا يملكون شيئا ولا يعقلون﴾ئەی پێغەمبەر! پێیان بڵێ: بەچ عەقڵێك ئێوە ئەو بت و صەنەمانە دەکەنە هاوشانی خوداو بەتەما شەفاعەتیان بەندایەتیان بۆ دەکەن؟ خۆ ئەوان دارای شەفاعەت نین، نازانن شەفاعەتکردن چیە و چ نیە، تەنانەت هەست بەوە ناکەن: کە ئێوە دەیانپەرستن. دەی بە چ عەقڵێك ئێوە شتێك دەپەرستن دارایی هیچیان نیە تەنانەت هەستیان نیە ئاگاداری بەندایەتیکردنە کە شتان بن بۆیان!!

ئەمجار پەروەردگار هەندێ لە نیشانەو دیاردەی خودایەتی خۆی ڕادەگەیەنێو دەفەرموێ: ﴿قل لله الشفاعة جميعاً﴾ ئەی موحەممەد پێیان بڵێ: شەفاعەت بە هەموو لایەنیکیەوە هەر بۆ خودایە، شەفاعەت لەلاکراوو شەفاعەت وەرگرو ڕێگەدان بەشەفاعەتکردن تایبەتە بە خوداوەو هیچ کەسی تر نیە : چونکە هەر ئەو خودایە و ئەو دارایی ئەو شتانەیە.

﴿له ملك السموات والأرض ثم اليه ترجعون﴾ خاوەنیەتی و ملك و سەڵتەنەتی ئاسمانەکان و زەوی هەر هی خودایەو ئەو بەڕێوەبەرو

١-أخرجه البخاري في الدعوات (٦٣١٢) باب (٧) .

هەڵسورێنەریانە، زەرەرو زیان بەدەست ئەوە، سەرەنجام گەڕانەوە تان هەر بۆلای ئەوە، پاداش و سزاتان بەگوێرەی کردەوەکانتان دەداتەوە، کەوابێ پێویستە لە سەرتان عیبادەت هەر بۆ ئەوبکەن و هەر ئەو بەخودا بزانن، چونکە هەر ئەو شیاوی خودایە تییە.

ئەمجار هەندێ لەرەوشت و هەڵس و کەوتی موشریکەکان باس دەکاو دەفەرموێ: ﴿واذا ذكر الله وحده اشمأزت قلوب الذين لايؤمنون بالآخرة﴾ برێك لە هەڵسوکەوتی ناشیرینی موشریکە کان ئەوەیە: کەپێیان بگوترێ: هەر (الله) خودای بوونەوەرەو هیچ خودایتر نین جگە لە ئەو، دڵیان دەگیری و تەنگە تاو دەبن و هەڵدەتیزێنن، پشت هەڵدەکەن ڕووەر دەگێڕن، چونکە بڕوایان بە هەبوونی خودایەکی تاك و تەنها نیە، بەتەما زیندو بوونەوەو ڕابوونی قیامەت نین !!

کەچی ﴿واذا ذكر الذين من دونه اذا هم يستبشرون﴾ کە ناوی بت و صەنەمەکانیان دێ، باسی خودا درۆزنەکانیان دەکرێ، ڕوخۆش دەبن و دەگەشێنەوە! بەکورتی: کەناوی خودا بەتەنها بهێنرێ تەنگە تاودەبن و چاو یان لێ دەچێتەپشتی سەر، کەلە تەك خودا دا باسی (اللات)و (العزى)و (مناة) بکرێ کەیف خۆش دەبن، ئەوەش نیشانەی نەفامی و ئەحمەقییانە، چونکە بیرو باوەڕی یەکتا پەرستی و ناو هێنانی خوداو وتنی (لا اله الا الله) دڵ خۆش دەکەن و ئارامی دەبەخشن بەگیان..

وەکوو لە شوێنێکی تردا دەفەرموێ ﴿الا بذكر الله تطمئن القلوب﴾ (الإشمئزاز) کە چاوگی (اشمأز) یە ئەو پەڕی توڕەیی و تەنگە تاوی دەگەیەنێ. هەروەکوو چۆن (اشتبشار) کەچاوگی (بستبشرون) یە ئەو پەڕی خۆشی و تەڕ دەماخی دەگەیەنێ: کەوابوو لە نێوان (اشمأز) (يستبشرون)(مقابلە) و بەرامبەری هەیە ئەمەش جۆرێکە لەبەلاغە دوای لۆمەکردنی موشریکەکان فەرمان بەپێغەمبەر دەکا: کە هەموو کاتێك

پەنا بەخودابەرێ و هاوار لە زاتی پاکی بکا بۆ ئەوەی لە خراپەو شوومی ئەوان بیپارێزێ.

دەفەرموێ: ﴿قل: اللهم فاطر السموات والأرض، عالم الغيب والشهادة انت تحكم بين عبادك فيما كانوا فيه يختلفون﴾ ئەی پێغەمبەر روبکەرە خوداو هاواری لێ بکەو هانای بۆبەرەو بڵێ: ئەی خوداوەندی بوونەوەر، ئەی بەدیهێنەری ئاسمانەکان و زەوی، ئەی زاناو ئاگادار بەسەر هەموو نهێنیێ و ئاشکرایەك دا، هەر ئەتۆ رۆژێ قیامەت کێشەو نیزاعی ناو بەندەکانت یەکالا دەکەیتەوە، پاداشتی چاك بەچاکەکەر دەدەیتەوە، سزای تاوانبار دەدەی لەسەر تاوانەکانی، حەق و بەتاڵ جودا دەکەیەوە، کێشەو نیزاعی ژیانی دونیایان ناهێڵێ..

ئیمام موسلیم و ئەبو داود و هیتریش فەرمودەیەکیان لە خاتو عائیشەوە ریوایەت کردوە، دەفەرموێ: پێغەمبەرﷺ کە شەو هەڵدەستایەوە بۆ شەو نوێژ نوێژەکانی بەم دوعایە دەست پێ دەکرد (اللهم رب جبريل وميكائيل واسرافيل، فاطر السموات والأرض عالم الغيب والشهادة انت تحكم بين عبادك فيما كانوا فيه يختلفون اهدني لما اختلف منه من الحق باذنك انك تهدي من تشاء الى صراط مستقيم)[1].

ئیمامی ئەحمەد ئەو فەرمودەیەی پێشەوەی ریوایەت کردوە کە فەرمویەتی: پێغەمبەرﷺ فەرموی: هەرکەسێ بە دڵسۆزی بڵێ: (اللهم فاطر السموات والأرض، عالم الغيب والشهادة اني اعهد اليك في هذه الدنيا أني اشهد أن لااله الاأنت وحدك لاشريك لك، وأن محمدا عبدك و رسولك، فانك ان تكلني الى نفسي تقربني من الشر و تباعدني من الخير واني لا اثق الا برحمتك فاجعل لي عندك عهدا توفينيه يوم القيامه انك لاتخلف الميعاد﴾ ئیلا خودا رۆژی قیامەت بەفریشتەکانی دەفەرموێ: ئەو بەندەیەم عەهدوپەیمانی لە تەك داکردوم وادەی منی بۆ جێ بە جێ بکەن ئیتر دەیخەنە بەهەشتەوە.

١- رواه مسلم في صلاة المسافرين (٧٧٠) باب (٢٦) الدعاء في صلاة الليل وقيامه.

حەزرەتی ئەبوبەکر دەفەرموێ: پێغەمبەرﷺ فەرمانی پێ کردم کەبەیانی و ئێواریێ وکاتی نووستنم بەشەو بێژم(اللهم فاطر السموات والأرض، عالم الغيب والشهادة لا اله الا انت ربّ كل شيئ ومليكه اعوذ بك من شر نفسي و شرالشيطان و شركه أو اقترف على نفسي سوءا أو أجره على نفسى).

ئەمجار پەروەردگار بە سێ‌شێوە هەڕەشە ئاڕاستەی موشریکەکان دەکاو دەفەرموێ:

١- ﴿ولوان للذين ظلموا مافي الأرض جميعاً ومثله معه لافتدوا بـه من سوء العذاب يوم القيامة﴾ ئەگەر لەفەرزی مەحالێ دا ئەو کافرو موشریکانە، ئەو ستەمکارو ملهوڕانە، هەموو گەنج و خەزێنەی زەوییان هەبێ و ئەوەندەی تریشیان بێتە سەر و زیاتریش، هەموویان دەکردە فیدیە و قوربانی بۆ ئەوەی لە سزای سەختی ڕۆژی قیامەت ڕزگاریان بێ، بەڵام بێ سودەو هیچ شتێك ڕزگاریان ناکا. بێگومان ئەمە هەڕەشە یەکی توندو تیژە لە کافرەکان و نا هومید کردنیانە لە رەحمەتی خودا.

٢- ﴿وبداهم من الله مالم يكونوا يحتسبون﴾ ڕۆژی قیامەت بەو جۆرە دیمەنی ترسناکی سزای سەخت و دژواریان بۆ دەردەکەوێ، عەزابی وادەبینن بەخەیاڵیش بەسەردڵیان دا ڕانەبردوەو لەحیساب و مەزندەیان دا جێگای نەبۆتەوە. هەروەکوو بەهەشتی‌یەکان نازو نیعمەتی وەهادەبینن هیچ چاوێك نەیدیوەو بەسەر دڵی کەس دا ڕانەبردوە).

٣- ﴿وبدا لهم سيئات ماكسبوا، وحاق بهم ماكانوا به يستهزئون﴾ جۆرەها سزای کردەوەکانیان دەردەکەوێ ئەو عەزاب و سزایەی لە دونیادا گاڵتەیان پێ دەهات و بەتەمانەبوون تووشیان بێ لەهەموو لایەکەوە یەخەیان دەگرێ و دەوریان دەدا، ئەو کات لەهەڵویست و کردەوەی خۆیان پەشیمان دەبنەوە، بەڵام چ سود ؟! کار لە کارترازاوەو هیچ مەجالێك نەماوە.

ئادەمیزاد سپڵە و پێنەزانە لەکاتی تەنگانە هانا بۆ خودا دەباو لەفەرەحیدا خودا ناناسێ

فَإِذَا مَسَّ الْإِنسَانَ ضُرٌّ دَعَانَا ثُمَّ إِذَا خَوَّلْنَاهُ
نِعْمَةً مِّنَّا قَالَ إِنَّمَا أُوتِيتُهُ عَلَىٰ عِلْمٍ ۚ بَلْ هِيَ فِتْنَةٌ وَلَٰكِنَّ
أَكْثَرَهُمْ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٤٩﴾ قَدْ قَالَهَا الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ فَمَا أَغْنَىٰ
عَنْهُم مَّا كَانُوا يَكْسِبُونَ ﴿٥٠﴾ فَأَصَابَهُمْ سَيِّئَاتُ مَا كَسَبُوا ۚ
وَالَّذِينَ ظَلَمُوا مِنْ هَٰؤُلَاءِ سَيُصِيبُهُمْ سَيِّئَاتُ مَا كَسَبُوا
وَمَا هُم بِمُعْجِزِينَ ﴿٥١﴾ أَوَلَمْ يَعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ يَبْسُطُ الرِّزْقَ
لِمَن يَشَاءُ وَيَقْدِرُ ۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ ﴿٥٢﴾

لەوە پێش کردەوەی ناشیرینی موشریکەکانی رانواند.هەڕەشەی جۆراو جۆری لیّ کردن، لێرەدا هەڵوێست و کردەوەی ناشیرینی تریان ڕادەگەیەنێ، سپلەیی و بەدکارییان نمایش دەکا، ئەمجار ئەوە رادەگەیەنێ: سەرچاوەی رزق و ڕۆژی خودایە و ئەو بەئارەزۆی خۆی بۆ هەندێ کەس رزق و رۆژیی فراوان دەکا و بۆ هەندێکیش تەنگی دەکاتەوە، هەر دوبارە کەش بۆ تاقیکردنەوەی ئادەمیزادە، دەفەرموێ:

﴿فاذا مس الانسان ضر دعانا، ثم اذا خولناه نعمة منا قال: انما أوتيته على علم﴾ ئادەمیزادی بیرو باوەڕ زەعیف و خودانەناس و هاوەڵدانەر، کە زیانێکی لی دەکەوێ، تووشی دەردو بەڵایەك دێ، هەژاری

نەبوونی بەسەردا دێ، ها نا بۆ خودا دەبا، لیێ دەپاڕێتەوە، دەلاڵێتــەوە، بۆ ئەوەی ئەو ناخۆشی یەی لە ســەر لابـاو لــەو تەنگانــە ڕزگـاری بکـا، جگەلە خودا کەسیتر بە خودا نازانێ، هاوار ناکاتە کەسیتر.

کەچی کە لەو تەنگانەو نەخۆشییە ڕزگارمــان کـرد، نـازو نیعمــەتمان پیبەخشی جەستەی ساغ بــووە، مـاڵ و سـامانمان پــێ دا، پلـەو پایــەی وەرگرت بوغرا دەبێو خۆی لەخۆ دەگــۆڕێ، دەڵــێ ئازایــەتی ولیــهاتوویی خۆمە ئەم شتانەم بۆ دستە بەربووە، ئەوە شــانم هــەڵی دەگــری و شــیاوی ئەوەم بۆیە پێم دراوە!

بەڵام ئەوانە بەهەڵــەچون، وانیــە وەك ئــەوان بــۆی چــون، بــەڵکو ئــەو دەوڵەمەندی و لەشساغییەی تێ یدایــە، ئـەو پلـەو پایـەی پــێی دراوە، تاقیکردنەوەو ئیمتحانە، بۆ ئەوەیە دەری بخەین ئاخۆ سوپاسگوزاری یــان سپڵەو ناشــکوری کـاری، فەرمانبــەر داری پــەوەردگاری یـان یـاخی و سەرپێچیکاری. هەرچــەند خــودا پێــش وەخــت هــەموو شــتێك دەزانــێ، ڕابردوو ئێستاو داهاتوو لای ئەو چونیەکەو پێویستی بە تاقیکردنەوەنیــە، بــەڵکوو بــۆ ئەوەیــە ئادەمیزادەکــان خۆیــان خۆیــان بــۆ دەر بکــــەوێ و هەڵوێست و کردەوەی خۆیان بە چاوی خۆیان ببینن.

﴿ولکن اکثر الناس لایعلمون﴾ وەلیّ زۆربەی زۆری ئادەمیزاد نــازانن: کە نازونیعمەت پێدان ئیستیدراج و تاقیکردنەوەیە بۆ یــان و بــۆ ئەوەیــە خۆیان بۆیان دەربکەوێ ئاخۆ شوکرانە ژمێرن یان سپڵە و پێنەزانن.

ئەمجار ئەوە رون دەکاتەوە: کــە ئــەم سـپڵە و پێنەزانییــە دیاردەیــەکی کۆنی خودا نەناسانەو تایبەت نیە بەموشریکەکانی عەرەبەوە. دەفەرموێ: ﴿قد قالها الذین من قبلهم، فمــا أغنــی عنــهم ماکـانوا یکسـبون﴾ ئــەم قسەیەی: کــە ســامانداڕو نازونیعمــەت پێـدراو دەیلێــن و دەڵێــن: ئێمــە بەلیهاتوویی خۆمان ئەوەمان بۆ خۆمـان دەستە بەر کردوە وتەیەکی کۆن و

لەمێژینەی ملهوڕان و ساماندارانی مێژووە، زۆر بەیان ئەم وتە نابەجێیەیان کردوە، بە درێژایی مێژووی کەو ناڕای ئادەمیزاد دەوڵەمەندو قەڕاڵەکانی وەکوو قارون ئەم قسەیەیان کاوێژکردۆتەوە، بەڵام سامانداریو لەشساغی، پاشایەتی و فرمانڕەوایی دادی نەدان و نایدا.

﴿فأصابهم سيئات ماكسبوا﴾ تۆڵەو عەزابی توندی ئێمە لە سەر بە دکاری و بوغراییان یەخەی گرتن و بواری نەدان، تێکیانەوە پێچان و بوونە پەندی زەمانە، هەندێکیان لە دونیادا بەخۆی و بە سامان و قەسرو باڵە خانەیەوە بەناخی زەودا رومان چواند، ڕۆژی قیامەتیش ئاگری دۆزەخی بۆ ئامادە کراوە.

وەکوو لە ئایەتێکی تردا دەربارەی قارون دەفەرموێ: ﴿قال: انما اوتيته على علم عندي، أو لم يعلم أن الله قد اهلك من قبله من القرون من هو اشد منه قوة واكثر جمعاً، ولايسأل عن ذنوبهم المجرمون﴾ (القصص/٧٨) .

ئەمجار پەروەردگار هەڕەشەی توند ئاڕاستەی موشریکەکانی مەککە دەکا و دەفەرموێ: ﴿والذين ظلموا من هؤلاء سيصيبهم سيئات ماكسبوا وماهم بمعجزين﴾ ئەوانەی ستەمکارن لە و کافرو موشریکانەی سەردەم بە موشریکەکانی قوڕەیشیشەوە، تۆڵەو سزای کردەوەکانیان دێتەوە ڕێ و لەدونیادا توشی تەنگانەی نا هەموارو کوشتن و دیلی و ماڵوێرانی دەبن، خودا مۆڵەتیان دەدا، ئیهمالیان ناکا، هەرکاتێ ویستی تۆ شیان بکاو تۆڵەیان لی بستێنێ ئەوان لە چنگ غەزەب و قاری خودادەرناچن، هەڵاتن لە دەست خودا ناکرێ، هەموو کەس ڕۆژی قیامەت بۆ لای خودا دەگەڕێتەوە، هەرکەس و بەگوێرەی کردەوەی دونیای پاداش و سزاوەر دەگرێتەوە، بێگومان پەروەردگار بە سەر هەموو شتێك دا باڵادەست و خاوەن توانایە، هیچی لێ یاخی نابێ.

﴿اولم یعلموا ان الله یبسط الرزق لمن یشاء ویقدر ان فی ذلك لأیات لقوم یؤمنون﴾ ئایا ئەو موشریكانە نابینن: كە خودا بەویستی خۆی ڕزق و ڕۆزی بەرفراوان دەبەخشێ بەكە سانێك و لە هەندێكی تریش دەگرێتەوە، بێگومان لەم دەوڵەمەند كردنەی هەندێ ئادەمیزادو هەژار كردنی هەندێكی تریان، بەڵگەی بە هێزو گەورە هەن لەسەر بە دەسەلاتی خوداو تاك و تەنهایی لە تەصەروفكردندا. بۆ كەسانێك بڕوایان بە خودا هەبێ، خاوەن بیرو باوەڕی ڕاست و دروست بن. بۆیە بە تایبەتی ناوی ئیماندارانی هێنا، چونكە هەرئەوانە سود لەنیشانەو ئایاتی خودا وەردەگرن .

خودا لە تاوان خۆش دەبێ ئەگەر تاوانكار تۆبە بكاو بە دڵسۆزی ئەركی سەرشانی ئەنجام بدا

قُلْ يَٰعِبَادِىَ ٱلَّذِينَ أَسْرَفُوا۟ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ لَا تَقْنَطُوا۟ مِن
رَّحْمَةِ ٱللَّهِ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ يَغْفِرُ ٱلذُّنُوبَ جَمِيعًا ۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلْغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ
﴿٥٣﴾ وَأَنِيبُوٓا۟ إِلَىٰ رَبِّكُمْ وَأَسْلِمُوا۟ لَهُۥ مِن قَبْلِ أَن يَأْتِيَكُمُ
ٱلْعَذَابُ ثُمَّ لَا تُنصَرُونَ ﴿٥٤﴾ وَٱتَّبِعُوٓا۟ أَحْسَنَ مَآ أُنزِلَ
إِلَيْكُم مِّن رَّبِّكُم مِّن قَبْلِ أَن يَأْتِيَكُمُ ٱلْعَذَابُ
بَغْتَةً وَأَنتُمْ لَا تَشْعُرُونَ ﴿٥٥﴾ أَن تَقُولَ نَفْسٌ يَٰحَسْرَتَىٰ
عَلَىٰ مَا فَرَّطتُ فِى جَنۢبِ ٱللَّهِ وَإِن كُنتُ لَمِنَ ٱلسَّٰخِرِينَ ﴿٥٦﴾

أَوْ تَقُولَ لَوْ أَنَّ ٱللَّهَ هَدَىٰنِى لَكُنتُ مِنَ ٱلْمُتَّقِينَ ﴿٥٧﴾
أَوْ تَقُولَ حِينَ تَرَى ٱلْعَذَابَ لَوْ أَنَّ لِى كَرَّةً فَأَكُونَ
مِنَ ٱلْمُحْسِنِينَ ﴿٥٨﴾ بَلَىٰ قَدْ جَآءَتْكَ ءَايَٰتِى فَكَذَّبْتَ بِهَا
وَٱسْتَكْبَرْتَ وَكُنتَ مِنَ ٱلْكَٰفِرِينَ ﴿٥٩﴾

دەربارەی سەبەب نزولی ئایەتیژمارە (٥٣)﴿**قل یاعبادی الذین أسرفوا......الآیة**) هەردو پیری فەرمووده بوخاری و موسلیم، هەروەها ئەبوداودو نەسائی لە ئیبنوعەباسەوە ریوایەتیان کردوە؛ کە کۆمەڵێك لەموشریکەکان زۆریان موسوڵمان شەهید کردبوون، زۆریان داوێنپیسی کردبوو، پاشان هاتنە خزمەت پێغەمبەر و وتیان: ئەوەی تۆ بانگەوازی بۆ دەکەی زۆر باشە، ئایا پێمان دەڵێی ڕێگای تۆبەمان هەیە؟ بۆ کردەوە خراپەکانمان قەرە بوو کردنەوە هەیە؟! ئیتر ئایەتی ﴿**والذین لا یدعون مع الله الهاً اخر..**﴾ تادەگاتە ﴿**وکان الله غفوراً رحیماً**﴾(**الفرقان ٦٨-٧٠**).
هەروەها ئایەتی ﴿قل: یاعبادی الذین أسرفوا...لآیة﴾ نازڵ بوو.

ئیمامی ئەحمەد لەثوبانەوە ریوایەت دەکا: دەڵێ لە پێغەمبەرم ژنەوت دەیفەرموو: ئەم ئایەتەم پێ لە هەموو دونیا خۆشەویسترە. کە دەفەرموێ: ﴿**قل: یاعبادی الذین أسرفوا علی أنفسهم..الآیة**﴾. پیاوێك هەڵی دایە وتی: ئەی پێغەمبەری خودا! ئەی ئەگەر ئەو کەسانە هاوەڵیان بۆ خودا دانابێ؟؟ پێغەمبەرﷺ بێدەنگ بوو، پاشان فەرمووی: بەڵێ کەسێکیش هاوەڵی بۆ خودا دانابێ. سێ جار ئەمەی فەرموو. واتە: هاوەڵ دانەریش ئەگەر تۆبە بکاو بگەڕێتەوە خودا لێی خۆش دەبێ.

ئیبنوجەریرو ئیبنو مەردەوەیهی لە ئیبنوعەبباسەوە ریوایەتیان کردوە فەرموی: دانیشتوانی مەککە وتیان: موحەممەد پێی وایە: کەسێك بت بپەرستێ، هاوەڵ بۆ خودا دابنێ، بەناڕەوا ئادەمیزاد بکوژێ خودا لێی خۆش نابێ، دەی چۆن ئێمە کۆچ بکەین و موسوڵمان بین؟ لەکاتێك دا ئێمە بتمان پەرستووە، ئادەمیزادەمان کوشتون، هاوەڵ بۆ خودا دادەنێین! ئیتر ئایەتی ﴿قل: یا عبادي...الآیة﴾ نازڵ بوو.

پەیوەندی ئەم کۆمەڵە ئایەتە بە هی پێشەوە لەم ڕووەوەیە:

لەوەپێش پەروەردگار هەڕەشەی توندی ئاڕاستەی موشریکەکان کرد، ئەمجار بە شوێن ئەوەدا باسی کەماڵی ڕەحمەت و بەزەیی خۆی دەکا بۆ بەندە خاوەن باوەڕەکانی، فەضل و چاکەی خۆی بۆ خوداپەرستان رادەنوێنێ، بەوە ئەگەر تۆبە بکەن و بۆلای خودا بگەڕێنەوەو بەدڵسۆزی ئەرکی سەرشانی خۆیان ئەنجام بدەن خوادا لە تاوانیان خۆش دەبێ، پاداشتی باشیان پێ دەبەخشێ، ئەمەش بەمەبەستی هەڵنانی کافرەکان بۆ ئەوەی واز لەکوفرو بێدینی بێنن، ڕوبکەنە ئیسلام و ئیمان بهێنن.

ئەبو حەییان دەفەرمویێ: ئایەتی ﴿قل یاعبادي...﴾هەموو کافرێك دەگرێتەوە ئیمان بهێنێو ڕوبکاتە خودا، هەروەها هەموو موسوڵمانێکی گوناهبار دەگرێتەوە کە تۆبە بکاو واز لە تاوانکاری بێنێ.

دەفەرموێ: ﴿قل: یاعبادي الذین أسرفوا علی أنفسهم لا تقنطوا من رحمة الله، ان الله یغفر الذنوب جمیعاً، انه هو الغفور الرحیم﴾ ئەی پێغەمبەر! بەو خەڵکە بڵێ: ئەی بەندەکانی خودا ئەوانەی زێدەڕەوییان کردوە لەتاوانکردن و سەرپێچیکاری فەرمانی خودا، هەرگیزاو هەرگیز لە ڕەحمەتی خودا نائومێدمەبن، ئەی تاوانباران لە لێخۆشبوونی خوا نائومێد مەبن. چونکە بێگومان خودا لە هەموو تاوانێك خۆش دەبێ. مەگەر هاوەڵدانان بۆ خوداولێشی ژێوان نەبێتەوە،

چونکە هاوەڵدانەریش ئەگەر ژێوان بێتەوەو تۆبە بکا لەوانەیە خودا لێی خۆش بێ، بەڵام کەسێك هاوەڵ بۆ خودا دابنێ و تۆبە نەکا بەهیچ شێوەیەك خودا لێی خۆش نابێ. وەکوو لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿ان الله لا یغفر أن یشرك به و یغفر مادون ذلك لمن یشاء﴾ (النساء/٤٨).

ئەمە رەحمەتی خودایە، بەشی هەموو شتێ: دەکا، هەموو تاوانێ: دادەپۆشێ، بانگەوازییە بۆ گەڕانەوە لە تاوان و تۆبە لەسەر پێچیکردن، بانگکردنی سەرلێشێواوو گومڕایانە بۆسەر ڕێبازی ڕاست، بانگیان دەکا بۆ ئەوەی هومێدو بتمانەیان بەلێخۆشبوونی خودا هەبێ.

پەروەردگار خاوەنی ڕەحم و بەزەیی بەرفراوانە بۆ بەندەکانی، خۆی دروستی کردون و دەزانێ سروشتیان چی تێدایە، دەزانێ نەفس و شەیتان چ کاریگەریەکیان هەیە بەسەریانەوە، دەزانێ: کە شەیتان سوپای لەدژیان دەنگ داوە، بەهەموو شێوەیەك و لە هەموو ڕێبازێکەوە بۆیان دەچێ، بەو پەڕی لێبڕانەوە دژیان دەوەستیێ و هەوڵێ لە خشتە بردنیان دەدا، دەزانێ کیانی ئەم ئادەمیزادە چەند لاوازو بێ وەجە، هەر کاتی دەستی لە ئاینی بەربوو، یان نەیتوانی دەستی پێوە بگرێ چۆن سەرەنگرێ دەبێ و دەکەوێتە زلکاوی گومڕاییەوە، دەزانێ ئەم ئادەمیزادە لەناخیدا چەند حەزو ئارەزوی جیاجیا هەن و چەن بە خێرایی ڕەوتی تێك دەچێ و تەوازونی خۆی لە دەست دەداو دەکەوێتە ئەم بەرو ئەوبەرو پڕکێشی تاوان و ستەمکاری دەکا، دەکەوێتە زلکاوی گومڕاییەوە و تێیدا نوغرۆ دەبێ!

پەوەردگار بۆ خۆی بەندەکانی خۆی دەناسێ و دەزانێ چیان لە باردایە، بۆیە دەستی هاریکارییان بۆ درێژدەکا، دەرگای ڕەحمەت و لێخۆشبوونیان بۆ دەکاتەوە، لەسەر تاوان نایانگرێ تاهەموو ڕێبازێکی باشیان پیشان

نەداو هەموو بیانوێکیان نەبڕی، ئەمجار ئەگەر سەرباری ئەو هەموو بانگەوازی کردن و هومێد بەرنان و هەولّدان لەگەڵیان دا هەرسووربوون لەسەر تاوان و سەرپێچیکردن و هاوەڵیان بۆ خودا دانا و شەریعەت و بەرنامەی خودایان پاشگۆی خست ئەوکاتە بەسزادەیانگرێ و لەسەر تاوانیان بەئاگری دۆزەخ عەزابیان دەدا.

ئیبنوکەثیر دەفەرموێ: ئەم ئایەتە بانگەوازیکردنی هەموو تاوانبارانە بەکافرو بەموسوڵمانی تاوانکارەوە، بانگەوازیان دەکا بۆ تۆبەکردن و گەڕانەوە بۆ لای خودا، هەواڵیان دەداتێ: کە پەروەردگار لە هەموو تاوانێکیان خۆشی دەبێ ئەگەر تۆبە بکەن، هەر چەندە تاوانەکانیان گەورەو زۆربن، تەنانەت هاوەڵ دانانیش ئەگەر تۆبەی لێبکرێ لێخۆشبوونی خودا دەیگرێتەوە، بەڵام ئەگەر، تۆبەی لێنەکا، خودا بۆ خۆی بڕیاری داوە: کە لێی خۆش نەبێ [1].

ئیمامی شەوکانی دەفەرموێ: ئەم ئایەتە لە قورئان دا لەهەموو ئایەتێك زیاتر جێگای هیوایە، چونکە گەورەترین مژدەی لە خۆگرتووە، لەسەرتاوە پەروەردگار بەندکانی وە پاڵ خۆی دان و بەوشەی (عبادی) خیطابی لێکردن، بۆ ئەوە ڕێزداریان بکاو زیاتر موژدەکە کاریان تێ بکا، ئەمجار وەصفی کردن بە زێدەڕۆ لەتاوانکردن دا، دوا بەدوای ئەوە نەهی لێکردن لەوەی ناهومێد نەبن لە ڕەحمەتی خودا، جا لەکاتێك دا نەهی بکا لەموسریف و زێدەڕۆکان کە لە ڕەحمەتی خودا ناهومێد نەبن، دیارە دەبێ ئەوانەی زیدە ڕەوی ناکەن لە تاوان داو تاوانی گەورە یان ئەنجام نەداوە زیاتر هومێدیان بەڕەحمەتی خودا هەبێو چاوەڕوانی لێخۆشبوون بن.

١- تەفسیری ئیبنوکەثیر ج٤/١٦٢١ .

دەرگای ڕەحمەتی خودا بەرفراوانە و هەموو شتێکی تێوە دەچێ. وەکوو لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿**الم یعلموا ان الله هو یقبل التوبة عن عبادە**﴾(التوبة/١٠٤).

یان دەفەرموێ: ﴿**ومن یعمل سواءاً او یظلم نفسه، ثم یستغفر الله یجد الله غفورا رحیما**﴾(النساء/١١٠).

ئەمجار پەروەردگار لێخۆشبوونی خۆی پابەند کردوە بە دوومەرج:

١-دەفەرموێ: ﴿ **وأنیبوا الی ربکم وأسلموا له من قبل أن یأتیکم العذاب ثم لا تنصرون**﴾ بگەڕێنەوە بۆ لای خودا تۆبە بکەن و بەندایەتی خۆتان بەتەواوی ڕابگەیەنن، خۆ لەتاوان و خراپەکاری بپارێزن، گەردنگەچی فەرمان و جڵەو گیرییەکانی بن، پێش ئەوەی مردن یەختان بگرێ، ئازارو ئەشکنجەی جۆراو جۆر بچێژن و پاشان کە سێ نەبێ بەهاناتانەوە بێ و عەزابی دۆزەختان لێ‌دووربخاتەوە.

٢-مەرجی دووەم شوێنکەوتنی قورئانە، دەفەرموێ: ﴿ **واتبعوا أحسن ما أنزل الیکم من ربکم من قبل أن یأتیکم العذاب وأنتم لا تشعرون**﴾ شوێن پەیامی قورئان بکەون، هەرچی قورئان بەحەلاڵی بزانێ بە حەلاڵی بزانن، ئەو شتەی جڵەو گیری لێ کردن خۆتانی لێ بپارێزن. پابەندی فەرمان و جڵەو گیرییەکانی بن، ئەو نامە ئاسمانییە بکەنە بەرنامەی ژیانتان و پەیڕەوی بکەن. ئەمەش پێش ئەوەی بەناگەهان عەزابتان بۆ بێ و ئێوەشی‌غافڵ بن و هەستی پێ‌نەکەن .

ئەمجار پەروەردگار ئادەمیزاد دەترسێنێ لەوەی ڕۆژی قیامەت بکەونە حاڵەتی پەشیمان بوونەوەو خۆزگەخواستن بەوەی وایان بکردایەو وایان

نەکردایە، ئەوکاتە خۆزگەخواستن هیچ سودی نیەو (داری بڕیا بەری نەگرتووە). دەفەرموێ:

١-﴿ان تقول نفس: یا حسرتا علی فرطت في جنب الله وان کنت لمن الساخرین﴾ پەلە بکەن لە تۆبەکردن و ئەنجامدانی کردەوەی چاك، بترسن لەوەی بکەونە حاڵەتێکە وە نەفسی تاوانبار و سەرکەشتان بڵێ: ئای پەشیمانی بۆ خۆم و ماڵوێران خۆم، بۆ کەمتەرخەمیم کردو ئیمانم بە خودا نەهێنا، بۆچی پابەندی فەرمان و جڵەوگیرییەکانی قورئان نەبووم؟ ئایی چیم بەخۆم کردو چۆن خۆم ماڵوێران کرد، ئای: کە پەشیمانم لەوەی: کە لە دونیادا گاڵتەم دەهات بەئاینی خودا، بە قورئان، بڕوام بە هیچ نەبوو!

٢-﴿أو تقول: لو أن الله هداني لکنت من المتقین﴾یان بڵێ ی: ئەگەر خودا هیدایەتی بدامایە لە پێڕی خودا پەرستان دەبووم و خۆم لەتاوان و ستەمکاری دەپاراست و شیاوی عەزابی دۆزەخ نەدەبووم

٣-﴿أو تقول حین تری العذاب: لو ان لي کرة، فأکون من المحسنین﴾ یان لەو کاتەدا: کە عەزابی دۆزەخ دەبینی بڵێ: خۆزگە من جارێکی دی دەگەڕامەوە بۆ ژیانی دونیا و ئەو هەلەم بۆ هەڵدەکەوتەوە، ئیتر لە پێڕی ئیمانداران دەبووم، یەکتاپەرست دەبوم و کارو پێشەم چاکە کاری دەبوو. واتە: کارێك مەکە پەشیمانی لەدوابێ، خۆت مەخەرە مەوقیفێکەوە ڕۆژی قیامەت ئاواتە خوازبێ بتگێڕنەوە بۆ ژیانی دونیا بۆ ئەوەی کاری چاك ئەنجام بدەی.

گەڕانە لەژیانی قیامەتەوە بۆ ژیانی دونیا هیواو ئاواتێکە پێی ناگەی، کە ژیانی دونیا تەواو بوو، ئیتر جارێکی تر ناگەڕێتەوە بۆ ئەم ژیانی دونیایە، کەوابێ ئێستا وائێوە هەلتان بەدست کەوتووەو لە ژیانی

دونیادان و کاتی ئەنجامدانی کردەوەی چاکە، دەی ئەم هەلە لەکیس خۆتان مەدەن، کە لەدەستتان چوو تازە جارێکی دی ناگەڕێتەوە.

ئەمجار پەروەردگار رەددی ئەم قسە بێجیێ و هەڵوێست و ئاواتە خوازیانە یان دەداتەوەو دەفەرمویێ: ﴿بلی قد جاءتك أياتي فكذبت بها، واستكبرت، وكنت من الكافرين﴾ بەڵێ: بێگومان ئەی بەندەی پەشیمان لە هەڵوێست و کردەوەی جیهانت، ئەی ئەوکەسەی ئێستا بەهەڵەی خۆت زانیوەو خۆزگە دەخوازی بتگێڕنەوە بۆ ژیانی دونیا و کاری باشی تێدا بکەی، تازە ئەو ئاواتەت نایەتە دی، هەلێکە و لەکیس خۆت داوە..

ئێمە لە ژیانی دونیات دا ئایاتی قورئانمان بۆ ناردی، بەڵگە و نیشانەی جۆراو جۆرمان نیشان دای، بیانومان بڕی، ئیقامەی حوججەی ـمان لەسەرکردی، وەلیٚ تۆپەیامی ئێمەت رەتکردەوە، قورئان و پێغەمبەرت بەدرۆخستنەوە، لوتبەرزیت نواندو ئینکاریت کرد، دەتوانیٚ ئیمان بهێنیٚ و ئیمانت نەهێنا، هەلت بۆ هەڵکەوت و لەکیست دا، تازە بەتازە ئاواتە خوازی جارێکیدی بگەڕێیتەوە بۆ ژیانی دونیا؟! دڵنیابە، ئەو ئاواتەت نایەتەدی، خۆ لە فەرزی مەحالٚ دا بشگێڕدرێنەوە ئێوە هەر هەڵوێستی پێشووتان دەبیٚ و ئیمان ناهێنن و پەند ئامێز نابن، وەکوو لە ئایەتێکیتردا ئاماژە بەوە دەکاو دەفەرموی: ﴿ولو ردوا لعادوا لما نهوا عنه﴾ (الأنعام/٢٨).

وەزع و حاڵی موشریکەکان و خوداپەرستان لە رۆژی قیامەت دا

وَيَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ
تَرَى ٱلَّذِينَ كَذَبُوا۟ عَلَى ٱللَّهِ وُجُوهُهُم مُّسْوَدَّةٌ ۚ أَلَيْسَ فِى

جَهَنَّمَ مَثْوًى لِّلْمُتَكَبِّرِينَ ﴿٦٠﴾ وَيُنَجِّي اللَّهُ الَّذِينَ اتَّقَوْا بِمَفَازَتِهِمْ لَا يَمَسُّهُمُ السُّوءُ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ﴿٦١﴾

لەوەپێش پەروەردگار هەڕەشەی توندی لەموشریکەکان کرد و بڕێ دیمەنی سامناکی قیامەتی رانواندن، وادەی لێخوشبون و بەخشینی نازو نیعمەتی بە هەشتی دا بە خودا پەرستان، بە جۆرێك هەست و شعووری ئادەمیزادانی بەو ڕۆژەوە پەیوەست کرد، خستنیە سارای مەحشەرەوە و تەرازوی حەق و حیساب دانراو بەندەکان خرانە بەر لێکۆڵینەوەو لێپرسینەوە، ئەمجار دیمەنی پیری تاوانباران رادەنوێنیّ، حالّ و وەزعی خودا پەرستان نمایش دەکا، موشریکەکان ڕوڕەش و یەکتاپەرستان دەم و چاو گەش و ڕوخۆش.

دەفەرمویّ: ﴿ويوم القيامة ترى الذين كذبوا على الله وجوهم مسودة، اليس في جهنم مثوىً للمتكبرين﴾ ئەی پێغەمبەر! هەوالێکی گرنگ بەو خەلکە ڕابگەیەنەو دیمەنێکی تری ڕۆژی قیامەتیان بۆ باس بکە، ئەوەش بریتییە لەوەی: کە تۆ لە ڕۆژی قیامەت ئەو کەسانە دەبینی: کە هاوەڵیان بۆ خودا داناوەو منداڵ و خێزانیان وە پالّ داوە، دەیانبینی رویان ڕەش هەڵگەڕاوە، لە عەیبەتان، لەترسان لەپەشیمانی لەکارو هەڵویستی دونیایان، غەمبارو سەر شۆڕ و غەزەب لێگیراو، لە هەموو لایەکەوە عەزابی دۆزەخ دەورەی داون، هیچ شتێك شك نابەن ڕزگاریان بکا. ئایا دۆزەخ جێگای لوتبەرزو ستەمکاران نیە؟!

بەڵێ بێگومان لە دۆزەخدا شوێنی حەوانەوەی ئەوانە هەیە: کە لەئاستی بەندایەتیکردن بۆ خودا لوتبەرزی دەنوێنن، حەق ژێر دەخەن و بەتالّ روکەش دەکەن و بانگەوازی بۆ دەکەن. ئیمامی ئەحمەدو تیرمیزی

لە عەبدوڵلای کوڕی عومەرەوە ریوایەتیان کردوە دەفەرموێ: پێغەمبەرﷺ فەرمووی: (یحشر المتکبرون یوم القیامة کأمثال الذر في صور الرجال یغشاهم الذل من کل مکان یساقون الی سجن جهنم) لوتبەرزو خۆبەزلزانەکان ڕۆژی قیامەت وەکوو گەردیلە بچوك دەکرێنەوە و لە شێوەی پیاودا حەشریان دەکرێ، لە هەموو لایەکەوە زەلیلی و ریسوایی دایپۆشیون، بەرەو دۆزەخ ڕاپێچ دەکرێن.

﴿وینجي الله الذین اتقوا بمفازتهم، لایمسهم السوء و لاهم یحزنون﴾

حاڵ وەزعی پێڕی دووەم: کە پێڕی خودا پەرستانە جوداوازە لە حاڵی موشریکەکان، لە کاتێك دا: کەموشریك و تاوانباران بەرەو دۆزەخ ڕاپێچ دەکرێن، خودا پێڕی خودا پەرستان و تەقوا کاران لە عەزابی دۆزەخ ڕزگار دەکا، بەمرازی خۆیان دەگەیەنێ، کە چوونە ناو بەهەشتی ڕازاوەوە،هیچ ناخۆشییەکی ڕۆژی قیامەت نابینن، خەم و خەفەت بۆ ژیانی دونیایان ناخۆن، لە هەڵوێست و کردەوەی ڕابوردویان ڕازین، دڵخۆشن بەوەی پێیان دراوە لەبەهەشت دا.

لەمانای ئەم ئایەتەدا فەرموودەیەکی پێغەمبەر ﷺهەیە ئەبو هورەیرە ریوایەتی کردوە.

دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (یحشر الله مع کل امرئ عمله، فیکون عمل المؤمن معه فی احسن صورة واطیب ریح، فکلما کان رعب أو خوف قال له لا ترع فما انت بالمراد به، ولا انت بالمعنيّ به، فاذا کثر ذلك علیه قال فما أحسنك! فمن أنت؟ فیقول: آما تعرفنی أنا عملك الصالح، حملتنی علی ثقلی، فوا الله لأحملنك و لأدفعن عنك فهي التي قال الله: ﴿وینجی الله الذین اتقوا بمفازتهم...الآیة﴾ [1].

١-تەفسیری قورطوبی ج٨/ ٢٠٠ (٤٣٨٤).

بەڵگەی تاک و تەنهایی و خودایەتی پەروەردگار

ٱللَّهُ خَٰلِقُ كُلِّ شَيۡءٖۖ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ وَكِيلٞ ﴿٦٢﴾ لَّهُۥ مَقَالِيدُ
ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۗ وَٱلَّذِينَ كَفَرُواْ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ أُوْلَٰٓئِكَ
هُمُ ٱلۡخَٰسِرُونَ ﴿٦٣﴾ قُلۡ أَفَغَيۡرَ ٱللَّهِ تَأۡمُرُوٓنِّيٓ أَعۡبُدُ أَيُّهَا
ٱلۡجَٰهِلُونَ ﴿٦٤﴾ وَلَقَدۡ أُوحِيَ إِلَيۡكَ وَإِلَى ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِكَ لَئِنۡ
أَشۡرَكۡتَ لَيَحۡبَطَنَّ عَمَلُكَ وَلَتَكُونَنَّ مِنَ ٱلۡخَٰسِرِينَ ﴿٦٥﴾ بَلِ ٱللَّهَ
فَٱعۡبُدۡ وَكُن مِّنَ ٱلشَّٰكِرِينَ ﴿٦٦﴾ وَمَا قَدَرُواْ ٱللَّهَ حَقَّ قَدۡرِهِۦ
وَٱلۡأَرۡضُ جَمِيعٗا قَبۡضَتُهُۥ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ وَٱلسَّمَٰوَٰتُ
مَطۡوِيَّٰتُۢ بِيَمِينِهِۦۚ سُبۡحَٰنَهُۥ وَتَعَٰلَىٰ عَمَّا يُشۡرِكُونَ ﴿٦٧﴾

لەوەپێش پەروەردگار هەڕەشەی لە کافرەکان کردو وادەی بە هەشتی ڕازاوەی بە خودا پەرستان دا، ئەمجار دێتەوەسەر ڕانواندن و بەیانکردنی بەڵگە لەسەر خودایەتی پەوەردگارو تاك و تەنهایی لە زات و لە صیفاتیدا، ئەمجار نارەزامەندی خۆی لە هەڵوێست بیرو باوەڕی کافرەکان ڕادەگەیەنێ لەم ڕووەوە: کە داوا یان لە پێغەمبەر کردوە بت بپەرستێ بۆ خۆشیان بت دەبەرستن، وەکوو پێویست خو دانەناسن، چونکە ئەگەر خودایان بناسیایە دارو بەردی داتاشراویان نەدەکردن بەهاوەڵ و هاو شانی!

دەفەرموێ: ﴿الله خالق كل شيئ، وهو على كل شيئ وكيل﴾ خودا بە دیهێنەری هەموو شتێكە، هەرچی لەدونیاو قیامەت دا هەبێ، خودا بەدی هێناوە، خاوەنیەتی و هەڵی دەسوڕێنێ، بەڕێوەی دەباو پارێزگاریەتی. هەموو شتێك ئاتاجی خودایە لە پەیدابون و مانەوەی دا، هەرشتێك خودا دروستی نەكا دروست نابێ، هەرچی خودا نەیهێڵێتەوە نامێنێتەوە، خودا بەدیهێنەرو راگرو پارێزگاری بونەوەرە. فرمانڕەواو بەڕێوەبەری هەموو شتێكە هەر لە زرڕەنامە جەڕڕە .

﴿لە مقاليد السموات والأرض﴾ كلیل و كۆنتڕۆڵی ئاسمانەكان و زەوی ئەوەی تێیان دایە، هەمووی هی ئەوەو بەدەست ئەوە، ئەو خاوەنیانە و بەڕێوەیان دەبا. هەر ئەو ڕزق و ڕۆزیدەرە، هەر ئەو بەخشندەو میهرەبان و كاردروست و فرمانڕەوایە، چی بوێ و چۆنی بوێ ئاوا بونەوەر بەڕێوە دەبا.

ئیبنو ئەبی حاتەم لە عوسمانی كوڕی عەفانەوە ریوایەت دەكا دەڵێ عوسمان دەربارەی تەفسیری ئایەتی ﴿لە مقاليد السموات والارض﴾ پرسیاری لە پێغەمبەر ﷺ كرد، پێغەمبەر لەوەلام دا فەرمووی: ئەی عوسمان! پێش تۆكەس لەم بارەوە پرسیاری لێ نەكردوم، تەفسیری ئەم ئایەتە بەم جۆرەیە: ﴿لااله الا الله والله اكبر، وسبحان الله وبحمده، استغفر الله، لاحول ولا قوة الا بالله، هو الاول و الاخرو الظاهرو الباطن، بيده الخير يحيى ويميت وهو على كل شيئ قدير﴾ مەبەستی پێغەمبەر ﷺ ئەوەبوو بێژەری ئەم دوعایە خەزینەی ئاسمانەكان و زەوی بۆ واڵا دەكرێ، خێرو بێرێكی زۆری توش دەبێ، پاداشی گەورەی دەدرێتەوە.

﴿والذين كفروا بآيات الله أولئك هم الخاسرون﴾ واتە ئەوانەی ئینكاری ئایاتی خودا دەكەن، پەیامی قورئان ڕەتدەكەنەوە، هەموو ئەو نیشانەو دیاردە جۆراو جۆرانەی ناو بوونەوەر: كە هەموو یان ئاماژە

بەتاك و تەنهایی خودا دەكەن، بە ئاشكرا ئــەوە دەگەیــە نــن: كــە خــودا خاوەنی بوو نەوەرە، خاوەنی دەسەڵاتی ڕەهایە، جا ئەوانەی ئینكاری ئــەم راستیانە دەكەن ئەوانە خۆیان لەدەســت داوە، بوونــە ســوتەمەنی دۆزەخ، خەسارەتمەندی حەقیقی ئەوانەن..

ئەمجار پەوەردگار فەرمان بەپێغەمبەرﷺدەكا: كەبە توندی سەرزەنشتی موشریكەكان بكا لەپاساوی ئــەوەدا كــە داوایــان لەپێغەمبــەر كــرد بــت بپەرستی. دەفەرموێ: ﴿قل افغــیر الله تـأمروني أعبـد ایـها الجـاهلون﴾ ئەی پێغەمبەر! بەموشریكەكانی نەتەوەكــەت بڵــێ: كــەداوات لیٚدەكــەن هاریكارییان بكەی لە بتپەرستی داو دەڵێن: ئەوە ئایینی باوك و باپیرانتە، پێیــان بڵــێ: ئــەی نەفامینــە ئــەوە داوام لیٚدەكــەن جگــە لــە خــودا شتیتر بپەرستم؟ پــاش ئــەوە بەڵگــەی ئاشــكراو بــەهێزم لاهــەن لەســەر تاك و تەنهایی خودا فــەرمانم پــێ دەكــەن دارو بــەردی داتاشــراو بكــەم بەهاوشانی خودا؟ ئێوە بەهەڵە چــون كەرێگــە بــەخۆتان دەدەن فــەرمانی لەو جۆرە بەمن بكەن!

بەیهــەقی لــەكتێبی (الدلائــل)دا لــە حەســەنی بــەصری نــەقلٚ دەكــا دەڵێ: موشریكەكانی مەككــە بــە پێغەمبــەریان گــوت: ئــەوە چــۆن تــۆ ئەی موحەممەد! باوك و باپیری خۆت بە گومڕا دەزانـــی و دژی خوداكــانی ئێمە دەدوێی؟ ئیتر ئایەتی ﴿قل أفغیر الله تأمرونّي...الآیة﴾ نازلٚ بوو.

ئیبنو ئەبي حاتەم لــە ئیبنــو عەبباســەوە ریوایــەت دەكــا دەفــەرموێ موشــریكەكان لەبــەر نــەفامی و نـــەزانییان بانگــەوازی پێغەمبـــەریان كردو وتیان ؛ وەرە ئەتۆ خوداكانی ئێمە بپەرستە ئێمەیش لەتك خــودا كــانی خۆمان دا خودای تۆ دەپەرستین، ئیــتر ئایــەتی ﴿قــل أفغیر الله تــأمرونی أعبد...الآیة﴾ نازل ٚبوو. بەڕاستی موشریكەكان نــەفام بــوون، كــە ئــەم جۆرە فەرمانەیان بەپێغەمبەر كــردوە موساوەمەیەكی ســەیرو مامەڵــەو

سەودایەکی کەس نەکردەیان کردوە، شیاوی ئەوە بوون کە بەنەفام خیطابیان ئاڕاستە بکرێ .

ئەمجار پەروەردگار لەسەر زمانی هەموو پێغەمبەران هەڕەشە لەبتپەرستەکان دەکاو دەفەرموێ: ﴿ولقد أوحي اليك والى الذين من قبلك لئن أشركت ليحبط عملك ولتكونن من الخاسرين﴾ بێگومان لەخوداوە نیگاو سروش کراوە بۆ تۆ ئەی پێغەبەر، هەروەها بۆ هەموو ئەو پێغەمبەرانەی لە پێش تۆوە هاتوون نیگامان بۆ کردون، بەوە ئەگەر تەنانەت تۆیش ئەی پێغەمبەر! هاوەڵ بۆ خودا دابنێی هەموو کردەوەیەکی چاکت مایە پوچ دەبێ. هەر کردەوەیەکی خێرو باش ئەنجام بدەی، صیلەی ڕەحم بەجێ بێنی، یارمەتی هەژارو لێقەوماوان بدەی، هیچ پاداشتیان لەسەر وەرناگرێتەوە، دەچیتە ناو پیڕی ئەوانەوە: کەخەسارەتمەندی دونیاو قیامەت بوون.

بەم شێوە بە هەموو پێغەمبەران ڕاگەیاندراوەو پێیان گوتراوە: ئەگەر هاوەڵ بۆ خودا دابنێن هەموو کردوەیەکی باشتان پوچ دەکرێتەوە و خەسارەتمەندی دونیاو قیامەت دەبن. جا ئەگەر لە فەرزێك دا هاوەڵدانان بۆ خودا کردەوەی پێغەمبەران بەو دەردە بەرێ، ئەیحاڵی غەیری ئەوان چۆن بێ؟ ئەمجار پەروەردگار فەرمان بە پێغەمبەر دەکا: کە بەهیچ شێوەیەك گوێ بۆ فەرمانی موشریکەکان نەگرێ و داواکەیان ڕەت بکاتەوە. دەفەرموێ:

﴿بل الله فاعبد﴾ بەڵکوو هەرخودا بپەرستەو هەر ئەو بەخودا بزانە و هەرملکەچی ئەوبە، خۆت و شوێنکەوتوانت جگە لە خودا کەسی تر بەخودا مەزانن. ﴿وكن من الشاكرين﴾ لە پیڕی ئەوانەبە کە

سوپاسگوزاری نیعمەتەکانی خودان، سوپاسی خودا بکە لەسەر ئەوە هیدایەتی داوی بۆ ئیسلام و پلەی پێغەمبەرێتی پێ بەخشیوی.

ئەمجار پەروەردگار نارەزامەندی خۆی رادەگەیەنێ. لەم رووەوە: کە ئەو موشریکانە رێزی خودا ناگرن و مافی خودایەتی نادەنێ، دان بەگەورەیی و شکۆمەندی خودا دانانێن، دارو بەردی داتاشراو دەکەنە هاوشانی، ئای کە نەفام و کەم ئاوەزن، کەودەن و کەم شعوورن!

عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود دەفەرموێ: مالێك لە مالەکانی جولەکە هاتە خزمەت پێغەمبەرﷺ وتی: ئەی موحەممەد ئێمە لەکتێبەکانی خۆماندا دەبینین پەروەردگار ئاسمانەکان دەخاتە سەر پەنجەیەکی دەستی قودرەتی، حەوت تەبەقەی زەوی دەخاتە سەر پەنجەیەکی تری، درەخت دەخاتە سەر پەنجەیەکی ئاوو گڵ دەخاتە سەر پەنجەیەکی، باقی مەخلووقات دەخاتە سەر پەنجەیەکی، ئەمجار دەفەرمووێ: من پاشاو خاوەن و فەرمانڕەوام!

پێغەمبەرﷺ پێکەنینێکی هات و دانی دەرکەوتن، بۆ پشتگیری و بەڕاست دانانی وتەی مالەکە، ئەمجار پێغەمبەرﷺ ئایەتی﴿**وما قدروا الله حق قدره والأرض جميعاً قبضته يوم القيامة..الآية**﴾ خوێندەوە[1].

موسلیم و بوخاری و نەسائی و ئیبنو ماجە لەکۆمەڵێکەوە لەعەبدو ڵڵای کوڕی عومەرەوە، دەفەرمووی: رۆژێك پێغەمبەر ﷺ لەسەر دوانگە ئایەتی ﴿**وما قدروا الله حق قدره.. والأرض جميعاً قبضته يوم القيامة والسموات مطويات بيمينه**﴾ی خوێندەوە بەدەستی ئاماژەی بۆ ئەو تواناو دەسەڵاتەی خوا دەکردو دەستی ئەم دیوو ئەودیو دەکردو تەمجیدو پەسنی خودای رادەگەیاندو دەیفەرموو: خودا

١-أخرجه الترمذي في التفسير (٣٢٣٨) باب (٤٠) ومن سورة الزمر و البخاري في التفسير أيضاً (٤٨١١) باب (٢) و ماقدروا الله...

دەفەرمووی: ﴿أنا الجبار، أنا المکتبر، أنا الملك، أنا العزيز، إنا الكريم﴾، پێغەمبەرﷺ لەسەر ڕوانگەکە دەلەرزی بەجۆرێك لـەدڵی خۆمـاندا وتمـان ئاها ئێستا نائێستا دەکەوێتە خوارێ[1].

﴿والأرض جميعاً قبضته يـوم القيامـة والسـموات مطويـات بيمينـه، سبحانه وتعالى عما يشركون﴾. واتە: زەوی هـەمووی لـەژێر دەسـەڵاتی ڕەهای پەروەردگاردایە، چۆنی بوێ وای لێ دەکا، جگە لە ئەو کەسـی تـر تۆزقـاڵێك دەسـەڵاتی بەسـەردا نیـە، ئاسمانـەکانیش ملکـەچی توانـــاو دەسەڵاتی خودان، چۆنی بوێ ئاوا دەیان پێچێتـــەوەو گۆڕانکارییـان تێـدا دەکاو هیچ شتێکی لێ یاخی نابێ.

خـودا بـەرزو پـیرۆزەو پـاك و خاوێنـــە لـەوەی کـە هـاوەڵی بـۆ دادەنێن،بەڕای زانایانی سەلەف تەفسیری ئەم جۆرە ئایەتانە دەبێ لەسەر شـێوەی حەقیقـەت بکـرێ و تـەمثیل و مـەجازی تێـــدا نیـــەو خـــودا چۆنی ئایەتەکە فەرمووە دەبێ ئاوا ئیمانمان پێی هەبێ و لەچۆنیەتەکـەی نەکۆڵینـەوە، سـەفیانی کـوڕی عویەینـە: کـە یەکێکـە لـەزانایانی سـەلەف دەفـەرمووی: هـەر شـێوەیەك خـودا لـەقورئان دا وەصفـی خۆی پێکردبێ تەفسـیرەکەی ئەوەیـە بیخوێنـەوە، لەچۆنیـەتی ماناکـەی بێدەنگ بە.

زانایانی خەلـەف دەڵێـن: ئـەم ئایەتانـە تـەمثیل و مـەجازن ئامـاژە بەدەسەڵات و قودرەتی خودا دەکـەن مەبەسـت بـە(قەبضـە)و (یەمینـە) دەسەڵات و توانایە بەسەرشتدا!!

١-تەفسیری مەراغی ج٢٤/٣١ . رواه البخاري في التفسير (٤٨١٢) باب (٣) ﴿والأرض جميعاً قبضته ..﴾ وأطرافـه في (٦٥١٩) (٧٣٨٢) (٧٤١٣) ورواه مسلم في صفات المنافقين (٤٧٨٧) .

لەصەحیحی بوخاری و موسلیمدا فەرموودەیەك هەیە ئەبوهورەیرە ڕیوایەتی كردووە، دەفەرمووێ: پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (يقبض الله الأرض يوم القيامة ويطوى السماء بيمينه، ثم يقول أنا الملك أين ملوك الأرض؟)[1] .

پەروەردگار ڕۆژی قیامەت هەموو زەوی دەپێچێتەوەو دەیخاتە چنگی خۆیەوەو ئاسمانەكان دەپێچێتەوەو ئەمجار دەفەرموێ: من پاشام، كوان فەرمانڕەواو پاشاكانی دونیا؟.

ڕابوونی قیامەت و یەكالا كردنەوەی كێشەكان و سزاو پاداش وەرگرتنەوە

وَنُفِخَ فِي ٱلصُّورِ فَصَعِقَ مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَن فِي ٱلْأَرْضِ
إِلَّا مَن شَآءَ ٱللَّهُ ثُمَّ نُفِخَ فِيهِ أُخْرَىٰ فَإِذَا هُمْ قِيَامٌ يَنظُرُونَ
﴿٦٨﴾ وَأَشْرَقَتِ ٱلْأَرْضُ بِنُورِ رَبِّهَا وَوُضِعَ ٱلْكِتَٰبُ وَجِاْىٓءَ
بِٱلنَّبِيِّـۧنَ وَٱلشُّهَدَآءِ وَقُضِيَ بَيْنَهُم بِٱلْحَقِّ وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ
﴿٦٩﴾ وَوُفِّيَتْ كُلُّ نَفْسٍ مَّا عَمِلَتْ وَهُوَ أَعْلَمُ بِمَا يَفْعَلُونَ ﴿٧٠﴾

لەوە پێش پەروەردگار بەڵگەی لەسەر شكۆمەندی و گەورەیی خۆی هێنایەوە، ئەوەی ڕاگەیاند، كە هەر خۆی بەدیهێنەرو هەڵسوڕێنەری بوونەوەرە، ئەمجا لێرەدا باسی پێشەتاو ڕابوونی قیامەت دەكا؛ كە ئەم ڕابوونەش خۆی یەكێكە لە نیشانەكانی دەسەڵاتی ڕەهای پەروەردگار...

١-رواه البخاري في التفسير (٤٨١٢) باب (٣) ورواه مسلم في صفات المنافقين (٢٧٨٧).

پێش ڕابوونی قیامـــەت فـوو دەكـرێ بەكـەرەنای صـووردا بـەم فـوو پێداكردنە هەموو گیانلەبەران دەمرن جگە لە خودا كەس نامێنێ، ئەمـــە فوو پێداكردنی جاری یەكەمە، ئـەمجار بـۆ جـاری دووەم فـوو دەكـرێ بـە كەڵەشاخی صووردا بـۆ زینـدوو بوونـەوە، ئـەمجار تـەرازووی كردەوەكـان دادەنرێ و حەق و حیساب لێــك جیـا دەكرێتـەوە، هـەموو كـەس سـزاو پاداشی خۆی وەردەگرێتەوە.

دەفەرمووی: ﴿ونفـخ في الصـور فصعـق مـن في السـموات ومـن في الأرض إلا من شاء الله ثم نفخ فيه أخرى فإذا هم قيـام ينظـرون﴾، بـۆ یەكەمجار فوو دەكرێ بە كەڵەشاخی صووردا، واتە ئیســـرافیل بەفـەرمانی خودا فوو دەكا بەكەرەنای صووردا، هـــەرچی زینـدەوەر هـــەیە لەترسان دەس بـەجێ زندەقـی دەچـێ و دەمـرێ، لـە ئاسمانـەكان و زەویدا جگـە لەخودا كـــەس بـەزیندوویی نامێنێتـەوە، جگـە لەوانـەی خـودا نایـەوێ لەوكاتـەدا بمرن و دوایـی دەیـانمرێنێ، قـەتادە دەفـەرمووی: نـــازاندرێ ئەم چەرتكراوانە كێن!

ئەمجار پاش ماوەیەك كە خودا خۆی دەزانێ چـــەندە جـارێكی تـر فـوو بەشاخی صووردا دەكرێ بۆ زینـــدوو بوونـەوە، ئیـتر دەس بـەجێ هـەموو مـەخلوقات بەفەرمانی خودا گۆڕ هەڵدەتەكێنن و زیندوو دەبنەوەو لەســەر قاچ ڕادەوەستن، سەیری دیمەن و كارەساتی ئـەو ڕۆژە دەكـەن، چـاوەڕوانن چیان پێ دەگوترێ و چییان لەگەڵ دەكرێ، لەچەند ئایەتێكی تردا ئامـــاژە بەوە دەكاو دەفەرموێ: ﴿فإنما هـي زجـرة واحـدة، فإذا هـم بالسـاهرة﴾ (النازعات/١٣-١٤). یان دەفەرموێ: ﴿يوم يدعوكم فتستجيبون بحمده وتظنون إن لبثتم الا قليلا﴾(الأسراء/٥٢). یان دەفـەرموێ: ﴿ومـن آياتـه ان تقوم السماء والأرض بأمره، ثم إذا دعاكم دعوة من الأرض،إذا انتم تخرجون﴾ (الروم/٢٥).

ئەمجار پەروەردگار برێ دیمەنی ڕۆژی قیامەت ڕادەنوێنێ و دەفەرموێ:

١-﴿وأشرقت الأرض بنور ربها﴾، زەوی سارای مەحشەر بەنووری خودا ڕووناك دەبێ، نووری تەجەللی خودای لێ دەردەکەوێ، عەدالەتکاریی خودا لەوێدا بەرجەستە دەبێ، حەق و حیساب بەڕێك و پێکی لەناو مەخلووقاتدا یەکالآدەکرێتەوە!

٢-﴿ووضع الكتاب﴾ نامەی ئەعمال دادەنرێ لەبەردەم ئادەمیزاددا، هەرکەسە نامەی کردەوەکانی دەدرێتە دەستی ڕاستی یان دەستی چەپی، وەکو لەشوێنێکی تردا ئاماژە بەوە دەکاو دەفەرموێ: ﴿وكل انسان الزمناه طائر في عنقه، ونخرج له يوم القيامة كتاباً يلقاه منشورا﴾ (الأسراء/١٣). یان دەفەرموێ: ﴿ما لهذا الكتاب لا يغادر صغيرة ولا كبيرة الا احصاها﴾(الكهف/٤٩).

٣-﴿وجيئ بالنبين والشهداء﴾ پێغەمبەران ئامادەی مەوقیف دەکرێن، پرسیاریان ئاراستە دەکرێ ئاخۆ نەتەوەکانیان چییان وەلام داونەوە، چۆن بەرەوپیری بانگەوازییەکەیان چوون و چ هەڵوێستێکیان نواندووە؟ وەکو لەئایەتێکی تر ئاماژە بەئەوە دەکا دەفەرموێ: ﴿فكيف إذا جئنا من كل امة بشهيد، وجئنا بك على هؤلاء شهيداً﴾(النساء/٤١).

هەروەها شایەتی تریش دێنینە سارای مەحشەرەوە بۆ ئەوەی شایەتی لەسەر گەل و نەتەوەکان بدەن وەکوولەئایەتێکی تردا ئاماژە بەمە دەکاو دەفەرموێ: ﴿وجاء كل نفس معها سائق وشهيد﴾(ق/٢١).

هەموو کەسێك: کە دەهێندرێ بۆ سارای مەحشەر دوو فریشتەی لەگەڵدان، فریشتەیەك کێشیدەکا بۆحیساب ولێکۆڵینەوە، فریشتەیەکیش بۆ شایەتیدان لەسەری.

هەروەها ئوممەتی ئیسلامیش دەبنە شایەت بەسەر گەل و نەتەوەکانی ترەوە، شایەتییان لێ دەدەن بەوەی: کە پێغەمبەرەکانیان چۆن پەیامیان

پێ گەیاندوون و ئەوانیش چۆن وەڵامیان داونەوە، وەکو لەئایەتێکی تردا[1] ئاماژە بەوە دەکاو دەفەرموێ: ﴿وكذلك جعلناكم امة وسطاً لتكونوا شهداء على الناس﴾(البقرة/١٤٣).

هەروا شەهیدانی رێبازی پاکی خودا پەرستی دەهێنن: ئەوانەی لەپێناو ئایینی خودادا شەهید بوون، دێن و شایەتی دەدەن لەسەر ئەوەی: کە پێغەمبەران و داعیانی ئیسلام پەیامی خۆیان گەیاندووە و پێڕاگەیاندراوانیش چۆنیان وەڵامداوەتەوەو چ هەڵوێستێکیان نواندووە!!

ئەمجار ئەوە رادەگەیەنێ: کە هەموو حەق و حیسابێك یەکالا دەکرێتەوە، هەرکەسە سزاو پاداشی خۆی وەردەگرێتەوە، دەفەرموێ:

١-﴿وقضي بينهم بالحق﴾ دادگایی نێوان مەخلوقات دەکرێ و هەرکەسە سزاو پاداشی خۆی بەعەدالەت پێ دەدرێ و بەئەندازەی گەردیلەیەك ستەم لەکەس ناکرێ.

٢-﴿وهم لا يظلمون﴾ ئەوان بەهیچ جۆری ستەمیان لێ ناکرێ، نە لەپاداشیان کەم دەکرێتەوە، نە لەتاوانیان زیاد دەکرێ: بەڵکو پاداش و سزایان بەگوێرەی کردەوەکانیانە. وەکو لەئایەتێکی تردا ئەم مانایە دووبارە دەکاتەوەو دەفەرموێ: ﴿ونضع الموازين القسط ليوم القيامة فلا تظلم نفس شيئا وان كان مثقال حبة من خردل اتينا بها وكفى بنا حاسبين﴾(الانبياء/٤٧).

جاری وایش دەبێ خودا بە فەزلی خۆی لە پاداش زیاد دەکا، وەکوو لە ئایەتێکی تردا ئاماژە بەوە دەکاو دەفەرموێ: ﴿ان الله لايظلم مثقال ذرة وان تك حسنة يضاعفها ويؤت من لدنه اجراً عظيماً﴾(النساء/٤٠).

٣-﴿ووفيت كل نفس ما عملت﴾ هەموو کەسێ پاداش و سزای کردەوەکانی دونیای وەر دەگرێتەوە. چاکە بە چاکە و خراپە بەخراپە.

﴿وهو اعلم بما یفعلون﴾ خودا لە هەموو شایەت و کردەوە نووس و چاو دێرێك زاناترە بە کردەوەی بەندەکانی، پێویستی بەنامەی ئەعمال و فریشتەی چاو دێرو رەقیب نیە، کەنامەی کردەوە تێدا نووسراو دادەنێ و پێغەمبەران و شەهیدان و فریشتەکان دەکا بە شایەت و ئامادەیان دەکاو شایەتی دەدەن، بۆ بڕڕدان ئیکمالی حوجەیە، بۆ بیانوو بڕین و چەسپاندنی حەق و عەدالەتە. بۆ ئەوەیە بزانن: خودا وێڕای زانیاری تەواوی بەکردەوەی بەندە کانی بە حەق و عەدالەت حوکم دەکا و بە ئەندازەی گەردیلەو بچوکتریش هەڵە لە حیساب و لێکۆڵینەوە دا روونادا و بەهیچ جۆرێ ستەم لە کەس ناکا!!

حاڵ و وەزعی خودا پەرستان و کافران لە رۆژی قیامەت دا دیمەنی بەرێکردنی بەهەشتیان و راپێچکردنی دۆزەخیان

وَسِيقَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ إِلَىٰ جَهَنَّمَ زُمَرًاۖ حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءُوهَا
فُتِحَتْ أَبْوَٰبُهَا وَقَالَ لَهُمْ خَزَنَتُهَآ أَلَمْ يَأْتِكُمْ رُسُلٌ مِّنكُمْ
يَتْلُونَ عَلَيْكُمْ ءَايَٰتِ رَبِّكُمْ وَيُنذِرُونَكُمْ لِقَآءَ يَوْمِكُمْ
هَٰذَاۚ قَالُواْ بَلَىٰ وَلَٰكِنْ حَقَّتْ كَلِمَةُ ٱلْعَذَابِ عَلَى ٱلْكَٰفِرِينَ
(٧١) قِيلَ ٱدْخُلُوٓاْ أَبْوَٰبَ جَهَنَّمَ خَٰلِدِينَ فِيهَاۖ فَبِئْسَ مَثْوَى
ٱلْمُتَكَبِّرِينَ (٧٢) وَسِيقَ ٱلَّذِينَ ٱتَّقَوْاْ رَبَّهُمْ إِلَى
ٱلْجَنَّةِ زُمَرًاۖ حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءُوهَا وَفُتِحَتْ أَبْوَٰبُهَا وَقَالَ لَهُمْ

خَزَنَتُهَا سَلَٰمٌ عَلَيْكُمْ طِبْتُمْ فَٱدْخُلُوهَا خَٰلِدِينَ ﴿٧٣﴾
وَقَالُوا۟ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ ٱلَّذِى صَدَقَنَا وَعْدَهُۥ وَأَوْرَثَنَا ٱلْأَرْضَ
نَتَبَوَّأُ مِنَ ٱلْجَنَّةِ حَيْثُ نَشَآءُ ۖ فَنِعْمَ أَجْرُ ٱلْعَٰمِلِينَ ﴿٧٤﴾
وَتَرَى ٱلْمَلَٰٓئِكَةَ حَآفِّينَ مِنْ حَوْلِ ٱلْعَرْشِ يُسَبِّحُونَ بِحَمْدِ
رَبِّهِمْ ۖ وَقُضِىَ بَيْنَهُم بِٱلْحَقِّ وَقِيلَ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٧٥﴾

لەوە پێش بەکورتی حاڵ و وەزعی ئەهلی قیامەتی ڕونکردەوە فەرمووی ﴿ووفيت كل نفس ماعملت﴾ ئەمجار لەم کۆمەڵە ئایەتەدا بەدرێژی حاڵ و وەزع و دیمەنی خوداپەرستان و کافرەکان نمایش دەکاتەوە دیمەنی سەرسوڕهێنەری فریشتەکان رادەنوێنێ کەبە دەوری عەرشی بەرزی کردگاردا ئاپورەیان داوە، سەرگەرمی تەسبیح و تەقدیسن، دەفەرموێ:

﴿وسيق الذين كفروا الى جهنم زمراً﴾ لە سارای مەحشەردا لێکۆڵینەوەو حەق و حیساب ئەنجام دەدرێ، خوداپەرستان لە کافران جیادەکرێنەوە دۆزەخی و بەهەشتی دیاری دەکرێن.

ئەمجار کافرەکان بەرەو دۆزەخ ڕاپێچ دەکرێن، کۆمەڵ کۆمەڵ و پێر پێر ملی ڕێیان پێ دەگیرێ و بۆ ناو دۆزەخ بەزەخت و پاڵ پێوەنان لێیان دەخورن، ڕاوەستان و پسشوودان نیە، ئاو ڕدانەوەو خۆپاشدان ناکرێ، هەر کۆمەڵە و سەرکردەکەی دونیایان لە پێشەوەیە، چۆن لە ژیانی دونیادا پێشەنگ و ڕابەریان بووە بۆ گومڕایی و سەرلێ شێوان، لە ورۆژەش داپێشەنگیانە بەرەو دۆزەخ و شوێنێ بەدبەختی هەتا هەتایی پێشەنگی تاقمێك فیرعەونەو هی تاقمێکیتر نەمردوو هی پێرێکی کە ئەبو جەهل و هیکۆمەڵێکیتر مارکس و هی دەستەیەکی تر لێنینە،

پێرێك ئەتاتورك پێشەنگیانەو وەجیەیەکی تر تیتۆو حیزبێکی تر عەفلەق رابەریانە!...هتد.

دیمەنەکان تابلۆی ترسناك سەرنج ڕاکێشن. پێست گرژدەکاو موچوڕکە بە جەستە دا دێنێ، مرۆڤ سەرسام دەکا، دڵ داخورپێنێ پاڵ پێوەنان و راپێچکردنێکە هەر مەپرسەو وەصف ناکرێ! وەکوو لە ئایەتێکی تردا ئاماژە بە وەدەکاو دەفەرموێ: ﴿يوم يدعّون الى نارجهنم دعاً﴾ (الطور/١٣).

﴿حتى اذا جاؤوها فتحت أبوابها﴾ هەتا دەگە نە دەرگاکانی دۆزەخ، خێراو دەست لە عاست هەرحەوت دەرگاکانی دەکرێنەوە بۆ ئەوەی یەکسەر تاوانبارانی ڕاپێچکراو بچنە ناوییەوەو خێرا بەسزای شیاوی خۆیان بگەن.

﴿وقال لهم خزنتها: ألم يأتكم رسل منكم يتلون عليكم آيات ربكم، وينذرونكم لقاء يومكم هذا؟﴾ بەر پرس و کاربە دەستانی دۆزەخ بە شێوەی سەرزەنشتکردن و لۆ مەوە پێیان دەڵێن: ئەوە داوەشێن بۆچی واتان لە خۆکردو خۆتان تووشی ئەم سزا سامناکە کرد؟ چما پێغەمبەران لەرەگەزو نژادی خۆتان نەهاتنە سەرتان و بانگەوازییان نەکردن؟ ئایاتی ئێمە یان بۆ نەخوێندنەوە؟ لە عەزابی سەختی ئەم ڕۆژە نەیان ترساندن؟ بۆچی شوێنیان نەکەوتن و ئیمانتان پێ نەهێنان؟!

﴿قالوا: بلى، ولكن حقت كلمة العذاب على الكافرين﴾ کافرەکان بەناچاری و لەوەڵامیان دا دەڵێن: بەڵێ پێغەمبەران هاتنە سەرمان و بانگەوازییان کردین، بەڵگە و نیشانەی ڕاستی پێغەمبەرایەتی خۆیان نیشاندایین، بەڵام ئێمە بەدرۆمان خستنەوە، سەرپێچی فەرمانە کانیانمان کرد شیاوی ئەوە بووین بڕیاری عەزاب بمانگرێتەوە.

لەو کەسانە بین: کە خودا دەربارەیان فەرمویەتی: ﴿**لأملأن جهنم من الجنة والناس اجمعين**﴾(**هود**/١١٩) . وەکوو لە ئایەتێکی تردا ئەم مانایا دوبارە دەکاتەوەو دەفەرموێ: ﴿**كلما القي فيها فوج سألهم خزنتها الم يأتكم نذير، قالوا: بلى قد جاءنا نذير فكذبنا وقلنا: مانزل الله من شيئ ان انتم الا في ضلال كبير وقالوا: لوكنا نسمع أو نعقل ماكنا في اصحاب السعير**﴾(**الملك**/٨-١٠) .

ئەمجار: کە ئاوا بەو جۆرە دان بەتاوانی خۆیان دا دەنێن، بەوەڵامێکی گورچکبڕ وەڵام دەدرێنەوە، وڵامێك کەبڕیاری خودای لە خۆ گرتووە بە توڕدانیان بۆ ناو دۆزەخ! دەفەرموێ:

﴿**قيل ادخلوا أبواب جهنم خالدين فيها، فبئس مثوى المتكبرين**﴾ پێیان دەگوترێ: بڕۆنە ناو دۆزەخەوە، خێرا هەرکۆمەڵەو خۆیەدەرگایەك دا بکا. فریشتەی بەرپرسی ناو دۆزەخ تێیان راد خوڕن و پێیان دەڵێن: دەی‌خێرا بچنە ناو دۆزەخەوە، بۆ هەتا هەتایی تسێ یدا بمێننەوە، بڕیارێکەو لە خوداوە دەرچووە، ئەو شوێنە جێگای ئێودیە و لیێ‌دەرناچن، بەردەوام ئێوە سوتەمەنی دۆزەخن و دۆزەخ سوتینەری ئێوەیە، سزا دانتان بە کۆتانایە، بەڕاستی جێگایەکی خراپ و ناخۆشە ئەو شوێنەی بۆ ئێوە دانراوە، بە دترین شوێنی حەوانەیە بۆ ئێوە بڕیار دراوە، ئەمەش بە هۆی خۆبەزلزانیولوتبەرزیتان و پشت هەڵکردنتان لە پەیامی حەق و شوێنکەوتنی، ئەوەیە ئێوەی واڵی کردوە ئەو عەزابە بچێژن، سوچ لە خۆتانەوەیە و بەدەستی خۆتان خۆتان بە فەتارە بردوە.

ئەمجار دێتە سەرباسی حاڵ و وەزعی خودا پەرستان: کە بەو پەڕی ڕێزەوە بەرەو بەهەشت بەڕێ دەکرێن، دەفەرموێ: ﴿**وسيق الذين اتقوا ربهم الى الجنة زمراً**﴾ ئەوانەی لە ژیانی دونیایان داخودا پەرست بوون لە لایەن فریشتەکانەوە بەرێز و حورمەتەوە بەرەو بەهەشت بەڕێ دەکرێن،

کۆمەڵ کۆمەڵ و یەك بەدوایەك دا بەگوێرەی پلەو پایەی ناو بەهەشتیان، بەرێ دەکرێن، پێری پێغەمبەران ئەمجار ڕاستگۆیان و لە دوا ئەوان شەهیدان بە دوایان دا زانایانی ئایینی، هەر تاقمە و بەجیا دەنێردرێن!

﴿حتی اذا جاؤوها و فتحت أبوابها﴾ هەتا بەسەر پردی سیراطدا تێپەڕین و گەیشتنە بەردەم... دەرگاکانی بەهەشت دەرگاکانیان بۆ کراوەتەوە بەڕێزەوە پێشوازییان لێ دەکرێ.

لە صەحیحی موسلیمدا لە ئەنەسەوە فەرمودەیەك ریوایەت کراوە، دەڵێ: پێغەمبەر ﷺفەرموی: (وانا أول من يقرع باب الجنة). من یەکەم کەسم کە تەقولبابی دەرگای بەهەشت دەکەم .

ئیمامی بوخاری و موسلیم لەئەبو هورەیرەوە لە پێغەمبەرەوە ﷺ فەرمویەتی (يدخل الجنة من امتی زمرة هم سبعون الفا تضیئ وجوهم اضاءة القمر ليلة البدر) واتە تاقمێك لە ئومەتی من دەچنە بەهەشتە وە ژمارەیان حەفتا هەزارە، دەم و چاویان وەکوو مانگی شەوی چواردە دەدرەوشێتەوە، عوکاشەی کوڕی موحصین ڕاست بووە وتی: ئەی پێغەمبەری خودا! بۆم لەخودا داوابکە من لەوتاقمەبم، پێغەمبەرﷺ فەرمووی: (اللهم اجعله منهم) خودایە ئەم بخەرە پێری ئەوانەوە، پاشان کابرایەکی ئەنصاری وتی: ئەی پێغەمبەری خودا دوعام بۆکە من لەوانەبم، پێغەمبەرﷺ فەرمووی: (سبقك بها عكاشة) عوکاشە دەست پێشخەری لی‌کردی.

لەصەحیحی موسلیم دا لە عومەری کوڕی خەتتابەوە فەرمودەیەك هەیە دەفەرموێ: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی (مامنكم من أحد فيبلغ أو فيسبغ الوضوء، ثم يقول اشهد ان لا الا الله وأن محمدا عبده ورسوله الأ فتحت له ابواب الجنة الثمانية، يدخل من أيها شاء[1].

١-ذكره في الطهارة (٢٣٤) باب الذكر المستحب عقب الوضوء ورواه أبوداواد في الطهارة (١٦٩) و (١٧٠) باب ما يقول إذا توضأ

هەریەکێ لە ئێوە جوان دەستنوێژ بشواو پاشان شایەتومان بێنێ و بڵێ (اشهد ان لااله الا الله وأن محمدا عبده ورسوله) ئیللا هەر هەشت دەرگاکانی بەهەشتی بۆ دەکرێنەوە، بەویستی خۆی لەکامیانەوە بیەوێ بچێتە ژورێ دەچێتە ژورێ.

ئیمامی ئەحمەد لە (الحسن)ەوە لەمەعازەوە ریوایەت دەکا دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (مفتاح الجنة شهادة ان لااله الله) کلیلی بەهەشت شایەتیدانە بەوەی: کە هیچ خودانین جگە لە (الله) هەرئەو خودایەو هەرئەو شیاوی پەرستش بۆکردنە.

﴿وقال لهم خزنتها: سلام عليكم طبتم فادخلوها خالدين﴾ بەرپرس و دەرگەوانانی بەهەشت بەخوداپەرستان دەبێژن سڵاو تان لێ بێ، لە هەموو ناخۆشی و غەم و پەژارەیەك بەدورن، چاکتان کرد لەدنیادا خوداپەرستی و یەکتاپەرستیتان کرد، هاوەڵ و هاوبەشتان بۆ خودا بەرەوانەزانی، بەقسەو بەکردەوە خوداپەرست و گوێ رایەڵ بوون، پاداشتان باشەو لێی رازی دەبن.

﴿وقالوا: الحمدلله الذى صدقنا وعده، و أورثنا الأرض نتبوأ من الجنة حيث نشاء، فنعم أجر العاملين﴾ موسوڵمانە خوداپێداوەکان، خاوەن بڕواپتەوو کردەوە باشەکان؛ کە چاویان بە بەهەشت دەکەوێ و نازنیعمەتەکانی دەبینن ، لە خۆشیان دەبێژن سوپاسی هەمیشەیی و شوکری بەردەوام بۆ ئەو خودایە وادەی خۆی بەجێ هێنا، ئەو بەڵێن و وادانەی لە سەر زوبانی پێغەمبەرانی پێی‌دا بووین هێنانیە دی. زیندوی کردینەوە بەهەشتی پێ بەخشین ئەو دوعاو پاڕانەوەیەی لە دونیادا ئەنجامان دا وەرگیرا: کە دەمانگوت ﴿ربنا آتنا ماوعدتنا على رسلك

ولا تخزنا یوم القیامة، انك لا تخلف المیعاد﴾ (آل عمران/١٩٤) گیرابوو هاتەدی .

ئیتر لە خۆشیان پەردەی بێدەنگی دەشکێنن **﴿وقالوا: الحمد لله الذي أذهب عنا الحزن ان ربنا لغفور شكور، الذي احلنا دار المقامة من فضله، لایمسنا فیها نصب ولایمسنا فیها لغوب﴾** (فاطر/٢٤-٣٥) بەهەشتی رازاوەی پێ بەخشیوین، بە ئارەزۆی خۆمان تێیدا دەگوزەرێنین، چۆنمان بوێ کوێمان بوێ لیێ دەی گوزەرێنین، بەڕاستی پەروەردگار پاداشی باشی داوێنەوە، نازو نیعمەتی تا بڵێی نایابە و هیچ چاوێك نەیدیوەو بەسەر دڵی کەس دا رانەبردوە.

﴿وترى الملائكة حافين من حول العرش یسبحون بحمد ربهم وقضي بینهم بالحق، وقیل الحمد الله رب العالمین﴾ ئەتۆ دەبینی ئەی بەهەشتی بەختەوەر، ئەی خودا پێداوو بەنازگەییشتو! دەبینی فریشتەکان کۆمەڵ کۆمەڵ بەدەوری عەرِشی بەرین دا گردبوونەوە، سەرگەرمی تەسبیح و تەمجیدی خودان، سوپاسی دەکەن، لە پاساوی نیعمەتەکانی دا شوکرانە ژمێرن هەر دەبێژن **(سبحان الله وبحمده)** حاڵ وەزع وایە.

کێشەی نێوان بەندەکان یەکالا کراوەتەوە، هەرکەس بە پاداشی خۆی گەیشتووەو سزای عادلانەی وەرگرتۆتەوە، بەهەشتی خراونە ناوبەهەشتی ڕازاوەو بەرینەوە،تاوانباران و بەدبەختەکان توڕدراونە ناو دۆزەخی قوڵ و بێ ئامانەوە. موسوڵمانان و فریشتەکان تێکڕا دەڵێن: حەمدو سوپاس پەسنی و پیرۆزی بۆ خودای بوونەوەرە.

بسم الله الرحمن الرحيم

سورەتی (غافر)

ئەم سورەتە ناوی سورەتی (غافر)ە چونکە سەرەتا بەوە دەست پێدەکا: کە قورئانی پیرۆز لەخودایەکەوە نازڵ بووە کە (غافر الذنب)ە لیخۆشبووە لەتاوان (قابل التّوب)ە تۆبەو پەشیمانی لەبەندەکانی وەردەگرێ، (غافر) صیفەتی خودایەو یەکێکە لەناوە جوانەکانی پەروەردگار، ئەم سورەتە ناوێکی تریشی هەیە پێی دەوترێ سورەتی (المؤمن) ئەمەیش لەم روەوەیە کە چیرۆکی ئەو کابرایەی تێدایە: کە لەنەتەوەی فیرعەون بوو ئیمانی هێنابوو، لەناو کتێبە تەفسیرە عەرەبیەکاندا بە (مؤمن آل فرعون)مەشهوورە.

پەیوەندی ئەم سورەتە بەهی پێشەوە لە دوو سەرەوەیە:

١-لێکچوونی ناوەڕۆکی سورەتی (غافر) لەگەڵ سورەتی (الزمر)دا ، ئەوەتا لەهەردوو سورەتەکەدا روداوو دیمەنی رۆژی قیامەت رانوێندراون، حاڵ و وەزعی بێبڕوایان لەساڕای مەحشەردا نمایش دەکا.

٢- پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان کۆتایی سورەتی (الزمر) و سەرەتای سورەتی (غافر)دا هەیە. ئەوەتا لەکۆتایی سورەتی (الزمر) دا حاڵ و وەزعی کافرە بەدبەختەکان و موسوڵمانە خوداپێداوەکان نمایش دەکا، سورەتی (غافر)یش بەوە دەست پێدەکا، کە خودا (غافر الذنب)ە تاوان پۆشەو تۆبە قەبوڵ دەکا، بۆ ئەوەی کافرەکان هەڵبنێ بۆ ئیمانهێنان و وازهێنان لە کوفرو هاوەڵدانان .

سورەتی (غافر) و هەر حەوت حامیمەکان مەککەیین ، واتە: لە مەککە نازڵ بوون ، ئەمانیش وەکوو باقی سورەتە مەککەییەکان لایەنی بیروباوەڕیان لە خۆگرتووە ، گرنگی دەدەن بە بنەماکانی عەقیدە ، بۆیە بە شێوەیەکی زەق باسی یەکتاپەرستی و خودا پەرستی دەکا..

چارەسەری کێشەی هەق و بەتاڵ دەکا. قەضیەی کوفرو ئیمان یەکلادەکاتەوە، چۆنیەتی بانگەوازی پێغەمبەران و بانخوازانی ئایینی خودا پەسەندو هەڵس و کەوت و بەپیرەوەچوونی گەل و نەتەوەکان بۆ پەیامی پێغەمبەران نمایش دەکا، دیاردەی لوتبەرزیو خۆبەزلزانی ملهوڕان و بوغرایانی گەل و نەتەوەکان رادەنوێنێ ، ئاکام و سەرەنجامیان شیدەکاتەوە، لەنێو رانواندنی ئەم کێشەو رودوانەدا هەڵوێستی موسوڵمانانی راستاڵ و بەخۆچاراوو بۆ خوا صولحاو رون دەکاتەوە، باسی یارمەتی خودا بۆیان و داوای لێخۆشبوون بۆیان لەلایەن فریشتەکانەوەو نازو نیعمەتی ناو بەهەشتیان دەکا .

کەوابوو دەتوانین بڵێین: ناوەڕۆکی سەرلەبەری سورەتەکە باسی کێشە و بەرەی نێوان هەق و بەتاڵە ، بەرامبەری و مەعرەکەی نێوان کوفرو ئیمانە ، رانواندنی هەڵوێستی ملهوڕان و سەرەنجامیان بەدەست عەزابی بێ ئامانی خوداوە . ناو بەناوەش بەبۆنەی باسی موسوڵمانان و بۆ خودا صولحاوانەوە باسی شنە بای رەحمەت و لێخۆش بوونی خودا دەکا . بۆ ئەوەی ئادەمیزادانی ئۆمەتی پێغەمبەری ئیسلام پەند وەربگرن و بیر لە داهاتووی خۆیان بکەنەوە .

سەرچاوەی قورئان و حاڵ و وەزع و هەڵوێستی بێبڕوایان لەئاستیدا

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

حمٓ ﴿١﴾ تَنزِيلُ الْكِتَابِ مِنَ اللَّهِ الْعَزِيزِ الْعَلِيمِ ﴿٢﴾ غَافِرِ
الذَّنبِ وَقَابِلِ التَّوْبِ شَدِيدِ الْعِقَابِ ذِي الطَّوْلِ لَا إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ
إِلَيْهِ الْمَصِيرُ ﴿٣﴾ مَا يُجَادِلُ فِي آيَاتِ اللَّهِ إِلَّا الَّذِينَ كَفَرُوا
فَلَا يَغْرُرْكَ تَقَلُّبُهُمْ فِي الْبِلَادِ ﴿٤﴾ كَذَّبَتْ قَبْلَهُمْ قَوْمُ
نُوحٍ وَالْأَحْزَابُ مِن بَعْدِهِمْ وَهَمَّتْ كُلُّ أُمَّةٍ بِرَسُولِهِمْ
لِيَأْخُذُوهُ وَجَادَلُوا بِالْبَاطِلِ لِيُدْحِضُوا بِهِ الْحَقَّ فَأَخَذْتُهُمْ
فَكَيْفَ كَانَ عِقَابِ ﴿٥﴾ وَكَذَٰلِكَ حَقَّتْ كَلِمَتُ رَبِّكَ عَلَى
الَّذِينَ كَفَرُوا أَنَّهُمْ أَصْحَابُ النَّارِ ﴿٦﴾

ئەم کۆمەڵە ئایەتە سەرچاوەی قورئان بەیان دەکەن ئەوە دەچەسپێنن: کە ئەم کەلامە بەرزو پیرۆزە لەخوداوە هاتووە، بێبڕوایان بەناهەق کێشەو جەدەل دەربارەی ئەنجام دەدەن، بێبەڵگە ئەو پەیامە ئاسمانییە ڕەت دەکەنەوە ، دەفەرموێ: ﴿حم﴾ یەکێکە لەو پیتە پچڕپچڕانەی لەسەرتای هەندێ سورەتدا هاتوون و لەوە پێش لەشوێنی خۆیانا مانای ئەم جۆرە وشەو پیتانەمان ڕوون کردۆتەوە..

ئەوەمان بە پەسەندزانی کە ئەمە تەحەدداو بۆڕدانی عەرەب و ناعەرەب بێ ، بەڵکو تەحەددا بێ لەئینس و جین کە بتوانن لەو پیتە عەرەبیانە کەلامێکی وەکوو قورئان بخەنە ڕوو .

﴿تنزيل الكتاب من الله العزيز العليم﴾ نازڵکردنی قورئان لەلایەن خودای باڵادەست و زاناوەیە . زاتی پاکی بەسروش بەفریشتەی تایبەتیدا ناردویەتی بۆ حەزرەتی موحەممەدﷺ بۆ ئەوەی بەخەڵکی رابگەیەنێ و ئەوانیش پەیڕەوی بکەن ، کەلامێکی هەق و راستەو درۆی تێدا نیە، خودایەکی خاوەن دەسەڵات و زانا بەهەموو نهێنی و ئاشکرایەك نازڵی کردووە.

﴿غافر الذّنب و قابل التّوب شديد العقاب، ذي الطّول لااله الاّ هو، إليه المصير﴾ بێگومان ئەو خودایەی قورئانی نازڵ کردووە ئەو لەتاوانی بەندەکانی خۆش دەبێ ئەگەر تۆبەی لێبکەن، قەبوڵی تۆبەو پەشیمانی دەکا، تۆڵەو عیقابی بەشیددەتە، کەسێکی پەنادا و لەتاوانی خۆش بوو ، دەیخاتە نازونیعمەتی بەهەشتی رازاوەوە ، کەسێکیش بگرێ و بیەوێ سزای بدا ، عەزابی بەزەبرە، خاوەنی نازونیعمەتی هەمیشە نەبڕاوەیە، بێئاتاجە، پێویستی بەکەس نیە، بەمەحضی ئیحسان و چاکەکاری خۆی دەبەخشێ و نازو نیعمەت دەدا . هیچ خودا نین جگە لە ئەو ، هەر ئەو خودایەو گەڕانەوەی هەموو کەس هەر بۆلای ئەوە .

ئەمجار دڵنەوایی پێغەمبەر دەکاو دەفەرموێ: ﴿مايجادل في آيات الله الاَ الذين كفروا ، فلا يغررك تقلبهم في البلاد﴾ کێشە و دەمەدەمێ ناکا دەربارەی ئایاتی خودا و پەیامی هەق رەت ناکاتەوە ئیللا ئەوانە نەبێ کە کافرو بێبڕوان، ئەوانە بەناهەق جەدەل دەکەن، دەیانەوێ هەق بکوژێننەوە، دەمێك دەڵێن: قورئان شیعرە ، چەڵێك دەبێژن: سیحرە ، کاتی وایش هەیە دەڵێن: چیرۆکە کۆن و ئەفسانەیە ! ئەی پێغەمبەر !

تۆ بەو هەڵوێست و قسانەیان دڵتەنگ مەبە ، هەروەها ئەی موسوڵمانینە ئێوە بەوە خەفەت مەخۆن: کە بێبڕوایان لەنازونیعمەتدان و مامەڵەو پیشەسازیان پێشکەوتووەو وڵات و هەرێمیان بەپیت و فەڕە، قازانج و سودیان یەکاویەك و دوچەندانەیە، ئەوانە خودا مۆڵەتی داون بۆ کاتێکی دیاریکراو زۆری پێناچێ کۆتایی بەنازو نیعمەتیان دێ و تۆڵەی خودا دەیانگرێتەوەو سەرەنجامیشیان ئاگری دۆزەخە...

وەکوو لە ئایەتێکیتردا دەفەرموێ: ﴿**لایغرنّك تقلّب الذین کفروا في البلاد، متاعٌ قلیل ثمّ مأواهم جهنّم وبئس المهاد**﴾(آل عمران/١٩٦ - ١٩٧) یان دەفەرموێ: ﴿**نمتّعهم قلیلاً ثمّ نضطرّهم الی عذابٍ غلیظ**﴾(لقمان/ ٢٤) .

هەڵبەتە جەدەل و گفتوگۆو دان و سان دوو جۆرە ، جۆرێکیان بۆ سەلماندنی هەق و چەسپاندنی راستیە ، بۆ رونکردنەوەی حەق و گەیشتن بەڕاستییە، ئەم جۆرە لێکۆڵینەوەو جیدالە پیرۆزو پەسەندە ، پێویستە موسوڵمان و داعی و نەسیحەتکارو رابەرو مامۆستا و پەروەردکار لەو بارەوە خۆیان چەکدار بکەن، فێری بەڵگەو لێکۆڵینەوە ببن ، بۆ ئەوەی بتوانن هەق وانیشان بدەن خەڵکی شوێنی بکەوێ، بچێتە دڵیانەوە بیسەلمێنن و بیچەسپێنن .

جۆرێکی تریان جەدەلی پوچ و بێبناغەیە ، ئینکەبەری‌و سەررەقی و مل نەدانە ، هەوڵدانە بۆ شاردنەوەی حەق و بەدەرخستنی بەتاڵ لەشێوەی پەسەندا. بۆ هەڵخەڵەتاندن و لەخشتەبردنی خەڵکییە ، ئەم جۆرە جەدەلە ناپەسەندەو نەهی لێکراوە، کات بەفیڕۆدان و زیان گەیاندنە بەتاك و کۆمەڵ نەخۆی سودی لێدەبینێ و نەکەسانیدی، کارێکی خراپ و زیانە خرۆیە. هەرکەسێ جیدالی بەتاڵ بکا کارێکی کوفرئامێز ئەنجام دەدا، هەرکەسێ کێشەو جیدال دەربارەی قورئان بکا پێیکافر دەبێ .

بۆیە ئەبولعالیە دەڵێ: دووئایـــەت هـــەن لـــەقورئاندا زۆر بـــەرەقی دژی ئەوانەیە: کە دەربارەی قورئان جیدال بەرپا دەکـــەن ، یەکـــەمیان ئایـــەتی: ﴿مایجادل في آیات الله الاّ الذین کفروا﴾(غـافر/٤) دووەمیـان ئایـــەتی: ﴿وإنّ الذین اختلفوا في الکتاب لفي شقاقٍ بعید﴾(البقرة/١٧٦).

ئەمجار دڵنەوایی پێغەمبەرﷺ دەکا: کە رەت کردنەوەی پەیامی حـەق و بەدرۆخستنەوەیپێغەمبەران هەر تایبەت نیە بەقورەیشییەکانەوە، بەڵکوو داب و نەریتی هەموو گەل و نەتەوەکانی رابوردو بووە،دەفەرموێ:

﴿کذبت قبلَهم قوم نـوحٍ و الأحـزاب مـن بعدهـم﴾ واتـە: لـەپێش قورەیشییەکاندا گـەلی نـوح (نـوح)علیه السلامیـان بەدرۆخسـتەوە، (ئـەم زاتـە کەیەکـەم پێغەمبـەر بـووە خـودا ناردویـــەتی بـــۆ ســـەر گەلەکـــەی : کە جڵەوگیری بکا لەبتپەرسـتی) هـەروەها ئـەو گـەل و نەتـەوەو تـاقم و پێڕانـــەش لـــەدوای گـــەلی نـــوح هاتوونەتـــە گۆڕەپـــانیی ژیانـــەوەو گەلـە کۆمـەکییان لـە پێغەمبـەرەکانیان کـردووە و پـەیامی حـەقیان رەتکردۆتەوە، بۆ نموونە گـەلی عـاد وثـەمود و قـەومی لـوط و قـەومی فیرعـەون .. هتـد ... پێغەمبـەرانی خودایـان بەدرۆخسـتەوەو گوێیـان بەبانگەوازییەکەیان نەداو سـووربوون لەسـەر کوفـرو ئیلحـادی خۆیـان ، سەرەنجامیان ئەوەبوو خـودا بەسـزای جۆراوجـۆرو ریشەکێشـکەر لـەناوی بردن و توشی عەزابی هەتاهەتایی بوون!

﴿وهمّت کلّ أمّة برسولهم لیأخذوه و جادلوه بالباطل لیدحضـوا بـه الحق﴾ هەموو گەل و نەتەوەیەکی رابـووردو کـە پێغەمبـەریان بـۆ سـەر رەوانەکراوە: کە پێغەمبەرەکەیان بانگەوازیی کـردوون بـۆ یەکتاپەرسـتی پشتیان لیکردووەو ، بڕیاریان داوە و سووربوون لەسـەر ئـەوەی زیـان بـە پێغەمبەرەکـەیان بگەیـەنن، بـەندی بکـەن بیکـوژن، چیـان بـۆ بکـرێ لەئەزیـەتدان و دەسـتدرێژیکردنە سـەری ئـەنجامی بـدەن، هـەیانبووە

پێغەمبەرەکەی خۆیان شەهید کردووە، هەیانبووە بەجۆرەها ئەزیـەتدان و گوێپێنـەدان،وەڵامـی پێغەمبـەری خۆیـان داوەتـەوە، کێشـەو جـەدەلی نارەوایان بەرامبەر پێغەمبـەرەکان بـەرپاکردووە، بەناهـەق و بەبەڵگـەی وێنەچوو بەگژ فروستادەی خودادا چوونـەوە، بـۆ ئـەوەی هـەق و راسـتی نەچەسپێ و گەشـەنەکا، پەیامـە ئاسمانیەکـە زوو بپوچێننـەوە، بەمـەش گەورەترین تاوانیان ئەنجام داوە.

پێغەمبەرﷺ فەرمویەتی: (من أعان باطلا ليدحض به حقاً، فقد برئت منه ذمـة الله تعـالى و ذمـة رسـوله) هەرکەسـێك یارمـەتی بـەتاڵێك بدا بۆ ئەوەی هەق و راسـتیەك بفـەوتێ، بێگومـان خـوداو پێغەمبـەرﷺ لێی بێبەرین ، خۆشیان ناوێ و دوژمنیانە ، کەسێکیش خوداو پێغەمبەر دوژمنی بن هاوار بەحاڵی .

ئەمجار پەروەردگار سـەرەنجامی سـەررِق و چەقـەبازو بـەتاڵخوازان رون دەکاتەوەو دەفەرموێ: ﴿فأخذتهم فكيف كان عقـاب﴾ ئـەو کێشـەکارو بـەتاڵ خوازانـەم بەسـزای تونـدو سـامناك گرتـن، بڕوانـە عـەزابی مـن چۆن عەزابێکە!!

بەڕاسـتی عـەزابێکی ریشەکێشـکەر بـوو ئاسـەواری بڕینـەوە، زێـدو نیشتمانی خاپوور کردن و بونە پەندی زەمانە، دەی باقەرمەکـەی تۆیـش ئەی موحەممەد ! پەندو عیبرەت وەربگرن و بترسن لەوەی ئەگەر سـەرپێچی بکـەن، بـەجۆرێك لـەو سـزایانە بیـانگرم و بیانکەمـە پـەندو عیـبرەت بـۆ ئـادەمیزادانی دواخۆیـان ، خـۆ ئێسـتا موشـریکەکانی مەککـە ئێوارەو بەیانی کە دەڕۆن بۆ کاروانی شام و یەمەن بـۆ بازرگـانی بەسـەر شوێنەواری ئەو گەل و نەتەوانەدا تێدەپەڕن و کەلاوەکۆن و شـارو گونـدی خاپوریان دەبینن .

﴿وكذلك حقّت كلمة ربّك على الذين كفروا أنّهم أصحاب النّار﴾
هەر بەو جۆرەیە سزاو عــەزابی هــەموو جــۆرە کـافرو مولحیدێـك ، واتــە هــەروەکوو چـۆن بڕیـاری خــودای تــۆ بەعـــەزابدانی گـــەل و نەتـــەوە بەدرۆخەرەوەکان چەسپاولەناومان بردن و لەرۆژی قیامەتیشدا توڕدەدرێنە ناو ئاگری دۆزەخەوە . بەو شێوەش بڕیاری ئێمە چەسپاوە لەسەر ئەوانەی بڕوا بەپەیامی تۆ ناکەن ئەی موحەممەد ، بەناهەق و بەتاڵ دژت دەوەســتن و گەلە کۆمەکیت لێدەکەن، ئایینی پیرۆزت رەتدەکەنەوە ئەوانەش شیاوی ئاگری دۆزەخن و ئەو عەزابەیان پێدەچێژین !

تێبینی:

دەربارەی لێخۆشبون لــەتاوان و قبوڵکردنــی تۆبــە؛ زۆر سەرگوزەشتەو ریوایات هەن .

ئیبنو ئەبوحاتەم و ئیبنو جەریر لەئەبو ئیسحاقی سوبەیعیەوە ریوایەت دەکا: دەڵێ: پیاوێك هات بۆ لای عومەری کوڕی خەتتاب -رەزای خودای لێبێ- وتی: ئەی فەرمانڕەوای موسوڵمانان ! مــن پیــاوێکم کوشــتووە ، ئایا بۆم هەیە تۆبە بکەم؟ ئیتر ئیمامی عومــەر -رەزای خــودای لێبــێ- دەستیکرد بەخوێندنی ئەم ئایەتانە ﴿حم ، تنزيل الكتاب من الله العزيـز العليم، غافر الذّنب ، و قـابل التّـوب ، شـديد العقـاب﴾ ئــەمجار پێــی فەرموو: تۆبە بکەو ناهومێد مەبە.

ئیبنو ئەبی حاتەم و (الحافظ) ئەبونەعیم لەیــەزیدی کـوڕی(الأصمّ)ەوە ریوایەت دەکا: کە دەڵێ: پیاوێکی خەڵکی شام بــەهێزو دەســەڵات بــوو، زۆرجــار دیدەنــی حــەزرەتی عومــەری دەکــرد ، پــاش ماوەیــەك کــەمتر هاتوچۆی عومەری دەکرد ، حەزرەتی عومەر هەواڵی پرسی و چــاوی بــۆ گێڕا و وتی: ئەوە فلانی کوڕی فلان چ دەکاو بۆ دیــار نیــە؟ وتیــان: ئــەی فەرمانڕەوای موسوڵمانان ملی ناوەتــە شــەراب خواردنــەوە و هەمیشــە

سەرخۆشە. حەزرەتی عومەر بانگی لەمیرزای تایبەتی خۆی کرد . فەرمووی: بنووسە: لە (عومەری کوڕی خەتتاب)ەوە بۆ فلانی کوڕی فلان! سلاوت لێ بێ ئەمن سەرنجت رادەکێشم بۆ سوپاسکردنی ئەو خودایەی جگە لەئەو خودای‌تر نین، ﴿غافر الذنب و قابل التّوب، شديد العقاب ، ذي الطولِ لا إله الاّ هوَ اليه المصير﴾ پاشان حەزرەتی عومەر بەهاوەڵانی فەرموو لەخودا بپاڕێنەوە براکەتان بەدڵ دەست لەتاوانەکانی هەڵبگرێ و خودا تۆبەی لێوەربگرێ ...

..کەنامەکەی عومەر گەیشتە دەستی پیاوەکە ، چەند جارێك خوێندیەوە ئیتر هەروا سەیری دەکردو دەیخوێندەوە و دەیگوت: ﴿غافر الذنب و قابل التوب شديد العقاب﴾ لەعەزابی خودا ترساندومی ، وادەی لێخۆشبونیشی پێداوم، ئیتر بەو جۆرە هەر دەیخوێندەوەو دووبارەی دەکردەوە، پاشان دەستی کرد بەگریان ، ئیتر بەتەواوی وازی لەو تاوانە هێنا.

جا کە ئەم هەواڵە بەحەزرەتی عومەر گەیشتەوە فەرموی: هەرکاتێك دیتان برایەکتان لای داو کەوتە هەڵەوە هەوڵی لەگەڵدا بدەن، بیخەنە سەر رێبازی راست و بیروباوەڕی دابمەزرێننەوە، داوابکەن لەخوا تۆبەی لێوەربگرێ ، مەبن بەیارمەتیدەری شەیتان لەسەری .

زانایانی کەلام دەفەرموون: وادەبێ خودا بەتۆبەکردن و بەبێ‌تۆبەکردنیش لەتاوانە بچوکەکان خۆش دەبێ، ظاهیری ئایەتی ﴿غافر الذنب﴾ ئەوە دەگەیەنێ کە خودا پێش تۆبەکردنیش وادەبێ لەتاوانی گەورە خۆش دەبێ، بەلام قبولکردنی تۆبەو لێخۆشبوون لەتاوان بەفەضل و ئیحسانی خودا خۆیەتی و لەسەری پێویست نیە.

فریشتە هەڵگرەکانی بارەگای ئەقدەس(حملە العرش) موسوڵمانانیان خۆش دەوێن و یارمەتیان دەدەن

ٱلَّذِينَ يَحۡمِلُونَ ٱلۡعَرۡشَ
وَمَنۡ حَوۡلَهُۥ يُسَبِّحُونَ بِحَمۡدِ رَبِّهِمۡ وَيُؤۡمِنُونَ بِهِۦ وَيَسۡتَغۡفِرُونَ
لِلَّذِينَ ءَامَنُواْۖ رَبَّنَا وَسِعۡتَ كُلَّ شَيۡءٖ رَّحۡمَةٗ وَعِلۡمٗا
فَٱغۡفِرۡ لِلَّذِينَ تَابُواْ وَٱتَّبَعُواْ سَبِيلَكَ وَقِهِمۡ عَذَابَ ٱلۡجَحِيمِ ﴿٧﴾
رَبَّنَا وَأَدۡخِلۡهُمۡ جَنَّٰتِ عَدۡنٍ ٱلَّتِي وَعَدتَّهُمۡ وَمَن صَلَحَ
مِنۡ ءَابَآئِهِمۡ وَأَزۡوَٰجِهِمۡ وَذُرِّيَّٰتِهِمۡۚ إِنَّكَ أَنتَ ٱلۡعَزِيزُ
ٱلۡحَكِيمُ ﴿٨﴾ وَقِهِمُ ٱلسَّيِّـَٔاتِۚ وَمَن تَقِ ٱلسَّيِّـَٔاتِ
يَوۡمَئِذٖ فَقَدۡ رَحِمۡتَهُۥۚ وَذَٰلِكَ هُوَ ٱلۡفَوۡزُ ٱلۡعَظِيمُ ﴿٩﴾

لەوەپێش هەڵوێستی کافرە سەرڕەق و دڵڕەقەکانی رونکردەوە، حەقیقەتی مەعرەکەی نێوان حەق و بەتاڵی رونکردەوە، گۆڕەپان و کات و زەمانی ئەو بەگژیەکداچوونەی بەیانکرد ، وێنەی کێشان و راینواندن بۆ ئەوەی لەدڵدا جێگیربن و بانگخوازانی ئیسلام ، داعیانی رێبازی بەختەوەری هەردوو جیهان ئەو حەقیقەتە بزانن و دڵنیابن: کە لەهەموو کات و شوێنێك حەق حەقە و بەتاڵ بەتاڵە و لێکیان جیابکەنەوەو باوەش بەحەقدا بکەن و لەبەتاڵ بتەکنەوە، توری بدەن و قێزی لێبکەن، باش

بزانن کە سەرکەوتن هەر بۆهەقەو هەر حەق دەمێنێتەوە ، هێزی روالـەتی بەتاڵ لەکات و شوێنێکی سنووورداردا حەق و راستی لێهون نەکا!

چونکە ئەوە هێزی حەقیقی نیە کەش و فشە، ماوەیەکەو بەسـەردەچێ هێزو توانای حـەقیقی ئەوەیـە خـودا هەیـەتی و قورئـان باسـی دەکـا و وێنەی دەکێشێ!

ئەمجار بەبۆنەی ئەو حەقیقەتەوە حەقیقەتێکی‌تر بەیان دەکـا. ئـەویش: کەهەڵگرانی بارەگای ئەقدەس و ئەوفریشتانەش: کەبەدەوری ئەو عەرشـە بەرینەوەن پابەندی ئەو حەقەن کە موسوڵمان پەیڕەوی دەکـەن، ئـەوانیش بەشـێکن لـە هـێزی ئیمـانداری نـاو بوونـەوەری بـەرفراوان ، هەمیشـە سەرگەرمی تەسبیحات و حەمدو ثەنای پەروەردگارن ، داوای لێخۆشبوون بۆ ئادەمیزادانی خوداناس دەکەن، چونکە حەقیقەتی ئیمان و خوداناسـی، فریشتەو موسوڵمانی بەیەکەوە پەیوەند کردووە، کردونی بەپێڕو لایـەنێك دژی بەتاڵ و بەتاڵخوازان دەفەرموێ:

﴿الذین یحملون العرش ومن حوله یسبحون بحمد ربّهم یؤمنون به و یستغفرون للذین آمنوا﴾ ئـەو فریشـتانەی کـە هـەڵگری عەرشـی پەروەردگارن ئەو فریشتانەش کە بەدەورییەوەن رێزدارترین پێڕی فریشتەن، ئەوانە هەمیشە سەرگەرمی تەسبیحات و حەمدو سوپاسن، خـودا پـاك و بەرزو پیرۆز دەگرن، لەهەموو رەوشتێکی نزم ﷻ هەرچی صیفـاتی جـوان و نیشانەی کەمال وجەلالـە وەپـاڵی دەدەن. بڕوایـان بەهـەبوون و بـەتاك و تەنـهایی خـودا هەیـە، بەندایـەتی خـودا دەکـەن و لوتبـەرزیی نـانوێنن لـەعیبادەت کـردن دا ، ملکـەچی فـەرمان و جڵەوگیرییـەکاننی ، داوای لێخۆش بوون بۆ ئادەمیزادانی خاوەن باوەڕ دەکەن .

سروشتی فریشتە وەهایە: کە موسوڵمانان دوعـای پاڕانـەوە ئاڕاستەی پەروەردگار دەکەن، ئەوانیش داوای گـیرابوونی دوعاکانیـان بـۆ دەکـەن.

پێغەمبەرﷺ فەرمویەتی: (إذا دعا المسلم لأخيه بظهر الغيب قال الملك: آمين ، ولك بمثله) : کە موسوڵمان پاشملە دوعای بۆ برای موسوڵمانی کرد، فریشتەش دەڵێن ئامین، خودا ئەوەندەش پاداشت بۆ تۆ بنووسێ، ئەم فەرموودە لەصەحیحی موسلیم دا ریوایەت کراوە.

پێویستە ئاماژەش بەوە بکەین کە ئێمە دەبێ باوەڕمان بەعەرش هەبێو چۆنیەتیەکەی حەواڵەی خودا بکەین ، ئێمە دیمەنێکمان لەبەرچاو نیە بڵێین عەرش وەکوو ئەو وایە، ناشزانین هەڵگرتنەکەی چۆنە، هەروەها نازانین ئەوانەی بەدەوریەوەن چۆنن و چۆن بەدەورییەوەن ، چەندێکیش لەوە بکۆڵینەوە بێسوودە و چەندێك خۆمان بەوەوە ماندو بکەین ناگەینە ئەنجام ، چونکە زانیاری و هەستەکانی ئێمەی ئادەمیزاد ناتوانن دەرکی ئەو غەیبیاتانە بکەن ، هەر دەبێ بڕوامان بەوە هەبێ کە عەرش هەیەو کۆمەڵێ فریشتە هەڵیان گرتووە و کۆمەڵێکیش بەدەورییەوەن و هەموویان تێکڕاو بەردەوام خەریکی تەسبیحات و حەمدو سوپاسی خودان .

ئەگەر بگوترێ وەصفکردنی فریشتە بەئیمانداریی چ سودێکی هەیە؟ خۆ عادەتەن تا ئیمان نەبێ حەمدو ثەنا نابێ . لەوەڵام دا دەگوترێ: مەبەستەکە دەرخستنی رێزو نرخی ئیمانە ، بۆ ئەوەیە بزانرێ ئیمان شیاوی ئەوەیە تەنانەت فریشتەشی پێوەصف بکرێن. بۆ ئەوەیە ئادەمیزادان هەڵبنێ بۆ وەدەست هێنانی؛ هەروەکوو چۆن ئیمان کراویشە بەصیفەتی پێغەمبەران ، وەکوو لەشوێنێکیتردا دەفەرموێ: ﴿ثمّ كان من الذين آمنوا﴾(البلد/١٧) . دەشتوانرێ بگوترێ: صیفەتی ئیمان بۆ پێغەمبەران و فریشتە صیفەتی مادیحەیە، صیفەتی کاشیفە نیە .

شێوەی ئیستیغفاری فریشتە بۆ ئادەمیزادان بەم شێوەیە دەبێژن: ﴿ربّنا وسعت كلّ شيءٍ رحمةً و علما فاغفر للذين تابوا و اتّبعوا سبيلك

وقِهِم عذاب الجحيـم﴾ ئـەی پـەروەردگاری ئێمـە رەحمـەت و زانیـاریت بەشـی هـەموو شـتێك دەكـا، بـەڵكوو لەهـەمووو شـتێك زیـادە، كەوابوو تاوانی ئەوانە بپۆشە كە تۆبە لەتاوانەكانیان دەكەن، روو دەكەنە خوداپەرستی و پـەیڕەوی ئـایینی ئیسـلام دەكـەن ، خودایـە لەعـەزابی دۆزەخ بیانپارێزە .

خەلەفی كوڕی هیشامی (البزار القارئ) دەڵـێ: قورئـانم بـۆ سـەلیمی كوڕی عیسا دەخوێند: كە گەیشتمە ئایەتی ﴿ويستغفرون للذين آمنـوا﴾ دەستی كرد بەگریان و وتی: ئەی خەلەف ! سەیر بكـە موسـوڵمان چـەند لای خودا رێزدارە ، لەسەر جێگای خۆی دەنوێ و فریشـتە داوای دوعـای خێری بۆ دەكەن!

﴿ربَّنا و أدخلهم جنّات عدن التي وعدتهم ومن صلَح من آبائـهم و أزواجـهم وذرياتـهم إنّـك انـتَ العزيـز الحكيـم﴾ پـەروەردگارا: ئـەو خوداپەرستانە بخەرە ناو بەهەشتی رازاوەوە ؛ ئەو بەهەشتەی خۆت لەسـەر زوبانی پێغەمبـەران وادەت پـێداون، خودایـە خۆیـان و بـاوك و دایكـی صالح و ژن و منداڵی بەخۆچاراویان بخەرە تەكیانەوەو بەكۆمـەڵ بیانخـەرە ناو بەهەشتی رازاوە، ئەو بەهەشتەیان پـێڕەوا ببینـە و پێیـان ببەخشـە! هەركەسێ لەوان خاوەن ئیمان و یەكتاپەرستە لەناو بەهەشتدا بەیـەكتریان شاد بكەرەوە ، چونكە چاوپێكەوتن و بەیەك شادبوونەوەی خزم و كـەس و كـاریش یەكێكـە لـە نیعمەتـە هـەرە بەنرخـەكان و تەواوكـەری خۆشـی بەهەشتن، هەروەكو لەدونیادا دیدەنی و بینینی خزم و كـەس و كـار چـاو فێنك كەرەوەو فەرەحبەخشی دڵن .

بێگومان ئەتۆ ئەی خودایە توانات بەسەر هەموو شتێكدا هەیە، داناو كار دروستی لێزان و كارامەی لە هـەموو گوفتـارو كـردارو شـەریعەت و یاسایەكتدا .

نموونەی ئەم ئایەتــە ئایـەتێکی تـرە کـە دەفـەرموێ: ﴿والذين آمنوا واتّبعتهم ذريّتهم بإيمانٍ ألحقنا بهم ذريّتهم، وما ألتنا من عملهم من شيئ كلّ امرئٍ بما كسبَ رهين﴾(الطور/٢١) .

سـەعیدی کـوڕی جوبـەیر دەفـەرموێ: موسـوڵمان: کـە چـووە نـاو بەهەشتەوە پرسیار لەباوك و دایك و لەکوڕو لەبرای دەکاو دەڵێ: لـەکوێن و چییان بەسەر هاتووە؟ پێی دەگوترێ : ئەوان پلەیان بەئەندازەی پلەی تۆ بەرز نیەو ناگەنە ئاستی تۆ ! دەلێ: من بۆ خـۆم و بـۆ ئـەوان تێکۆشـاوم دەبێ بێنە ئاستی من، ئیتر داخوازەکەی جێبەجێ دەبێ، ئەمجار سەعیدی کوڕی جوبەیر بۆ پشتگیری قسەکەی خۆی ئایەتی:﴿ربّنا وأدخلهم جنّـات عدنٍ التي وعدتّهم .... الآية﴾ ی خوێندەوە[1] .

ئـەمجار فریشـتەکان درێـژە بـەدوعاو پاڕانەوەکـەیان دەدەن و دەبێـژن: ﴿وقهم السيئات، ومن تقِ السيئات يومئـذٍ فقـد رحمتـه، وذلـك الفـوز العظيم﴾ خودایە خـاوەن بـاوەڕان و خوداپەرسـتان بپـارێزە لەناخۆشـی و مەینـەتی دونیـا و قیامـەت، لـەتاوانی گـەورەو بچوکیـان خـۆش ببـە، بێگومان کەسێك تۆ ڕۆژی قیامەت بیپارێزی لەسزاو عەزابی نەدەی ئـەوە رەحمت پێکردووە، خستۆتە نـاو بەهەشـتی خۆتـەوە، ئەمـەش ئەوپـەڕی بەمرازگەیشتن و خۆشی‌یە، هیچ خۆشی و فەضل و ڕێزێك نایگاتێ!!

لـێرەدا تێبینیـەك هەیـە ئـەویش ئەوەیـە: زانایـانی ئیسـلام لەئایەتی﴿الذين يحملون العرش ... الآية﴾ئەوەیان وەرگرتووە کە فریشتە لە ئادەمیزاد ڕێزدارترن، چونکە فریشتە کە لەحەمدو ثنا دەبنـەوە داوای لێخۆشبون بۆ ئادەمیزادانی خاوەن باوەڕ دەکەن، ئەمەش ئەوە دەگەیـەنێ کە خۆیان تاوان ناکەن و بێئاتاجن لە ئیستیغفار کردن بۆ خۆیان، چونکـە ئەگەر پێویستیان بەداوای لێخۆشبوون لەتاوانی خۆیان هەبوایە، دەبـوایە

١-تەفسیری ئیبنو کەثیر ج٤/١٦٣٣ .

سەرەتا خۆیان پێش بخستایە، ئەمــەش ئامــاژە بــەو فەرمانــەی کــەخودا ئاراســتەی پێغەمبــەری دەکــاو دەفــەرموێ: ﴿فـاعلم انّـه لاإلـه الاّ الله و استغفر لذنبك و للمؤمنين و المؤمنات﴾(محمد/١٩) ئــەوەتا بــەڕوونی فەرمانی بە پێغەمبەرﷺ کردووە: کە سەرەتا داوای لێخۆشبوون بۆتــاوانی خۆی بکا ئەمجار بۆ تاوانی موسوڵمانان!

کافرەکان ڕۆژی قیامەت دان بەتاوانی خۆیان دا دەنێن و خۆیان بەشیاوی سزادان دەزانن

إِنَّ
ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ يُنَادَوۡنَ لَمَقۡتُ ٱللَّهِ أَكۡبَرُ مِن مَّقۡتِكُمۡ
أَنفُسَكُمۡ إِذۡ تُدۡعَوۡنَ إِلَى ٱلۡإِيمَٰنِ فَتَكۡفُرُونَ ﴿١٠﴾
قَالُواْ رَبَّنَآ أَمَتَّنَا ٱثۡنَتَيۡنِ وَأَحۡيَيۡتَنَا ٱثۡنَتَيۡنِ فَٱعۡتَرَفۡنَا بِذُنُوبِنَا
فَهَلۡ إِلَىٰ خُرُوجٖ مِّن سَبِيلٖ ﴿١١﴾ ذَٰلِكُم بِأَنَّهُۥٓ إِذَا دُعِيَ
ٱللَّهُ وَحۡدَهُۥ كَفَرۡتُمۡ وَإِن يُشۡرَكۡ بِهِۦ تُؤۡمِنُواْۚ فَٱلۡحُكۡمُ لِلَّهِ
ٱلۡعَلِيِّ ٱلۡكَبِيرِ ﴿١٢﴾ هُوَ ٱلَّذِي يُرِيكُمۡ ءَايَٰتِهِۦ وَيُنَزِّلُ
لَكُم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ رِزۡقٗاۚ وَمَا يَتَذَكَّرُ إِلَّا مَن يُنِيبُ ﴿١٣﴾
فَٱدۡعُواْ ٱللَّهَ مُخۡلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ وَلَوۡ كَرِهَ ٱلۡكَٰفِرُونَ ﴿١٤﴾
رَفِيعُ ٱلدَّرَجَٰتِ ذُو ٱلۡعَرۡشِ يُلۡقِي ٱلرُّوحَ مِنۡ أَمۡرِهِۦ عَلَىٰ مَن

يَشَآءُ مِنۡ عِبَادِهِۦ لِيُنذِرَ يَوۡمَ ٱلتَّلَاقِ ﴿١٥﴾ يَوۡمَ هُم بَٰرِزُونَۖ لَا يَخۡفَىٰ
عَلَى ٱللَّهِ مِنۡهُمۡ شَيۡءٞۚ لِّمَنِ ٱلۡمُلۡكُ ٱلۡيَوۡمَۖ لِلَّهِ ٱلۡوَٰحِدِ ٱلۡقَهَّارِ ﴿١٦﴾
ٱلۡيَوۡمَ تُجۡزَىٰ كُلُّ نَفۡسِۢ بِمَا كَسَبَتۡۚ لَا ظُلۡمَ ٱلۡيَوۡمَۚ إِنَّ
ٱللَّهَ سَرِيعُ ٱلۡحِسَابِ ﴿١٧﴾

لەوەپێش پەروەردگار حاڵ و وەزعی کافرە کێشەکارەکانی روون کردەوە، ئەمجار لێرەدا باسی ئەوە دەکا: کە ئەو خودا نەناسانەی رۆژی قیامەت دان بەتاوانی خۆیان دا دەنێن و داوا دەکەن بیانگێڕینەوە بۆ ژیانی دونیا بۆ ئەوەی قەرەبوی تاوانی لەوە پێشیان بکەنەوە !!

ئەمجار باسی نیشانەکانی قودرەتی خودا دەکاو بەڵگەی جۆراو جۆر دەهێنێتەوە لەسەر خودایەتیو بەتوانایی و لەسەر باراندنی باران و نیگا ناردن بۆ ئەو بەندانەی هەڵیان دەبژێرێ بۆ پێغەمبەرایەتی.. ئەمجار ترساندنی ئادەمیزادان لەعەزابی قیامەت ...

دەفەرموێ: ﴿انّ الذين ينادون لمقتُ الله أكبرُ من مقتكم أنفسكم إذ تدعون الى الإيمان فتكفرون﴾ بێگومان ئەوانەی لەدونیادا کافرو مولحیدن و لەسەر ئەو حاڵە دەمرن ، رۆژی قیامەت لەناو دۆزەخدا زۆر رکیان لەخۆدەبێتەوە و خۆیان دەبوغزێنن بەو پەڕی بوغزاندن ، چونکە بەدەستی خۆیان خۆیان تووشی ئەو ناڕەحەتی و عەزابە کردووە ، جا لەو حاڵەدا بانگیان لێدەکرێ ئەی بەدبەختەکانی شیاو بۆ ئەو عەزابە بێئامانە، ئەی ئەوانەی جێگاتان بۆ هەتا هەتایە دۆزەخە و لێی دەرناچن ئێستا ئێوە چەند رقتان لەخۆتانە دڵنیابن ئەو کاتەی بانگەوازیی کران بۆ

ئیمانهێنان و پشتتان هەلکردو ئیمانتان نەهێنا خودا زۆر زیاتر رقی لێتان هەلسا و پتر بوغزاندانی!

﴿قالوا ربّنا أمتّنا اثنتین و أحییتنا إثنتین، فاعترفنا بذنوبنا ، فهلْ الى خروج من سبیل﴾؟ کافرەکان لەناو دۆزەخدا وەلام دەدەنەوە دەلێن: خودایە! دووجار مردوو بوین : جارێکیان کە دلۆپە ئاوێك بووین لەپشتی باوکماندا، جارێکیش کە دواژیانی دونیا مردنت بەسەر هێنایین، دووجاریش ژیانت پیبەخشین جارێکیان لەژیانی دنیاداو جارێکیش کە لەقیامەت زیندوت کردینەوە، وەکوو لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿کیف تکفرون بالله و کنتم امواتاً فأحییناکم،ثمّ یمیتکم ثمّ یحییکم﴾ (البقرة/٢٨).

خودایە ئێمە ئێستا دان بەتاوانەکانی خۆمان دا دەنێین ، ئێمە پەیامی پێغەمبەرانمان رەت کردەوە هاوەلمان بۆ خودا دانا، باوەڕمان بەزیندوبوونەوە نەبوو، ئێمە ئێستا وا کەوتووینە ئەم حالەتەوە خۆمان بەتاوانبار دەزانین، بێگومان زاتی پاکت دەتوانێ رزگارمان بکا و لەم عەزابە وەدەرمان نێ، ئایا رێگا چارەیەك هەیە بۆ ئەوەی ئێمە لەم عەزابە رزگارمان بێ و بگەڕێینەوە بۆ ژیانی دونیا بۆ ئەوەی کردارێك بکەین تۆ لێی رازی بی ، هەلوێست و بیر باوەڕێك پەیڕەو بکەین لای تۆ پەسەند بێ!

وەکوو لە ئایەتێکیتردا ئاماژە بەرە دەکاو دەفەرموێ: ﴿ولو تری إذ المجرمون ناکسوا رؤوسهم عندَ ربّهم، ربّنا ابصرنا و سمعنا فارجعنا نعمل صالحاً إنّا موقنون﴾(السجدة/١٢) یان دەفەرموێ: ﴿ولو تری إذ وقفوا علی النّار فقالوا: یالیتنا نردّ ولانکذّبَ بآیات ربّنا ونکون من المؤمنین﴾(الأنعام/٢٧).

لەژێر تارمایی ئەم هەڵوێستە بێهومێدیەیان دا، لەکاتێکدا ئەوان چاوەڕێی وەڵامن وەڵامێکی جەرگبڕیان دەدرێتەوە، بەجۆرێك کە بۆ هەتاهەتایە هیوابڕاو دەبن!

دەفەرموێ: ﴿ذلكم بأنّه إذا دعي الله وحدهُ كفرتم ، وإن يشرك به تؤمنوا فالحكم لله العليّ الكبير﴾ ، واتە: ئێوە بەو حاڵەوە دەمێننەوە بۆ هەتاهەتایە ئەوە شوێن و جێگاتانە، ناشگێڕدرێنەوە بۆ ژیانی دونیا ، ئەگەر لەفەرزێکیشدا بگێڕدرێنەوە هەمان هەڵس و کەوت دەنوێنن، هەمان کردەوە رەچاودەکەنەوە کە لەوە پێش رەچاوتان کردوبوون! وەکوو لە ئایەتێکی تردا ئاماژە بۆ ئەوە دەکاو دەفەرموێ: ﴿ولو ردّوا لعادوا لما نهوا عنهُ﴾(الأنعام/٢٨).

کەوابێ تازە گەڕانەوەتان بۆ ژیانی دونیا مەحاڵە، لەناو دۆزەخدا دەمێننەوە چونکە ئێوە لەدونیادا حاڵ و هەڵوێستتان وابوو: کە بانگەوازیی دەکران بۆ ئیمانهێنان و یەکتاپەرستی ئێوە سووردەبون لەسەر کوفرو ئیلحادو هاوەڵدانان بۆ خودا، ئەگەر بت و صەنەم بکرانایە هاوەڵی خودا و بانگەوازیتان بکرایە بۆ ئەو بیروباوەڕە خێرا بەبێ سێو دوو بڕواتان دەکردو شوێن بانگەوازییکەر دەکەوتن ، بۆیە ئێستا خودا بڕیاری داوە بەو شێوە عەزاب بدرێن، حوکم و بڕیاری تەواویش هەر بۆ خودایە و بەس، هەموو حوکم و بڕیاریشی بەگوێرەی حیکمەت و دادپەروەرییە ، بێهاوەڵ و بێوێنەیە لەزات و لەصیفات دا، بەرزو پیرۆزە و دوورە پەرێزە لەوەی منداڵ و خێزانی هەبێ.

﴿هو الذي يريكم آياتهِ وينزّل لكم من السّماءِ رزقاً، وما يتذكّرُ الاّ من ينيب﴾ پەروەردگار خودایەکی وەهایە نیشانەی خودایەتی خۆیتان نیشان دەدا ، بەڵگەی جۆراو جۆر رادەنوێنێ لەسەر تاك و تەنهایی و بەدەسەڵاتی خۆی ، ئەوەتا لەبەرزایییەوە باران دەبارێنێ و دەیکاتە هۆی

رزق و رۆژی بۆ ئێوە، بەهۆی ئەو بارانەوە جۆرەها دانەوێڵەو میوەجاتتان بۆ وەدەست دێنێ، گژو گیا و دارو درەخت دەڕوێنێ، شێوەو رەنگ و تام و بۆن و بەرامیان لێك جودایە، هەرچەندەبەیەك ئاو ئاودەدرێن و لەیەك زەویدا دەڕوێن، و لەیەك کەش و هەوادا پێدەگەن. وەلێ کەسێك ووردبین و ملکەچی خودا نەبێ بەو ئایەت و نیشانانە پەند ئامێز نابێ و عیبرەت وەرناگرێ.

﴿فادعوا الله مخلصين لـه الدين، ولـو كـره الكـافرون﴾ بەدڵسۆزی خوداپەرستی و یەکتاپەرستی ئەنجام بدەن، پێچەوانەی موشریکەکان هەڵسو کەوت بکەن، پەیڕەوو پرۆگرامێك رەچاو بکەن کە لە ڕێبازی هاوەڵدانەران جودا بێ ، هەرچەندە کافرەکان بە هەڵوێست و بیروباوەڕتان قەڵس بن ئێوە گوێیان پێمەدەن، لێیان بگەڕێن با لە خەفەتان شەق بەرن!!

عەبدوڵلای کوڕی زوبەیر دەڵێ: پێغەمبەرﷺ لەدوای نوێژە فەرزەکان ئەم دوعایەی دەخوێند (لااله الاّ الله وحدهُ لاشريكَ له، له الملك و له الحمد وهو على كلّ شيئٍ قدير، لاحولَ ولاقوّةَ الاّ بالله، لاإله الاّ الله ولانعبدُ الاّ إيّاه له النعمةُ و له الفضلُ ولهُ الثناءُ الحسن، لاإله الاّ الله مخلصينَ له الدين ولو كره الكافرون).

ئیبنو ئەبی حاتەم لە ئەبوهورەیرەوە ریوایەت دەکا دەڵێ: پێغەمبەرﷺ فەرمووی: لەخودا بپاڕێنەوە بەدڵێکی پڕ هیواوە، پێتان وابێ کە دوعاکەتان گیرادەبێ. باش بزانن خودا دوعایەك وەرناگرێ لەدڵێکی غافڵەوە هەڵقولابێ .

ئەنجا پەروەردگار سێ صیفەتی جەلالەت و شکۆمەندیی بۆ خۆی دەچەسپێنێ و دەفەرمووێ: ﴿رفيعُ الدّرجاتِ ، ذو العرش، يلقي الروحَ من أمرهِ على من يشاءُ من عبادهِ لينذرَ يومَ التلاقِ﴾ پەروەردگاری ئە

نیشانەو ئایاتی خۆی نیشانی ئێوە دەدا، صیفاتی بەرزو پیرۆزی هەن، شکۆمەندو بەعەظەمەتە، خاوەنی عەرشی بەرینە بەویستی خۆی چۆنی بویٚ ئاوا بوونەوەر هەڵدەسورێنیٚ.

ئەم صیفەتانە هەموویان نیشانەی شکۆمەندیین دیاردەی گەورەیی و دەسەلاتیرەهاو بیٚسنوورینی، خودایەکی وەهایە نیگا دەنێریٚ بۆ سەر بەندە هەڵبژاردەکانی، ئەو بەندانەی هەڵیان دەبژێریٚ بۆ فروستادەیی و راگەیاندنی نیگاو سروش، ئەرکی پێغەمبەرایەتیان دەخاتە سەرشان و ئەو پلەو پایە بەرزو پیرۆزەیان دەداتیٚ . بۆ ئەوەی ئادەمیزادان بترسن لەرۆژی قیامەت، لەعەزاب و روداوی ئەو رۆژەی هەموو ئەهلی ئاسمانەکان و زەوی؛ بەرین و دواییینیان کۆدەبنەوە و لەسارای مەحشەردا گرد دەکرێنەوە.

مانای(یلقي الروح) یانی(یلقي الوحي) وشەی (روح) ی بۆ وەحی بەکارهێناوە، چونکە ئادەمیزاد بەهۆی نیگاوە دڵیان زیندوو دەبێتەوە ، لەمردویی کوفر رزگاریان دەبیٚ، چۆن جەستە بەهۆی گیانەوە زیندوە دڵەکانیش بەهۆی نیگاو سروشەوە زیندوو دەبنەوە .

قورئانی پیرۆز لەچەند شوێنیتردا لەشوێنی وشەی (وحي)وشەی (روح)ی بەکارهێناوە، وەکوو دەفەرمویٚ: **﴿ینزّل الملائكة بالروح من امره علی من یشاء من عبادهِ ان انذروا انّه لاإله الاّانا فاتّقون﴾** (النحل/٢) یان **﴿وإنّه لتنزیل ربّ العالمین نزل به الروح الأمین علی قلبك لتكون من المنذرین﴾**(الشعراء/١٩٣- ١٩٥).

دیاردەو صیفاتی رۆژی قیامەت زۆرو هەمە جۆرو پڕ ترس و سامناکن، هەندیٚ لەصیفاتی ئەو رۆژە ئەوەیە **﴿یوم هم بارزون لایخفی علی الله منهم شيئ، لمن الملك الیوم لله الواحد القهّار﴾** رۆژی قیامەت رۆژێکە هەموو ئادەمیزاد تێیدا بەدەرەوەن و هیچ شتێك نیە

بیانشێرێتەوە، سارای مەحشەر دەشتێکی کاکی بەکاکی‌یەو هیــچ چـالْ و گردۆلکـەی تێـدا نیــە، هــەموو ئــادەمیزاد لــەگۆڕەکانیان دێنــە دەرەوە چاوەڕوانی بڕیاری یەزدانین، هیچ شتێکیان لەخودا نــهێنی نیــە، هــەرچی کردویانەو گوتویانە بەئاشکراو بەنهێنی لەنامەی ئەعمالیان دا نوسیاگە و لای پەروەردگار عەیانە، وەکوو لە ئایــەتێکی تــردا دەفــەرموێ: ﴿یومئذٍ تعرضون لاتخفی منکم خافیة﴾(الحاقّة/١٨) .

لەو رۆژەدا لەو مــەوقیف و دیمەنــەدا پــەروەردگار دەفــەرموێ: ئــەمڕۆ سەڵتەنەت و دەسەڵات هی کێیە؟ کێ فەرمانڕەواو باڵادەستە؟ کەس نیــە زات بکا وەڵام بداتەوە، ئیتر پەروەردگار بۆ خۆی وەڵامی پرســیاری خــۆی دەداتەوە دەفەرموێ: ئەمڕۆ سەڵتەنەت و خودایەتی بــۆ (الله)یــە، تــاك و تەنــها و فــەردو صەمــەدە، بەســەر هــەموو شــتێکدا دەســت رۆیشــتوو باڵادەستەو گیانلەبەرانی بەمردن ملکەچ کردووە ، هەموانیان دەمرێنــێ، هەموانیشیان زیندوو دەکاتەوە ، حیساب و لێکۆڵینەوە لەگەڵ بەندەکانی دەکا و بەگوێرەی کردەوەکانیان پاداش و سزا وەردەگرنەوە .

﴿لیجزي کلّ نفسٍ ما کسبت، لاظلم الیوم، إنّ الله سریع الحساب﴾

رۆژی قیامەت رۆژێکە هەموو کەس بەگوێرەی کردەوەی خــۆی مامەڵــەی لەگەڵ دەکرێ . رۆژی سزاو پاداش و هــەق و عەدالەتــە ، رۆژی دادگــایی کردن و یەکلاکردنەوەیە، مۆڵەتدان و دواخستنی تێدا نیــە، شــکۆمەندیی پەروەردگار هەیبەتێك بەجەوو مەوقیفەکە دەبەخشــێ بێدەنگــی‌و تــرس و خۆف سارای مەحشەر دادەگــرێ مــەخلوقات هــەموویان گــوێ قوڵاخــن، چاوەڕوانی سەرەنجام و ئاکامن ، ستەم لەکــەس نــاکرێ، لــەتاوانیان زیــاد ناکرێ و لەچاکەیان کەم ناکرێتەوە .

خودا زوو حیساب و لێکۆڵینەوە لەگەڵ بەندەکانی دەکا، هیچی لێ‌تێك ناچێ حیساب کردنی لەگەڵ ئەم، لە حیســاب کردنــی لەگــەڵ یــەکێکی‌تر

بێئاگای ناکا، دادگایی کردنی هەموو ئادەمیزاد لای خودا وەکوو دادگایی کردنی نەفسێك وەهایە، وەکوو لە ئایەتێکی تردا ئاماژە بەوە دەکاو دەفەرموێ: ﴿ما خلقكم و لابعثُكم الاّ كنفسٍ واحدةٍ﴾(لقمان/٢٨) یان دەفەرموێ: ﴿وما امرنا الاّ واحدةٌ كلمحٍ بالبصر﴾(القمر/٥٠) . خودا زانا و ئاگادارە بەسەر هەموو نهێنی و ئاشکرایەکدا، هەر لە زەڕرە تا مەجەڕرە لای خودا چون یەکە ، دەسەڵاتی بەسەر هەموویان دا وەکوو یەك وایە.

ئیمامی موسلیم لەصەحیحی خۆیدا فەرموودەیەکی ریوایەت کردووە ، فەرموودەکە بەحەدیثی قودسی مەشهورە ئەبوزەڕ لە پێغەمبەرەوە ریوایەتی کردووە: کە لەپەروەردگارەوە گێڕاویەتیەوە دەفەرموێ: ﴿یاعبادي إنّي حرّمت الظلم علی نفسي و جعلته بینكم محرّما، فلا تظالموا... یاعبادي إنّما هي أعمالكم أحصیها علیكم ثمّ أوفیكم إیّاها، فمن وجدَ خیرا فلیحمَد الله تباركَ وتعالی و من وجد غیر ذلك فلا یلومنّ الاّ نفسه﴾ .

ئەی بەندەکانم من ستەمم لەخۆم یاساغ کردووە و لەناو ئێوەشدا یاساغم کردووە . کەواتە ستەم لەیەکتر مەکەن... تا دەگاتە ئەوە کە دەفەرموێ: ئەی بەندەکانم! ئەوە کردەوەکانتانن ئەنجامیان دەدەن و لەسەرتان دەنووسین ، پاشان پاداش و سزاتان بەگوێرەی کردەوەکانتان دەدەینەوە، جا کەسێك خێری هاتە پێش باسوپاسی خودا بکات، وەکەسێکیش شەڕی توش هات باسەرزەنشتی خودی خۆی بکات .

ئایەتەکان بەگشتی و بەچڕی ئەم خاڵانەیان لەخۆ گرتوون:

١- پەروەردگار خێری بۆ بەندەکانی دەوێ و پێی ناخۆشە توشی شەڕ بن .

٢- زۆربەی زۆری زانایانی ئیسلام ئایەتی ﴿أمتّنا اثنتین و أحییتنا اثنتین﴾ یان کردۆتە بەڵگە لەسەر هەبوونی عەزابی ناو گۆڕ، ئەمەش بەگوێرەی ئەو ڕاڤەکردنەی ئیمامی (السدي) بۆ ئەم ئایەتەی کردووە کە دەفەرموێ: دوو مردنەکە و دوو ژیانەکە بەم جۆریە: لەدونیادا دەمان مرێنێ و لەگۆڕدا زیندوومان دەکاتەوە بۆ پرسیار لێکردن، پاشان دەمانمرێنێتەوە، ئەمجار لەقیامەتدا زیندوومان دەکاتەوە .

٣- ڕۆژی قیامەت تاوانباران دان بەتاوان و کوفری خۆیان دا دەنێن پەشیمانن بەڵام بێسوودە، داوای گەڕانەوە دەکەن بۆ دونیا بەڵام گەڕانەوە نابێ.

٤- پەروەردگار چەندان بەڵگەی داناون لەبوونەوەردا نیشانەی هەبوون و تاك و تەنهای و بەتوانایی خودان، هەرکەسێك بڕوانێتە ئاسمانەکان و مانگ و خۆرو ئەستێرەکان چۆم و جۆگا و ساراو گژوگیای ناو زەوی ، سەیری دەریاکان و چۆنیەتی باران بارین بکات ، دەزانی خودایەکی تاك و تەنهاو خاوەن دەسەڵات و زانا ئەم بوونەوەری بەدیهێناوە و بەڕیوەی دەبا...

٥- خودا پێغەمبەرانی بۆیە نادرون ئادەمیزادان بترسێنن لەڕۆژی مەحشەر و ڕوبەڕووبوونەوە لەگەڵ خودا .

٦- ڕۆژی قیامەت ڕۆژێکە هەموو ئادەمیزادانی تێدا زیندوکراوەتەوە و لە دەشتێکی کاکی بەکاکیدا کۆکراونەوە، هەموو کەس بەئەندازەی کردەوەکانی پاداش و سزا وەردەگرێ، هەموو کەس بەدەرەوەن و هیچ شتێك لەخودا نهێنی نیە، لەو ڕۆژەدا دەردەکەوێ کە عەظمەت و سەڵتەنەت هەر بۆخودایەو بەعەدالەتکاری سزاو پاداشتی بەندەکانی دەداتەوە.

هەندێ لەدیاردە ترسناکەکانی رۆژی قیامەت

وَأَنذِرْهُمْ يَوْمَ ٱلْءَازِفَةِ إِذِ ٱلْقُلُوبُ
لَدَى ٱلْحَنَاجِرِ كَٰظِمِينَ ۚ مَا لِلظَّٰلِمِينَ مِنْ حَمِيمٍ وَلَا شَفِيعٍ
يُطَاعُ ﴿١٨﴾ يَعْلَمُ خَآئِنَةَ ٱلْأَعْيُنِ وَمَا تُخْفِى ٱلصُّدُورُ ﴿١٩﴾
وَٱللَّهُ يَقْضِى بِٱلْحَقِّ ۖ وَٱلَّذِينَ يَدْعُونَ مِن دُونِهِۦ لَا يَقْضُونَ
بِشَىْءٍ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْبَصِيرُ ﴿٢٠﴾ ۞ أَوَلَمْ يَسِيرُوا۟ فِى
ٱلْأَرْضِ فَيَنظُرُوا۟ كَيْفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلَّذِينَ كَانُوا۟ مِن قَبْلِهِمْ ۚ
كَانُوا۟ هُمْ أَشَدَّ مِنْهُمْ قُوَّةً وَءَاثَارًا فِى ٱلْأَرْضِ فَأَخَذَهُمُ ٱللَّهُ
بِذُنُوبِهِمْ وَمَا كَانَ لَهُم مِّنَ ٱللَّهِ مِن وَاقٍ ﴿٢١﴾ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ
كَانَت تَّأْتِيهِمْ رُسُلُهُم بِٱلْبَيِّنَٰتِ فَكَفَرُوا۟ فَأَخَذَهُمُ ٱللَّهُ ۚ إِنَّهُۥ
قَوِىٌّ شَدِيدُ ٱلْعِقَابِ ﴿٢٢﴾

لەوە پێش ئاماژەی بەوەکرد: کە خودا پێغەمبەرانی بۆیە ناردوون ئادەمیزادەکان بترسێنێ لە رۆژی قیامەت، رۆژی بەیەك گەیشتنەوەو زیندوبوونەوە ، ئەمجار هەندێ دیمەنی سامناکی ئەو رۆژە رادەنوێنێ بۆ ئەوەی کافرەکان لەرورداوی ئەو رۆژە بترسێنێ و واز لەکوفرو بێدینی خۆیان بهێنن.

دەفـەرموێ: ﴿وأنذرهـم يـوم الآزفـة إذا القلـوب لـدى الحنـاجر كاظمين﴾ ئـەی پێغەمبـەر! ئـەو كـافرو موشـریكانە بترسـێنە لـەرۆژی قیامەت بۆ ئەوەی وازبێنن لەكوفرو بێدینی، بیانترسێنە لە روداوی رۆژێك كە ئادەمیزاد خەریكە دڵیان لەشوێنی خۆی هەڵدەكەندرێو بەرزبێتەوە بۆ قوڕگیان ، واتە: دڵیان ئەوەندە تەنگ و خەفەتبار دەبن، خەریكـە دڵیـان لەقوڕگیان بێتە دەرێ.

﴿ما للظالمين من حميم و لاشفيع يُطاع﴾ نیـە بـۆ كـافرو سـتەمكاران دۆست و خزم و دڵسۆز سودیان پێبگەیەنن تكاكارو شەفاعەتكاریان نـین، ئەگەر هەشیان بێ شەفاعەتیان لێوەرناگیرێ.

قیامەت هەردێ و گومان لـەڕابوونیدا نیـە، هـەر شـتێكیش هـاتنی مسۆگەر بێ نزیكـە، دەگوتـرێ: (كـلُ آتٍ قريـب) هەرچـەندە لـەدیدی ئادەمیزادانـەوە هـاتنی قیامـەت دووربـێ و رابوونـی بوەغـرێ، وەلێ لای خودا نزیكە، وەكو لەشـوێنێكیتردا دەفـەرموێ: ﴿اقتربت السّاعة و انشقّ القمر﴾ (القمر/١). یان دەفەرموێ: ﴿ اتى امر الله فلاتستعجلوه﴾ (النحل/١).

ئەمجار پەروەردگار ئەوە رادەگەیـەنێ: كـە زانیـاری تـەواوی دەربـارەی كارو كردەوەو هەڵس و كەوتی هەموو ئادەمیزادان هەیە هەمرو شـتێكی كۆنترۆڵ كردووە. دەفەرموێ: ﴿يعلم خائنة الأعـين و مـاتخفي الصـدور﴾ پـەروەردگار ئاگـاداری هـەموو شـتێكە ، تەنانـەت غەیانـەتی چـاویش دەزانێكـە یـەكێك بـە غەیانـەت سـەیری شـتێكی حـەرام دەكـا خـودا ئاگای لێیە، هەروەها شـاراوەی نێـو دڵ و دەروونـەكانیش دەزانـێ، ئـەو خەیاڵ و خەتەرانەی بەسەر دڵدا رادەبورن خودا پێیان ئاگـادارە و دەزانـێ چین و چی نین.

بەکوردی و بەکورتی زانیاری خودا هەموو شتێکی کۆنترۆڵ کردووە، گەورەبێ یان بچوك کەم بێ یان زۆر، ئاشکرا بێ یان نهێنی خودا بەتەواویی پیێ دەزانێ و ئاگای لێیەتی، دەی با ئادەمیزاد حەیا لەخودا بکەن بزانن: کە خودا چاوی لێیانە و هیچ کردەوەو هەڵسوکەوتێکی ئەوان لەخودا پەنامەکی نیە، کەسێك تەماشاکردنی چاوی خائین بزانێ دیارە شتی تری لێ گوم نابێ.

﴿واللّٰه یقضي بالحقّ﴾ پەروەردگار بەهەق و عەداڵەتکاری حوکم دەکا، پاداشی چاکەبەچاکە دەداتەوەو خراپەش بەخراپە، هەرکەس شیاوی چی‌بێ ئەوەی دێنێتەوە رێ، هەر خودا لەو رۆژەدا حوکم و بڕیاری بەدەستەو دادگایی عەداڵەتکارییە.

﴿والذین یدعون من دونە لایقضون بشيءٍ إنّ اللّٰه هو السمیع البصیر﴾ ئەو بت و صەنەمانەی جگە لەخودا دەیان پەرستن هیچیان لەبارانیە و هیچیان پیێ‌ناکرێ و هیچ حیسابێکیان بۆ ناکرێ، بێگومان خودا شنەواو بینایەو هەرچی دەیکا لەزانیاریەوە هەڵدەقوڵێ و بەتەواوی هەموو شتێکی لێ‌دەزانێ، لەڕوانگەی ئەو زانیاریە رەهایەوە پاداش و سزای هەموو کەس بەگوێرەی‌کردەوەکانیان دەداتەوە.

ئەو قورەیشییانە ئەو خەڵکە بێدین و کافرو مولحیدانە پێویستە بەخۆیاندا بچنەوە و لەخودا بترسن ﴿أو لم یسیروا في الأرض فینظروا کیف کان عاقبة الذین من قبلهم﴾ ئەوە بۆپەند لەنەتەوە لەناوبراوەکانی رابووردوو وەرناگرن ، بۆچی ئەوانەی پەیامی ئیسلام رەت دەکەنەوەو سوورن لەسەر کوفرو ئیلحادی خۆیان بۆچی گەشت و گوزار ناکەن بەناو زەویدا؟ بۆچی بەچاوی وردبینی‌یەوە سەیری شوێنەواری رابووردوان ناکەن و بزانن ئەو گەل و نەتەوە پێشینانە چییان بەسەر هاتووە، چ عەزاب و سزایەك گرتنیەوە تێکیەوە پێچان و لەناوی

بردن! لەکاتیکدا ﴿كانوا هم أشد منهم قوّة وآثاراً في الأرض فأخذهم الله بذنوبهم وما كان لهم من الله من واق﴾ ئەو گەل و نەتەوە رابووردوانە زۆر لەموشریکە قوڕیشییەکان و کافرانی سەردەمیش بەهێزو تواناتر بوون ، قەڵاو شوراو باڵەخانەیان لەهی قورەیشییەکان گەورەترو بڵندتر و پتەوتر بوون.

خودا بەهۆی تاوان و سەرپێچیانەوە، ئەوانەی لەناوبردن و کەس نەبوو دیفاعیان لێبکا، کەس پارێزگاری نەکردن، دەی با قورەیشییەکان و هەموو کافر و مولحیدو ستەمکارو تاوانبارێك لە هەموو چەرخ و زەمانێکدا بترسن لەوەی: کە خودا چیبەسەر ئەو گەل و نەتەوە رابودردووانەدا هێنا بەسەر ئەوانیشی بێنێ ، چۆن ئەوانی لەناو برد ئەمانیش بەو دەردە بەرێ.

ئەمجار هۆی لەناوبردنی نەتەوە ستەمکارەکان دیاریی دەکاو دەفەرموێ: ﴿ذلك بأنّهم كانت تأتيهم رسلهم بالبيّنات فكفروا فأخذهم الله، إنه قوي شديد العقاب﴾ ئەو هیلاك و لەناو بردنەیان بەهۆی ئەوەوە بوو کە پێغەمبەرەکانیان دەهاتنە لایان و بانگەوازییان دەکردن بۆ ئیمان هێنان و خودا پەرستی ، کەچی ئەو گەل و نەتەوە بەدکارانە پەیامی پێغەمبەرانیان ڕەتدەکردەوە، ئیتر خودا بەهیلاکی بردن و وڵاتی بەسەردا وێران کردن، بێگومان خودا خاوەن هێز و عەظەمەتە ، خاوەن هەڵمەت و شەوکەتە ، هەرچی بیەوێ دەیکا، هیچ شتێك نیە بەرگەی بگرێ ، عەزابی توندو تیژە، بۆ ئەوانەی سەرپێچی فەرمانەکانی دەکەن، دەی ئێوەیش ئەی موشریکەکانی قورەیش و هەموو ملهوڕو ستەمکاران پەند لەبەهیلاك چوونی ملهوڕانی رابووردوو وەربگرن و بەخۆتاندا بچنەوە، بائێوەش وەکوو ئەوانتان بەسەر نەیە.

چیرۆكی حەزرەتی موسا لەگەڵ فیرعەون و هامان دا

وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا مُوسَىٰ بِـَٔايَـٰتِنَا
وَسُلْطَـٰنٍ مُّبِينٍ ﴿٢٣﴾ إِلَىٰ فِرْعَوْنَ وَهَـٰمَـٰنَ وَقَـٰرُونَ
فَقَالُوا۟ سَـٰحِرٌ كَذَّابٌ ﴿٢٤﴾ فَلَمَّا جَآءَهُم بِٱلْحَقِّ مِنْ
عِندِنَا قَالُوا۟ ٱقْتُلُوٓا۟ أَبْنَآءَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ مَعَهُۥ وَٱسْتَحْيُوا۟
نِسَآءَهُمْ ۚ وَمَا كَيْدُ ٱلْكَـٰفِرِينَ إِلَّا فِى ضَلَـٰلٍ ﴿٢٥﴾
وَقَالَ فِرْعَوْنُ ذَرُونِىٓ أَقْتُلْ مُوسَىٰ وَلْيَدْعُ رَبَّهُۥٓ ۖ إِنِّىٓ أَخَافُ
أَن يُبَدِّلَ دِينَكُمْ أَوْ أَن يُظْهِرَ فِى ٱلْأَرْضِ ٱلْفَسَادَ ﴿٢٦﴾
وَقَالَ مُوسَىٰٓ إِنِّى عُذْتُ بِرَبِّى وَرَبِّكُم مِّن كُلِّ مُتَكَبِّرٍ
لَّا يُؤْمِنُ بِيَوْمِ ٱلْحِسَابِ ﴿٢٧﴾

لەوە پێش پەروەردگار تەسەلای پێغەمبەری هێنایەوە بەوە دڵی دایەوە: کە ملهوڕو موشریکەکانی رابووردوو سەرەنجامیان بەهیلاکچون و فەوتان بوو ، ئەوەتا ئاسەوارو کەلاوەکۆنیان تا ێستاش ماون و ئێوارەو بەیانی قورەیشییەکان لەکاتی سەفەرو گەشت و گوزار دا دەیانبینن، ئەمجار لێرەدا بەچیرۆك و بەسەرهاتی حەزرەتی موسا تەسەللای دڵی دەداتەوە، لەم ڕوانگەوە: کە حەزرەتیموسا وێڕای موعجیزەی ئاشکراو جۆراو جۆری لەسەر راستی پێغەمبەریەتیەکەی کەچی فیرعەون و

هامان و قارون بەدرۆیان خستەوە ، پەیامەکەیان رەتکردەوە ، وتیان: سیحربازە، درۆزن و فیتنەجۆیە، بەڵام سەرەنجام سەرکەوتن بۆ موسا و شوێنکەوتوانی بوو، بەمەش موژدە بە پێغەمبەری ئیسلام دەدا کە سەرکەوتن و سەرفرازی دونیاو قیامەت هەر بۆ ئەوە .

دەفەرموێ: ﴿ولقد ارسلنا موسى بآياتنا وسلطانٍ مبين﴾ بێگومان ئێمە موسامان کردە پێغەمبەرو بەموعجیزەی جۆراو جۆرەوە رەوانەمان کرد ﴿الى فرعون و هامان و قارون﴾ بۆ سەر فیرعەون و دارو دەستەکەی کە پاشای میصر بوو، هامان وەزیرو یارمەتیدەری بور و قارونیش دەوڵەمەندترین سەرمایەداری ئەو رۆژگارە بوو.

﴿فقالوا: ساحرٌ كذّاب﴾ ئەو ملهوڕانە دەربارەی ئەو پێغەمبەرە موعجیزە ئاشکراو نمایانە وتیان: ئەمە سیحربازو درۆزن و فیتنەیە، کە دەڵێ: پێغەمبەرم درۆ دەکا، ئەو بەڵگە و نیشانانەی دەیاننوێنێ لەسەر پێغەمبەرێتی خۆی سیحرو چاوبەستەکێیە.

ئەم بەدرۆخستنەوەی پێغەمبەران و رەتکردنەوەی پەیامەکەیان داب و نەریتێکی سەرتاسەری گەل و نەتەوە ملهوڕو گومڕاکان بووە. وەکوو لە ئایەتێکی تردا ئاماژە بۆ ئەوە دەکاو دەفەرموێ: ﴿كذلك ماأتى الذين من قبلهم من رسولٍ الاّ قالوا: ساحرٌ او مجنون، اتواصوا به بل هم قومٌ طاغون﴾(الذاريات/٥٢-٥٣).

بەتایبەتی ناوی فیرعەون و هامان و قارونی هێنا، چونکە ئەوانە سەرانی ملهوڕو قسەڕۆیشتوو بوون ، ئەوانی‌دی شوێنکەوتوو گوێڕایەڵی بێ‌دەسەڵات بوون، هەموو سەردەمێکیش دونیاخۆرو ملهوڕ، گوێ بۆ بەڵگەو موعجیزە راناگرن، هەر خێرا پەنا دەبەن بۆ زەبرو زەنگ و هێزو هەوڵ دەدەن لەو رێگەوە بەربەرکانی پەیامی هەق بکەن بۆیە دەفەرموێ: ﴿فلمّا جاءهم بالحقّ من عندنا﴾ کە ئەو پێغەمبەرە لەلایەن ئێمەوە

بەبەڵگەو موعجیزەی حەق و ئاشکراوە ڕەوانەکراو هاتە ناویان و بانگەوازیی‌کردن، پشتیان لیٚ‌هەڵکردوو پەیامەکەیان ڕەت کردەوە.

﴿قالوا: اقتلوا أبناء الذين آمنوا واستحيوا نساءهم﴾ ملهوڕەکان (فیرعەن و هامان و قارون) وتیان: دەست بکەنەوە بەتەنفیزکردنی یاسای لەوەپێشتان دەربارەیان، بەم جۆرە زارۆکە نێرینەکانیان بکوژن و مێینەکانیان بهێڵنەوە، بۆ ئەوەی زۆر نەبن و نەبنە جێگای مەترسی، نێرینەکانیان لەناوبەرن ، مێینەکانیان مەرەخەس بکەن باپێبگەن دەیانکەینە کارەکەرو خزمەتی خۆمانیان پیٚ‌دەکەین !

وادیارە ئەمە جاری دووەم بووە ئەم یاسا ملهوڕی و ستەمکاریە دەربارەی نەتەوەی ئیسرائیل پەیڕەو بکریٚ، جاری یەکەم: کە لەپێش لەدایکبوونی حەزرەتی موسادا بووە، بۆ ئەوە بووە کەنەهێڵریٚ پیٚ‌بگاو زوو لەناو بچیٚ، جاری دووەمیش: لەدەستپێکردنی بانگەوازیی حەزرەتی موساوە یاساکە خرایەوە گەڕ. بەڵام فرت و فێڵی فیرعەون سەرنەکەوت ، ئەوەبوو حەزرەتی موسا بەر ئەو یاسا منداڵ‌کوژییە نەکەوت و ڕزگاری بوو ، جاری دووەمیش بەهەمان شێوە پلانەکەیان بیٚ‌سود بوو.

﴿وما كيدُ الكافرين الاّ في ضلال﴾ فرت و فێڵی کافر و خودا نەناسان گومڕایی‌یەو سوودبەخش نیە، نەخشەو پلانێکە نەتیجە بەدەستەوە نادا و پێچەوانەی مەبەست دێتەوە .

وەکوو زانیمان فیرعەون لەپێش لەدایك بونی حەزرەتی موسادا یاسای نێرینەکوژی نەتەوەی ئیسرائیلی دەرکرد و پەیڕەوی کرد، ئەمجار داوی دەرکردنی ئەم یاسایەو لەژێر تیشکی مانای ئەم ئایەتەی ئێرەدا دوو بیرو بۆچوونمان لا پەیدا دەبن:

١- وێدەچیٚ ئەو فیرعەونەی ئەو یاسایەی دەرکردووە مردبیٚ و وەلی عەهدو جێنشینی هاتبنە سەرتەخت و ئیتر ئەو یاسا نێرینە کوژییە

وەلاخرابێ و کاریان پێنەکردبێ، هەتا ئەو کاتەی حەزرەتی موسا بانگەوازیی خۆی دەست پێکردوەو ڕوبەڕوی فیرعەونی تازە بوتەوە، ئەم فیرعەونە تازەیەش ئاگاداری ژیانی حەزرەتی موسا بووەو زانیویەتی: کە بەمندالّی لەبالّەخانەی فیرعەون دا پێگەیشتووە، هەروەها ئاگاداری یاسای لەوە پێش بووە، : کە بریتی بوو لەکوشتنی مندالّی نێرینەی نەتەوەی ئیسرائیل و مەرەخەسکردنی مێینەکانیان! ئیتر دارو دەستەکەی ڕەهنومایی دەکەن کە یاسا کۆنەکەیان بخەنەوە گەڕ سەرلەنوێ دەست بکەنەوە بەکوشتنی نێرینەکانیان بەتایبەتی مندالّی ساحیرەکان و ئەوانەی ئیمانیان بەموسا هێناوە .

٢- ئیحتیمالی دووهەم ئەوەیە فیرعەون هەر ئەو فیرعەونەبێ کە موسای لە خۆگرت و بەخێوی کرد، وەلێ بەتێپەڕبوونی ڕۆژگار یاسای نێرینە کوژیەکەی سوابێ و ئەوەندە توندوتیژی تێدانەمابێ، یان هەر کاری پێنەکردبێ و پووچی کردبێتەوە، دارو دەستەکەی ڕەهنومایی دەکەن بۆ وەگەڕخستنەوەی ئەو یاسا ستەمکارییە و تایبەتی دەکەن بەوانەی ئیمانیان بەموسا هێناوەو شوێنی کەوتوون، بەلاّم وادیارە فیرعەون بۆخۆی رایەکی تری هەیە و دەیەوێ هەلّسوکەوتێکیتر دژی موسا پەیڕەوبکا، دەفەرموێ:

﴿وقال فرعون ذروني أقتل موسى و ليدعُ ربّه﴾ لێم گەڕێن با موسا بکوژم و لەسەرچاوەوە ئەو بانگەوازیە بکوژێنمەوە، وا دیارەکەسانێك هەبوون دژی ئەوەبوون موسا بکوژرێ، پێیان وابووە کوشتنی موسا کێشەکە چارەسەر ناکاو لەوانەیە جەماوەر کێشەکە بقۆزنەوەو بەشەهیدی بزانن و ڕاپەڕینێك دژی دام و دەزگای داپلۆسێنەری فیرعەون ئەنجام بدرێ، ئەمانەش بەتایبەتی دوای ئیمانهێنانی ساحیرەکان لە فستیڤالّە جەماوەرییەکەدا پتر ڕێی تێدەچێ. یان وێدەچێ هەندێ لەراوێژکارانی

فیرعەون لەدڵی خۆیان دا ترسێك دایگرتبن و ترسابن لەوەی خودای موسا تۆڵەیان لێ بسێنێ، چونکە بتپەرستەکان بڕوایان بە فرە خودایی هەیە، لەوانەیە پێیان وابوو بێ خوداکەی موسا پارێزگاریی لێدەکاو ناهێڵێ دەستدرێژی بکرێتەسەر. قسەی فیرعەون کە دەڵێ: ﴿وليدعُ ربَّهُ﴾ ڕەتکردنەوەی بیروبۆچوونی ئەو جۆرە کەسانە بوو.

لەوانەشە فیرعەون ئەم قسەیەی بەتەوسەوە بەخەڵکەکە گوتبێ بۆ گاڵتە پێکردن بوو بێ!

ئەنجار فیرعەون پاساو بۆ کوشتنی موسا دەهێنێتەوە، بەڵگەی بەهێزی ئەوەیە دەڵێ: ﴿إنّي أخاف أن يبدل دينكم أو أن يظهر في الأرض الفساد﴾ ئەمن دەترسم ئاینتان بگۆڕێ و بیروباوەڕتان تێك بدا، واتان لێبێ واز لەبەندایەتیکردنی من بهێنن و بتپەرستی نەکەن! دەترسم بتانخاتە سەر ئایینی خۆی و واتان لێبکا یەکتاپەرستی پەیڕەو بکەن یان دووبەرەکی بخاتە ناو خەڵکەوەو پشێوی و ئاژاوە بەرپابێ و بەمەش ئاسایشی وڵات تێك بچێ.

لەبەرامبەر ئەم جەبەروت و ملهوڕییەی فیرعەوندا موسا پەنا بەخوا دەگرێ و خۆ دەخاتە ناو ئەو قەڵا پتەوەوە، دەفەرموێ: ﴿وقال موسى إنّي عذتُ بربّي وربّكم من كلّ متكبّرٍ لايؤمن بيوم الحساب﴾ حەزرەتی موسا‌ عليه السلام فەرمووی: من پەنا دەگرم بەخودای خۆم و خودای ئێوەش لەزەرەرو زیانی هەموو ملهوڕێکی وەکوو فیرعەون و هاو وێنەکانی، پەنا دەگرم بەخودا: کەبمانپارێزێ لەزیانی هەموو کافرو ملهوڕێکی بێبڕواو ملنەدەر بۆ حەق و ڕاستی؛ ئەوانەی بڕوایان بەهاتنی ڕۆژی قیامەت نیە.

ڕەتدانەوەی حەزرەتی موسا عليه السلام ڕەتدانەوەیەکی جەرگبڕ بوو، هەم قسە بوو، هەم کردەوە بوو.، بەگوێرەی داخوازی حاڵ و مەقام بوو، واتە: ئەی فیرعەون! ئەوەی تۆ وتت لەڕوانگەی لاقرتێ و گاڵتەکردنەوە

﴿وليدعُ ربّه﴾ باموسا هاوار لەخوداکەی بکا، ئەوە ئایینی حەقی منە بۆ گاڵتەپێکردن ناشێ، وەمن پەنادەگرم بەخودای خۆم و هاواری لێدەکەم کە لەشەڕو نەگبەتی تۆ بمپارێزێ، دەشبینی چۆن خودا یارمەتیم دەداو بەسەر تۆدا زاڵم دەکا و بۆڕت دەدەم!

چیرۆکی پیاوە موسوڵمانەکەی قەومی فیرعەون و داکۆکیکردنی لە حەزرەتی موسا

وَقَالَ رَجُلٌ مُّؤْمِنٌ مِّنْ ءَالِ
فِرْعَوْنَ يَكْتُمُ إِيمَـٰنَهُۥٓ أَتَقْتُلُونَ رَجُلًا أَن يَقُولَ رَبِّىَ
ٱللَّهُ وَقَدْ جَآءَكُم بِٱلْبَيِّنَـٰتِ مِن رَّبِّكُمْ ۖ وَإِن يَكُ كَـٰذِبًا
فَعَلَيْهِ كَذِبُهُۥ ۖ وَإِن يَكُ صَادِقًا يُصِبْكُم بَعْضُ ٱلَّذِى
يَعِدُكُمْ ۖ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهْدِى مَنْ هُوَ مُسْرِفٌ كَذَّابٌ ﴿٢٨﴾ يَـٰقَوْمِ
لَكُمُ ٱلْمُلْكُ ٱلْيَوْمَ ظَـٰهِرِينَ فِى ٱلْأَرْضِ فَمَن يَنصُرُنَا مِنۢ
بَأْسِ ٱللَّهِ إِن جَآءَنَا ۚ قَالَ فِرْعَوْنُ مَآ أُرِيكُمْ إِلَّا مَآ أَرَىٰ وَمَآ
أَهْدِيكُمْ إِلَّا سَبِيلَ ٱلرَّشَادِ ﴿٢٩﴾ وَقَالَ ٱلَّذِىٓ ءَامَنَ يَـٰقَوْمِ إِنِّىٓ
أَخَافُ عَلَيْكُم مِّثْلَ يَوْمِ ٱلْأَحْزَابِ ﴿٣٠﴾ مِثْلَ دَأْبِ قَوْمِ نُوحٍ
وَعَادٍ وَثَمُودَ وَٱلَّذِينَ مِنۢ بَعْدِهِمْ ۚ وَمَا ٱللَّهُ يُرِيدُ ظُلْمًا لِّلْعِبَادِ ﴿٣١﴾
وَيَـٰقَوْمِ إِنِّىٓ أَخَافُ عَلَيْكُمْ يَوْمَ ٱلتَّنَادِ ﴿٣٢﴾ يَوْمَ تُوَلُّونَ مُدْبِرِينَ

مَا لَكُم مِّنَ ٱللَّهِ مِنْ عَاصِمٍ ۗ وَمَن يُضْلِلِ ٱللَّهُ فَمَا لَهُۥ مِنْ هَادٍ ﴿٣٣﴾ وَلَقَدْ جَآءَكُمْ يُوسُفُ مِن قَبْلُ بِٱلْبَيِّنَٰتِ فَمَا زِلْتُمْ فِى شَكٍّ مِّمَّا جَآءَكُم بِهِۦ ۖ حَتَّىٰٓ إِذَا هَلَكَ قُلْتُمْ لَن يَبْعَثَ ٱللَّهُ مِنۢ بَعْدِهِۦ رَسُولًا ۚ كَذَٰلِكَ يُضِلُّ ٱللَّهُ مَنْ هُوَ مُسْرِفٌ مُّرْتَابٌ ﴿٣٤﴾ ٱلَّذِينَ يُجَٰدِلُونَ فِىٓ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ بِغَيْرِ سُلْطَٰنٍ أَتَىٰهُمْ ۖ كَبُرَ مَقْتًا عِندَ ٱللَّهِ وَعِندَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ۚ كَذَٰلِكَ يَطْبَعُ ٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ قَلْبِ مُتَكَبِّرٍ جَبَّارٍ ﴿٣٥﴾

لەوە پێش پەروەردگار باسی ئەوەی کرد کە فیرعەون هەڕەشەی کوشتنی لە حەزرەتی موسا کرد، ئیتر لەدیدو ڕوانگەی خەڵکەوە واهەست کرا کە کوشتنی حەزرەتی موسا مسۆگەرەو هیچ هێزێك نیە بتوانێ فیرعەون لەو هەڵوێستەی پاشگەز بکاتەوە، بەتەحەدداو ملهوڕیەوە دەڵێ: من موسا دەکوژم باخوداکەی نەهیلێ و بەرگری لیبکا، فیرعەونیش فیرعەونە و ملهوڕێکی ستەمکاری بێویژدانە و هیتلەر لەچاویڕا ئاوی دەستنوێژی بەموفەڕەك دەشیا .

ئالێرەدا هێزی ئیمان خۆی دەنوێنێ و ئازایەتی و بڕوا پتەوی موسوڵمان دەردەکەوێ. کابرایەکی بۆرەپیاو نەهامانەو نەقارونە، بەلام خودا هیدایەتی داوەو نووری ئیمان لەدڵیدا چەسپاوە ، نایەوێ پێی بزانن کە ئیمانی هێناوە، دێتە قسەو پەنجەی ناڕەزایی بەرزدەکاتەوە، خوێنی خۆی دەکاتە کاسەوە و گوێ بەسەرەنجام نادا، دەکەوێتە نەصیحەت و ئامۆژگاریی کردنی فیرعەون و دارو دەستەکەی، زۆر بەلێزانی و ژیرانە

بەرگریی لە حەزرەتی موسا دەکا . دەیەوێ لەو بڕیارەیان ژێوانیان بکاتەوە ، جۆرەها بەڵگەیان بۆ دێنێتەوە..!!

دەفەرموێ: ﴿وقال رجلٌ من آل فرعون يكتم إيمانهُ: أتقتلون رجلاً أن يقول ربّي الله، وقد جاءكم بالبيّنات من ربّكم﴾ واتە: پیاگێك لەدارودەستەکەی فیرعەون و قەصریی پاشایەتی : کەلەناو دڵی خۆیدا ئیمانی هێنابوو ، نەیویست بوو کەس پێی بزانێ، هاتە ئاخاوتن و پەنجەی ناڕەزایی دەربڕی و وتی: ئەوە چۆن ڕێگە بەخۆتان دەدەن پیاوێك بکوژن هەموو تاوانەکانی ئەوەن دەڵێ: خودای من (الله)یە؟

بەچ عەقڵێك ئێوە پڕکێشی ئەو کارە دەکەن و پەنا بۆ کوشتنی کەسێك دەبەن بانگەوازییتان دەکا بۆ خوداپەرستی و یەکتاپەرستی لەوحاڵ بۆ پشتگیریی بانگەوازییەکەی موعجیزەی جۆراو جۆری خستوونە ڕوو، موعجیزەکانی گەواهیدەرن لەسەر ڕاستی پێغەمبەرایەتی و پەیامەکەی، دەی کەسێك ئەوە حاڵی بێ بۆ دەبێ بکوژرێ؟! کەی کەسێکی ئاوا مرۆڤ دۆست و خودا پەرست و بانگ بێژی حەق و عەدالەتکاریی شیاوی کوشتنە؟ ئیتر وادیارە فیرعەون لەو هەڵوێستەی پاشگەزبوەتەوە بەلای کەمەوە تەنفیذکردنەکەی دواخست .

ئیبنوعەبباس دەفەرموێ: لەدارودەستەکەی فیرعەون تەنها ئەم کابرایە و هاوسەری فیرعەون موسوڵمان بوون و ئیمانیا هێناوە . هەروەها ئەو کابرایەش کەهەواڵی بە موسا دار وتی: ﴿ياموسى إنّ الملأ يأتمرون بك ليقتلوك﴾ القصص/٢٠

ئەمجار کابرای خاوەن باوەڕو موسوڵمان، شەش بەڵگە ناڕاستەی فیرعەون و کاربەدەستانی دەربار دەکا و دەڵێ:

١-﴿وإن يكُ كاذباً فعليه كذبه، وإن يكُ صادقاً يصبكم بعض الذي يعدكم﴾ ئەی خەڵکینە! ئەی پیاو ماقوڵ و ئەنجومەنی ڕاوێژو

کاربەدەستانی دەربار! ئەم کابرایە : کە موسایە و بانگەوازیی خوداپەرستی و یەکتاپەرستی دەکا، ئەگەر درۆ بکا هۆیالّی درۆکردنەکەی لەئەستۆی خۆیەتی، خودا لەدونیاو قیامەت سزای دەداتەوە، ئێوەش حەقتان نەبێ بەسەریەوە. خۆ ئەگەر راست بکات و پێغەمبەربێ و بەپیر بانگەوازییەکەیەوە نەچن ، ئەوە بەتەئکید هەندێ لەو هەڕەشانەی لیێکردوون دێنەجێ و تووشی نەهامەتی ونەگبەتی دەبن ، کەوابێ وازی لێبێنن و چیتان بەسەر خۆی و گەلەکەیەوە نەبێ با ئیمانی پێبێنن و شوێنی بکەون.

٢-﴿إنّ الله لايهدي من هو مسرفٌ كذّاب﴾بێگومان ئەگەر موسا حەقی بەدەستەوە نەبێ، دۆرزن بێ داوای پێغەمبەرێتیەکەی راست نەبێو خودا بەموعجیزە کۆمەکی پێنەکا،خودا ریسوای دەکاو بەهیلاکی دەبا ، چ پێویست ناکا ئێوە بیکوژن و خۆتانی پێوە ماندو بکەن !!

٣-﴿ياقوم لكم الملك اليوم ظاهرين في الأرض ، فمن ينصرنا من بأس الله إن جاءنا﴾ئەی گەل و نەتەوەکەم ئەوە خودا ژیانی جیهانی بۆ ئاسان کردوون ، فەرمانڕەوایی بەرفراوانی پێداون، بالآدەستی کردون بەسەر نەتەوەی ئیسرائیل دا و بەئارەزووی خۆتان ئاغایەتیان بەسەرەوە دەکەن، خۆتان ئاغا و کوێخای ئاخی میصرن و هەرچی بیلێن و بتانەوەێ جێبەجێی دەکەن، دەی لەپاساوی ئەم جاهو سەلّتەنەتەی پێتاندراوە سوپاسی خودا بکەن و شوێن پەیامی پێغەمبەرەکەی بکەون، بترسن لە سزاو تۆڵەی سامناکی.

جا ئەگەر ئێوە سەرپێچی پەیامیموسا بکەن و خودا تۆڵەی لیێستاندن و عەزابی بۆ سەر ناردن ، کێ لەعەزابی سەختی خودا دەمانپارێزێ؟ دڵنیابن ئەگەر خودا عەزابی سەختی خۆی بنێرێ، ئەو سوپاو ئامێرو هێزەی شانازی پێوە دەکەین هیچ دادمان نادا و هیچمان

لێناگێڕێتەوە . بەڵام فرعەون سوور بوو لەسەر هەڵوێستی ملهوڕانەی خۆی و گوێ بیستی ئامۆژگاری دڵسۆزانەی کابرای موسوڵمان نەبوو، بەڵکوو:

﴿قال فرعون ما أريكم الاّ ما أرى وما أهديكم الاّ سبيل الرّشاد﴾

فیرعەون لەوەڵامی کابرای خاوەن ئیمان دا وتی: من رازی نابم جگە لەو رێبازەی من پەسەندی دەکەم چ رێبازی دیکە پەیڕەو بکەن، ئەوەی من پێم باشەو پەیڕەوی دەکەم دەبێ ئێوەش ئەوەتان بەلاوە باش بێو پەیڕەوی بکەن، دڵنیابن من تەنها شارەزایی ئێوە دەکەم بۆ رێبازی راست و دروست و سەرفرازی و بەختەوەریی . من پێم باشە موسا بکوژن و لەکۆڵی بکەنەوە ، لەم رێگە چارە زیاتر هیچ رێگە چارەسەری تر پەسەند ناکەم، ئیتر دارو دەستەو نەتەوەی فیرعەون گوێیان بەئامۆژگاری بابای موسوڵمان نەدا، و گوێ بیستی فەرمانی فیرعەون بوون و خۆیان تووشی هیلاکەت کرد.

وەکوو لە ئایەتێکی تردا ئاماژە بۆ ئەوە دەکاو دەفەرموێ: **﴿فاتّبعوا امر فرعون وما امر فرعون برشيد﴾**(هود/٩٧) یان دەفەرموێ: **﴿واضلّ فرعون قومه وما هدى﴾**(طه/٩٧) .

فیرعەون سەرکردەیەکی خائین بەگەل و وڵات بوو، ملهوڕو ستەمکاربوو، چەوسێنەرو بێویژدان بوو ، خۆی و گەلەکەی تووشی نەهامەتی دونیا و قیامەت کرد، جاوەنەبێ مێژووی کەوناڕای ئادەمیزاد تەنها فیرعەونی تێدا بووبێ و بەس بەڵکوو بەهەزارانی وەکوو فیرعەونی بەخۆوە بینیوە و دەبینێ، هەر سەرکردەو رابەڕو پاشاو ریش سپیو بەرپرسێکی وڵات بەزەیی بەخۆیو شوێن کەوتوو ژێردەستەکانیدا نەیەتەوە فیرعەونێکە بۆ خۆی و گەل بەقڕ دەدا و وڵات وێران دەکا.

لەهەموو سەردەمێك و رۆژگارێك دا نموونەی فیرعەون بەسەدان و بەهەزارانە ، چاو خوردکەوەو بڕوانە بەدەگمەن نەبێ بەرپرس و سەرکردەو رابەرێکی دڵسۆزو خەمخۆری گەل و وڵات نابینی ، بەڵام خائین و ستەمکارو ملهوڕو خۆپەرست لەهەژمار نایەن و خودا لەشەڕو نەگبەتی ملهوڕان بمانپارێزێ!

لەحەدیثی صەحیح و چەسپاوی موسلیم و بوخاریدا لەمەعقەلی کوڕی یەسارەوە فەرموودەیەك ریوایەت کراوە دەفەرموێ: **(ما من عبدٍ يسترعيه الله رعيةً يموت يوم يموت ، وهو غاشٍ لرعيته الأ حرّم الله عليه الجنة، وانّ ريحها ليوجد من مسيرة خمس مائة عام)** هەر بەندەیەك خودا بەرپرسیاریەکی گەل و وڵاتی بداتە دەست و خیانەتیان لێبکا، کەمرد جێگای دۆزەخەو خودا بۆنی بەهەشتی لێیاساغ دەکا، هەرچەندە بۆنی بەهەشت ئەوەندە خۆش و زۆرو کەسکونە پێنج سەد ساڵە ڕێ دەڕوا لەدوورەوە بۆنی دەکرێ!

٤-**﴿وقال الذي آمن: ياقوم إني أخاف عليكم مثل يوم الأحزاب مثلَ دأب قوم نوح و عاد وثمود و الذين من بعدهم﴾** بابای موسوڵمان ئەو پیاگەی لەنەتەوەی فیرعەون خودا هیدایەتی دابوو، ئیمانی بەموسا هێنا بوو، درێژەی بەئامۆژگاریەکانی داو وتی: ئەی گەل و نەتەوەکەم، ئەگەر ئیمان بەپەیامی موسا نەهێنن، ترسم هەیە تووشیعەزابی سەختی دونیا و قیامەت بن، ترسی ئەوەم هەیە چی بەسەر ئەو گەل و نەتەوانەی گەلەکۆمەکیان لە پێغەمبەرەکانیان کرد بەسەر ئێوەش بێ.

دەترسم ئێوەش ئەگەر بڕوا بەپەیامی موسا نەکەن بەدەردی گەلی نوح و گەلی عادو ثەموود و ئەو نەتەوەانەی دوا ئەوان : کە خودا لەناوی بردن - بچن، چۆن خودا ئەوانی ریشەکێش کرد ئێوەش قەلاچۆ بکات ، ئەوە مێژوو شایەتە پەروەردگار لەسەر سەرپێچی و ملهوڕی، ئەو گەل و

نەتەوانەی لەناو بردن و کەس نەبوو دیفاعیان لیْبکا و بیانپـاریْزیْ !! بـۆ خۆیان ستەمیان لەخۆیان کرد .

﴿وما الله یرید ظلماً للعباد﴾ دلْنیابن خودا نایەویْ ستەم لەبـەندەکانی بکا ، بەبیْ تاوان ئەو گەل و نەتەوانـەی ریشـەکیْش نـەکردوون، بـەلْکوو لەسەر سەرپیْچی‌کردن و تاوان لەناوی بردوون!

٥-﴿ویاقوم إنّي أخاف علیکم یومَ التّناد، یوم توّلون مدبرین مـالکم من الله من عاصم﴾ ئەی گەل و نەتەوەکەم ئەمن جگە لەعەزابی دونیـا و لەناوچوونی بەکۆمەلْتان ترسی ئەوەم هەیە تووشـی عـەزابی قیامـەتیش بن، بەتەئکیدیش تووش دەبن، تووشی عەزابی رۆژی هاوار هاوار و بانگ لیْك کردن دەبـن، لەهـەموو لایەکـەوە هـەر بـانگ کـردن و پاڕانـەوەو راپیْچکـردن و بگـرەو بەردەیـە، فریشـتە بـانگی ئـادەمیزاد دەکـەن، بەهەشتی بانگی دۆزەخی و دۆزەخی بانگی بەهەشتیان دەکەن.

وەکوو لە ئایەتیْکی تردا ئاماژە بۆ ئەوە دەکاو دەفـەرمویْ: ﴿ونـادی اصحـاب الجنّة اصحـاب النّار ان قد وجدنـا ماوعدنـا ربّنـا حقّـاً فـهل وجدتم ماوعد ربّکم حقّاً؟ قالوا: نعم﴾(الأعراف/٤٤) یـان دەفـەرمویْ: ﴿ونـادی اصحـاب الأعراف رجـالاً یعرفونهم بسـیماهم﴾(الأعـراف/٤٨) یان ﴿ونادی اصحاب النّار اصحاب الجنّة ان افیضوا علینا من الماء او مما رزقکم الله﴾(الأعراف/٥٠).

هـەروەها دەترسـم تووشـی عـەزابی رۆژی قیامـەت بـن؛ ئـەو رۆژەی لەترسی دۆزخ هەلْدیْن، یان لەویْستگەی مەحشەرەوە راپیْـچ دەکریْـن بـۆ لای دۆزەخ ، کـەس پشـتگیریتان لیْناکـا و لـەخۆتان نـاگریْ، کـەس شەفاعەتتان بۆ ناکات، دیمەنی راکردن و هەلاْتنی قیامەتی ئـەو ملـهوڕو دەرەبـەگ و سـتەمکارو خۆبەزلزانانـە زۆر گونجـاوە لەگـەلْ نـازو فـیزو کەللەڕەقی دونیایـان. کەسیْك لـەدونیادا ئـەوە هەلْویْسـتی بـیْ، دەبـیْ

لەقیامەت دا ئەوە حاڵی بێ. ﴿ومن يضلل الله فما له من هاد﴾ کەسێك خودا گومڕای بکا کەس نیە بتوانێ هیدایەتی بدا. ئەمە ئاماژەکردنێکی ناسکی تێدایە بۆ قسەکەی فیرعەون: ﴿وما اهديكم الاّ سبيل الرّشاد﴾ (غافر/٢٩).

٦-﴿ولقد جاءكم يوسف من قبل بالبيّنات فما زلتم في شكّ ممّا جاءكم به ، حتّى إذا هلك قلتم: لن يبعث الله من بعده رسولاً﴾ لەکۆتاییدا سەرکۆنەیان دەکا بەوە کەباوك و باپیرانیان هەڵوێستی ناشیرینیان بەرامبەر حەزرەتی یوسف﷤ نواند ، ئەوەیان ئاراستە دەکا کە بەدرۆخستنەوەی پێغەمبەران دیاردەیەکی باوی باوك و باپیرانیان بووە، بێگومان لەرۆژگاری خۆیدا حەزرەتی یوسف هاتۆتە سەر باوك و باپیرانتان و موعجیزەو بەڵگەی لەسەر راستی پێغەمبەرایەتی خۆی نواندو بانگەوازیی کردن بۆ خوداپەرستی و یەکتاپەرستی، کەچی بەدرۆتان خستەوە، واتە باوك و باپیرانتان بەدرۆیان خستەوە و بەردەوام بەرامبەر پەیامەکەی لەشك و گومان دا بوون ، یوسف﷤ و هەموو ئەو پێغەمبەرانەی لەدوا ئەوەوە هاتوون بەدرۆتان خستنەوە، کاتێکیش حەزرەتی یوسف لەدونیا دەرچوو، وتتان: ئەوە ئیتر خودا دوای ئەو هیچ پێغەمبەرێك رەوانە ناکا!

شایانی باسە ئەمە یەکەمجارە قورئان ئاماژە دەکا بۆ پێغەمبەرێتی حەزرەتی یوسف و رەوانەکردنی بۆ سەر ئەهلی میصر، لەوەپێش زانیمان کە حەزرەتی یوسف گەیشتە ئەوە کە بکرێتە ئەمینداری گەنجینەو رزق و رۆزی وڵاتی میصر بەڵکو بوو بەعەزیزی میصر کە گەورەترین پلەو پایەی ئیداری ئەو وڵاتە بوو، واتە: وەك سەرەك وەزیران وابووە.

بۆیە ئێمە دەتوانین بڵێین: چونکە حەزرەتی یوسف دەسەڵات و فەرمانڕەوایی هەبووە تا لەژیان دابووە خەڵکەکە بەئاشکرا نەیانتوانیووە

بەربەرەكانی بكەن و پەیامەكەی رەت بكەنەوە، بەڵام كاتێك كە لەدونیا دەرچووەترس و خۆفیان نەماوە، ئیتر كەف و كوڵی نـاو دەروونـی خۆیـان هەڵرشـتووە، پێخۆشـحاڵی خۆیـان بەمردنەكـەی دەربڕیـوە، بیروبـاوەڕی یەكتاپەرستیان رەتكردۆتەوە، بەهەموو عەقڵی خۆیان گەیشتنە ئەوە كـە ئیتر خودا لەوەدوا پێغەمبەریتر نانێرێ.

﴿كذلك يضلّ الله من هو مسرف مرتاب﴾ ئاوا بـەوجۆرە هەركەسـێ زێدەڕەویبكا لەتاوان و شك و گومـانی هـەبێ دەربـارەی ئـایینی خـودا گومڕای دەكا و سەری لێدەشێوێنێ.

ئەمجار وەصفی ئەو جـۆرە ئـادەمیزادە نەگبەتانـە دەكـاو دەفـەرموێ: ﴿الذين يجادلون في آيات الله بغيرسلطانٍ أتاهم﴾ ئەو زێدەڕەوانە لـەتاوان دا و ئـەو دڵ پـڕ شـك و گومانانـە كەسـانێكن، بـەبێ ئـەوەی بەڵگـە و نیشانەیەكیان بۆ هاتبێ دەمـە دەمێیانـە دەربـارەی ئایەتـەكانی خـودا، بەناهەق بەرەنگاریی هەق دەكەن، دەیانەوێ بەفوو ئەستێرەی پرشـنگداری ئایینی خودا بكوژێننەوە.

﴿كبر مقتاً عند الله و عند الذين آمنوا﴾ زۆر گەورەو ترسـناكە لـەلای خوداو موسوڵمانان ئەو كێشەو جیدالەی ئەوان بەناهەقی ئەنجامی دەدەن، چونكە كێشەو جیدالی بێبناغەیە، بۆیە خودا دەیبوغزێنێو سزای دانـاوە بۆ ئەوانەی ئەو كارە دەكەن، موسـوڵمانان دەیبوغزێنـن و هـەر كەسـێك بیكا دەنگی لێدادەبڕن و گفت و گۆی لەگەڵ ناكەن .

﴿كذلك يطبع الله على كلّ قلب متكبرٍ جبّار﴾ ئاواو بەو جۆرە خـودا چۆن دڵی جیدالكەران و دڵ پڕ لەگومانی كۆركرد .دڵی هەموو سـەرڕەق و خۆبەزلزانێكی ستەمكار مۆر دەكا، هـەر كەسـێك ڕو لەهـەق وەرگـێڕێو بەدەسەڵات و زەبوون و هەژاران بچـەوسێنێتەوە، سوكایەتیان پێبـكا و

کوشت و بڕیان بکا، خودا دڵی مۆر دەکاو لە نیعمەتی یەکتاپەرستی بێبەشی دەکا، شیاوی عەزابی سەختی دۆزەخی دەکا .

(الشعبي) دەڵێ: هەر کەسێك بەناهەق دوو ئادەمیزاد بکوژێ بەجەببار لەقەڵەم دەدرێ. قەتادە دەڵێ: هەرکەسێك بەناهەق یەکێك بکوژێ لەپێڕی جەببار حسێب دەکرێ .. موقاتیل دەڵێ: (متکبر) کەسێکە مل نەدا بۆ یەکتاپەرستی ،(جبار) کەسێکە بەناهەق ئادەمیزاد بکوژێ و بەملهوڕی بیانچەوسێنێتەوە .

فیرعەون قەڵس دەبێ و گاڵتە بەپەیامی موسا دەکات

وَقَالَ فِرْعَوْنُ
يَـٰهَـٰمَـٰنُ ٱبْنِ لِى صَرْحًا لَّعَلِّىٓ أَبْلُغُ ٱلْأَسْبَـٰبَ ﴿٣٦﴾ أَسْبَـٰبَ
ٱلسَّمَـٰوَٰتِ فَأَطَّلِعَ إِلَىٰٓ إِلَـٰهِ مُوسَىٰ وَإِنِّى لَأَظُنُّهُۥ كَـٰذِبًا ۚ
وَكَذَٰلِكَ زُيِّنَ لِفِرْعَوْنَ سُوٓءُ عَمَلِهِۦ وَصُدَّ عَنِ ٱلسَّبِيلِ ۚ
وَمَا كَيْدُ فِرْعَوْنَ إِلَّا فِى تَبَابٍ ﴿٣٧﴾

لەوەپێش وەصفی فیرعەونی کرد بەوە کە خۆبەزلزان و چەوسێنەرەوەو مرۆڤ کوژ بووە، ، ئەمجار لێرەدا نموونەی سەرڕەقی و خۆبەزلزانی و ملهوڕیەکەی دەهێنێتەوە دەفەرموێ:

﴿وقال فرعون یاهامان ابن لي صرحاً لعلّي ابلغ الأسباب أسباب السّموات فاطّلع الى إله موسى وإنّي لاظنّه کاذباً﴾ فیرعەونی پادشا بەهامانی وەزیری گوت: ئەی هامان دەست بەکاربە بچۆ قەڵا یەکم بۆ

دروست بکە بەشکو بگەمە ئەو ئاسۆ دوورەدەستانە و ئاسۆ دوورەدەستەکانی ئاسمانەکان تا لەوێرا بڕوانمە خودای موسا، بزانم ئاخۆ دەیدۆزمەوەو شتی واهەیە؟ بێگومان من پێم وایە درۆ دەکا و چ خودای وەها نین کە موسا باسی لێوە دەکا.

فیرعەون مەبەستی بەم قسانەی گاڵتەکردن بوو بەپەیامی موسا و ڕەتدانەوەی بانگەوازییەکەی بوو، لەهەمان کاتدا ویستی سەر لەدارودەستەکەی تێك بداو لەسەر کوفرو فیرعەون پەرستی بیانهێڵێتەوە. گاڵتەی بەعەقڵیان کردو سوکایەتی پێکردن،ئەوانیش هێندە دەبەنگ بوون بڕوایان پێ‌کردو شوێنی کەوتن، ملکەچی فەرمان و جڵەوگیریەکانی بوون.

﴿کذلك زیّن لفرعون سوء عمله وصدّ عن السبیل، وما کید فرعون الاّ في تباب﴾ ئابەو جۆرە گومڕاویستی‌یە بەو شێوە ئەحمەقی و نەفامی‌یە فیرعەون کاری گەندی خۆی بەجوان زانی ، کاری ناشیرینی بۆ جوان کرا ، واتە: لەگومڕایی و سەرپێچی کردن دا زێدەڕەویی کردو لەسەر ملهوڕیی و بوغرایی خۆی بەردەوام بوو، شەیتان ڕێگای عەداڵەت و حەق پەرستی لێ‌بەست، و نەیهێشت پەیڕەوی بکا، فرت و فێڵی فیرعەون بۆ لەخشتەبردنی خەڵکانی دیکە،هەمووی خەسارەتمەندی و بەدبەختی‌یە، چی لەپێناوی‌فرت و فێڵەکانی‌دا خەرج بکا بەفیڕۆ دەچێ‌و هیچی لێ‌ شین نابێ.

ئامۆژگاری پیاوە ئیماندارەکە بۆ گەل و نەتەوەکەی

وَقَالَ ٱلَّذِيٓ
ءَامَنَ يَٰقَوۡمِ ٱتَّبِعُونِ أَهۡدِكُمۡ سَبِيلَ ٱلرَّشَادِ ﴿٣٨﴾
يَٰقَوۡمِ إِنَّمَا هَٰذِهِ ٱلۡحَيَوٰةُ ٱلدُّنۡيَا مَتَٰعٞ وَإِنَّ ٱلۡأٓخِرَةَ هِيَ

دَارُ ٱلۡقَرَارِ ﴿٣٩﴾ مَنۡ عَمِلَ سَيِّئَةٗ فَلَا يُجۡزَىٰٓ إِلَّا مِثۡلَهَاۖ
وَمَنۡ عَمِلَ صَٰلِحٗا مِّن ذَكَرٍ أَوۡ أُنثَىٰ وَهُوَ مُؤۡمِنٞ
فَأُوْلَٰٓئِكَ يَدۡخُلُونَ ٱلۡجَنَّةَ يُرۡزَقُونَ فِيهَا بِغَيۡرِ حِسَابٖ ﴿٤٠﴾
۞ وَيَٰقَوۡمِ مَا لِيٓ أَدۡعُوكُمۡ إِلَى ٱلنَّجَوٰةِ وَتَدۡعُونَنِيٓ إِلَى
ٱلنَّارِ ﴿٤١﴾ تَدۡعُونَنِي لِأَكۡفُرَ بِٱللَّهِ وَأُشۡرِكَ بِهِۦ مَا لَيۡسَ
لِي بِهِۦ عِلۡمٞ وَأَنَا۠ أَدۡعُوكُمۡ إِلَى ٱلۡعَزِيزِ ٱلۡغَفَّٰرِ ﴿٤٢﴾ لَا جَرَمَ
أَنَّمَا تَدۡعُونَنِيٓ إِلَيۡهِ لَيۡسَ لَهُۥ دَعۡوَةٞ فِي ٱلدُّنۡيَا وَلَا فِي ٱلۡأٓخِرَةِ
وَأَنَّ مَرَدَّنَآ إِلَى ٱللَّهِ وَأَنَّ ٱلۡمُسۡرِفِينَ هُمۡ أَصۡحَٰبُ ٱلنَّارِ
﴿٤٣﴾ فَسَتَذۡكُرُونَ مَآ أَقُولُ لَكُمۡۚ وَأُفَوِّضُ أَمۡرِيٓ إِلَى
ٱللَّهِۚ إِنَّ ٱللَّهَ بَصِيرُۢ بِٱلۡعِبَادِ ﴿٤٤﴾ فَوَقَىٰهُ ٱللَّهُ سَيِّـَٔاتِ
مَا مَكَرُواْۖ وَحَاقَ بِـَٔالِ فِرۡعَوۡنَ سُوٓءُ ٱلۡعَذَابِ ﴿٤٥﴾ ٱلنَّارُ
يُعۡرَضُونَ عَلَيۡهَا غُدُوّٗا وَعَشِيّٗاۚ وَيَوۡمَ تَقُومُ ٱلسَّاعَةُ أَدۡخِلُوٓاْ
ءَالَ فِرۡعَوۡنَ أَشَدَّ ٱلۡعَذَابِ ﴿٤٦﴾

وێڕای ئەو هەموو چاوڕاوکردنەی فیرعەون، سەرباری ئەو سەرڕەقی و دڵڕەقیەی فیرعەون، بابای موسوڵمان کۆڵی نەدا و سوور بوو لەسەر ئامۆژگاری و نەصیحەتی خۆی، بۆ دواجار زۆر بەڕاشکاوی پەیامی خۆی

ئاڕاستە کرد و سیٚجار بانگەوازیی دڵسۆزانەی بەنەتەوەکەی ڕاگەیاند. لەجاری یەکەمدا بەشێوەیەکی کورت بانگەوازیی کردن بۆ قبوڵکردنی پەیامی حەزرەتی موسا، لەدووەمجارو سێیەمجاردا بەشێوەیەکیی دوورو درێژ و تەفصیل ئامێز بانگەوازیی ئاڕاستەکردن؛ بانگی‌کردن بۆ ئیمانهێنان بەخودا، ئەمجار ترساندنی لەبوغراپبوون بەدونیاو هەڵینان بۆ کارکردن بۆ قیامەت، ئەمجار بەراوردیەکی کرد لەنێوان خوداپەرستی و بتپەرستی‌دا، ئەمجار ئەوە ڕادەگەیەنیٚ کە ئەو پشتی بەخودا بەستووە و هەموو کارێکی خۆی حەواڵەی ئەو خاوەن دەسەلاتە ڕەهایەکردووە.

دەفەرمویٚ: ﴿وقال الذي آمن: ياقوم اتبعون أهدكم سبيل الرّشاد﴾ ئەو بابایەی ئیمانی هێنابوو لەقەومی فیرعەون وتی: ئەی نەتەوەکەم! گەلۆ شوێنم بکەون، چیتان پیٚ‌بێژم بەقسەم بکەن، خاتر جەم بن شارەزاییتان دەکەم بۆ ڕێبازی خێرو فەڕو سەرفرازیی هەردوو جیهان ، ئەویش شوێن کەوتنی ئەو پەیامەیە کە موسا هێناویەتی. هەڵبەتە ئەم قسەیەی بابای موسوڵمان بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئاماژەی ئەوەی تێدایە کە ڕێبازی فیرعەون ڕێبازی گومڕایی‌یە.

ئەمجار ئاماژە بەهیچ و پوچی ژیانی دونیا دەکا، و دەفەرمویٚ: ﴿ياقوم إنّما هذه الحياةُ الدّنيا متاع وإنّ الآخرة هي دارُ القرار﴾ گەلۆ! خاترجەم بن ئەم ژیانی دونیایە هەر تاوێکەو دەبڕێتەوە، کەمخایەن و بیٚ‌وەفایە، چەندێك درێژە بکێشیٚ مردنی لەدوایەو کۆتایی دیٚ، ژیانی ڕۆژی دوایی بەردەوام و نەبڕاوەیە، بۆ هەتا هەتایە و مردنی بەدوادا نایە ، خەڵکی لەو ڕۆژەدا دەکرێنە دوو پێڕ بەهەشتی و دۆزەخی ، بەختەوەر و کامەران کەسێکە لەژیانی دونیادا هەوڵ بدات بۆ ئەوەی بەهەشتی بیٚ، نەگبەت و بەدبەخت کەسێکە هەوڵ بدات دۆزەخی بیٚ .

﴿من عمل سيئة فلا يجزى الاّ مثلها، ومن عمل صالحاً من ذكرٍ أو أنثى وهو مؤمن ، فأولئك يدخلون الجنّة يرزقون فيها بغير حسابٍ﴾ کەسێك تاوانێ: ئەنجام بدا لەرۆژی قیامەتدا هەر بەئەندازەی تاوانەکەی تۆڵەی لێدەسەندرێ، کەسێکیش کردەوەی چاك بکا -چ نێربێ چ مێ بێ- واتە: بەگوێرەی فەرمان و جڵەوگیری خودا هەڵسوکەوت بکا، بڕوای بەتاك و تەنهایی خودا هەبێ، هەر ئەوانە دەچنە ناو بەهەشتەوەو لەززەت و خۆشی بەردەوام نەبڕاوەیان دەدرێتێ، پاداشتیان بێ‌هەژمارو بێ‌حیسابە، دووچەندانەو چەندەها چەندانە پاداشتیان دەدرێتەوە، ئەمەش لەڕوانگەی فەزڵ و ڕەحمەتی خوداوەیە:

ئەم ئایەتە بنەمایەکی سەرەکی‌یە بۆ دەرهێنانی ئەحکامی شەرعی لەبواری جینایات دا، زۆر یاسا و قانونی لێدەردەهێنرێ ئەوەدەگەیەنێ تۆڵەستاندنەوە بە(مثل) واتە: بەئەندازەی تاوان ڕێگە پێدراوە و مەشروعە زیاد لە (مثل) ناڕەوایە و لەسنوور دەرچوونە .

﴿ياقوم! مالي أدعوكم الى النّجاةِ و تدعونني الى النّار﴾ گەلۆ! هۆی چیە من بانگەوازییتان دەکەم بۆ ڕێگای سەرفرازیی و رزگاربوون لەئاگرو شادبوون بەبەهەشت بەهۆی ئیمانهێنانتان بەخوداو بڕوابوونتان بە پێغەمبەران و یەکتاپەرستی ، کەچی ئێوە بانگەوازییم دەکەن بۆ کرداری خراپ و ڕێبازی بەرەو دۆزەخ و بەدبەختی هەتا هەتایی؟؟ بۆچی داوام لێدەکەن هاوەڵ بۆ خودا دابنێم و بتپەرستی بکەم؟؟

ئەرێ بۆچی﴿تدعونني لأكفر بالله وأشرك به ماليس لي به علمٌ وأنا أدعوكم الى العزيز الغفّار﴾ ئێوە بانگی من دەکەن و هەڵم دەنێن بۆ ئەوەی بڕوام بەتاك و تەنهایی خودا نەبێ و هاوەڵی بۆ دابنێم!؟ لەکاتێکدا ئەو شتەی کەدەتانەوێ بیکەمە هاوەڵی خودا هیچ بەڵگەیەکم نیە لەسەر خودایەتی ئەو شتە، ئەدی بە چ عەقڵێك بیکەمە هاوەڵی خودا ؟!

وەلحالّ من بانگەوازییتان دەکەم بــۆ ئــەوەی ئیمــان بێنــن بەخودایــەك هەرچی صیفاتی ئولوهیەت هەیە تیّیدایــە، هــەرچی صیفــاتی جــەلال و جەمال هەیە هەیەتی. خودای من خودایەکی خاوەن تواناو دەسەڵاتە، زۆر بەئاسانی دەتوانیّ تۆڵە لەسەرپێچیکاران بسێنیّ لێخۆشبووە و تاوانپۆشــە بۆ ئەوانەی تۆبەدەکەن و بۆلای ئەو دەگەڕێنەوە.

ئەمجار جەختی لەسەر پڕوپوچی بیروباوەڕەکەیان کردەوەو وتی: ﴿لاجرم أنّ ماتدعونني اليه ليـس لـه دعـوة في الدّنيـا ولا في الآخـرة﴾ شـتێکی بەڵگە نەویست و چەسپاوە، عــەقلّ دەیسەلمێنیّ و واقیـع دەیچەسـپێنیّ ئەوەی ئێوە داوام لیّدەکەن لەبتپەرستی و هاوەڵدانان بۆ خودا، ئەو شتەی ئێوە بەخودای دەزانن و پەرستشی بۆ دەکەن ، ئەگەر بانگی لیّبکەن وەڵام ناداتــەوە، نەلــەدونیاداو نەلەقیامــەت دا ســود بەعیبادەتکەرەکــەی ناگەیەنیّ، ناشنەویّ و نابینیّ، ئەدی چۆن بەکەڵکی خودایەتی دیّ؟!

نمونەی ئەم ئایەتە ئایەتێکی ترە دەفەرمویّ: ﴿ ومن أضل ممن يدعو من دون الله من لا يستجيب له الى يوم القيامة، وهم عن دعائهم غافلون، واذا حشر الناس كانوا لهم أعداء وكانوا بعبادتهم كافرين﴾(الأحقاف/٦-٥).

یــانِ دەفــەرمویّ: ﴿ان تدعوهـم لا يسـمعوا دعـاءكم ولـو سمعـوا مــا استجابوا لكم، ويوم القيامة يكفرون بشرككم﴾(غافر/١٤).

دەبیّ کیّ لەو کەسە بیّ عاقڵتر بیّ دارێکی داتاشراو بەردێکی ڕاســتەو پاستە کراو بپەرستیّ، یان گۆڕو قسنی پیاو چاکێك بکاتە نزرگای خــۆیو بەدەوری دابسورێتەو پیّی وابیّ ئەو مردوە بەهانایەوە دیّ و سودو قازانجی بیّدەگەیەنیّ، هاواری لیّ بکاو لیّیبپاڕێەوە!

﴿وأن مردنا الى الله، وأن المسـرفين هـم أصحـاب النـار﴾ بێگومــان سەرەنجام گەڕانەوەمان بۆلای خودایــە، هــەمووان دەمریــن وهــەموومان زیندو دەکریّینەوەو دەچینەوە بەرقاپی ڕەحمەتی، ئەودەم هەموو کەســێك

بەگوێرەی کردەوەی خۆی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ، پاداشی چاکە بەهەشتی رازاوەیە و سزای خراپە ئاگری دۆزەخە.. تەجاوەزکاران و زیدەڕەوان، ئەوانەی ڕوچون لە گومڕای و کوفر و بێدینی دا ئەهلی ناو دۆزەخن و دەخرێنە ناوی و بۆ هەتا هەتایە تیایدا دەمێننەوە..

ئەنجار بابای ئیماندار ئامۆژگارییەکانی بە وتەیەکی جوان و شیرین و کاریگەر کۆتا پێ هێناو دا وای لێ کردن بیر لە داهاتووی خۆیان بکەنەوەو دووربین وورد بین بن، ڕوی تێکردن و وتی:

﴿فستذكرون ما أقول لكم ان الله بصير بالعباد﴾ گەلۆ! داهاتوو نزیکە، لەوە بەولاوە ڕاستی قسەکانی منتان بۆ دەر دەکەوێ، ئەو دەمە ئامۆژگارییەکانی منتان دێنەوە بیر، دەزانن ئامۆژگاری و هەوڵ و تەقەلای من لەگەڵتان چەند دڵسۆزانەیە، بەڵام ئەو کاتەی ئەم ڕاستییانەتان بۆ دەر دەکەوێ، گوێگرتن و پەشیمان بوونەوە سودی نیە، کار لەکار دەترازێ و وەختی تەکلیف و بەر پرسیاری بەسەر دەچێ، کاتێ حیساب لێکۆڵینەوەو سزاو پاداشتە!

﴿وأفوض أمري الى الله﴾ من ئێستا پشت بەخودا دەبەستم و داوای کۆمەکی هەر لەو دەکەم بۆ ئەوەی لە هەموو خراپەو سەرپێچییەك بمپارێزێ، لە تۆڵەی دابڕان و دووركەوتنەوە لێتان نەتوانن زیانم پێ بگەیەنن.

﴿ان الله بصير بالعباد﴾ بێ گومان خودا بینایە بەبەندەکانی، ئاگاداری هەموو کارو کردەوەیەکیانە، تەنانەت شاراوەی ناو دڵیان دەزانێ و ئاگای لە خیانەتی چاوی بەندەکانیەتی. دەزانێ کێ شیاوی هیدایەتە هیدایەتی دەدا، کێ شیاوی گومڕاییە لەگومڕای خۆیدا دەیهێڵێتەوە، بەم جۆرە ئیمانداری هۆزی فیرعەون ئامۆژگاری خۆی کردو جیهادی خۆی ئەنجامدا، وتە بەنرخەکانی خۆی لەویژدانی مێژوودا تۆمار

کــرد، لەبەرامبــەر ئەنجومــەنی ملــهوڕانی فیرعـــەون و فیرعـــەون خۆیدا پەیامی حەقی ڕاگەیاندو بوێرانە خاڵەکانی لەسەر پیتـەکان دانـا، موقاتیل دەڵێ: دوای ئەم حیوارو ئامۆژگاریکردنە بابای ئیماندار وەکێوی کەوت و قاچاغ بوو، دارو دەستەی فیرعەون بـۆ یـان نـەگیراو نـەیانتوانی زیانی پێ بگەیەنن.

دەفەرموێ: ﴿فوقاه الله سيئات مـامكروا﴾ ئیـتر پـەر وەردگـار بابـای ئیمانداری لەئاکامی ئەو پیلان و فرت و فێڵانەی دەیانکردن ڕزگار کـردو نەیهێشت زیانی پێ بگەیـەنن، هـەروەکوو چـۆن لـەوەو پێـش حـەزرەتی موسای لەپیلانەکەیان ڕزگار کرد: کە لەشوێنێکی تردا ئاماژەی پێ دەکاو دەفەرموێ: ﴿ياموسى ان الملأ يأتمرون بك ليقتلوك﴾ (القصص/٢٠).

لەقیامەتیش دا لەئاگری دۆزەخ دەیپارێزێ،﴿وحاق بآل فرعون سـوء العذاب﴾ هەرچی ئەوانەش: کە سەربەفیرعەون بوون بەڵای سامناك لە ناو خۆی گرتن و تێکیەوە پێچان و لەناو دەریادا خنکاندنی، لەقیامـەتیش دا دەخرێتە ناخۆشترین شوێنی دۆزەخەوە.

ئـەنجار شـێوەی عەزابەکـەیان دیـاری دەکـاو ﴿سـوء العـذاب﴾ شیدەکاتەوە، دەفەرموێ ﴿النار يعرضون عليهاغدواً وعشيا، ويوم تقوم الساعة أدخلوا آل فرعون أشد العذاب﴾ واتە: گیانی فیرعـەون و دارو دەستەکەی دوای ئەوەی لەدەریا دا خنکان و ژیانی دونیایان لەکیس چوو، لەجیهانی بەرزەخیان دا تا ڕۆژی بەرێ گیانەکانیان نیشانی ئاگر دەدرێن و جا کە قیامەت هات، جەستەو گیانیان یـەك دەگرنـەوەو زینـدو دەبنـەوە ڕاپێچی سارای مەحشەر دەکرێـن و بەفریشـتەکان دەگوترێ: فیرعـەون و تاقمەکەی تورِ بدەنە ناخۆشترین شوێنی دۆزەخەوە. ئەم ئایەتە بەڵگەیەکی بەهێزە لەسەر هەبوونی عەزابی ناو گۆڕ، ئەوە دەگەیـەنێ کـە دوا مـردن جۆرە عەزابێك هەیە بۆ تاوانباران.

ئیمامی بوخاری و موسلیم و هی‌تریش لەعەبدوللای کوری عومەرەوە ریوایەت دەکەن دەڵێ: پێغەمبەرﷺ فەرموی: (ان أحدكم اذا مات عرض عليه مقعده بالغداة والعشي، ان كان من أهل الجنة فمن أهل الجنة، وان كان من أهل النار فمن أهل النار، يقال له هذا مقعدك حتى يبعثك الله اليه يوم القيامة) هەریەکێ لە ئێوە: کە مرد بەیانی و ئێوارە شوێنی خۆی نیشان دەدرێ، جا ئەگەر بەهەشتی بێ شوێنی بەهەشتی نیشان دەدرێ، ئەگەر دۆزەخیش بێ جێگای خۆی لە دۆزەخ نیشان دەدرێ، پێی دەگوترێ ئەوە شوێنی تۆیە هەتا خودا رۆژی سەڵا زیندوت دەکاتەوە دەتهێنێتە ئەوێ.

لەئیبنو مەسعودەوە ریوایەت کراوە دەڵێ: پێغەمبەرﷺ فەرمووی: گیانی هۆزی فیرعەون و کافرانی‌تر بەیانی و ئێوارە بەسەر ئاگردا رادەنوێنرێن و پێیان دەگوترێ: ئەمە مەنزڵگای ئێوەیە، بەکورتی ئەم ئایەت و حەدیسانە بنەماو چەسپێنەری ئەوەن: کە عەزابی بەرزەخ حەق و چەسپاوە شك و گومانی تێدا نیە، ئیمامی بوخاری لەخاتو عائیشەوە ریوات دەکا، دەفەرموێ: دەربارەی عەزاب گۆڕ پرسیارم لە پێغەمبەرﷺ کرد لەوەڵام دا فەرمووی: (نعم عذاب القبر حق) بەڵێ عەزابی ناو گۆڕ هەیەو حەق و چەسپاوە.

دەمە دەمێی نێوان سەرانی کوفرو شوێنکەوتوانیان لەناو دۆزەخ دا

وَإِذْ يَتَحَآجُّونَ فِى
ٱلنَّارِ فَيَقُولُ ٱلضُّعَفَٰٓؤُاْ لِلَّذِينَ ٱسْتَكْبَرُوٓاْ إِنَّا كُنَّا
لَكُمْ تَبَعًا فَهَلْ أَنتُم مُّغْنُونَ عَنَّا نَصِيبًا مِّنَ ٱلنَّارِ

﴿٤٧﴾ قَالَ ٱلَّذِينَ ٱسۡتَكۡبَرُوٓاْ إِنَّا كُلٌّ فِيهَآ إِنَّ ٱللَّهَ
قَدۡ حَكَمَ بَيۡنَ ٱلۡعِبَادِ ﴿٤٨﴾ وَقَالَ ٱلَّذِينَ فِي ٱلنَّارِ لِخَزَنَةِ
جَهَنَّمَ ٱدۡعُواْ رَبَّكُمۡ يُخَفِّفۡ عَنَّا يَوۡمٗا مِّنَ ٱلۡعَذَابِ ﴿٤٩﴾
قَالُوٓاْ أَوَلَمۡ تَكُ تَأۡتِيكُمۡ رُسُلُكُم بِٱلۡبَيِّنَٰتِۖ قَالُواْ
بَلَىٰۚ قَالُواْ فَٱدۡعُواْۗ وَمَا دُعَٰٓؤُاْ ٱلۡكَٰفِرِينَ إِلَّا فِي ضَلَٰلٍ ﴿٥٠﴾

ئەمە سەرتای چیرۆکێکی‌ترە، چیرۆکێکی گشتی‌یەو تایبەت نیە بەفیرعەون و دارو دەستەکەیەوە، هەموو سەرانی کوفرو شوێن کەوتوانیان دەگرێتەوە.. پەیوەندی نێوان ئەم کۆمەڵە ئایەتە لەگەڵ هی پێشەوەدا لەم ڕووەوەیە: برێ لە ئامۆژگارییەکانی ئیماندارەکەی هۆزی فیرعەون باسی چۆنیەتی دۆزەخ بوو، ئەمجار بەم بۆنەوە لێرەدا چیرۆکی تێك گیران و دەمە دەمێی نێوان سەرانی کوفرو شوێنکەوتوانیان نمایش دەکاو دەفەرموێ:

﴿واذ يتحاجون في النار، فيقول الضعفاء للذين استكبرو: انا كنا لكم تبعا فهل أنتم مغنون عنا نصيبا من النار؟﴾ ئەی پێغەمبەر! بەمەبەستی پەندو ئامۆژگاری ئەو حاڵ و وەزعە بۆ گەلەکەت باس بکە، کە تێکڕا کافرەکان -بەفیرعەون و گەلەکەیشیەوە- لە ناو ئاگردان و بە کێشە دێن و دەکەونە دەمە دەمێ: جا مسکێن و بێ هێزەکانی دونیا بەملهوڕو خۆبەزلزانەکانیان دەبێژن ئێمە وابەستەی ئێوە بووین، شوێنتان کەوتین، ملکەچی فەرمان و جلەو گیریەکانتان بوین، ئایا ئێوە ئێستا بەشێك لە عەزابی دۆزەخمان بۆ لە ئەستۆ دەگەن؟ ئێوە نەتانهێشت ئێمە شوێن

پـەیامی پێغەمبـەران بکـەوین، بەقسـەی ئێـو گومـڕا بووین، بـەهۆی شوێنکەوتنمان بۆئێوە تووشی ئەم عەزابە سەختە هـاتووین، دەلـەجیاتی ئێمە بەشێك لەو عەزابە هەڵبگرن!

بەڵێ ئەمە دیمەنێکە لەدیمەنە سامناکەکانی قیامەت، ئێسـتا سـەرانی کوفرو شوێنکەوتوانیان لـەناو ئـاگردا، کێشـەیان تێکـەوتووە و کەوتونـە سـەر زەنشـتکردنی یـەکتری، چلکـاو خـۆرو ملکـەچ و بـێ هێزەکـان لەگەڵ ملهوڕو دونیا خۆرەکان دا دۆزەخ لە خۆی گرتـوون چـەندێك هـاوار بکەن و بڵێن:

ئێمە بێدەسەڵات بووین، زۆرمان لێ کراوەو نەمانتوانیوە سـەر پێچـی ئاغاکانمان بکەین، دادیان نداو قسـەیان لێوەر ناگـیرێ، چونکـە ئەوانـە خودا ڕێزی مرۆڤایەتی پێبەخشیبون لەدەستیان داوە، کە سایەتی خۆیـان نەپاراسـتووە، ڕێـزی خۆیـان نـەگرتووە، بەدەسـتی خۆیـان و بەویسـتی خۆیان خۆیان کردوە بەمێگەلە بزن و مەڕو لێخوڕ دراون، لەکەسـایەتی و ئازادی و مرۆڤایەتی خۆیان دابەزیون خۆیان کردۆتە ژێردەستی ملـهوڕان، ڕۆژێ لە ڕۆژان بەخۆیان دانەچوونـەوە، پەنجـەی ناڕەزاییـان دژی ملـهوڕان بەرز نەکردۆتەوە، چیان پێ گوتراوە گوتوویانـە بـەڵێ بەسـەر چـاوو دەس بەسنگەوە بوون، گەورەکانیان ڕێبازی گومڕاییان نیشـان داون و ئـەوانیش پەیڕەوییان کردوە، دەی ئـەم وابەسـتەبون و شـوێنکەوتنە کوێرانـە دادی نەدان و لەگەڵ ملهوڕانیان لە دۆزەخ خزێندران.

ئەمجار بەماڵوێرانی خۆیان زانیوەو کەوتوونە قسەو داوا دەکـەن رابـەرو گەورەکانی دونیایان بەشێك لە عەزابی دۆزەخیـان بـۆ لەئەسـتۆ بگـرن و کەمێك ئازاریان لێ سوك بکەن، وەکوو لە دونیادا وایان تێ دەگەیاندن لە ماڵوێرانی دەیانپارێزن، ڕزگاری و ئازادییان پێ دەبەخشن .

﴿قال الذين استكبروا: انا كل فيها، ان الله قد حكم بين العباد﴾ ملهوڕو خۆبەزلزانەکانی جیهان وەڵامـی ژێـر دەسـتە کانیـان دەدەنـەوەو دەڵێن: ئێمەو ئێوە بەکۆمەڵ وایـن لـەدۆزەخ دا ئێمـە حاڵمـان لـە ئێـوە خراپترە (ئەگەر کەچەڵ دەرمانکەر بوایە دەرمانی سـەری خـۆی دەکـرد!) بەچ هێزو توانایەك بەشێك یان هەموو عەزابی ئێوە لـە ئەسـتۆ بگریـن، ئەگەر بمانتوانیایە عەزابمان لە خۆمان دوور دەخستەوە! ئێمە هیچمان بـۆ ناکرێو چ دەسەڵاتێکمان نیە، ئەوە واقیعی حاڵەو بڕیاری خـودای دادوەرو دادپەروەرە، بەگوێرەی عەدالەتکاری خۆی بڕیای داوە لە نێوان بـەندەکانی دا هەندێکیان بـۆ بەهەشـت و هـەندێکیان بـۆ دۆزەخ، عـەزاب و سـزای سامناکی خۆی بەسەرمان دا دابەش کردوە، هەرکەسە بەگوێرەی کردەوەی خۆی تۆڵەی لێ دەسەندرێ، وەکوو لە ئایەتێکی تردا ئاماژە بـەوە دەکـاو دەفەرموێ: ﴿قال: لكل ضعف ولكن لا تعلمون﴾(الاعراف/٣٨).

جا: کە لە ملهوڕەکان ناهومێد بوون، ئەمجار هانـا بـۆ لێپرسـراووکـار بەدەستانی دۆزەخ دەبەن، داوایان لێ دەکەن بۆیـان لـە خـودا بپاڕێنـەوە، بەڵام بێ سودە!

دەفەرموێ: ﴿وقال الذين في النار لخزنة جهنم: أدعـوا ربكـم يخفـف عنا يوما مـن العـذاب﴾ ئەوانـەی لـەناو ئـاگردان بەلێپرسـراوانی دۆزەخ دەبێژن تکاتان لێ دەکەین بۆمان لەخودا بپاڕێنەوە، بەشکوو بەئـەندازەی ڕۆژێك سزامان لەسەر هەڵبگرێ، شەفاعەتمان بۆ بکەن، بۆمان بپاڕێنـەوە، هەرچۆنێك بێ تۆزێ سزامان لەسەر سـوك بکـەن، کاربەدەسـتانی دۆزەخ خێرا وەڵامی گورچکبڕو ناهومێدیان دەدەنەوە .

﴿قالوا: أو لم تك تأتيكم رسلكم بالبينات؟﴾ دەڵێن: ئەوە چۆن ڕوتـان دێ باسی ڕزگار بون و سـوککردنی عـەزاب بکـەن، ئـەرێ ئێـوە نـەبوون پێغەمبەران بەبەڵگەو نیشـانەوە هاتنـەناوتان و بانگـەوازییان کـردن بـۆ

ئیمانهێنان و خودا پەرستی؟ بەڵگەو نیشانەی ڕاستی پێغەمبەرایەتی خۆیان بەئێوە نیشان دا، ئێوەیان لەم سزاو عەزابە، ترساند؟ وەکوو لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿**الم یأتکم رسل منکم یتلون علیکم آیات ربکم وینذرونکم لقاء یومکم هذا؟**﴾(الزمر/٧٢) چەند دڵسۆزانە پەیامی خۆیان پێ گەیاندن و بانگەوازییان کردن؟!

﴿**قالوا: بلی**﴾ ئەهلی جەهەننەم وتیان: بەڵێ: پێغەمبەرمان هاتنە سەرو بانگەوازییان کردین ئێمە بەدرۆمان خستنەوە، ئیمانمان پێ نەهێنان.. جا: کە ئاوا بەو جۆرە دان بە تاوانانی خۆیان دا دەنێن، فریشتە بەر پرسەکانی دۆزەخ بەگاڵتەوە قەشمەری پێ کردنەوە..

﴿**قالوا: فادعوا، وما دعاء الکافرین الا في ضلال**﴾ پێیان دەڵێن: کە وایە، دە بۆخۆتان هاوار بۆلای خودا بکەن و وەپاڕێن ئێمە دوعاو پاڕانەوە بۆ کەسێك ئەنجام نادەین لە ژیانی دونیای دا خودانە ناس بووبێ‌و پەیامی پێغەمبەرانی ڕەتکرد بێتەوە، موعجیزە و نیشانەی ئاشکرای ئەو پێغەمبەرانەی بەدرۆخستبێتەوە، ئێمە لە ئێوە بێ بەرین و حاشا لەوەی شەفاعەتتان بۆ بکەین، ئەگەر بۆ خۆشتان بپاڕێنەوە خاتر جام بن دوعاو پاڕانەوەی کافرو خوودانەناسان بەشی هەر بەفیڕۆ چوونە، هەرگیزاو هەرگز نزایان لێوەر ناگیرێ.

تیرمیزی لە ئەبو دەرداوە ڕیوایەتی کردوە، دەڵێ برسیەتی یەخەی دۆزەخیان دەگرێ هەتا بە ئەندازەی هەموو ئازاری دۆزەخ پێی نارەحەت دەبن، هاواریان لێ هەڵدەستێ‌و داوای خۆراك دەکەن، خۆراکی ﴿الضریع﴾ یان پێ دەدەن دەیخۆن و هیچ برسیایەتیان لا ناچێ، هاوار دەکەن بۆ خۆراك خواردنێکیان بۆ دەبەن قوت ناچی لەبینیان دەگیرێ، بیردەکەنەوە لە دونیادا : کەشتێ وەهایان بەسەر دەهات ئاویان بەسەردا دەکردو بەئاو قوتیان دەدا، هاوار دەکەن ئاویان فریابخەن، ئاوی کوڵاتوویان بۆ دەبرێ،

کەلەدەم و چاویان نزیك دەبێتەوە دەم وچاویان دەبر ژێنێ، کە دەیخۆنەوە ریخۆڵەکانیان کوتکوت دەکا، هاوار دەکەنە فریشتە گزیرەکانی دۆزەخ بۆیان وەپارێن دەڵێن: ﴿أولم تك تأتيكم رسلكم بالبينات؟ قالوا: بلى، قالوا فادعوا ومادعاء الكافرين الا في ضلال.﴾[1] .

یارمەتیدانی خودا بۆ پێغەمبەرانی لەدونیاو قیامەت دا

إِنَّا لَنَنصُرُ رُسُلَنَا وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا وَيَوۡمَ يَقُومُ ٱلۡأَشۡهَٰدُ ﴿٥١﴾ يَوۡمَ لَا يَنفَعُ ٱلظَّٰلِمِينَ مَعۡذِرَتُهُمۡۖ وَلَهُمُ ٱللَّعۡنَةُ وَلَهُمۡ سُوٓءُ ٱلدَّارِ ﴿٥٢﴾ وَلَقَدۡ ءَاتَيۡنَا مُوسَى ٱلۡهُدَىٰ وَأَوۡرَثۡنَا بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ ٱلۡكِتَٰبَ ﴿٥٣﴾ هُدٗى وَذِكۡرَىٰ لِأُوْلِي ٱلۡأَلۡبَٰبِ ﴿٥٤﴾ فَٱصۡبِرۡ إِنَّ وَعۡدَ ٱللَّهِ حَقّٞ وَٱسۡتَغۡفِرۡ لِذَنۢبِكَ وَسَبِّحۡ بِحَمۡدِ رَبِّكَ بِٱلۡعَشِيِّ وَٱلۡإِبۡكَٰرِ ﴿٥٥﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ يُجَٰدِلُونَ فِيٓ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ بِغَيۡرِ سُلۡطَٰنٍ أَتَىٰهُمۡ إِن فِي صُدُورِهِمۡ إِلَّا كِبۡرٞ مَّا هُم بِبَٰلِغِيهِۚ فَٱسۡتَعِذۡ بِٱللَّهِۖ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡبَصِيرُ ﴿٥٦﴾

١- ئەم فەرموودەیە تیرمذی ریوایەتی کردووە و نیسنادی زەعیفە لەباسی ی جەهەننەم دا (٢٥٨٦) باب (٥) هێناویەتی .

دەربارەی سەبەب نزولی ئایەتی (٥٦) ئیبنوئەبی‌لحاتەم لە ئەبولعالیەوە ڕیوایەت دەکا، دەڵێ: جولەکە هاتن بۆلای پێغەمبەر ﷺ باسی دەجاڵیـــان کردو زوریان پێدا هەڵگوت.

وتیان: لە ئێمە دەبێ و لەڕەگەزی ئێمە سەر هەڵدەدا، بـەهۆی ئـەوەوە دونیا داگیر دەکەین، ئیـتر پـەروەردگار ئایـەتی ﴿ان الذیـن یجـادلون في آیات الله بغیر سلطان أتـاهم، ان في صدورهـم الاکـبر مـاهم ببالغیـه، فاستعذ بالله﴾ ی نازڵ کردو فەرمانی بـە پێغەمبـەر کـرد کـە پـەنابگرێ بەخودا لە فیتنەی دەجاڵ.

جا ئایەتەکە دەربارەی موشریکەکانی مەککە نازڵ بووبێ، یان دەرحەق جولەکەکان هاتبێتە خوار، ماناکەی گشـتی یـەو هـەموو جیـدال خـوازو کێشەکارێك دەگرێتەوە.

ئیبنوکەسیر ڕیوایەتەکەی ئەبولعالیەی پێ تەواو نیەو گومانی لەسەرە، دەڵێ ڕاست ئەوەیە: کە دەربارەی هەموو کافرێك هاتبێتە خوار.

دەفەرموێ: ﴿ انا لننصر رسلنا والذین آمنـوا في الحیـاة الدنیـا ویـوم یقوم الأشهاد﴾ دڵنیابن ئێمە لەدونیادا یارمەتی پێغەمبەرانی خۆمـــان و هەموو ئەوانەی ئیمانیان هێنـاو دەدەیـن، پێغەمبـەران شـوێنکەوتوانیان بەسـەر دوژمنانیـان دا سـەردەخەین، هـەرەها لـــە ڕۆژی قیامەتیشـــدا کە شایەتەکان ڕاست دەکەینەوە، فریـشتەو پێغەمبەران و موسـولْمانان دەکەینە شایەت لەســەر ئـەوە پێغەمبـەران پـەیامی خۆیـان گـەیاندوەو گەل و نەتەوەکانیان بەدرۆیان خستونەوە.

لەقیامەت دا سەرکەوتنەکە ئاشکراو نمایانە، پێویست بە موجادەلـــەو کێشە ناکا، شتێکی بەڵگە نەویستە.. بەڵام سەر کەوتنی خودا ناسان لـــە دونیادا پێویستی بەلەسەر ڕاوەستان و تێفکرین هەیە، ئەوەتاوادەی خـودا ڕون و ئاشکرایەو دەفەرموێ: ئێمە پشتگیری پێغەمبەران و موسـولْمانان

دەکەین، لەهەمان کاتدا ئـادەمیزاد بـەچاوی خۆیـان دەبینـن و بینیوانـە پێغەمبـەران شـەهید کـراون، دەربـەدەرو زیندانـی کـراون، ئەزیـــەت و چەرمەسەرییان بینیوە، هەروا موسوڵمانان هەیانبوە لەسەر دەستی کـافر توشـی دژوارتریـن سـزاو کوشـتن و بریـــن بـــوون، تەنانـــەت کۆمەڵــە موسوڵمانانی وا هەبووە فڕێ دراوتە ناو چاڵی ئاگرەوە.

﴿اصحاب الاخدود﴾ باشـترین نمونـەی ئـەو حەقیقەتـەن، ئێسـتاش لەهەموو کون و قوژبنێکی جیهان دا دەبینین و دەشنەوین: موسوڵمانان چ حاڵێکیـان هەیـە بەدەسـت ملـهوڕانی کوفـرەوە، هـەر لـە کوردسـتانی خۆمانەوە بگـرە تافەلەسـتین و تونـس و جـەزائیرو زۆربـەی وڵاتـانیتری جیـهان، هـەر موسـوڵمانەو بەدەسـتی کوفـرەوە لـە قـاقۆزە پێچـراوەو زەلالەتیەتی، دەچەوسێنرێتەوە و قەڵاچۆدەکرێن، هەر دەمەبە بیانوێکەوەو هەر ڕۆژە لە ژێر پەردەیەکی بریقە دار دا، موسوڵمانەو دەکـوژرێ، تـاڵان دەکرێ، ڕادەگوێزرێ لەزیدو نیشتمانی خۆی دەر دەکـرێ، لەسـەر خـاك و ئاوی خـۆی هـەڵدە قـەندرێ، دەی کـواوا دەی خـوداو کواسـەر کـەوتنی موسوڵمانان بەسەر کوفردا ؟؟

بێگومان ئەمە دەرگایەکی بەر فراوانە و شـەیتان بەئاسـانی دەتوانـێ لێیەوە بچێتە ناودڵ و دەرونەوەو موسوڵمانی سافیلکە لە خشـتە بـەرێ و مەبەستی خراپی خۆی بێنێتە جێ، بۆیە پێویسـتە ئێمـە بەوردبینییـەوە سـەیری ئـەو مەسـەلەیە بکـەین و بزانـین: کـەوادەی خـودا راسـتەو ڕەتبوونەوەی تێدا نیەو هەموو کاتێ دێتە جێ وەلێ خەڵکی پێوەرە کانیان هەڵەیان تێدایـەو سـەر سـەرەکی دەڕواننـە ڕوداوەکـان و زۆرحـەقائیق و قیییەم پاشگوێ دەخەن و مەزەندە کردنەکەیان هەڵەیەو گوێرانـە بـەراورد کردنەکانیان ئەنجام دەدەن!

بەڵێ قیاس و پێوەرو مەزندەکردنی ئادەمیزاد کەم و کوڕی تێدایە، ماوەیەکی کورت و پانتاییەکی کەمی تێدا بەرچاو گیراوە، بەراورد کردن و پێوەرەکان هی ئادەمیزادن و شمولی نین، پێوەری تەواو و گشتی پێوەری پەروەردگارە، ئەو قەزییە کە لەپانتاییەکی بەربلاوی کات و شوێن دا رادەنوێنێ سنور ناخاتە نێوان ئەم چەرخەو چەرخێکی تر، یان ئەم شوێنەو شوێنێکی تر..

جا ئەگەر لەم ڕوانگەوەو بەگوێرەی ئەو پێوەرو بەراوردکردنە بڕوانینە قەضییەی بیروباوەڕی ئیسلامی و ڕێبازی خودا پەرستان، ئەوە دەبینین بەبێ شك و گومان بیرو باوەڕ سەر کەوتووە و سەردەکەوێ، سەر کەوتنی بیرو باوەڕیش سەرکەوتنی هەڵگرەکانیەتی لەحەقیقەت و واقیع دا هەڵگرانی ئەم بیرو باوەڕە کەسایەتی و بونێکیان نیە لەدەرەوەی بوونی بیرو باوەڕەکەیان دابێ.

یەکەم شتێك: کە بیرو باوەڕ داوا لە موسوڵمانان دەکا ئەوەیە: کە خۆیان لە پێناوی دا بەخت بکەن، خۆیان بفەوتێنن بیرو باوەڕیان بەر قەرار و ئاشکرا بێ، هەروا خەڵکی بەکورت بینی دەڕەواننە مانای سەر کەوتن سەرکەوتنێك بەسەرکەوتن دەزانن خۆیان پێوە گرتبێ و پێوەری ئەوان بیگرێتەوە! بەڵام لە ڕاستی دا جۆری سەرکەوتنی زۆرو جیاجیان، جاری وا دەبێ سەرکەوتن لە بەرچاوی کورت بینان لە شێوەو ڕوخساری تێشکان دا خۆی دەنوێنێ، بۆ نمونە حەزرەتی ئیبراهیم کە چوار پەلیان بەستن و بەمەنجەنیق هەڵیاندایە ناو ئاگرەوە و لەبیرو باوەڕی خۆی پەشیمان نەبوەوەو وازی لە بانگەوازی کردن بۆی، نەهێنا، ئایا ئەمە مەوقیعی سەرکەوتنە یان تێشکانە؟

لەواقعی حاڵ داو لەڕوانگەی بیرو باوەڕەوە ئەوە ئەو کاتەی حەزرەتی ئیبراهیم(عليه السلام) پەلبەست کراو خرایە ناو مەنجەنیقەوە لەسەر تروکی

سەرکەوتن دابوو، هــەروەکوو چــۆن ئــەو کاتــەی لەئاگرەکــە هاتــەدەرەوە ســەرکەوتن بــوو، ئــەوەیان شــێوە ســەرکەوتنێکە و ئەمــەیان شــێوە ســەرکەوتنێکی تــرە، بەڕواڵــەتیش زۆر لێــك دورن و لێــك جیــان! بــەڵام لەڕاستیدا زۆر لێك نزیکن و هەردوو حاڵەکە سەرکەوتنن!

حەزرەتی(حسین) ڕەزای خودای لیّبیّ-کە بــەو شــێوە مەرگەســاتەخۆی هاوەڵانی شەهید کران، ئایا ئــەوە ســەرکەوتن بــوو یــان تێشــکان بــوو؟؟ بەڕواڵەت و لەدیدی کورت بینانەوەو بەپێوەری پڕکەم و کوڕی ئــادەمیزاد تێشکان و ژێــر کــەوتن بــوو، وەلیّ لەحەقیقــەت و واقیــع داو بــەپێوەری ڕاستی و شموولی سەرکەوتن بــوو، ســەرکەوتنێکی گــەورە، چونکــە هیــچ شەهیدێکی ڕێگای ڕاست و خودا پەرستی و ئــازادی هێنــدەی حــەزرەتی حسین لەدڵو دەروونی موسوڵمانان دا خۆی نەچەسپاندوە.

شەهید بوونی (حســین) و هــاوەڵانی لەســارای کەربــەلا بۆتــە خوێــنی سیاوەحش و وشك نابێتەوە، یادکردنەوەی ئەو دیمەنە موچڕکە بەجەســتەی شیعەو ناشیعەو موسوڵمان و ناموســوڵمان دا دێــنیّ! بــەڵکو هــەندێکیان وەکــولّ دێــنی و دەیانگریــەنیّ، تــا ئێســتاو لەمــەو دواش خوێنەکــەی گەشەو بوەتە ڕەمزو پانتایەکی زۆر لە جیهانی ئیسلامی یــادی ســاڵانەی دەکەنەوە، ماتەمینی بۆ دەگــێڕن هەرچــەندە ماتەمینییەکــە بــەگوێرەی شەرع ڕەنگە پەسەند نەبیّ و بەڵکوو زۆربەی دیاردەکانی ئەو ماتەمینییە لەچوار چێــوەی ئــاینی ئیســلام دا جێگــای نابێتــەوە، بــەڵام لــەواقیع دا شەهید بوونی حەزرەتی حوسێن بــە و شــێوە تراژیدیایــە ســەرکەوتنێکی بیّ وێنە بووە.

زۆر شــەهید هــەن لــەمێژووی کــەونا ڕای ئــادەمیزاد دا بــە شــەهید بوونەکەیان خزمەتێکی وەهای قەزییەکەیان کردووە، ئەگــەر هــەزار ســاڵ لەژیان دا بوونایەو هەولّ و تێکۆشانیان بکردایە نەیاندەتوانی ئەم خزمەتە

پێشکەش بکەن، یەکێکی وەکوو قازی محمد (پێشەوا) ئیعدام کردنەکەی بوویە رەمزو خزمەتێکی گەورەی بیرو باوەڕەکەی کرد! بریندار بوونی شێخ مەحمودو حەبس و زیندانی و نەفیی کردنی تائەو پەڕی سنوور خزمەتی قەضیەی کوردی کرد. هەڵهاتنی مەلا مستەفای بارزانی بەخۆی هەڤالانیەوە سالانی (١٩٤٦/١٩٤٧) لە کوردستانی عیراقەوە بەناو سێ کوچکەی (عێراق ، ئێران ، تورکیا) داو بەڕینەوە لە ئاوی ئاراس و پەنا هەندە بوونی لەولاتی سوفیەت تێشکان نەبوو بەڵکوو سەرکەوتن بوو! سەرکەوتنێکی گەورەو کەم وێنە.

کۆڕەوە دووملیۆن کەسەکوردەکەی بەهاری ساڵی ١٩٩١ زاینی بەرەو سنورەکانی تورکیاو ئێران سەرکەوتنێکی بێ وێنەی بۆ گەلی کورد دەستە بەر کرد، دەی کەوابێ سەر کەوتن کامەیە و تێشکان چیە؟! چۆنیان پێناسە بکەین و چۆنیان لێك جیا بکەینەوە ؟

پێش هەموو شتێك پێویستە ئێمە پێدا چوونەوەیەکی ورد بکەین و بەو زانیاری و مەزندەکردنە ڕواڵەتیەی خۆمان دا بچینەوە، پێوەری سەرکەوتن و ژێر کەوتنی حەقیقی بزانین و دەست نیشانیان بکەین، لایەنێکی تر هەیە پێویستە بەرچاو بگیرێ، بەڵێ ڕاستە وادەی خودا بۆ پێغەمبەرانی و شوێنکەوتوانیان هەمیشە بەردەوامە، خودا خیلافول وەعدی نیە، بەلام پێویستە حەقیقەتی ئیمان لەو دڵ و دەروونانەدا خۆی بنوێنێ و بچەسپێ: کە ئەو وا دەو بەڵێنە خودایی یەی بەسەردا تەتبیق دەکرێ..

پێویستە ئەوەش بزانرێ: کە ئیمانی ڕاست و حەقیقی لەدڵ و دەروونێك دا دەبێ و گەشە دەکا، کە هیچ جۆرە هاوەڵدانانێکی تێدا نەبێ بۆ خودا، ئیمانی ڕاست و حەقیقی کاتێك لەدڵ دا پەیدا دەبێ: کە ئەو دڵە بەدڵسۆزی ڕوبکاتە خودا پشت هەر بەخودا ببەستێ، بەقەزاو

قەدەری خودا دڵنیا بێ، خاتر جەم بێ لەوەی: کە هەرخودا هەڵسورێنەری کارەکانیەتی، دڵنیابێ لەوەی: کە چاك ئەوەیە خودا بەچاکی بزانێ، هەرچی خودا بەسەری بێنێ پێی ڕازی بێ، قبوڵی بێ، جا کاتێك ئادەمیزاد گەیشتە ئەو پلەو مەقامە، ئیتر هیچ پێشنیارێك بۆ خودا ناکا، هەموو شتێك هەواڵەی خودا دەکاو هەر بەلایەکی بەسەر بێ خۆی بۆ ڕادەگرێ و بەخێری دەزانێ، ئەمەش مانایەکە لەمانای سەرکەوتن، سەرکەوتن بەسەر زات و شەهوەت دا، ئەمە جۆرێکە لەسەرکەوتنی داخلی و سەرکەوتنی خاریجی بێ ئەو دەستەبەر نابێ!

سەرکەوتن لەدونیادا دوو جۆرە سەرکەوتنی مەعنەوی سەرکەوتنی حیسی، سەرکەوتنی مەعنەوی وەکو بۆردانی بەرامبەر بەڵگەی بەهێزو نیشانەی ئاشکرا، یان بەدەستەبەر بوونی شکۆمەندی بۆ کەسێك و بلاوبونەوەی بیروباوەڕ و پەیامی، وەکوو ئەو شکۆمەندی و نەردەی خودا بەحەزرەتی داود و سولەیمانی بەخشی و بە درۆخەرەوەکانیان ڕیسوا بوون، وەکوو سەرکەوتنی حەزەرتیموحەممەدﷺ بەسەر موشریکەکانی مەککەداو پەهاوێشتنی ئەو دەوڵەتە بەهەرچوار لای خۆیدا.

سەرکەوتنی (حسی)یش بریتیە لە فەوتاندن و تۆڵە ساندنەوە لەبەدرۆخەرەوەکان، وەکو خنکاندنی فیرعەون و قەومەکەی، وەکوو کوشتنی سەرانیقورەیش لەغەزای بەدرداو بەدیل گرتنی هەندێکیتریان و دەست بەسەراگرتنی ماڵ و سامانیان.. هتد.

سەرکەوتن لەقیامەت دا، بریتیە لەوە لەدۆزەخ ڕزگاربی و بچیە ناو بەهەشتەوە، شوێنی خۆش و ڕزاوەت بەنسیب ببێ، بەدیتنی پەروەردگار شادبێ و هاوەڵی پێغەمبەران و پیاو چاکان بێ.

وەکوو لە ئایەتێکی تردا ئاماژە بەوە دەکا و دەفەرموێ: ﴿**فأولئك مع الذين انعم الله عليهم من النبيين والصديقين والشهداء والصالحين وحسن اولئك رفيقا**﴾(النساء/٦٩) .

خودا پەرستان پاداشتی خۆیان وەر بگرنەوەو تاوانباران تۆڵەی کردەوەکانیان لیٚ بسەندریٚ، ریسوا بکریٚن و تورِ دریٚنە ناو دۆزەخەوە ﴿**يوم لا ينفع الظالمين، معذرتهم ولهم سوء الدار**﴾ ئەو رۆژەی شایەتەکان راست دەبنەوەو شایەتی دەدەن، رۆژێکە عوزر خواهی لەستەمکاران وەر ناگیریٚ، فیدیەو قوربانیان دەست ناکەویٚ، ئەگەر دەستیشیان بکەویٚ لیٚیان وەر ناگیریٚ، چونکە عوزروبیانوەکانیان پوچ و بیٚناغەن، رەحمەت و بەزەیی خودا نایانگریٚتەوە، خراپترین شوێنی حەوانەیان بۆ ئامادە کراوە، کە دۆزەخەو ناخۆشترین ماڵی قیامەتە..

ئەمجار هەندیٚ دیاردەی یارمەتی خودا لەدونیادا بۆ خۆشەویستانی رادەنوێنیٚ و دەفەرمویٚ: ﴿**ولقد آتينا موسى الهدى، وأورثنا بني اسرائيل الكتاب هدى وذكرى لأولي الألباب**﴾ سوێند بیٚ، ئێمە نامەی ئاسمانیو پێغەمبەرایەتیمان بە موسا بەخشی، تەورات ئەحکامی شەرعی و یاسای ژیانی تێدا بوو، رێنمویی نەتەوەیئیسرائیلی لەخۆگرتبوو، موعجیزەی جۆراو جۆرمان پیٚدا بوو بۆ ئەوەی ببنە بەڵگە لەسەر راستی پێغەمبەرایەتیەکەی، ئەمجار دوا لەدونیا دەرچوونی موسا لە ژیان تەوراتمان بۆ کردنە کە لەپور و چین لەدواچین بۆیان مایەوە، داهاتوو لەرابوردو وەریان گرت و رێنموی بوو بۆ خاوەن ئاوەزان، هیدایەتدەرو یادخەرەوە بو بۆ ئەوانەی خاوەن عەقڵ و فامن، وەکوو لە ئایەتێکی تردا ئاماژە بەوەکاو دەفەرمویٚ: ﴿**انا انزلنا التوراة فيها هدى ونور يحكم بها النبيون**﴾(المائدة/٤٤).

ئەمــە نموونەیــەکی یارمــەتیدانی خودایــە بــۆ فرســـتادەکانی، یارمەتیدانی(حسی) و مەعنەوی، نازڵکردنی نامەی ئاسمانی و هیدایەت، بەکەڵە پور گرتنی تەورات بۆ بەنوئسرائیلی چین لە دوای چین .

ئــەجار لەروانگــەی یارمــەتیدانی خــودا بــۆ پێغەمبــەرانی فــەرمان بەپێغەمبەری ئیسلام دەکا: کەپشوو درێژ بێ لەبەرامبەر هەڵس وکــەوتی موشریکەکان دا، خۆڕاگر بێ لەسەر بانگەواز یکردن، خۆڕاگر بــێ لەســەر بەدرۆخستنەوەی قورەیشیەکان، خۆڕاگــر بــێ لەســەر ئەزیــەتدان، لەســەر خۆفشکردنەوەی بەتاڵ و ناحەق، لەسەر باڵا دەستی ناحەق بــۆ ماوەیــەك، خۆڕاگر بێ لەسەر مودارا کردن و هەڵکردن لەگەڵ خەڵك دا، دەفەرموێ:

﴿فاصبر ان وعد الله حق، واستغفر لذنبك وسبح بحمد ربك بالعشي والابكـار﴾ ئــەی پێغەمبــەری خۆشەویســـت! پشــوو درێژبــە لەســـەر بانگەوازیکردن و خودا پەرستی لەبەرامبــەر ئەزیــەتدانی قورەیشــیەکان، وەکــو چــۆن پێغەمبــەرانی پێشـــوو ســـەبریان گرتــووە و لەبەرامبـــەر هەڵوێستی ناشرینی گەلەکانیان دا پشوو درێژ بوون، سەبر بگرە، چونکــە ئاکامی سەبر خــێرو فــەڕە، خــاتر جــەم بــە خــودا یارمــەتیت دەداو لــە ناحەزانت دەتپارێزێ.

وادەی خودا بۆ یارمەتیدانی خۆشەویستانی پاشگەزبونەوەی تێدا نیــە، هەمیشە تۆبە و ئیستیغفار لەتاوانت بکــە- ئەگــەر هــەبێ- یــان تۆبــەو ئیستیغفار بۆ خۆیان تاعەت و خێرو ثەواب زیاد دەکــا، یــان بــۆ ئــەوەی موســوڵمانان چــاوت لێ بکــەن، ئــەگینا پێغەمبــەر مەعســومەو خــودا لەتاوانی بەرو دوای خۆش بووە، یــان لەڕوانگــەی (حسنات الابرار سیئات المقربین)ەوە تەماشــا دەکــرێ، هـــەروەها بـــەردەوام بەلەســـەر تەنزیـــهو تەســبیحات و سوپاســکردنی پــەروەردگار لەســەرەتای ڕۆژو کۆتـــای دا، بەیانی و ئێوارە خەریکی تەسبیح و حەمدو ثەنابە، مەبەســـتەکە ئەوەیــە

هەمیشە سەر گەرمی خودا پەرستی ولیٚ پاڕانەوەو حەمدو سوپاس بە یان لەو دووکاتەدا نوێژ بکە، یان مەبەست ئەوەیە پارێزگاری کردنی پێنج نوێژەکانت بکەو بەرێك و پێکی لەکاتی خۆیان دا ئەنجامیان بدە..

ئەنجار هۆی دەمە دەمیٚ و کێشەکاری موشریکەکان بەیان دەکاو دەفەرمویٚ: ﴿ان الذين يجادلون في آيات الله بغير سلطان أتاهم ، ان في صدورهم الا كبر ماهم ببالغيه﴾ دڵنیابە ئەوانەی موجادەلەت لەگەڵ دەکەن دەربارەی ئایەتەکانی قورئان و دەیانەویٚ بەشتی پرو پوچ و بەتاڵ بەرنگاری حەق بوەستن، هیچ بەڵگەو نیشانەیەکی ڕاستیان بەدەستەوە نیە، هیچ بەڵگەیەکیان لەخوداوە بۆ نەهاتووە، کەچی بەر بەرەکانی پەیامەکەت دەکەن، ئەوانە دڵیان فیزو خۆبەزلزانی تێدا جێگیر بووە، لەئاستی حەق دا سەر رەق و دڵ ڕەشن، قبوولی هیچ شتێکی حەق و ڕاست ناکەن، تەنانەت بیر لە قبولکردنیشی ناکەنەوە، بەتەمای ئەوەن بەسەر پێغەمبەردا سەر بکەون و بۆڕی بدەن، خۆیان ببنە گەورەو قسە رۆیشتوی وڵات و پلەی پێغەمبەریان بدرێتیٚ! وەلێی دڵنیابن پیٚی ناگەن و ئەوەیان بۆ دەستە بەر نابیٚ، چی بکەن و چەند هەوڵ بدەن خودا ئاینی خۆی سەردەخاو ئاڵای حەق بەرزو شەکاوە دەکا، قسەو کردوەوەی تاوانباران نرخی نابیٚ و هیچیان بۆ ناکریٚ، ئاسنی سارد دەکوتن و سەریان دای لەبەرد، کەوابیٚ ..

﴿فاستعذ بالله، انه هوالسميع البصير﴾ ئەتۆ پەنابگرە بەخودا لەفرت و فێڵیٚ ئەو چەقە چەناوانە، داوا بکە خودا لەشەڕو نەگبەتی ئەوانە بتپارێزیٚ، بێگومان خودا شنەوایە بەقسەکانیان و بینایە بەکردەوە کانیان، هەرچی دەیلێن دەی بیسیٚ و هەرچی دەیکەن دەی بینیٚ، هیچی لیٚ گوم نابیٚ و ناهێلی بەسەریانەوە بچیٚ.

بڕێ بەڵگەو نیشانە لەسەر هەبوونی خوداو دەسەڵات و حیکمەت و کارامەی

لَخَلْقُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ أَكْبَرُ مِنْ
خَلْقِ ٱلنَّاسِ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٥٧﴾
وَمَا يَسْتَوِى ٱلْأَعْمَىٰ وَٱلْبَصِيرُ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟
ٱلصَّٰلِحَٰتِ وَلَا ٱلْمُسِىٓءُ ۚ قَلِيلًا مَّا تَتَذَكَّرُونَ ﴿٥٨﴾
إِنَّ ٱلسَّاعَةَ لَءَاتِيَةٌ لَّا رَيْبَ فِيهَا وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ
لَا يُؤْمِنُونَ ﴿٥٩﴾ وَقَالَ رَبُّكُمُ ٱدْعُونِىٓ أَسْتَجِبْ لَكُمْ ۚ
إِنَّ ٱلَّذِينَ يَسْتَكْبِرُونَ عَنْ عِبَادَتِى سَيَدْخُلُونَ جَهَنَّمَ
دَاخِرِينَ ﴿٦٠﴾ ٱللَّهُ ٱلَّذِى جَعَلَ لَكُمُ ٱلَّيْلَ لِتَسْكُنُوا۟
فِيهِ وَٱلنَّهَارَ مُبْصِرًا ۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَذُو فَضْلٍ عَلَى ٱلنَّاسِ
وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَشْكُرُونَ ﴿٦١﴾ ذَٰلِكُمُ
ٱللَّهُ رَبُّكُمْ خَٰلِقُ كُلِّ شَىْءٍ لَّآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ۖ فَأَنَّىٰ تُؤْفَكُونَ
﴿٦٢﴾ كَذَٰلِكَ يُؤْفَكُ ٱلَّذِينَ كَانُوا۟ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ يَجْحَدُونَ
﴿٦٣﴾ ٱللَّهُ ٱلَّذِى جَعَلَ لَكُمُ ٱلْأَرْضَ قَرَارًا وَٱلسَّمَآءَ

بِنَآءً وَصَوَّرَكُمْ فَأَحْسَنَ صُوَرَكُمْ وَرَزَقَكُم مِّنَ
ٱلطَّيِّبَٰتِ ذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ رَبُّكُمْ فَتَبَارَكَ ٱللَّهُ رَبُّ
ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٦٤﴾ هُوَ ٱلْحَىُّ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ فَٱدْعُوهُ
مُخْلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٦٥﴾

ئەم کۆمەڵە ئایەتە زۆر پەیوەستن بە ئایەتەکانی پێشوویانەوە، درێژە پێدەری تەوجیهاتەکانی ڕابووردون، ئەوەبوو لەوە پێش ڕەدی ئەوانەی دایەوە: کە کێشەو جیدال دەربارەی ئایەتەکانی خودا بەرپا دەکەن و بەبێ بەڵگەو دەلیل ئینکاری زیندو بوونەوەیان کرد.

ئەمجار لەم کۆمەڵە ئایەتانەدا (دە) بەڵگەو نیشانە لەسەر هەبوونی خوداو تواناو دەسەڵاتی ڕەهای هێنانەوە، بۆ ئەوەی بیانکاتە بەڵگە لەسەر ڕابوونی قیامەت، دروستکردنی ئاسمانەکان و زەوەی و گۆڕانی شەووڕۆژ بوونی زەوی بەشوێنی نیشتەجێ بوونی ئادەمیزادو دروستکردنی ئادەمیزاد بەو شێوە جوان و ڕێك و پێکەو رزق و ڕۆژی پێدانی پاك و خاوێن و بەتام و لەززەت، سەلماندنی تاك و تەنهای خودا و سیفەتی حەیاتی ئەزەلی و ئەبەدی بۆ خودا، دەفەرموێ،

١-﴿لخلق السموات والأرض اكبر من خلق الناس، ولكن أكثر الناس لا يعلمون﴾ بێگومان بەدیهێنانی ئاسمانەکان و زەوی و ئەوەی تێیان دایە لەزیندەوەرو عالەمەکانی ئەفلاك و ئەملاك و ئاو و هەواو گەنجینەو کانزاکان گەورە ترن لەدروستکردنی ئادەمیزاد چ لەسەرەتاوە چ لەدروستکردنەوەی ڕۆژی قیامەت دا، جا کەسێك بتوانێ ئەو عالەمە جۆراو جۆرانە بەدی بێنێ بێگومان دەتوانێ شتێ لەوە بچوکتر دروست

بکا، ئەمە لە ڕوانگەو دیدی ئـادەمیزاد خۆیانـەوە، ئـەگینا بەنیسـبەت خوواوە شتێك نیە ئاسان بێ و شتێك قورسی بێ، بەڵکوو هـەموو شـتێك لای خودا چون یەکەو ماندو بونی تێدانیە!

وەکوو لە ئایەتێکی تردا ئاماژەی بەمە دەکـاو دەفـەرموێ: ﴿او ليس الذين خلق السموات والأرض بقادر على ان يخلق مثلهم﴾(يس/٨١) یـان دەفـەرموێ: ﴿اولم يروا ان الله الذي خلق السموات والأرض، ولم يعي بخلقهن بقادر على أن يحيي الموتى، بلـى انـه علـى كـل شيئ قدير﴾(الاحقاف/٣٣) ، ئەمە شتێکی حەقیقەتەو بەڵگەی زۆر و جۆراو جۆری لەسەرە وەلێ زوربەی زۆری ئادەمیزادان پێی نازانن، نـازانن خـودا چەند خاوەن دەسەڵات و بەتوانایە، بیر لەبەڵگەو نیشـانەکانی خودایـەتی خودا ناکەنەوە.

ئەمجار پەروەردگار تەمسیل و تەشبهێکی ڕەوان سـازدەدا، کێشـەکاری خـاوەن بەڵگـەو بوڕهـان بـەبیناو لـێزان لەقەڵـەم دەدا دەفـەرموێ : ﴿وما يستوي الأعمى والبصير﴾ چون یەك نین کۆرو چـاو سـاغ، کەسـێك لەسـەر بنـەمای بەڵگـەی پـوچ جیـدال بکـا کـەی وەکـوو ئـەو کەسـە وایە بە بەڵگەو نیشانەی ڕاسـت و بـەهێزەوە موجادەلـە دەکـا! هـەرگیز کـافری بەڵگـە پـوچ و بیرنەکـەرەوە وەکـو موسـوڵمانی خـاوەن بەڵگەو بیرکەرەوە نیە.

﴿والذين آمنوا وعملوا الصالحات ولا المسيئ قليـلا مـا تتذكـرون﴾ هەروەها چۆن یەك نین ئەو کەسانەی بوونە خاوەن باوەڕو کردەوەیان چاکـە لەگەڵ خراپە کاران دا، چۆن موسوڵمانی ئاکار چاك وەکوو کـافری ڕەفتـار بەد وایە؟ کـەی بەیـەك چـاو سـەیر یـان دەکـرێ؟ چـەند کـە مـن ئـەو ئادەمیزادانەی بیر دەکەنەوەو بەم تەشبیهو تەمسیلانە پەند ئامێز دەبـن ! زۆر دەگمەنن ئەوانەی موسوڵمانی فەرمانبەر دارو کافری سـەرپێچیکار.

لێك جیا دەکەنــەوە، زۆر کــەس هەیــە وە دوکەسـێکی کــافر کــەوتووە و بەموسوڵمانی دەزانێ، پەیامی کوفری پێیە و ئەم بەلایەوە پەسندەو خـۆی لە پێناو دابەخت دەکاو خۆی بەشەهید دەزانێ.

دوای رانواندنـی بەڵگـە لەسـەر رابوونـی قیامـەت، هـەواڵی هـاتنی رادەگەیەنێ و دەفەرموێ: ﴿ان الساعة آتية لاريـب فيـها، ولكـن أكـثر الناس لا يعلمون﴾ دڵنیابن قیامەت ڕادەبـێ و هیـچ شـك و گومـان لـە هاتنی دانیەو حەتمەن دێ و نزیکە، بڕوا تان پێی هەبێ و خۆتانی بۆ حازر بکەن ، وەڵی زۆربەی ئادەمیزاد ئەو ڕاستی‌یە نازانن و بڕوایــان بــەهاتنی ڕۆژی قیامەت نیە، چونکە نەفام و کورت بینن .

﴿وقال ربكم دعوني أستجب لكم، ان الذين يستكبرون عن عبادتي سيد خلون جهنم داخرين﴾ پەروەردگار هــەواڵی ئــەوەمان دەداتــێ: کــە هەرکاتێ بەندەکانی هاواریان لیٚ کردو بەندایەتییان کرد بەهانایانەوە دێ. دەفەرموێ: ئەی بــەندەکانم هــاوارم لیٚ بکــەن، لێـم بپاڕێنــەوە دوعاتــان گـیرا دەکـەم، چونکـە دوعــاو پاڕانــەوە بــۆ خـۆی عیبادەتــە، بــەڵکوو کاکڵەی عیبادەتە، دوعا بریتیـە لـەوەی لـەخودا بپاڕێیـەوە بـۆ هێنـانی سودو لابرنی زیان، بۆ سەر فرازی دونیاو قیامەت، بۆ بــەمراز گەیشـتن و شاد بوون بەبەهەشت، ئەوەشمان لــەیاد نــەچێ پاڕانــەوە لەغــەیری خــودا بیٚسودو بیٚبایەخە تــەنیا خــودا دەتوانــێ دوعــا قبــووڵ بکــاو مەبەسـت بێنێتە جیٚ..

فەرمانی بە بەندەکانی کردوە ،کەلێی بپاڕێنەوە و وادەی داوە قبووڵــی پاڕانەوە کەشیان بکا، وادەو بــەڵێنی خـوداش حـەق و ڕاسـتن و پاشـگەز بوونـەوەی تێـدا نیــە، بێگومــان ئەوانــەی لەبەرامبــەر خــودا داخۆبــەزل دەزانــن و لیٚی ناپاڕێنــەوەو یەکتاپەرستی ئــەنجام نــادەن، لەوەبــەولاوە بەزەلیلی و سەرشۆڕی دەچنە ناو دۆزەخەوە، ئایەتەکە ئاماژە بەوە دەکــا:

کە پەروەدگار رقی لەوانەیە کە دوعای ئاڕاستە ناکەن و لیێ ناپاڕێنەوە، داوای ڕەحمەت و بەخششی لیێ ناکەن، داوای دابین کردنی پێویستتیاتی دونیاو قیامەتی لیێناکەن.

ئیمام ئەحمەدو بوخاری و خاوەنانی کتێبە حەدیسەکانی وەکوو تیرمیزی و ئەبو داودو نەسائی و ئیبنو ماجەو هیتریش فەرموودەیەکیان لە (النعمان)ی کوڕی بەشیرەوە ڕیوایەت کردووە دەڵێ: پێغەمبەرﷺ فەرموی: (الدعاء هو العبادة) ئەمجار ئایەتی ﴿أدعوني استجب لكم..الآية﴾ خوێندەوە، فەرمودەیەکیتر هەیە صەحیح و ڕاستە حاکم لە ئیبنو عەبباسەوە ڕیوایەتی کردوە دەفەرموێ: (افضل العبادة الدعاء) گەورەترین عیبادەت و دوعاو پاڕانەوەیە لەخودا، هەروەها دەڵێ: پێغەمبەرﷺ فەرمویەتی (من لم يدع الله غضب عليه) کەسێك لەخودا نەپاڕێتەوە خودا رقی لێیەتی.

٢- بەڵگەی دووەم و سێیەم ئەوەیە: کەدەفەرموێ: ﴿الله الذي جعل لكم الليل لتسكنوا فيه والنهار مبصرا﴾ پەروەردگار خودایەکی وەهایەشەوو ڕۆژی بەدیهێناون و شەوی وادروست کردوە فێنك و تاریك و خامۆش بێ بۆ ئەوە تێ یدا ئارام بگرن و بحەون، وزەو نیشاتتان تازە ببێتەوە، ماندویی هەڵسوڕان و کار کردنتان بحەسێتەوە، زەویشی وا دروست کردوە ڕوناك و گونجاوە بۆ ئیشکردن و تێدا هەڵسوڕان و هاتو چۆ، هەوڵدان بۆ دەستەبەر کردنی پژێوی و پێداویستی ژیان و ئەنجامدانی کارو پیشەو ئەرکەکانی ژیان.

﴿ان الله لذو فضل على الناس، ولكن أكثر الناس لا يشركون﴾ بێگومان پەروەردگار بەم نیعمەتە جۆراو جۆرانەی: کە بەخشیونی بەئادەمیزاد خاوەن فەزل و بەخششە بەسەر ئادەمیزاد دا وەلیێ زۆربەی زۆری ئادەمیزاد سوپاسی ئەو هەموو نیعمەتانەی خودا ناکەن و دانیان

پێدا نانێن، جا یان کافرو بێبڕوان و ئینکاری بوونی خودا و نیعمەتەکانی دەکەن، یان خاوەن بڕوان بەڵام کەمتەرخەم و سپڵەو پێنەزانن، نمونەی ئەم ئایەتە لەقورئان دا زۆرن وەکوو دەفەرموێ: ﴿ان الانسان لكفور﴾ (الحج/٦١) یان دەفەرموێ: ﴿وقليل من عبادي الشكور﴾(سبا/١٢) .

٤-٥-بەڵگەی چوارەم و پێنجەم ﴿ذلكم الله ربكم، خالق كل شيء لا اله الا هو فأنى تؤفكون﴾ ئەوەی ئەو شتانەی بەجێ هێناوەو بەدیهێناوە ﴿الله﴾ یەو خودای ئێوەیە بەدیهێنەری هەموو شتێکە، هیچ خودانین جگە لە ئەو، کەس یارەمەتی نەداوە لەدروستکردنیان دا، ئەدی چۆن ئێوە سەر پێچی دەکەن لە عیبادەت بۆ کردنی دا، چۆن رو وەردەگێڕن لەیەکتاپەرستی و بەندایەتی بۆ کردنی دا؟

بەچ عەقڵێك بت و صەنەم دەپەرستن، بەندایەتی بۆ شتێك دەکەن نەسودی هەیە نەزیان، هیچی پێ دروست ناکرێ و بۆخۆی دروستکراوە !!

سەرنجدانێکی سەر پێی لەبوونەوەر، ئادەمیزاد سەر سام دەکا، خەیاڵیش پەی پێ ناباو پێیکۆنترۆڵ ناکرێ، ئەم زەوییەی ئێمە لە سەری دەژین بەشێکە لە ملیۆن بەشی قەوارەی خۆر واتە: خۆر ملیۆنێك جار لەزەوی گەورە ترە، خۆریش بۆ خۆی یەکێکە لە نزیکەی سەد ملیۆن خۆری نزیکترین مەجەرە لێمانەوە، تائێستا زانیاری ئادەمیزاد نزیکەی سەد ملیۆن مەجەرەی دەرخستووە، کە لەبۆشایی بەرفراوانی لە ئەندازە بەدەردا بڵاو بوونەوە، دەی ئەمە بەشێکی زۆر زۆر کەمی بوونەوەرە، بەنیسبەت بونەوەرەوە هەر باسی ناکرێ! بەڵام وێڕای کەمی ئەو بەشە پێزانراوەی بوونەوەر، کەچی بیر لێکردنەوەی سەر سوڕمان پەیدا دەکا و هەست و خەیاڵیش لەکار دەخا چونکە وەکوو دەڵێن: مەسافەی نێوان زەوی و خۆر نزیکەی نەوەدو سێ ملیۆن میلە.

بەڵام ئەو مەجەڕەیەی: کە خۆر لەفەلەکی داهەڵدەسوڕێ و بەڕواڵەت خۆر تابیعیەتی، چونکە ئەوە قوترەکەی نزیکەی سەد هەزار ملیۆن ساڵی ڕوناکی (ضوئي)یە، ساڵی (ڕوناکی) یش بەشەش صەد ملیۆن میل مەزەندە دەکرێ، چونکە خێرایی ڕوناکی سەدو هەشتاو شەش هەزار میلە لەچرکەیەك دا. نزیکترین مەجەڕەلێمانەوە حەوت سەدو پەنجا هەزار ساڵی (ڕوناکی)یە..

بەڵێ نوسین لەوبارەوە زۆری دەوێ و تابیریشی لێ بکەیەوەو خەیاڵ هەوا پەروازبێ ناگەیە ئەنجام و دەبێ بە ناچاری بڕوا بەخاوەنی ئەو بوونەوەرە بکەی !

لەلایەکی ترەوە سەیر بکەو بڕوانە ئەم ئاسمان و زەمین و خۆرو مانگ و ئاوو هەوایە چەند لەگەڵ ژیانی ئادەمیزاددا دەگونجێن و چەند لەخزمەت ئێمە دان!

بۆ نمونە ئەگەر زەوی لەبەرامبەر خۆردا بەدەوری خۆیدا هەڵنەسوڕایە ئەوە شەوو ڕۆژ دروست نەدەبون، ئەمجار ئەگەر زەوی بەخێراییتر بەدەوری خۆیدا هەڵسوڕایە هیچ خانوو بەرەو بینای بەرز خۆیان نەدەگرت و یەکسەر دەبونە تەپ و تۆزی ناو بۆشای، خۆ ئەگەر سوڕانەوەکەی بەدەوری خۆی دا هێدیتر بوایە، هەرچی ئادەمیزاد هەیە یان بەگەرما یان بەسەرما لە ناودەچوون، کەوابوو ئەم هەڵسوڕانەی ئێستای زەوی هەڵسوڕانێکی گونجاوو لەبارە لەگەڵ ژیانی زیندەوەرەکان و پێگەیشتنی و گەشە کردنی ڕوەك و درەخت دا، ئەگەر زەوی بەدەوری خۆی دا هەڵنەسوڕایە هەموو دەریاو دەریا لووشەکان ئاو یان تێدا نەدەما.

خۆ ئەگەر توێکڵیزەوی چەند مەترێکیتر ئەستورتر بوایە ئانیئوکسیدی کاربۆن هەموو ئۆکسجینەکەی هەڵدەمژی! ئیتر ئەودەم ژیان نەدەبوو.

خۆ ئەگەر هەوا لەو ئاستەی ئێستای بەرز تر بوایە واتە: لە جیاتی

ئەوەی ٢١٪ بێ، ٥٠٪ و زیاتر بوایە، ئەوە هەموو شتێکی شیاو بۆ گرگرتن گری تێبەر دەبوو، بەجۆرێك وێ دەچوو بە یەکەم پرشکی برو سکەو چەخماخە: کە ڕێی درەختێك دەکەوێ گڕ لە دارەستانێك بەربوایە، خۆ ئەگەر ڕێژەی ئۆکسجین لەهەوادا دابەزیایە بۆ ١٠٪ زۆر شتێ پێویست بۆ ژیان و ژیار و پێشکەوتن کەمتر دەستە بەر دەبوون .

ئەمجار پەروەردگار ئەوە ڕادەگەیەنێ: کە گومڕای و ڕو وەرگێڕان لە ئایینی حەق و ڕاست نەخۆشی یەکی کۆنی ئادەمیزاد، و زۆربەی زۆری گرتوونەوە، دەفەرموێ: ﴿كذلك يؤفك الذين كانوا بآيات الله يجحدون﴾ بە تەرزو شێوەی ئەمان، گومڕا بون و سەریان لێ تێکچوو هەموو ئەوانەی ئینکاری ئایاتی خودایان کردوەو هاوەڵیان بۆ بەڕەوا زانیوەو لەڕێبازی ڕاست لایان داوە، هیچ بەڵگەو دەلیلێکیان پێ نیە، بەڵکوو بەنەفامی و نەزانی و هەواو ئارەزو پەیڕەوی ئەو ڕێبازە چەوتەیان کردوە.

٦- بەڵگەی شەشەم و حەوتەم لەسەر بەتوانایی خوداو کارزانی و حیکمەتی ئەوەیە: کە دەفەرموێ: ﴿الله الذي جعل لكم الأرض قرارا والسماء بناء﴾ پەروەردگار خودایەکی وەهایە زەوی بۆ ئێوە کردوە بەنشیمەن، ئاسمانیشی لە سەربەرز کردونەوە، زەوی وەها بۆ بەدیهێناون دەتوانن تێیدا جێگیربن و لەسەری بژین و بیناو باڵە خانەی تێدا دروست بکەن، بەناو شێو دۆڵ و ساراو پەناو پاساریدا بگەڕێن، ئاسمانیشی بۆ کردون بەسەقفێکی قائم و تۆکمەو ڕازاوە،بەئەستێرەی زۆرو پرشنگدار، ڕاگیری کردوەو ناهێڵێ تێك بڕۆخی و کون و قەوارەی تێبکەون، بەڕاستی خودای حەق ئەو خودایەیە: کە ئەوە کارو صنعەتیەتی، ئەوە توانا و دەسەڵاتیەتی.

ئەمجار دوای ئاڕاستە کردنی هەندێ بەڵگە لە بونەوەرو دیاردەکانی، چەند بەڵگەیەکی تر دەهێنێتەوە لە چۆنیەتی خودی ئادەمیزادەکان

خۆیانەوە و دەیانکاتە نیشانەی خودایەتی و تواناو دەسەلاتی، ئەوانەش بریتین لە دروستکردنی ئادەمیزاد و جوانکردنی شێوەو ڕوخساری و گونجانی ئەندامەکانی بۆ جۆرەها کارو کردەوەی پێویست بۆ ژیان، هەروەها فەراهەم هێنانی رزق و ڕۆژیی بۆی

٨-٩ -بەڵگەی هەشتەم ونۆیەم ئەوەیە: دەفەرموێ: ﴿وصوركم فاحسن صوركم، ورزقكم من الطيبات﴾ ئێوەی لە جوانترین شێوەو روخساردا دروستکردوە، قامەتی ڕاست و دەستو قاچی گونجاو بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی ژیان، ئەمجار خۆشترین خواردن و خواردنەوەی بۆ رەخساندون.

﴿ذلكم الله ربكم، فتبارك الله رب العالمين﴾ ئا ئەو خودا خاوەن دەسەلات و بەتوانایە (الله) یەو خودای ئێوەیە، هەر ئەو خودایە و کەسیتر بەکەڵکی خودایەتی نایە، بەرزیو پیرۆزی بۆ خودایە کە بەدیهێنەری بوونەوەرە، دەی هەمووتان ئەی بەرەی ئادەمیزادو جندۆکە هەمیشە خودا بە بەرزو پیرۆز بگرن، هیچ کەم و کورییەکی بۆ بەڕەوا مەزانن، بێ هاوەڵ و منداڵ و خێزانە، موحتاجی بەکەس نیەو هەموو کەس موحتاجی ئەوە.

١٠- بەڵگەی دەیەم ئەوەیە: دەفەرموێ:﴿هو الحي لا الـه الا هو فادعوه مخلصين له الدين﴾ ئەو خودایەی ئاوا بونەوەری هێناوەتە دی، زیندوەو قەت نامرێ، ئەزەلی و ئەبەدییە، هیچ خودا نین جگە لە ئەو، دەی کەوایە: بەدڵسۆزی عیبادەتی بۆ بکەن و یەکتا پەرستی بکەن دان بەخودایەتی و پەروەردگاریەتی دابنێن، چونکە هەر ئەو شیاوی خودایەتییە.

﴿الحمد لله رب العالمين﴾ حەمد و سەناو سوپاسی بێپایان هەر بۆ خودایە و هەر ئەو شیاوی خودایەتییە، هەر ئەو خودای بوونەوەرە.

جلەو گیری لە عیبادەتکردن بۆ غەیری خودا

قُلْ إِنِّي نُهِيتُ أَنْ أَعْبُدَ ٱلَّذِينَ تَدْعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ لَمَّا جَآءَنِيَ
ٱلْبَيِّنَٰتُ مِن رَّبِّي وَأُمِرْتُ أَنْ أُسْلِمَ لِرَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٦٦﴾
هُوَ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن تُرَابٍ ثُمَّ مِن نُّطْفَةٍ ثُمَّ مِنْ عَلَقَةٍ ثُمَّ
يُخْرِجُكُمْ طِفْلًا ثُمَّ لِتَبْلُغُوٓا۟ أَشُدَّكُمْ ثُمَّ لِتَكُونُوا۟
شُيُوخًا وَمِنكُم مَّن يُتَوَفَّىٰ مِن قَبْلُ وَلِتَبْلُغُوٓا۟ أَجَلًا مُّسَمًّى
وَلَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ ﴿٦٧﴾ هُوَ ٱلَّذِي يُحْيِۦ وَيُمِيتُ فَإِذَا
قَضَىٰٓ أَمْرًا فَإِنَّمَا يَقُولُ لَهُۥ كُن فَيَكُونُ ﴿٦٨﴾

لەوە پێش بەڵگەی بەتوانای و تاك و تەنهایی خودای رانواندن، سیفاتی جەلال و گەوەریی خودای بەیان کردن، ئەمجار بەئوسلوبێکی نەرم و نیان جلەوگیری لەبتپەرستی کرد، ئەمجار بەڵگەی جلەوگیری‌یەکانی لە بتپەرستی نمایش دەکا، بەڵگەکان لە بوونەوەر و خودی ئادەمیزادەکان خۆیان دا هەیە، بەڵگەکانی ناو بوونەوەر چوارن، شەو و رۆژ و ئاسمان و زەوی، ئەمجار سێ بەڵگەشی لەخودی ئادەمیزادەکان خۆیانەوە خستنە ڕو، دروستکردن و رێك و پێکی جەستەو رزق و رۆزی پاك و خاوێن..

ئەمجار لێرەدا دروستبوونی ئادەمیزادو چۆنیەتی قۆناغەکانی ژیان هەر لە کۆرپەڵەیی یەوە تا لە دایکبون و منداڵی و گەنجی و کامڵی و پیری و پاشان مردن.

دەفەرموێ: ﴿قل انی نهیت أن اعبد الذین تدعون من دون الله، لما جاءني البینات من ربي﴾ ئەی پێغەمبەری خۆشەویست بەموشریکەکانی گەلەکەت بڵێ: من جڵەو گیریم لی‌کراوە: کە عیبادەتی غەیری خودا بکەم، هەرگیز خودا ڕازی نابێ هاوەڵی بۆ دابنرێ و لە جیاتی ئەو بت و صەنەم بپەرستن، ئەم جڵەو گیرییەم کاتێك لیٚ کراوە کە بەڵگەی نەقلی و بەڵگەیعەقلیم بۆ هاتن، ئایاتی قورئان و ئەو هێزو توانایەی خراوەتە ناو عەقلی سەلیمەوە بۆ دۆززینەوەی خودا و بەیەکناسینی، فەرمانم پیٚ کراوە: کە گەر دنکەچ و پابەندی فەرمان و جڵەو گیرییەکانی پەروەردگاربم، بە دڵسۆزی پەرستشی بۆ بکەم.

﴿هو الذي خلقكم من تراب ثم من نطفة، ثم من علقة، ثم يخرجكم طفلا، ثم لتبلغوا أشدكم، ثم لتكونوا شيوخا، ومنكم من يتوفى من قبل، ولتبلغوا أجلا مسمى، ولعلكم تعقلون﴾ پەروەردگار خودایەکی وەهایە باوە گەورەی ئێوە: کە ئادەمە، لەقوڕ دورستی کردوە، پاشان ئێوەی لە دڵۆپە مەنی‌یەك دروستکردوە، پاشان کردونی بەخۆێنپارە و گۆشتیپارە، پاشان دەتانهێنێتە دەر بەزارۆکی و ئەمجار بە خۆتان دادێن و هێزو توانا پەیدا دەکەن و دەگەنە هەرەتی تاقەت، پاشان دەگەنە قۆناغی پیری و کاملٚ بون، هێندێکتان بەر لەوە پیر ببن دەمرن و ئەو مەرگ و ئەجەلەی بۆتان دیاری کراوە پیٚی دەگەن و توشتان دێ. تا لە ئاکام دا فام بکەنەوە، لەسەرنجامی خۆتان وردببنەوە.

دروستکردنی ئادەم لە خۆڵ ڕاستی‌یەکەو پێش وەدی هاتنی ئادەمیزادە، گلٚ بنەمای ژیانەو ژیانی ئینسان لەو پەیدا بووە، جگە

لەخودا کەس نازانێ چۆن ژیانە سەر سوڕهێنەرە پەیدا بووە، چۆن ئەم ڕوداوە گرنگ و گەورەیە لەمێژووی زەوی دا هاتۆتە کایەوە؟

ئەمجار دوای پەیدابونی ئادەم و حەوا بەو شێوە سەرسوڕهێنەرە، ئیتر ئادەمیزاد لەڕێگەی زاو زێوە زۆر بون و گەشەیان کرد، ئەمەش لەئاکامی بەیەك گەیشتنی تۆمی نێر بەهێلکۆکەی مێینەوەو جێگیر بوونیان لەرەحمی مێینەکە دا، ئەمجار کە قۆناغی خوێنپارەو گۆشتپارە و کۆرپەلەی دەبڕێ دێتە گۆڕەپانی ژیانەوە ئەمەش دوای تێپەڕو بوونی چەند قۆناغێکی جۆراو جۆرو چڕوپڕ، کە ئەگەر بەوردی سەیری بکەین و لێی ورد بینەوە بۆمان دەر دەکەوێ: کە ئەو قۆناغانەی بەسەر ئادەمیزاد دێ لەسکی دایکی دا زۆر گرنگ ترو سەر سوڕ هێنەر ترن لەو قۆناغانەی دوای لەدایکبوون بەسەری‌دا دێ.

قۆناغەکانی ناو ڕەحەم قۆناغی سەر سوڕهێنەرو سەیرو سەمەرەن، هەتا زانیاریی پزیشکی بەگشتی و (علم الاجنة) بەتایبەتی پێش بکەوێ و گەشە بکا، باشتر دەستی قودرەتی خودا دەردەکەوێ، بەلێ کاروانی کۆرپەلە، هەر لە نوتفەیی‌یەوە تالەدایکبوون کاروانێکی سەرنج ڕاکێشەو بەهۆی پێشکەوتنی زانیاری پزیشکی‌یەوە زۆرمان لێ زانیوە، بەتایبەتی بەهۆی زانیاری دەربارەی حەمل و لەدایکبون و چۆنیەتی جیناتەکانەوە زۆر لایەنی قۆناغەکانی ژیانی کۆرپەلەمان بۆدەرکەوتووە، وەلێ ئاماژە کردنی قورئان بۆ ئەو قۆناغانە بەو شێوە وردە کارییە پێش هەزارو چوراسەدو ئەوەندە ساڵە، کارێکە پێویستە هەڵوێستەی لەسەر بکەین نابێ خاوەن عەقڵ و فام هەروا بەلام سەرلایی بەسەری دا تێپەڕن و بیری لێنەکەنەوە، بۆیە لەکۆتای ئایەتەکەدا فەرموی:﴿ولعلكم تعقلون﴾.

ئـەمجار بەڵگەیـەکی‌تر لەسـەر هـەبوونی خـوداو تـاك و تەنـهایی و بەدەسەڵاتی زاتی پاکی رادەنوێنیٚ، بۆیە دوابەدوای ڕانواندنی ئـەو بەڵگـە گۆڕانکارییانـەو قوناغـە جیاجیانـەی لەبوونـەوەرداو لـەخودی ژیـانی ئـادەمیزاد دا هـەن، وەکـوو گۆڕانـی شـەو و ڕۆژو قۆناغـەکانی ژیـانی ئادەمیزاد، بەڵگەیەکی تر لەو گۆڕان وگواستنەوە سـەر لەبەریـە ئاڕاسـتە دەکاو دەفەرموێ:

﴿هو الذي يحي ويميت، اذا قضى أمرا فانما يقـول لـه كـن فيكـون﴾ پـەروەردگار خودایـەکی وەهایـە، ژیـان دەبەخشـێ و وەری دەگرێتـەوە، دەژێنیٚ و دەمرێنیٚ، ژیـان و مـردن بەدەسـت خۆیـەتی، کەسـی‌تر دارای ئەوەی نیە، هەر کاتیٚ ویستی کـارێك ئـەنجام بـدا، هـەر ئـەوەندە پـێ‌ی دەڵیٚ ببەو دەبیٚ، بەویسـتی ئـەوو لـەکاتی دیـاریکراودا دێتـە دی هیـچ پێوەی ماندو نابیٚ.

تۆڵەستاندنەوە لەوانەی بەناحەق دەربارەی ئایەتەکانی خودا کێشەو جیدالیانە

أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ
يُجَادِلُونَ فِي آيَاتِ اللَّهِ أَنَّى يُصْرَفُونَ ﴿٦٩﴾ الَّذِينَ كَذَّبُوا
بِالْكِتَابِ وَبِمَا أَرْسَلْنَا بِهِ رُسُلَنَا فَسَوْفَ يَعْلَمُونَ
﴿٧٠﴾ إِذِ الْأَغْلَالُ فِي أَعْنَاقِهِمْ وَالسَّلَاسِلُ يُسْحَبُونَ ﴿٧١﴾
فِي الْحَمِيمِ ثُمَّ فِي النَّارِ يُسْجَرُونَ ﴿٧٢﴾ ثُمَّ قِيلَ لَهُمْ أَيْنَ

مَا كُنتُمْ تُشْرِكُونَ ﴿٧٣﴾ مِن دُونِ ٱللَّهِ قَالُواْ ضَلُّواْ عَنَّا بَل لَّمْ
نَكُن نَّدْعُواْ مِن قَبْلُ شَيْـًٔا كَذَٰلِكَ يُضِلُّ ٱللَّهُ ٱلْكَٰفِرِينَ ﴿٧٤﴾
ذَٰلِكُم بِمَا كُنتُمْ تَفْرَحُونَ فِى ٱلْأَرْضِ بِغَيْرِ ٱلْحَقِّ وَبِمَا كُنتُمْ
تَمْرَحُونَ ﴿٧٥﴾ ٱدْخُلُوٓاْ أَبْوَٰبَ جَهَنَّمَ خَٰلِدِينَ فِيهَا فَبِئْسَ
مَثْوَى ٱلْمُتَكَبِّرِينَ ﴿٧٦﴾

دوابەدوای رانواندنی چۆنیەتی پەیدا بوونی ژیـانی ئـادەمیزاد و لـەژێر تارمای دیمەنی ژیان و مردن دا، لەبەر ڕۆشـنای حەقیقـەتی بەدیـهێنان و دەستڕەنگینی پەروەردگاردا، دیارە بەر پاکردنی کێشەو جیدال لە ئایـاتی خودا دا جێگای ڕەخنەیەو قێزەونە، بەدرۆخستنەوەی پێغەمبەران کارێکی خـراپ و ناپەسـەندە، بۆیـە لەڕوانگـەی دیـمەنێك لەدیمەنـەکانی ڕۆژی قیامەتەوە هەڕەشەی ترسناکی لیکردن و فەرموی:

﴿ألم تر الى الذين يجادلون في آيات الله أنى يصرفـون﴾ ئـەوە سـەرت سوڕ نامێنێ ئـەی موحەممـەد؛ لـەو موشـریکە سـەرڕەقە کێشـەکارانەی بەناحەق و بەناڕەوا، بەبێ بەڵگەو شایەتی بڕواپێکراو موجادەلە لـەبارەی ئایەتەکانی خودا دەکەن و دەیانەوێ بەفوو چرای پرشنگداری ئیسلام وەکو ژێنن، سەیر بکە ئەو گەوج و نەفامانە چۆن ڕو.لەگومڕایی دەکـەن و بـەو هەموو بەڵگەو نیشانانە هیدایەت وەرناگرن!

بەڵگەکان بەهێزن و ئایەتەکان ئاشکران و داخوازی ئەوەن قەناعـەتیان پێ بکەن و ببنە گەواهیدەر لەسەر تاك و تەنـهایی خـودا، کـەچی ئـەوان هاوەڵی بۆ بە ڕەوا دەزانن و بتپەرستی دەکەن.

﴿الذين كذبوا بالكتاب وبما أرسلنا به رسلنا﴾ ئەو موشریکە نەفامانە ئەوانەن قورئان بەدرۆ دەخەنەوە، بانگەوازی پێغەمبەری ئیسلام بۆیەکتاپەرستی ڕەت دەکەنەوە، نایانەوێ بەدڵسۆزی عیبادەت بۆ خودا بکرێ، مل کەچ ناکەن بۆشەریعەت و یاسای هەڵبژاردەی خووا، شەریعەتی گونجاوو بەختەوەر ئامێز پاشگوێ دەخەن، ئای: کەنەفام و کەودەنن؟! چەند لاسارو بێگوێن!!

﴿فسوف يعلمون﴾ لەوە بەولاوە بۆیان دەردەکەوێ سزای کوفرو بتپەرستیان چەند بەئێشەو چەند سامناك و ڕیسوا کەرە!! هەرچەندە ئەوان پێغەمبەرێکیان بەدرۆخستۆتەوە، پەیامێکیان ڕەت کردۆتەوە، وەلێ لەڕاستیدا هەموو پێغەمبەرانیان بەدرۆخستونەتەوە و پەیامێکی ئاسمانییان ڕەت کردۆتەوە، چونکە پەیامی ئیسلام هەموو ئایینە ئاسمانیەکانی تێدا کۆ بوونەوەو پوختەی هەموو ئایینەکانە، کەوابوو کەسێك پەیامی ئیسلام ڕەت بکاتەوە وەکو ئەوە وایە هەموو پەیامێکی ئاسمانی ڕەت کردبێتەوە، هەموو پێغەمبەرێکی بەدرۆ خستبێتەوە.

ئەمجار ناوەڕۆکی هەڕەشەکە ڕوون دەکاتەوە و دەفەرمووی : ﴿إذ الاغلال في أعناقهم، والسلال يسحبون ثم في النار يسجرون﴾، لەوە بەولاوە ئەو بەدرۆخەرەوە سەرەقانە ئاکامی کردەوەکانی خۆیان دەزانن: کاتێك: تۆقیان لە مل دەکرێ و بەزنجیر ڕادەکێشرێن بەناو ئاوی کوڵاتودا پێستیان دادە پلۆخێ گۆشتیان دادەڕزێ و هەڵدەوەرێ ئەمجار بە ئاگر دەسوتێندرێن.

وەکوو لە ئایەتێکی تردا ئاماژە بەم مانایە دەکاو دەفەرموێ: ﴿هذه جهنم التی یکذب بها المجرمون، یطوفون بینها بینهاو بین حمیم آن﴾ (الرحمن/٤٣-٤٤) یان دەفەرموێ: ﴿خذوه فاعتلوه الى سواء الجحيم،

ثم صبوا فوق راسه من عذاب الحميم ذق انك انت العزيز الكريم ان هذا ماكنتم به تمترون﴾(الدخان/٤٧-٥٠).

ئەمجار پرسیاری سەرکوتانەوەو ریسوا بوونیان ئاراستە دەکرێ و سەرزەنشتیان دەکرێ لە سەر هاوەڵدانان بۆ خوداو بتپەرستییان. دەفەرموێ: ﴿ثم قيل لهم: اين ماكنتم تشركون من دون الله؟ قالوا: ضلوا عنا، بل لم نكن ندعو من قبل شيئاً، كذلك يضل الله الكافرين﴾ واتە: ئەم جارە لە لایەن فریشتەوە پێیان دەگوترێ: کوان ئەوانەی ئێوە دەتانکردن بە هاوەڵی خوداو لە جیاتی خودا پەرستشتان بۆ دەکردن؟ لە کوێن ئەو بت و صەنەمانەی بەندایەتیان بۆ دەکرا؟ بۆچی لەم سزاسەختە رزگارتان ناکەن؟ ئەمڕۆ بۆچی فریاتان ناکەون؟!

وەڵام دەدەنەوەو دەڵێن: لێمان ونن، نایان بینین، خۆ ئێمە لەدونیاش دا هیچمان نەدەپەرست، واتە: بۆمان دەرکەوت ئێمە شتێکمان نە پەرستووە سودی هەبێ، ئەو شتانەی ئێمە پەرستشمان بۆ کردون نەسودیان هەیەو نە قازانج نەدەبیسن و نەدەشنەون. بەم جۆرە خودا کافران گومڕاوەکاو سەریان لێ دەشیوێنێ، چونکە عیبادەتی شتێکیان کردوە شیاوی سزای دۆزەخی کردون.

ئەمجار پەروەردگار هۆی عەزابدانیان رون دەکاتەوەو دەفەرموێ: ﴿ذلكم بما كنتم تفرحون في الأرض بغير الحق، وبما كنتم تمرحون﴾ سائەمە گۆڕی گیانتان بێ! باش بزانن ئەم گومڕاکردن و عەزابدانەتان بە هۆی ئەوەوەیە: کە ئێوە لە دونیادا لەسەر زەوی بە تاوانکردن کەیف و دەهاتێ دڵتان بەوە خۆش دەبوو: کە سەرپێچی فەرمانی خوداتان دەکردو پەیامی پێغەمبەرانتان ڕەتدەکردەوە، شانازیتان بە کوفرو بێدینی خۆتانەوە دەکرد و بادی هەوا بوبوون. دەیسا کەوابێ ﴿ادخلوا أبواب جهنم خالدين فيها، فبئس مثوى المتكبرين﴾ لەدەرگاکانی دۆزەخەوە

بچنە ئەو دیــوو بــۆ هــەتا هەتایــە تیٚــدا بمیٚننــەوە، ئــای کــە جیٚگــەی خۆبەزلزانەکان جیٚگایەکی ناخۆشە! هاوار بۆیان و کەس بەحاڵیان نەبیٚ.

خۆ ڕاگرتن و پشوو دریٚژی سەرکەوتن وەدی دیٚنیٚ

فَٱصْبِرْ إِنَّ وَعْدَ ٱللَّهِ حَقٌّ فَإِمَّا
نُرِيَنَّكَ بَعْضَ ٱلَّذِى نَعِدُهُمْ أَوْ نَتَوَفَّيَنَّكَ فَإِلَيْنَا يُرْجَعُونَ ﴿٧٧﴾
وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا رُسُلًا مِّن قَبْلِكَ مِنْهُم مَّن قَصَصْنَا عَلَيْكَ
وَمِنْهُم مَّن لَّمْ نَقْصُصْ عَلَيْكَ ۗ وَمَا كَانَ لِرَسُولٍ أَن يَأْتِىَ
بِـَٔايَةٍ إِلَّا بِإِذْنِ ٱللَّهِ ۚ فَإِذَا جَآءَ أَمْرُ ٱللَّهِ قُضِىَ بِٱلْحَقِّ وَخَسِرَ
هُنَالِكَ ٱلْمُبْطِلُونَ ﴿٧٨﴾

لەسەرەتای سورەتەکەوە تــا ئــیٚرە قســە دەربــارەی پوچــی مەنهــەج و ڕیٚبــازی کیٚشــە کــاران بــوو: کــە بــەناڕەوا دەربــارەی ئایــەتی خــودا موجادەلەدەکەن، ئەمجار لیٚرەدا فەرمان بە پیٚغەمبەر دەکا: کەلە بەرامبەر ئەزیەتدان و سەر ڕەقی موشریکە کاندا پشوو دریٚژبیٚ، دڵنیای دەکالەسەر سەرکەوتن و زاڵبون بەسەر ناحەزانی دا دەفەرمویٚ:

﴿فاصبر ان وعد الله حق﴾ ئەی پیٚغەمبەری‌خۆشەویســت! دان بــەخۆتا بگرەو پشوودریٚژبە بەرامبەر هەڵویٚستی نامەردانەی هەندیٚ لەگەڵەکــەت، گویٚ بە هاش و هۆشی ئــەوان مــەدە، چونکــە خــودا وادەی ســەرکەوتنی پیٚداوی، وادەی خودایش پاشگەز بوونەوەی تیٚدا نیە هەر دیٚتە جیٚ.

﴿فاما نرينك بعض الذى نعدهم أو نتوفينك فإلينا يرجعون﴾ ئەگەر هەندێك لەو هەڕەشانەی لێمان کردون وەکوو کوشتن و دیل کردنی ڕۆژی بەدر نیشانت بدەین، یان مەرگت بەسەردا بێنین پێش عەزابدانیان، هەرچۆنێك بێ هەر بۆلای ئێمە دەگەڕێنەوە، هەموو لایەك بۆلای خۆمان دەهێنینەوەو حیساب و کیتابیان لەگەڵ دەکەین، ئەوسا بەگوێرەی کردار و هەڵس و کەوتیان سزایان دەدەین، نمونەی ئەم ئایەتە ئایەتێکی ترە: کەدەفەرموێ: **﴿فاما نرينك بعض الذي نعدهم فانا منهم منتقمون او نرينك الذي وعدنا هم فانا عليهم مقتدرون﴾(الزخرف/٤٣)** .

ئەمجار پەروەردگار دڵخۆشی پێغەمبەری خۆی دەداتەوەو دەفەرموێ: **﴿ولقد أرسلنا رسلا من قبلك، منهم من قصصنا عليك ومنهم من لم نقصص عليك﴾** دڵنیابە لەپێش تۆش دا گەلێ پێغەمبەرمان ناردن بۆ سەر گەلەکانیان، سەرگوزەشتەی هەندێکیانمان بۆ گێڕاویتەوە، هەیشن باسمان نەکردون سەرگوزەشتەو ژیاننامەیانمان بۆ نەگێڕاویتەوە، لەسورەتی (النساء/١٦٤) دا هەمان مانای هێناوەو دەفەرموێ: **﴿ورسلا قد قصصناهم عليك من قبل ورسلا لم نقصصهم عليك﴾**.

بەگوێرەی فەرمودەی پێغەمبەرﷺ ئەو پێغەمبەرانەی سەربهوردیان نەگێڕدراوەتەوە زۆر زۆر ترن لەوانەی سەر گوزشتەیان گێڕدراوتەوە. ئیمامی ئەحمەد لە ئەبوزەرەوە ڕیوایەت دەکا: کە دەفەرموێ: وتم: ئەی پێغەمبەری خودا! ژمارەی (نیگا بۆ کراوەکان)پێغەمبەران چەندە؟ پێغەمبەرﷺ فەرموی: (مائة الف واربعة وعشرون الفا، الرسل من ذلك ثلاث مئة وخمسة عشر، جمعا غفيرا) ژمارەی نێگا بۆ کراوان سەدو بیست و چوار هەزارە، لەوانە سێصەدو پازدەیان ڕەوانە کراون، واتە: ڕەسولن پێرێکی زۆرن، لەم کۆمەڵە زۆرە ئەوانەیان: کە لە قورئان دا ناویان هاتووە بیست و پێنج پێغەمبەرن.

﴿وما كان لرسول أن يأتي بآية الا باذن الله﴾ هیچ کامێ لەو پێغەمبەرانە بۆی نەبووەو نەیتوانیوە بەبێ ئیزنی خودا موعجیزەیەك ڕاست بکاتەوەو نیشانی نەتەوەکەی بدا، هەر موعجیزەیەك کەنواندویانە بەفەرمانی خودابوەو خودا بۆی ئەنجام داون.

ئەمە مەوزوعێکی کۆن و چەسپاوە، تایبەت نیە بە پێغەمبەری ئیسلامەوە، بەڵکوو پێش پێغەمبەری ئیسلام پێغەمبەران زۆر بوون.خودا چیرۆکی مەندێکیانی بۆ گێڕاوینەوەو زۆریانی بۆ باس نەکردوین، هەر پێغەمبەرێك هاتبێتە سەر گەل و نەتەوەیەك ڕوبەڕوی بەدرۆخستنەوەو ڕەتکردنەوەی پەیامەکەی بۆتەوە، هەموویان داوایان لێ کراوە موعجیزە بنوێنن هەموویان ئاواتە خوازی ئەوە بوون خودا موعجیزەی وایان لەسەر دەست ئاشکرا بکا خێرا نەتەوەکەی ئیمانی پێ بێنن، پێی خۆشبووە سەرکەوتوو ببێ لەپەیامەکەی دا..

بەڵام پەروەردگار ویستویەتی فروستادەکانی واپەروەردەبکا صەبری ڕەهایان هەبێ، بزانن: ئەرکی ئەوان پێغەمبەرێتی و پەیام گەیاندنە، پەیدابوونی موعجیزە بەدەست خودایەو بەویستی ئەو دەبێ، هەروەها بۆ ئەوەی ئادەمیزادان بەگشتی لەوە حاڵی بن: کە سروشتی خودایەتی و سروشتی پێغەمبەرێتی لێك جیابکەنەوە، بزانن پێغەمبەران ئادەمیزادن و خودا هەڵیبژاردون بۆ ئەو ئەرکە پیرۆزە، ئەوان ناتوانن لەسنوری خۆیان دەربچن و ناشیانەوێ دەرچن، هەروەها بۆ ئەوەشە ئادەمیزادان بزانن: کە دوا کەوتنی موعجیزەو داواکارییەکانیان لە پێغەمبەران ڕەحمەتە، چونکە خودا بڕیاری داوە هەرکاتێ لەسەر داواکاری و پەلپ گرتنی گەل و نەتەوەیەك موعجیزە لەسەر دەستی پێغەمبەرێك دەرکەوت و دوایی ئیمانیان پێنەهێنا ئەوە یەکسەر خودا غەزەبیان لێدەگرێو سزایان بۆ نازڵ دەکا،کەوابێ دواکەوتنی موعجیزەو وەغرانی ڕەحمەتی خودایە بۆیان.

﴿فاذا جاء أمر الله قضي بالحق، وخسر هنالك المبطلون﴾ هەر کاتێ وەختی دیاریکراو بۆ عەزابدانیان هات لەدونیادا یان لەقیامەت دا ئیتر خودا بەعەدالەت حوکم و بڕیاری خۆی دەردەکاو کێشەی نێوان خوداپەرستان و کافران یەکالاّ دەکاتەوە، پێغەمبەران و شوێنکەوتوانیان بەمرازدەگەیەنێ و کافرو سەرپێچیکاران گیرودەی عەزابی سەخت دەبن. دەی کەوابێ تۆ ئەی موحەممەد دان بەخۆتا بگرەو پشوو درێژ بە، چاو لە پێغەمبەرانی پێش خۆت بکەو چاوەڕوانی حوکم و بڕیاری خودابە .

چەند بەڵگەو نیشانەی تر لەسەر هەبوونی خوداو تاک و تەنهای زاتی پاکی .

ٱللَّهُ ٱلَّذِى جَعَلَ لَكُمُ ٱلْأَنْعَٰمَ لِتَرْكَبُوا۟ مِنْهَا وَمِنْهَا تَأْكُلُونَ ﴿٧٩﴾ وَلَكُمْ فِيهَا مَنَٰفِعُ وَلِتَبْلُغُوا۟ عَلَيْهَا حَاجَةً فِى صُدُورِكُمْ وَعَلَيْهَا وَعَلَى ٱلْفُلْكِ تُحْمَلُونَ ﴿٨٠﴾ وَيُرِيكُمْ ءَايَٰتِهِۦ فَأَىَّ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ تُنكِرُونَ ﴿٨١﴾

لەوەو پێش بەدورو درێژی و ئەوەندەی پێویست بێ هەڕەشەی لەکافرە سەر ڕەقە بەدرۆخەرەوەکان کرد، ئەمجار لێرەدا سەر لەنوێ دەست دەکاتەوە بەبەڵگە هێنانەوە لەسەر هەبوونی خوداو تاك و تەنهایی زاتی پاکی، نیعمەتە جۆراو جۆرەکانی بەسەر بەندەکانیدا رادەنوێنێ و دەفەرموێ: ﴿الله الذي جعل لكم الأنعام لتركبوا منها، ومنها تأكلون﴾ واتە(الله)

خودایەکی وەهایە ئاژەڵیٚ بۆ سودی ئێوە دروست کردون، وشترو رەشە ولاّخ و مەڕو بزنی وەها دروست کردون: کە ئێوە بتوانن بەویستی خۆتان سودیان لیٚ وەرگرن، بۆ ئەوەی هەندێکیان بەکار بێنن بۆ کالاّ گواستنەوەو سواری و شیر لیٚخواردن و سەربڕینیان و گۆشت خواردنیان بۆ نموونە وەکوو حوشتر: کە هەموو ئەم سودانەی لیٚ دەبینریٚ، ڕەشە ولاّخ گۆشتی دەخوری و شیری دەدۆشریٚ و جوتیشی پیٚ دەکریٚ، بزن و مەڕ گۆشتیان دەخوریٚ و شیریان دەدۆشریٚ و هەمووشیان زاوو زیٚ دەکەن، مەڕو بزن خوری و مەرەزو موو کوڵك و بەرگنیان لیٚوەردەگیریٚ و کەلوپەلی پێویستیان لیٚدروست دەکریٚ، بۆیە دەفەرمویٚ:

﴿ولكم فيها منافع، ولتبلغوا عليها حاجة في صدوركم، وعليها وعلى الفلك تحملون﴾ ئێوە لەو ئاژەلاّنە گەلیٚ کەلکی تر وەردەگرن و پێداویستی خۆتانیان لیٚ ئەنجام دەدەن، خوری و موومەرەزەو بەرگن و کولکیان لیٚ دەبڕنەوە، ڕۆن و ماست و پەنیرو کەشکیان لیٚ دەگرن، هەروەها بۆ ئەوەی بارو بارگەنەتانی پیٚ بگوێزنەوە، کالاّتان لە ولاّتێکەوە بۆ ولاّتێکی تر بەرن، بە ئاسانی لەوشکانی دا بەپشتی هەندێك لەو ئاژەلاّنەو لەدەریادا لەسەر گەمیٚ ئێوەی ئادەمیزاد بەخۆتان و کالاّتانەوە هەڵدەگیرێن و سوار دەکرێن لەولاّتێکەوە بۆ ولاّتێکی تر دەبرێن و مەبەستی خۆتان دێننە دی.

بێگومان ئەو مەبەستانەی لەدڵی ئادەمیزاد دا هەن و کاتیٚ خۆی بەهۆی ئەو وەسائیلانەوە پێیان گەیشتوە مەبەستی گرنگ و سەرەکی بوون، پێش داهێنانی ئامێری گواستنەوەی ئەمڕۆ: کە ترومبێل و قەتار و فرۆکەو کەشتی جۆراو جۆرن، جگە لەو کەشتییە سەرەتاییانەو پشتی ئەو ئاژەلاّنە وەسائیلیتر نەبوە، ئیستاش وێڕای ئەو پێشکەوتن و داهێنانەی لەوەسائلی گواستنەوەو گەشت و گوزاردا پەیدا بووە، هەندیٚ شوێن و

شیوو دولّ و ڕێگاو بان هەن بەهۆی پشتی ئەو ئاژەڵانە وەنەبێ ئـادەمیزاد پێیان ناگاو کاڵایان بۆ نابرێ، چونکـه ڕێگـاو بانـەکانیان هێنـده تەسـك وتروسکن هەرجێ پێی ئەو وڵاخانەیان تێدا دەبێـتەوە .

نمونەی ئەم ئایەتە ئایەتێکی ترە کە دەفـەرموێ **﴿والانعام خلقها لكم فيها دفء ومنافع ومنها تأكلون، ولكم فيها جمال حين تريحون وحين تسرحون، وتحمل اثقالكم الى بلد لم تكونوا بالغيه الا بشق الأنفس، ان ربكم لرؤوف رحيم﴾**(النحل/٥-٧) .

ئەمجار دوابەدوای ئەو هەموو بەڵگانەی راینواندن دەربارەی دەسەڵات و بەتوانایی خودا، دەفەرموێ: **﴿ويريكم آياته، فأيَّ آيات الله تنكرون﴾** بێگومان پـەروەردگار نیشـانەی خودایـەتی و دەسـەڵاتی خـۆی نیشـانی بەندەکانی دەدا، هەموو بەڵگەکان ئاشکراو نمایانن، هەموو یـان گـەواهی ئەوە دەدەن: کە خودایەکی تاك و تەنها و خـاوەن حیکمـەت و دەسـەڵات بەدی هێناون و خاوەنیانە، دەی کەوایـە، ئێـوە چ ئایـەتێکی خـودا ڕەت دەکەنەوە! دان بەکامەیان دانانێن؟!

خۆ نیشانەکان هێندە ئاشکران هەرکەسـێك تۆزقـاڵێك عـەقڵی هـەبێ ئینکارییـان ناکـا، چونکـە ئینکـاری کـر دنیـان نـەفامی و گەوجی‌یـە، هەرکەسێ ئینکاری ئایەتەکانی خودا بکـا خـۆی هـەڵدە خەڵـەتێنێ،یـان لاسایی دەکاتەوەو بەبـەتاڵ موجادەلـە دەکـا، هـەموو کائینـاتێکی نـاو بوونەوەر تاکە تاکەو بەکۆمەڵ گەواهیدەرن لەسـەر هـەبوونی خودایـەکی باڵادەست و کار دروست:

لەدێـباچەی کیـتابی حوسنی عالم هەروەرەق لادەم
دەبینم مەجەسی وەسفت لەهەرفەصڵێ لەهەر بابێ (بێتوشی)

شاعیری عەرەبیش دەڵێ:

وفي كل شيئ له آية تدل على أنه واحد

هەڕەشە لەسەر کەشی و کێشەکاران دەربارەی ئایاتی خودا، کاتێک هەڕەشەکان دێنەجێ، ئیمان دەهێنن بەڵام بێ سوودە

أَفَلَمْ يَسِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَيَنظُرُوا كَيْفَ
كَانَ عَاقِبَةُ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ ۚ كَانُوا أَكْثَرَ مِنْهُمْ وَأَشَدَّ
قُوَّةً وَآثَارًا فِي الْأَرْضِ فَمَا أَغْنَىٰ عَنْهُم مَّا كَانُوا يَكْسِبُونَ
﴿٨٢﴾ فَلَمَّا جَاءَتْهُمْ رُسُلُهُم بِالْبَيِّنَاتِ فَرِحُوا بِمَا عِندَهُم
مِّنَ الْعِلْمِ وَحَاقَ بِهِم مَّا كَانُوا بِهِ يَسْتَهْزِئُونَ ﴿٨٣﴾ فَلَمَّا
رَأَوْا بَأْسَنَا قَالُوا آمَنَّا بِاللَّهِ وَحْدَهُ وَكَفَرْنَا بِمَا كُنَّا بِهِ
مُشْرِكِينَ ﴿٨٤﴾ فَلَمْ يَكُ يَنفَعُهُمْ إِيمَانُهُمْ لَمَّا رَأَوْا بَأْسَنَا ۖ سُنَّتَ
اللَّهِ الَّتِي قَدْ خَلَتْ فِي عِبَادِهِ ۖ وَخَسِرَ هُنَالِكَ الْكَافِرُونَ ﴿٨٥﴾

ئەم سورەتە پێکهاتووە لە دووبەش، بەشێك دەربارەی ئولوهیەت و قودرەت و حیکمەتی خودا، بەشێکیش دەربارەی هەڕەشە کردنە لەکافرو ستەمکارەکان، ئەم کۆمەڵە ئایەتەی ئێرە: کە کۆتای سورەتەکەیان پێ هێنراوە پەیوەندی هەیە بەبەشی دووەمەوە: کە هەڕەشە لەوانە دەکا کێشەو جیدال بەرپا دەکەن دەربارەی ئایەتی خودا، ئەوانەی پێغەمبەر بەدرۆدەخەنەوە، بەماڵ و منداڵێ دونیایان بۆ غرابون و لەخۆیان بایی دەبن، ئەوانە کاتێ عەزابی خودا یەخەیان دەگرێ ئیمان دەهێنن بەڵام

ئیمانـهێنانی کـاتی تەنگانـەو غەغەرەیـە بـێ سـودە ودادیـان نـادا.
دەفەرموێ: ﴿أفلم یسیروا في الأرض، فینظروا کیف کان عاقبة الذین من قبلهم کانوا اکثر منهم واشد قوة وآثارا في الأرض، فما أغني عنهم ماکانوا یکسبون﴾ ئایا ئەو جەدەلچیانە بەولاتان دا نەگەڕاون سەیریشوێنەوارو کەلاوەکۆنی نەتەوەیاخی بووەکانی ڕابووردویان نەکردووە، لەوگەشت و گوزارانەیان دا بیریان لەئاکامیئەو گەل و نەتەوە بەدرۆخەرەوانە نەکردۆتەوە؟ شوێنەواری گەلەیاخی بووەکانیان نەدیوە چۆن بەسەریەك دا رمباون و دیمەنی سامناك و سەرنج ڕاکێشیان ئەوە دەگەیەنێ: کە بەهۆی سەرپێچیکردن و بە درۆخستنەوەی پێغەمبەران خودا بە عەزابی سەخت خۆی لەناوی بردون.

باقورەیشیەکان دلنیابن ئەو گەل و نەتەوانە زۆر لەوان بەشان و شەوکەت تربوون، مالْ و سامانیان لەوان زیاتر بووە، شورەو قەلاو سەنگەرو بەربەستیان لەقورەیشەکان تۆکمەترو پتەو تر بوون. پیشەسازیو ئاوەدانی و فەنن و زانیاریان لەوان پتر و پێشکەوتوتر بووە، کاتێك عەزابی خودا یەخەی گرتن هیچ شتێك دادی نەدان و هیچ شتێك فریایان نەکەوت، شوراو بالەخانەی دەستکردو قایم و قۆلیان، ئەشکەوتی لەشاخ دابڕاویان لەعەزابی خودا نەیپاراستن، ڕەنجەڕۆ خۆیان، ئەوەبوو:

﴿فلما جاءتهم رسلهم بالبینات فرحوا بما عندهم من العلم، وحاق بهم ماکانوا به یستهزئون﴾ کاتێك فروستادەکانی خودا یەك بەدوا یەك دا هاتنە سەریان بەبەلگەی ئاشکراو موعجیزەی گەورەوە، بانگەوازییان کردن بۆ ئیمانهێنان و خودا پەرستی، ئەوان هیچ گوێیان پێ نەدان و ڕویان تێ نەکردن، بەوزانیارییە تێکەلْ و پێکەلەی خۆیان بۆ غڕابون و سەریان لێ شێوا، ئەو ئەفسانەو گومان و بیرو بۆ چونە

بێبناغانەیان[1] لیٚ بوون بەزانیاری و دڵیان پیٚ خۆش کردو کردیانە پەیڕەوو پڕۆگرامی خۆیان و شوێنی کەوتن، کاتێکیان بەخۆزانی عەزابی خودا دەورەی دان و لەهەموولایەکەوە گیرۆدە بون و ئەوەی گاڵتەیان پیٚ دەهاتیٚ و بەلایانەوە ئەفسانە بوو دوچاری بون و تێکیەوە پێچان، ئەو هەموو بانگەوازییە کران و موعجیزانەیان نیشان دران هیچ گوێیان پیٚ نەدان، کەچی..

﴿فلما راوا بأسنا، قالوا امنا بالله وحدهَ وكفرنا بما كنا به مشركين﴾ کاتێك عەزابی سەختی ئێمە یان بینیٚ ئیمانیان بەخودا هێناو کەوتنە تۆبەو پەشیمانبوونەوە، وتیان: تەنها خودا شیاوی پەرستش بۆکردنەو ئەو بت و صەنەمانەی ئێمە دەمانپەرستن هیچ نین و بەکەڵکی خودایەتی نایەن .

بەڵام ﴿فلم ينفعهم ايمانهم لما رأو بأسنا﴾ ئیمانهێنانەکەیان بیٚسود بوو لەوکاتەدا کە عەزابی ئێمەیان دی، چونکە ئیمانهێنانی کاتی غەرغەرەو سەرەمەرگە، ئیمانهێنانی کاتیٚ ئاوا نرخی نیە، ئیمانی ناعیلاجی و بیٚدەرەتانی‌یە ئیمانهێنانی قەناعەت و ئیختییاری نیە، بۆ نموونە فیرعەونی میصر کاتێك تینی بۆ هات و کەوتە خنکان و غەغەرەوە وتی: ﴿آمنتُ انه لااله الاّ الذي آمنت به بنوإسرائيل، وانا من المسلمين﴾ (يونس/٩٠) یەکسەر خودا وەڵامی دایەوەو وتی: ﴿آلآن وقد عصيت قبل وكنت من المفسدين﴾(يونس/٩١) ئیمانی لیٚ قبولٚ نەکرا چونکە کاتێك ئادەمیزاد بەو حاڵە دەگا ئیتر ماوەی تەکلیفی لەسەر نامێنیٚ و هیچ نرخێك بۆ ئیمانهێنانی نابیٚ.

١- بۆ نموونە دەیانگوت:﴿وما يهلكنا الاّ الدهر﴾(الجاثية/٢٤) یان: ﴿لوشاء الله ما اشركنا ولا آباؤنا﴾(الأنعام/١٤٨) یان :﴿من يحيي العظام وهي رميم﴾ (يس/٧٨) .

﴿سنة الله التي قد خلت في عباده، وخسر هنالك الكافرون﴾ ئەمە بڕیارێکی گشتی و هەمیشەی پەروەدگارە، دەربارەی هەموو ئەو ئادەمیزادانەی کاتێ غەرغەرەو دیتنی عەزاب ئیمان دەهێنن، ئەو جۆرە ئیمانهێنانە بایەخی نیەو قبولْ ناکرێ، ئەمە داب و نەریتێکی هەمیشەیی پەروەدگارە دەربارەی هەموو گەل و نەتەوەکانی ڕابردو، لەوکاتەدا: کە کافرو بێدین عەزابی خودا دەبینن و ئەجەل یەخەیان دەگرێ، خەسارەتمەندی خۆیان بۆ ڕون دەبێتەوەو دەزانن:کە کار لەکار ترازاوە.

لەفەرموودەی صەحیح و چەسپاودا هاتووە: پێغەمبەر فەرموویەتی: (ان الله تعالی یقبل توبة العبد مالم یغرغر) خودا تۆ بەی بەندەی خۆی وەردەگرێ بەمەرجێك نەگاتە حاڵەتی سەرە مەرگ وغەڕغەرە، کاتێك گیان بگاتە بینەقاقای و فریشتەی گیانکێشان ببینێ ئیتر تۆبە وەرناگیرێ و پەشیمانی بێ سودە، کەوابێ باکافرو تاوانباران بترسن و پێش وەخت فریاخۆیان بکەون، کاتێك ئیمان بهێنن سودی هەبێ، وەختێ: پەشیمان ببنەوە لێیان وەر بگیرێ هەل لەکیس خۆیان نەدەن و فرسەت بقۆزنەوە.

بسم الله الرحمن الرحيم

سورەتی (فصلت)

ئەم سورەتە بەو ناوە ناو نراوە، چونکە لەسەرتای سورەتەکەدا دەفەرموێ: ﴿کتاب فصلت آیة..﴾

ئەم سورەتە چارەسەری چۆنیەتی بیرو باوەڕ و بنەماکانی بیرو باوەڕ دەکا، باسی تاك و تەنهای خودا دەکا، باسی ژیانی قیامەت دەکا، باسی نیگاو پێغەمبەرێتی دەکا، باسی چۆنیەتی بانگەوازیکردن بۆ

خوداپەرستیو شێوازەکانی دەکا، سورەتەکە سەر لەبەر توێژینەوە و رونکردنەوەی بنەماکانی عەقیدەیە، بەڵگە هێنانەوەیە لەسەر ئەو بنەمایانە.

نیشانەکانی تاك وتەنهای خودا رادەنوێنێ، هەڕەشە لەستەمکارو سەرپێچیکاران دەکا، تێکشکاندنی ملهورو بۆ غرا بووەکانی مێژوو مان بۆ دەگێڕێتەوە دیمەنی ریسوابوون و گیرۆدەبوونیان لەرۆژی قیامەت دا رادەنوێنێ، ئەوە رون دەکاتەوە کە تەنها بە درۆخەرەوەی پێغەمبەران لە ئەجندەو ئادەمیزاد بروا بەو حەقیقەتە ئاشکرایانەنا کەن و گەردنکەچی فەرمانی خودا نابن، لەکاتێك دا ئاسمان و زەوی و مانگ و خۆرو فریشتە هەموویان سوژدە بۆ خودا دەبەن و گەردنکەچی فەرمانی پەروەردگارن.

پەیوەندی ئەم سورەتە بەهیپێشەوە لەدووخاڵی سەرەکیدا پەنگ دەداتەوە:

یەکەم: هەردوو سورەتەکان بەوەصفی قوئانی پیرۆز دەست پیّدەکەن.

دووەم: هەردو سورەتەکە هەڕەشە لەکافرو جەدەلچیەکان دەکەن، سەرزەنشت و لۆمەیان ئاراستە دەکەن، ئەوەتا لەکۆتای سورەتی پێشوودا هەڕەشەو لۆمەی ئاراستەی کافرەکان کردو فەرمووی: ﴿**أفلم يسيروا في الأرض...الآية**﴾(٨٢) لەبەشی یەکەمی ئەم سورەتەش دا جارێکیتر هەڕەشەی لیکردن و فەرموی: ﴿**فان اعرضوا فقل: انذرتكم صاعقة مثل صاعقة عاد و ثمود**﴾(١٣) .

دەربارەی حەقیقەتی تاك و تەنهایی خودا فەرموی: ﴿**قل انما أنا بشر مثلكم يوحى الى أنما الهكم اله واحد فاستقيموا له واستغفروه وويل للمشركين**﴾ یان دەفەرموێ: ﴿**قل أإنكم لتكفرون بالذي خلق الآرض في يومين وتجعلون له أندادا؟ ذلك رب العالمين**﴾.

دەربارەی مەوزوعی قیامەتیش دەفەرموێ: ﴿ويل للمشركين الذين لايؤتون الزكاة، وهم بالآخرة هم كافرون﴾ .

دەربارەی مەوزوعی نیگاو پێغەمبەرایەتیش: کەدەتوانرێ بەمەوزوعی سەرەکی سورەتەکە حیساب بکرێ: دەفەرموێ: ﴿حم تنزيل من الرحمن الرحيم كتاب فصلت آياته قرآناً عربيا لقوم يعلمون، بشيرا ونذيرا فأعرض أكثرهم فهم لا يسمعون، وقالوا قلوبنا في أكنة مما تدعونا اليه، وفي اذاننا وقر ومن بيننا وبينك حجاب، فاعمل اننا عاملون، قل انما انا بشر مثلكم يوحى الي...﴾.

دەربارەی چۆنیەتی بانگەوازیکردن و ڕەوشتی بانگخوازانی ئیسلام دەفەرموێ: ﴿ومن أحسن قولا ممن دعا الى الله وعمل صالحا وقال انني من المسلمين، ولا تستوى الحسنة ولا السيئة، ادفع بالتي هي أحسن، فاذا الذي بينك وبينه عداوة كأنه ولي حميم...﴾

کۆتای سورەتەکەشی بەوە هێناوە: کە پەروەردگار وادەی داوە بەئادەمیزادەکان: کە لە هەموو سەردەم و ڕۆژگارێك دا هەندێ لە نهێنی بوونەوەر یان نیشان بدا، نیشانەی تاك و تەنهای خودایان لەبونەوەرو خودی خۆیان دا نیشان بدا.

موشریکەکان ڕولە قورئان وەردەگێڕن و پێیان سەیرە پێغەمبەر ئادەمیزاد بێ

بسم الله الرحمن الرحيم

حمٓ ﴿١﴾ تَنزِيلٌ مِّنَ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ﴿٢﴾ كِتَٰبٌ فُصِّلَتْ
ءَايَٰتُهُۥ قُرْءَانًا عَرَبِيًّا لِّقَوْمٍ يَعْلَمُونَ ﴿٣﴾ بَشِيرًا وَنَذِيرًا فَأَعْرَضَ

أَكْثَرُهُمْ فَهُمْ لَا يَسْمَعُونَ ﴿٤﴾ وَقَالُوا قُلُوبُنَا فِي أَكِنَّةٍ
مِّمَّا تَدْعُونَا إِلَيْهِ وَفِي آذَانِنَا وَقْرٌ وَمِن بَيْنِنَا وَبَيْنِكَ حِجَابٌ
فَاعْمَلْ إِنَّنَا عَامِلُونَ ﴿٥﴾ قُلْ إِنَّمَا أَنَا بَشَرٌ مِّثْلُكُمْ يُوحَىٰ إِلَيَّ
أَنَّمَا إِلَٰهُكُمْ إِلَٰهٌ وَاحِدٌ فَاسْتَقِيمُوا إِلَيْهِ وَاسْتَغْفِرُوهُ وَوَيْلٌ
لِّلْمُشْرِكِينَ ﴿٦﴾ الَّذِينَ لَا يُؤْتُونَ الزَّكَاةَ وَهُم بِالْآخِرَةِ
هُمْ كَافِرُونَ ﴿٧﴾ إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ لَهُمْ
أَجْرٌ غَيْرُ مَمْنُونٍ ﴿٨﴾

﴿حم﴾=حامیم ئـەم پیتـە پچـڕ پچڕانـە وەکـوو لەسـەرتای سـورەتی (البقرة) و سەرەتای هەندێ سورەتی تریش دا ئاماژەمان بۆ کـرد ئاگـادار کردنەوەی ئادەمیزادە لەسەر سـەر ئاسـایی قورئـان و تەحـەددا کـردن و بۆڕدانـی ئینـس و جیننە لەسـەرئەوە: کـە نـاتوانن نمونـەی قورئـان بخەنەڕو: ئاماژە بەوەش دەکا: کە ئەو رستەو ئایەت و وشانەی لەدوا ئـەو پیتە پچڕ پچڕانـە دەخوێندرێنـەوە زۆر گرنـگ و بایـەخدارن و پێویسـتە بەهەندیان بگرین .

﴿تـنزیل مـن الرحـمن الرحیـم﴾ ئـەم قورئانـە گرنگـە بایـەخدارە و موعجیزە گەورەیە لەلایەن خودای خاوەن ڕەحم و بەزەییەوە نازڵ کـراوە، ئەو خودایەی ئەم قوئانە یان ئەم سورەتەی بەنیگا بـۆ پێغەمبـەری خـۆی ناردووە خاوەنی ڕەحمەت و بەزەیی بەر فـراوان و رەهایـە بـۆ بـەندەکانی، لەدونیادا بۆ هەموو کـەس بـەڵکوو بـۆ هـەموو زینـدەوەران بەگشـتی و

لەقیامەت دابۆ موسوڵمانان بەتایبەتی، ئەم قورئانـە شـیفا بەخشـە. بـۆ هەموو گەل و نەتەوەیەك بەتاك و كۆیانەوە، ڕەحمەتە بـۆ هـەموو عالـەم بەئادەمیزاد و غەیری ئادەمیزادیشەوە، ڕەحمەتـە بـۆ ئەوانـەی پـەیڕەوی دەكەن و شوێنی دەكەون، ڕەحمەتە بۆ هەموو زیندەوەران، چونكە قـانون و یاسایەكی لە خۆگرتووە خێری هەموو كەسی تێدایە، كاریگەرە لەبیرو بـۆ چون و هەڵس و كەوتی ئادەمیزاددا، نەك هەر بۆ موسوڵمانان بەڵكوو بـۆ هەمووعالەم! ئەوانەی بەویژدانەوە سـەیری مێـژوو دەكـەن و لەڕوانگـەی مرۆڤایەتیەوە دەڕواننە ڕۆڵی قورئان لەبواری ژیـانی ئینسـان دابەگشـتی هەست بەم حەقیقەتە دەكەن و دان بەم ڕاستی‌یەدا دەنێن.

لە شوێنێكی تردا قورئـان بـۆ خـۆی جـەخت لەسـەر ئـەم حەقیقەتـە دەكاتەوەو دەفەرموێ: ﴿وما ارسلناك الا رحمة للعـالمين﴾(الانبياء/١٠٧) پەیامی تۆ ئەی موحەممەد ڕەحمەتە بۆ گشت عالەم!

﴿كتاب فصلـت آياتـه قرآنـا عربيـا لقـوم يعلمـون﴾ ئـەم قورئانـە پەراوێكی ئاسمانییە، ئایەتەكانی شیكراونەوە، ماناكانی ڕون و ئاشـكران، بەزمانی عەرەبی نێردراوەتە خوار بۆ ئەوەی لێ تێگەیشتنی ئاسـان بـێ، ماناكانی گرێ كوێر كەیان تێدانیە، وشە ورسـتە كـانی ڕەوان و شـیرینن، ئەوانەی زاناو تێگەیشتون لەڕەوانی و بەلاغەتی قورئان حاڵی دەبن.

﴿بشيرا ونذيرا، فاعرض أكثرهم، فـهم لا يسـمعون﴾ ئـەم قورئانـە مژدە بەخشە بەموسوڵمانان و خۆشەویستانی خودابەبەهەشت، لەپاداشتی پەیڕەوی كردنیان بە قورئان و كارپێكردنیان پـێ، هەڕەشـە لـەكافرەكان دەكا بەدۆزەخ چونكـە پێچەوانـەی فـەرمانی خودا جڵـەو گیریـەكانی قورئـان هەڵس و كەوت دەكەن، سورن لەسـەر بەدرۆخسـتنەوەی پـەیامی خـودا، وەلێ زوربەی زۆری ئەوانە ڕویان لەهەڕەشەی قورئـان و بانگەوازییـەكانی وەرگـێڕاوە، ئەوانـە گـوێ بیسـتی ئامۆژگـاری و پـەیامی قورئـان نـین،

بەدڵسۆزی و بیرو فامەوە گوێ لـە ئایەتـەکانی نـاگرن، قبووڵـی حوکـم و بڕیارەکانی ناکەن و دڵی خۆیانی بۆ ناکەنـەوە. زۆربـەی زۆریـان پشـتیان تێکردو گوێیان لێ نـەگرت، هـەوڵیان دەدا، قورئـان کاریـان تـێ نـەکا، بەڵکوو هەمیشە لەهەوڵ و تەقەڵلای ئەوەدا بوون: کە جەماوەر هـەڵبنێن بۆ ئەوەی گوێ بۆ قورئان نەگرن، ئەوە بوو بەجەماوەریان دەگوت:

﴿لا تسمعوا لهذا القرآن والغوا فيه لعلكم تغلبـون﴾ جـاری وادەبـوو گوێیان لێ بوو بەڵام خۆیان لێبێ ئاگا دەکرد . ﴿وقالوا: قلوبنـا في اكنـة مما تدعونا اليه، وفي آذاننا وقر، ومن بيننا وبينك حجـاب فـاعمل اننـا عاملون﴾ دەیانگوت دڵمان لەناوپەردەیەکی قایم و پتەودایە، ئایەتـەکانی قورئانی تێوە ناچن و پێی ناگەن، گوێچکەمان قورقوشمی تێکراوەو هیـچ نابیسێ، لەنێوان ئێمەو تۆدا پەردەو بەربەست هەیـە، پـەیوەندیمان نـابێ. لێمان گەڕێ بائیشی خۆمان بکەین و بەکاری خۆمانەوە خەریك بین.

یان مەبەستیان ئەوەیە: بڵێن: ئێمە هیچ بایـەخێك بەقسـەو کـردارت نادەین هەڕەشەو وادەت بەهیچ نازانین، چیت پێدەکرێ بیکەو رامەوەستە: ئەوەی هەڕەشەمان پێ لێدەکەی بهێنە دی و ئەنجامی بدە بێ منەت بـەو ئێمە هیـچ منـەتت لێنـازانین، ئـەتۆ چیـت لەدەسـت دێ بیکـە، ئێمـە سەرگەرمی کاری خۆمانین، دوای ئەوەی باسی هۆکاری ئیمـان نـەهێنانی کافرەکانی کرد، ئەنجار فەرمان بەپێغەمبەر ﷺ دەکا: کە پێیان بڵێ: ئـەو ئادەمیزادێکە وەکوو ئەوان و ناتوانێ بەزۆرە ملێ موسوڵمانیان بکا.

دەفەرموێ: ﴿قل انما أنا بشـر مثلكـم يوحـى الى أنمـا الهكـم واحـد فاستقيموا اليه واستغفروه﴾ ئەی پێغەمبەر! وڵامی قەومەکەت بـدەرەوەو پێیان بڵێ: من ئادەمیزادێکم وەکوو ئێوە، تەنها جوداوازی نێـوان مـن و ئێوە ئەوەیە نیگام بۆ کراوەو پەیامم بۆ هـاتووە بـەئادەمیزادی بگەیـەنم، ئەمن ناتوانم بەزەخت ئێوە بخەمـە سـەر ڕێگـای خـودا پەرسـتی، ئـەمن

ئەوەندەم لەسەرە پەیامی خوداتان پێ بگەیەنم، پوختــەی ئــەو پەیامــەش بریتیــە لــە دووشــتی ســەرەکی: زانیــاری و کــردەوە بنــەمای زانیــاری یەکتاپەرستی‌یە، چونکە خودای حەق یەکێکە و نابێ بــە دوو، (الله)خــۆی خودایەو خاوەنی بوونــەوەرە، کــەس هــاوەڵی نیــەو بــێ شــەریکە، بــت و صەنەم و ملهورو چەوسێنەرەوە کــان خــودا نــین، وە کیلــی خــوداش نــین وهیچیان شیاوی پەرستش بۆ کردن نین.

بنەمای کردەوەش (استقامە)و تۆبــەو پەشــیمان بوونــەوە لــە تــاوان و کوفرە، بەندایەتیکردن و دڵسۆزییە لەخودا پەرســتی دا داوای لێخۆشــبون لەتاوانــە، بنــەمای تــاوانیش هاوەڵدانانــە بــۆ خــودا، بۆیــە دەفــەرموێ: ﴿وويل للمشركين الذين لا يؤتون الزكاة، وهم بالآخرة هم كـافرون﴾ هاوارو شیوی دۆزەخ بۆ ئەو موشریکانە: کە لە تــەك خــودادا شــتی‌تریان قوت کردۆتەوەو کردویانن بە هاوەڵی خودا، و یژدانیان نیەو مرۆڤ دۆستی نازانن، یارمەتی هەژارو بێ نەوایان نــادەن، مــاڵ و ســامانی خۆیــان لــە ڕێگەی خودا داخەرج ناکەن، بڕوایان بەڕۆژی بەرێ نیـــەو زینــدو بوونــەوە بەدرۆ دەزانن.

پەروەردگار شیوی وەیل: کە شیوێکە لەدۆزەخ دا یــان (وەیــل) بــەمانا هاوارو بابەڕۆ بێ، داینارە بۆ ئەوانەی سێ ڕەوشتیان تێدان:-

١- هاوەڵدانان بۆ خودا: کە پێچەوانەی یەکتاپەرستی‌یە.

٢- نەدانی زەکات: کە نیشانەی بێ ویژدانییە.

٣- بڕوا نەبوون بەڕۆژی قیامەت.

بەلام ئەوەی کە لێرەدا دەمانەوێ ئاماژەی پــێ بکــەین ئەوەیــە: ئــەم ئایەتە (مەککییە) واتە لە مەککە نازڵ بووە. زەکــاتیش: کــە پایەیەکــە لەپایەکانی ئیسلام، لەساڵی دووەمی کۆچی دا فەرز کراوە، کەوابێ دەبــێ بڵێین: بنەمای زەکات و زەکاتدان لەسەر دەمی پێش کۆچیــش دا هــەبوە،

ئەوەی لە ساڵی دووەمی کۆچی نازڵ بوو چەسپا، دیاریکردنی بەشەکانی زەکات بووە.

هەندێ لە موفەسرین پێیان وایە، مەبەست بە زەکات لێرەدا ئیمانهێنان و خۆپاککردنەوەیە لەهاوەڵدانان و بتپەرستی.

﴿ان الذین آمنوا وعملوا الصالحات لهم أجر غیر ممنون﴾ بێگومان ئەوانەی ئیمانیان هێناوەو کردەوەی باشیان ئەنجام داوە، بەگوێرەی فەرمانی خوداو جڵەو گیرییە کانی هەڵسو کەوتیان کردوە، ئەوانە لای خودا پاداش و پاساوی بێ منەتیان هەیە، قەت نابڕێتەوە وکۆتای نایە.

بەڵگە لەسەر هەبوونی خودا و کەماڵی دەسەڵات و دانایی زاتی پاکی

قُلۡ أَئِنَّكُمۡ لَتَكۡفُرُونَ بِٱلَّذِي خَلَقَ
ٱلۡأَرۡضَ فِي يَوۡمَيۡنِ وَتَجۡعَلُونَ لَهُۥٓ أَندَادٗاۚ ذَٰلِكَ رَبُّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴿٩﴾
وَجَعَلَ فِيهَا رَوَٰسِيَ مِن فَوۡقِهَا وَبَٰرَكَ فِيهَا وَقَدَّرَ فِيهَآ أَقۡوَٰتَهَا فِيٓ
أَرۡبَعَةِ أَيَّامٖ سَوَآءٗ لِّلسَّآئِلِينَ ﴿١٠﴾ ثُمَّ ٱسۡتَوَىٰٓ إِلَى ٱلسَّمَآءِ وَهِيَ دُخَانٞ
فَقَالَ لَهَا وَلِلۡأَرۡضِ ٱئۡتِيَا طَوۡعًا أَوۡ كَرۡهٗا قَالَتَآ أَتَيۡنَا طَآئِعِينَ ﴿١١﴾
فَقَضَىٰهُنَّ سَبۡعَ سَمَٰوَاتٖ فِي يَوۡمَيۡنِ وَأَوۡحَىٰ فِي كُلِّ سَمَآءٍ أَمۡرَهَاۚ
وَزَيَّنَّا ٱلسَّمَآءَ ٱلدُّنۡيَا بِمَصَٰبِيحَ وَحِفۡظٗاۚ ذَٰلِكَ تَقۡدِيرُ ٱلۡعَزِيزِ
ٱلۡعَلِيمِ ﴿١٢﴾

لەوەپێش پـەروەردگار فـەرمانی کـرد بەبـەندەکانی: کەیەکتاپەرسـتی بکـەن، خـودا بـەتاك و تەنـها بناسـن، لـە ئولوهیـەت و ربوبیـەت دا، ئەمجار بەڵگە دەێنێتەوە لەسەر هەبوونی زاتی پـاکی و دەسـەڵاتی ڕەهـاو حیکمەت و دانایی لەهەموو کارێکی دا.

بەشێك لەو بەڵگانـە بەدیـهێنانی ئاسمانـەکان و زەوییـە لەماوەیـەکی کورت دا، دەی خودایەك ئەوە صیفەتەکانی بن، چۆن دەکرێ بت و صەنەم بکرێنە هاوەڵ و هاوشانی دەفەرموێ:

﴿قل أئنكم لتكفـرون بـالذي خلـق الأرض في يومـين وتجعلـون لـه أنداداً؟ ذلك رب العالمين﴾ ئەی پێغەمبـەری خۆشەویسـت لـەڕوی سـەر زەنشتەوە بەگەل و نەتەوە بتپەرستەکەت بڵـێ: ئـەوە ئێـوە چـۆن و بـەچ عـەقڵێك بـڕوا بـەو خودایـە ناکـەن: کـە زەوی لـەماوەی دووڕۆژێـك دا بەدیهێناوە، واتە: بەدوو قۆناغ دروسـتی کـردوە، قۆنـاغێك بـە شـێوەی کورەیەکی گازیی بەدیهێناوە قۆناغی دووەم لە کورەی گازییەوە کردویەتی بەو مادەو پێکهاتانەی ئێستا لەسەریەتی.

دەی خودایەك ئەوە تواناو دەسەڵاتی بێ، چـۆن ئێـوە ڕێگـە بـەخۆتان دەدەن کە ئەو پەیکەرو دارو بەردە بێ گیانانە، یـان فریشـتەو جندوکـەو شتیتر بکەنە هاوەڵێ خودا؟ بەچ عـەقڵێك ئەوانە دەکەنە هاوشانی خودای بونەوەر؟ ئەو خودایەی ئەوەتواناو دەسـەڵاتیەتی ئـەوە خـودای بونـەوەر، بەخێو کەرو رزق و ڕۆزیدەری ئادەمیزادو جندۆکـەو هـەموو گیانلەبەرانـە بەدیهێنەرو خاوەنیانە، ئەو هەڵیان دەسوڕێنێ. خودایەك ئەوەصیفاتی بن، چۆن ئێوە هەندێ لە دروستکراوانی خۆی دەکەنە هاوشانی؟!

بێگومـان خودای مـەزن زەوی لەدووماوەو دوو قۆناخ دا دروست کردوە، ئەمجار بەدوو قۆناغیتر(دووماوەی تر) باقی مـەصالیحەکانیتری سەرزەوی وەکو ئاوو هەواو ئەو شتانەی پێویسـتن بـۆ ژیـان تێیـدا بـەدی هێنـاون،

ئەمجار ئاسمانەکانی لە دوو قۆناغ (دوومـاوە)ی‌تـردا دروست کـردوە و هێناونیە کایەوە. ئەمجار ئەو شتانەی کە بـۆ خۆشـگوزەرانی ئـادەمیزادو گیانلەبەرانی‌تر پێویستن خولقاندنی، ئەوەش لەسێ شتی سـەرەکی دا خـۆ دەنوێنن:-

١- دەفـەرموێ: ﴿وجعـل فيـها رواسـي مـن فوقــها﴾ پـەروەردگار کێوەکانی لەسەر زەوی وەکوو گوڵمێخ بەدی هێناون، ئەو کێوانە تەوازونی زەوی دەپـارێزن و نـاهێڵن وەشەقشـەقە بکـەوێ و گیانلەبـەرانی سـەری راتڵـەقێنێ. هـەروەها ئاویـان تێـدا کـۆ دەبێتـەوە و دەبنـە عامباراوەکان و کانزایان تێدایەو ئادەمیزاد سوودیان لێ دەبینن، دەکرێنە دیاردەو نیشانەی رێگاویان، ئـاوو هـەوا لەپیسـی دەپـارێزن. پارێزگـاری هەورەکان دەکەن.

٢- ﴿وبارك فيها﴾ زەوی پڕ خێرو فەڕ کردوە، گڵ و خۆڵەکەی بووەتـە سەرچاوەی رزق و ڕۆزی، سەروەت و سامانی کانزای جـۆراو جۆری تێـدا فەراهەم هێناوە.

٣- ﴿وقدر فيها أقواتــها﴾ رزق ورۆژی زیندەوەرانـی سـەری مـەزەندە کردوە، هەمو کون و کەلەبەرێکی زەوی واگونجـاندوە: کەبەکـەلکی جـۆرە زیندەوەرێك بێ.

﴿في أربعة أيـام سـواء للسـائلين﴾ پـەروەردگار، بەدیـهێنانی زەوی و رێك و پێك کردنی بۆتێدا ژیان و رەخساندنی بژێو بـۆ هـەمو گیانلەبـەرو درەخت و روەکی لەچوار ڕۆژدا(لەچوار قۆناغ دا) ئـەنجام داوە بـۆ هـەموو ئەوانەی هەوڵ و تەقەلای پەیدا کردنی بژێو دەدەن.

یان هەموو ئەو پێداویستیانەی ژیانی لەچوار رۆژی تـەواو بـێ کـەم و زیاد دا بەدیهێناوە، ئەمە وەڵامە بۆ هەموو ئەوانـەی بەسروشـت پرسـیار دەکەن و دەڵێن: زەوی و ئەوەی تێیدایە لەچەند ماوەدا دروست کراوە؟!

بێگومان ئەم ڕۆژانە رۆژانێکی تایبەتین و خودا دەزانێ ماوەکەیان چەندە، لەڕۆژانی ئاسای سەر زەوی نین. چونکە ئەم رۆژو شەوە ئاسای یانەی سەر زەوی دوای دروستکردنی زەوی پەیدا بوون .

جاوەکوو چۆن زەوی شەوو رۆژی هەیە، ئەستێرەکانی‌تریش شەو ڕۆژی خۆیان هەیە و لەشەوو رۆژی گۆی زەوی جودان، هەندێکیان درێژترو هەندێکیان کورتترن، ئەو ڕۆژانەی سەرەتا زەوی تێدا دروستکراوەو دوایی کێووکەژی تێدا کراون بەلەنگەرو بژیوی بۆ زیندەوەران تێدا دیاری کراوە، رۆژی ئاسایی ئێستا نەبون و بەپێوەرێکی تر مەزەندە کراون و ئێمە چیان لێ نازانین، وەلێ ئەوەمان لا ئاشکرایە کە لەم رۆژو شەوە ئاسایی‌یەی ئیستای زەوی درێژترن.

نزیکترین شتێك: کە ئێمە بتوانین تەصەوری بکەین و زانیاریمان پەی پێ بەرێ ئەوەیە: ئەو ڕۆژانە بریتین: لەو ماوە دورو درێژانەی چاخ لەدوای چاخ بەسەر زەوی‌دا تێپەڕیون، تازەوی لە قۆناغی گڕو گڕکان و بلێسەوە بووەتە مادەیەکی رەق و تۆێکڵەکەی پتەو بوو، وای لێ هات بەکەڵکی تێدا ژیان بێ، ئەم ماوە ئینتقالیە بە گوێرەی ئەو تێۆرە زانستیانەی ئێستا زانایان بەدەستیان هێناوەو بڕوایان پێیانە بەنزیکەی دوهەزار ملیۆن ساڵی ئاسایی سەرزەوی مەزەندە دەکرێن.

ئەوەشمان لەیاد نەچێ ئەو تێورانە مەزەندەو بیرو بۆچونی راستین و لەئاکامی لێکۆڵینەوە لەشاخ و داخ و توێژینەوە لە توێژەکانی زەوی و مەزەندە کردنی تەمەنی گۆی زەوی سەریان هەڵداوە و خراونە ڕو، کەوابوو ئێمە لەتەفسیرکردنی ئایەتەکانی قورئان دا ئەو تیورانە ناکەینە سەنگی محەك و سەرەدەر سەد بەراستیان نازانین و نایانکەینە تەفسیر بۆ ئایەتەکانی قورئان، ئەو تێورانە هێشتا نەبونە حەقیقەتی زانستی و لەقۆناغی تەعدیل و قبولکردن و وڕەتکردنەوەدان، لەوانە بەراستبن و ببنە حەقائیقی

زانستی و متمانەیان پێبکرێ، لەوانەشە هەڵەبن ورەت بکرێنەوە. ئەوەی: کە ئێستا بەلای زانایانەوە پەسەندەو وێ چووە ئەو تیۆرەیــە: کــە دەڵــێ: زەوی کورەیەکی ئاگرین بووە گڕگانێك بووە وەکوو حــاڵی ئێســتای خــۆر، بــەڵکو هــەر پارچەیــەك بــووە لــە خــۆرو لەبـــەر هۆیـــەك لەهۆیـــەکان لێجیابۆتــەوە، ئــەوە ماوەیــەکی زۆر دورو درێــژی گــەرەك بـــووە تـــا توێکڵەکەی ساردبوەتەوەو رەق بووە، ئێســـتا نــاوەرۆکی زەوی گڕکانێکــە بەرد دەتوێنێتەوە!!

جا هەر بەگوێرەی ئـــەو تیۆرانــە: کــە زەوی لــە حاڵــەتی گڕکانییــەوە وردە وردە سارد بووەو توێکڵەکەی رەق بوو، ســـەرەتا بــووە چــەند توێــژە شاخێکی زۆر سەخت و رەق وکەوتنــە ســەریەك، هــەرزۆر زوو دەریاکــانی لێپەیدا بوون، ئەمەش بــەهۆی بەیەکگەیشــتنی ئیدرۆجــین بــەرێژەی(٢)و ئۆکسجین بەرێژەی(١).

ئەمجار ئاوو هەوا بەیەکەوە کاریگەری خۆیان نواند بــۆ وردو هــارکردنی شاخەسەختەکان و وردەبەردو ئاڕەڵوکەکەی گڵی لێپــەیدا بــوو گونجــا بــۆ ئەوەی کشت و کاڵی تێدا بکرێ، ئیتر بــاو بــاران پێکــەوە شــیوو دۆڵیــان تێدا پەیدا کردون و چاڵ و کەلەبەریان پــڕ کردنــەوە، هێندەیــان ئــەمدیوو ئەو دیو کردو تەرووشکیان کردەوە، وای لێ هات بگونجێ بۆ کشت و کــاڵ تێدا کــردن، هــەموو شــتێکی ئــەم ســەر زەوییــە لــە ئاکــامی ڕوخــان و بنیاتنانەوە پەیدا بووە!

بێگومان توێکڵی گۆی زەوی هەمیشە لــەگۆڕان و جم و جــۆڵ دایــە، دەریاشە پۆل دەهاوێ کاری تێ دەکا، ئاوی دەریا دەبێـــتە هــەڵم و بــەرز دەبێـــتەوەو هەوری لێپەیدا دەبێ و ئـــاوی شــیرینی لێدەبارێ و کــانی و کانیاو هەڵدەقوڵێن چۆم و شیوەکان لافاو دروست دەکــەن، بــەناو زەوی دا جەرەیان دەکەن و ڕۆڵی خۆیان لە گۆڕانی شاخ و بەردی زەوی دا دەگــێڕن،

وردو هاڕیان دەکەن، دیانگوێزنەوە، ڕەنگی سورو ڕەش و سپی و زەردیان لیْ پەیدا دەبیْ، بەتێپەڕ بوونی هەزاران و ملیونە ها ساڵ بەسەر ئەم گۆڕان و گۆڕانکاریانەدا زۆر عەمەلییاتی کیمیاوی لەناو مادەکانی زەوی دا دروست بوون، بەفرو سەهۆڵ بەندان، باوو بۆران، گەرماو خۆرەتاو ڕوناکی و تاریکی، تەڕوو وشکی هاتوو چۆی گیانلبەران و خواردن و خۆراکیان، هەناسەدان و هەڵمژینیان، پیسای وزبل و زاڵیان، ئەمانە هەموویان ڕۆڵی خۆیان دەگێڕن لەگۆڕانکاری مادەکانی زەوی دا.

ئەگەر گویْ بۆ زانستی(جیۆلۆجیا)و زانازەوی ناس و بەردو شاخناسەکان ڕابگرین شتی سەیر و سەمەرە دەبیسین، بەسەدان و بە هەزاران نموونەمان دەخەنەبەر چاو بۆ نموونە دەڵێن: کاتیْ: زەوی بەرەو سارد بوونەوە چوو توێکڵەکەی ڕەق بوو تەنها بەردی ئاگرین هەبوو، دوایی ئاوو هەواو باو باران،خورەتاو گەرما سەهۆڵبەندان و سەرما، ڕۆڵی خۆیان تێدا گێڕان و سروشتی ئەو شاخ و بەردانە یان گۆڕی و هەندیْ نەرمیان کردن بۆئەوەی بتوانریْ پارچە پارچە بکریْ و بۆ دروستکردنی خانوبەرە سودیان لیْ وەربگێری، هەندێکیتر لەو شاخ و داخانەی والیکردوە کان و کانزایان لیْ دەربهێنریْ و ببنە کان و مەکۆی مادە بەنرخەکان، لەوانە هەمووی گرنگ تر ئەوەیە: کە لەم بەردە ئاگرینە ڕەقانە: کە بەکەڵکی لە سەر ژیان نایە، گڵێکی بەدیهێناوە بۆ ژیان گونجاو وپێشوازیکردن لەزیندەوەران.

ئائەم کاروانە دورو درێژەی کەبەسەر زەوی دا هاتووە وزانیاری تازە مەزەندەی دەکا، یارمەتیمان دەدا بۆ تێگەیشتن لەمانای (أیام) لە ئایەتی ﴿وجعل فیها رواسي من فوقها، وبارك فیها، وقدر فیها أقواتها في أربعة ایام﴾ دا: کە نازانین کورتی و درێژییان چەندە و چۆنن؟ تەنها ئەوەندە دەزانین ئەو ڕۆژانە ڕۆژی ئاسایی سەرزەوی نین.

﴿ثم استوى الى السماء، وهي دخان، فقال لها وللأرض أئتيا طوعا أوكرها، قالتا أتينا طائعين﴾ واتە: پاش دروستكردنی زەوی، ڕوی كردە بەدیهێنانی ئاسمان وویستی بە گوێرەی حیكمەت و دانایی خۆی تەواوی بكاو بیهێنێتە سەر حاڵی ئاسایی ئێستای..

لەو قۆناغەدا ئاسمان بریتی بوو لە كیتلە گازێكی تاریك و شێوە دوكەڵ، یان هەڵم و(سەدیم)بوو، خودا فەرمانی پێكرد: كە پێك بێ و بێتە كایەوە، خۆرو مانگ و ئەستێرەكانی بێنەدی، وەكوو چۆن فەرمانی بەزەوی كرد: كە شیوو دۆڵ و چۆم كانیاو وگژوگیاو درەخت و پێداویستی یەكانی‌تری ژیانی تێدا بێتەدی، بەتەواوی خولقاو هاتەكایەوە، ئیتر ئاسمان و زەوی پێكەوە ملكەچ و بەگوێرەی ویستی خودا هاتنە دی و حاڵی ئاسایی ئێستایان بەخۆیانەوە بینی.

لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشەوە، ئەویش ئەوەیە:-

ئایا كام لەئاسمان و لەزەوی لەپێش یەكتر دا دروستكراون؟ چونكە بەگوێرەی ئایەتی ﴿**ثم استوى الى السماء..**﴾دەبێ زەوی لەپێش ئاسمان دا دروستكرابێ، بەگوێرەی ئایەتی ﴿**والأرض بعد ذلك دحاها**﴾ (**النازعات/٣**) دەبێ ئاسمان لەپێش زەوی دا بەدی هێنرابێ.

ئیمامی ڕازی بۆ وەڵامی ئەم جۆرە پرسیارە و تەوفیق خستن لەنێوان ئایەتەكان دا دەفەرموێ: پەروەردگار لەسەرەتادا لەماوەی دووڕۆژ(قۆناغ) دا زەوی بەدیهێناوە پاشان ئاسمانی دروست كردوە، ئەمجار زەوی هێنایە سەر ئەم حاڵەی ئێستا و گونجاندی بۆ تێدا ژیانی گیانلەبەران، بەم جۆرە دژایەتی لەنێوان ئایەتەكان دانامێنێ[1] زەوی ملكەچ و فەرمانبەر دارە،بەردەوام لەگەڕدایەو بەگوێرەی یاسای كێشندەی زەویانەی خۆی (الجاذبية الارضية) لە هەڵخولان دایە، خۆر ماكەكەیەتی و بۆ لای

١- تەفسیری رازی ج٢٧/١٠٤-١٠٥ .

خۆی کێشی دەکا، لەهەمان کات دا خۆریش بەدەوری خۆیدا هەڵدەخولێ، بەهەڵخولانێکی بەدەوام، زەوی دوجۆر هەڵخولانی هەیە، هەڵخولانێکی بەدەوەری خۆی دایە و هەڵخولانێکی، بەدەوری خۆردایە، خۆریش دوو جۆر هەڵخولانی هەیە، هەڵخولانێکی بەدەوەری خۆی دایەو هەڵخولانێکی بەدەوری ئەو خۆرانەدایە: کە لەخۆی زەبەلاح ترن!

ئەمجار پەروەردگار باسی دروستکردنی زەوی کرد، باسی پێکهێنانی ئاسمانەکان و یاساو نیزامیان دەکاو دەفەرموێ: ﴿فقضاهن سبع سماوات في يومين، وأوحى في كل سماء أمرها﴾ واتە ئاسمانە کانی پێك هێناون لەدووقۆناغ دا یان بەدوومماوە(دورۆژ) ڕێکی خستن، ئەمە جگە لەو چوار قۆناغ (چوار ڕۆژەی: کەزەوی تێدا دروستکردوە، کەوابوو ماوەی دروستکردن و بەدیهێنانی ئاسمانەکان و زەوی شەش رۆژ (شەش ماوە) شەش قۆناغی پێچووە، وەکوو لەئایەتێکی تردا ئاماژە بەوە دەکاو دەفەرموێ:﴿خلق السموات والأرض في ستة ايام﴾(الاعراف/٥٤) هەر والە پێنج سورەتیتردا ئاماژە بەو ڕاستیە کراوە[1].

موجاهید دەفەرموێ: هەر ڕۆژێ لەو شەش ڕۆژە بەئەندازەی هەزار ساڵی ئاسایی ئێمە بوون، کە دەفەرموێ:﴿وأوحى في كل سماء أمرها﴾ واتە: ئەویاساو نیزامەی: کە پێیهەڵدەسوڕێن ئەنجامیدان و ڕێکیخستن.

قەتادە: دەفەرموێ: واتە مانگ و خۆر و ئەستێرەکانی تێدا بەدیهێنان، فریشتەی دروست کردن، دەریاو چۆم و ئاوو هەوای تێدا هێنانە دی.

ماوەتەوە بزانین مەبەست بە(السماء)چیە؟ لە ڕاستی ئێمە بەتەحدید نازانین مەبەست بە(سماء)چیە. وێ دەچێ ئەندازەیەك لە دووری بێ، وێدەچێ هەر مەجەرەیەك ئاسمانێك بێ، لەوانەیە شتیتر بێ، خودا بۆ خۆی دەزانێ!

١- یونس/٣ ، هود/٧ ، الفرقان/٥٩ ، السجده/٤ ، ق/٣٨ .

﴿وزينا السماء الدنيا بمصابيح وحفظا﴾ ئاسمانی دونیامان بەئەستێرە رازاندۆتەوە، لەهەمان کات دا ئامێری پارێزگارین و پەرژینن بۆ ئەوەی شەیاتینی توخن ئاسمان نەکەون، هەروەها ئەستێرەکانمان لەلێکدان و لێک خشاندن پاراستون، هەموو یان بەرێك و پێکی دێن و دەچن و رێی خۆیان لی‌تێك ناچێ، هەموو ئەو قەبارە بچوك و زەبەللاحانە هەر لەزەرە تامەجەرە لە بۆشایی بەر فراوان دا دەستی قودرەت دەیانهێنێ و دەیانباو جەرو مەنگەنەو ماکینەیان ناسوێن، وزەو توانایان لیّ نابرێ، بە شێوەی دیاریکراو ناکاتی و دیاریکراو لەگەرِدا دەبن،

﴿ذلك تقدير العزيز العليم﴾ ئەو یاسا و نیظامە رێك و پێکە نەخشەکێشان و دەست رەنگینی خودای بالآدەست و زانایە .

هەرەشە کردن لەموشریکەکان بەعەزابێک لەشێوەی عەزابی عادو سەمود

فَإِنْ أَعْرَضُوا فَقُلْ أَنذَرْتُكُمْ صَاعِقَةً مِّثْلَ صَاعِقَةِ
عَادٍ وَثَمُودَ ﴿١٣﴾ إِذْ جَاءَتْهُمُ الرُّسُلُ مِنۢ بَيْنِ أَيْدِيهِمْ وَمِنْ
خَلْفِهِمْ أَلَّا تَعْبُدُوٓا۟ إِلَّا ٱللَّهَ قَالُوا۟ لَوْ شَآءَ رَبُّنَا لَأَنزَلَ مَلَٰٓئِكَةً
فَإِنَّا بِمَآ أُرْسِلْتُم بِهِۦ كَٰفِرُونَ ﴿١٤﴾ فَأَمَّا عَادٌ فَٱسْتَكْبَرُوا۟ فِى
ٱلْأَرْضِ بِغَيْرِ ٱلْحَقِّ وَقَالُوا۟ مَنْ أَشَدُّ مِنَّا قُوَّةً أَوَلَمْ يَرَوْا۟ أَنَّ ٱللَّهَ
ٱلَّذِى خَلَقَهُمْ هُوَ أَشَدُّ مِنْهُمْ قُوَّةً وَكَانُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَا يَجْحَدُونَ
﴿١٥﴾ فَأَرْسَلْنَا عَلَيْهِمْ رِيحًا صَرْصَرًا فِىٓ أَيَّامٍ نَّحِسَاتٍ لِّنُذِيقَهُمْ

عَذَابَ ٱلْخِزْيِ فِي ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا وَلَعَذَابُ ٱلْآخِرَةِ أَخْزَىٰ وَهُمْ
لَا يُنصَرُونَ ﴿١٦﴾ وَأَمَّا ثَمُودُ فَهَدَيْنَٰهُمْ فَٱسْتَحَبُّواْ ٱلْعَمَىٰ عَلَى
ٱلْهُدَىٰ فَأَخَذَتْهُمْ صَٰعِقَةُ ٱلْعَذَابِ ٱلْهُونِ بِمَا كَانُواْ يَكْسِبُونَ
﴿١٧﴾ وَنَجَّيْنَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَكَانُواْ يَتَّقُونَ ﴿١٨﴾

لەوەپێش باسی پشت هەڵکردنی بتپەرستەکانی کرد، کەلەبەرنەفامی و سەررەقی خۆیان وێڕای بەڵگەی هەبوونی جۆراو جۆر لەسەر هەبوونی خودای تاك وتەنها و خاوەن دەسەڵاتی ڕەها ئیمان ناهێنن، ئیتر فەرمانی بە پێغەمبەری خۆی کرد: کە کافرەکان بترسێنێ لە عەزابی پڕئێش و سامناکی وەها کە تووشی قەومی عاد و سەمود هات.

دەفەرموێ: ﴿فإن أعرضوا فقل: أنذرتكم صاعقة مثل صاعقة عاد و ثمود﴾ ئەی پێغەمبەر ! بەبتپەرستە سەر ڕەقەکانی قورەیش بڵێ: ئەگەر ئێوە وێڕای ئەو هەموو بەڵگە ئاشکرایانە لەسەر ڕاستی پەیامەکەم، پشت هەڵبکەن و بەپیر بانگەوازییەکەمەوە نەیەن و ئیمان بەتاك و تەنهای خودا نەهێنن، بیر لەبونەوەر نەکەنەوە، ئەوە من لە عەزابێکی کوشندە دەتانترسێنم، عەزابێك بشوبهێتە ئەو عەزابە کۆکوژو ریشە کێشکەرەی تووشی قەومی عادو سەمود هات و لەناومان بردن، هەڕەشە کە ترسناکەو گونجاوە لەگەڵ سەر رەقی و بوغڕایی موشریکەکانی قورەیش، کەوێڕای هەبوونی ئەو هەموو بەڵگانە ملیان نەدەدا بۆ ئیمانهێنان و گاڵتەیان بەبانگەوازیەکەی پێغەمبەر دەهات.

ئیبنو ئیسحاق دەربارەی ئەم هەڕەشەیە چیرۆکێك دەگێڕێتەوە دەڵێ: ڕۆژێك عوتبەی کوڕی ڕەبیعە کە بەریش سپی و پیاو ماقوڵ دەژمێردرا

لەدیوەخانی قورەیش دا دانیشتبوو، لەو کاتەدا پێغەمبەریش ﷺ بەتـەنیا لەمزگەوتی کابەدا بوو، عوتبە گوتی: ئەریٚ خزمینە! بۆچی نـەچم بـۆلای موحەممەد هەندیٚ وت وویژی لەگەڵ دا بکەم، سا بـەلکوو بەقسـەم بکـاو واز لە بانگەوازییەکەی بهێنیٚ و ئەوکاتـە چـی بـویٚ ئامـادەین بیدەیـنیٚ ئەمەش کاتێك بوو حەمزە موسوڵمان بوبوو خەڵکی تریش پەیوەندییان بە پێغەمبەرەوە دەکرد و موسوڵمان دەبوون.

هەموو دانیشتوانی دیوەخان وەڵامی عوتبەیان دایـەوەو وتیـان ئـەی (ئەبولوەلید) تەگبیرەکەت پەسەندە هەڵسە بچۆ بزانە بەڵکو و سەرکەوتوو بی، عوتبە هەڵسا چوو بۆلای پێغەمبەر و پیٚ‌ی‌گوت: ئەی برازای شیرینم! تۆ بۆ خۆت دەزانی ئێمە چەند ڕێزت لیٚ‌دەگرین و چەند خاوەن پلەو پایەی لەناو هۆزدا!!

ئێستەیش تۆ بەم بانگـەوازیی و پەیامـەت ئاژاوەیـەکی گـەورەت بـۆ گەلەکەت دروسـت کـردوە، دووبـەرەکیت ناوەتـەوە: گاڵـتە بەعـەقڵ و بیروبۆچونیان دەکەی، ڕەخنە لـە خوداکانیـان دەگـریٚ، بـاوك و باپـیرانی پێشوویان بەگومڕا دەزانـیٚ بنـج وبناغـەی هـۆزو عەشـیرەتی قورەیشـت ڕوخـاندوە و بەردەوامیشـی لـەڕوخاندن، گـویٚ ڕابگـرە بادووسـی قسـەو ئامۆژگاری هەیە پێت بڵێم..

پێغەمبەرﷺ فەرموی: ئەی (ئەبو لوەلیـد) قسـەی خـۆت بێـژە گوێـم گرتووە، عوتبە وتـی: ئـەی بـرازای خـۆم ئەگـەر تـۆ بـەم بانگـەوازی و پەیامەت مەبەستت ماڵ و سـامانە، وەرە وازبێنـە، شـەرتی پیـاوان بـیٚ ئەوەندەت ماڵ و سامان بۆ کۆبکەینـەوە ببیـە دەوڵەمـەندترین کـەسمان، ئەگەر دەتەویٚ پلەو پایەت بەرزبێـتەوە، ئـەوە دەتکەینـە گـەورەو قسـە ڕۆیشتوی قورەیش و بـیٚ تۆکـەس نـەتوانیٚ پەنجـە بـەئاودا بکـا، ئەگـەر دەتەویٚ ببیە پاشاو فرمانڕەوا، ئەوە هەر لە ئێستاوە دەتکەینـە مـەلیکی

خۆمان و هەموو مان فەرمانبەر دارت دەبین! ئەگــەر ئــەو حاڵــەی هەتــە خەون و خەونکارییەو بەدەست خۆت نیە و ناتوانیٚ لــەدڵتی دەریــهاویٚ ی ئەوە پزیشکی جیهانت لیٚکۆدەکەینەوەو مــاڵ و ســامانی خۆمــانت تیٚــدا خەرج دەکەین تاچاك دەبیتەوە و لەو حاڵە ڕزگارت دەبیٚ' بەم جۆرە عوتبە قسەکانی خۆی تەواو کردن.

پیٚغەمبەرﷺ فەرمووی: تۆ قسەی خــۆت تــەواو کــردن؟ عوتبــە وتــی: بەڵیٚ: ئەمجار پیٚغەمبەرﷺ فــەرموی: گویٚــم لیٚ بگــرە، ئیــتر پیٚغەمبــەرﷺ فەرمووی: ﴿بسم الله الرحمن الرحیم: حم: کتــاب فصلــت ایاتــه قرآنــا عربیاً لقوم یعلمون بشیرا ونذیرا فأعرض اکثرهم فهم لا یسمعون...﴾ ئیتر پیٚدا ڕۆیی‌و دریٚژەی بەقورئان خویٚندنەکەی دا، عوتبەش گویٚی خــۆی بۆ کردبوونەوە، تا گەیشتە ئایــەتی(السجدە) ســوژدەی بــرد پاشــان کــە لەسوژدەکەی هەڵسایەوە فەرمووی: ئەی ئەبولوەلید گویٚــت لیٚبــوو، ئــەوە پەیامی منەو تۆش کەیفی خۆتە.

ئیتر عوتبــە ملــی خــۆی کــوزو کــردو ڕۆیشــتەوە بــۆ لای هــاوەڵانی، کەچووەوە هەندیٚکیان بەهەندیٚکیان دەگوت ســـویٚند مــان وابــیٚ و وابــی، ئەبولوەلید کە هاتەوە ڕەنگی تەواو گۆڕا بوو.

ئیتر: کەلایان دانیشت وتیان: ئەوە چیتە ئەبووەلید؟ وتی: سویٚندم وابیٚ کەلامیٚکم گویٚ لیٚ بوە هەرگیز شتی وام نەبیستوە، نەســیحرەو نەکوڵــەوە نانییە و نەشــیعرە، ئــەی هــۆزی قورەیــش بەقســەم بکــەن و ئــەو پیــاوە گۆشەگیر بکەن و مەهیٚڵن تیٚکەڵاو تان بیٚ، سویٚندم بەخودا ئەو کەلامــەی من بیستم کاریگەریەکی سەر سوڕ هیٚنەری دەبیٚ، ئەگەر عەرەب بەسەری دا زاڵ بوون ئەوە باشە، ئەگەر ئەویش بەسەر عــەرەب دا زاڵ بــوو، ئــەوە پاشایەتی ئەو پاشایەتی ئیٚوەیە، بالادەستی ئەو بالادەستی ئیٚوە ئەو کاتە ئیٚوە بەختەوەر دەبن، وتیان بــەخوا وادیــارە موحەمــەد بــەزوبانی لوســی

هەڵی خەڵەتاندوی! عوتبە وتی: وەڵڵا کـەیفی خۆتانـە، ئـەوە رای منـەو ئێوەش چی دەکەن بیکەن![1] .

ئەمجار شێوەی عەزابە هەرەشە پێ لێکراوەکە بەیان دەکاو دەفـەرموێ: ﴿اذا جاءتهم الرسل من بين أيديهم ومن خلفهم الا تعبدوا الا الله﴾ ئەو گەل و نەتەوانە، عەزابی خودا یەخەی گرتن کاتێك پێغەمبەرانیان هاتنـە سـەریان و پـەیامی خودایـان پـێ گـەیاندن و فـەرمانیان پـێ کـردن بەیەکتاپەرستی، گـەل و نەتـەوەکانیان بـەدرۆیان خسـتنەوە، وتیـان: پێغەمبەر نابێ ئادەمیزاد بێ، بەڵکوو دەبێ فریشتە بێ.

﴿قالوا:لو شاء ربنا لأنزل ملائكة، فانا بما أرسلتم بـه كـافرون﴾ بـە پێغەمبـەرەکانیان گـوت، ئەگـەر خـودا بیویسـتایە پێغەمبـەر بنـێرێ فریشتەی دەناردن، ئادەمیزادی نەدەکردنە پێغەمبـەر ئێـوەی ئـادەمیزاد چ رێزو نرخێکتان بەسەر ئێمەوە هەیـە؟ ئێمـە بـڕوا بـە ئێـوە ناکـەین و شوێنتان ناکەوین.

ئەمجار بەدوورو درێژی باسی چۆنیەتی لەناو چونی گەلی عادو سـەمود دەکاو دەفەرموێ: ﴿فأما عاد فاستكبروا في الأرض بغير الحق وقالوا مـن أشد منا قوة؟﴾ گەلی عاد لەسـەرزەوی تەکـەببورو خۆبـەزلزانیان نوانـد، ئیمانیان بەخوا نەهێناو پێغەمبەرانیان بەڕاسـت نـەزانین، خۆیـان بەسـەر خەڵکی تردا هەڵدەنایەوە و بو غرا بوون و لەخۆیان بایی بوون، وتیان: کێ لە ئێمە بەهێز ترە؟ کێ دەتوانێ ئێمە ببەزێنێ؟ ئێمە باڵا بەرزو دەسـت و مەچەك قەوی شان و مل پانین، هیچ شتێك ناتوانێ ئێمە بۆ ویستی خـۆی مل کەچ بکا، مەبەستیان ئەوە بـوو: ئـەو عەزابـەی بۆیـان دێ دەتوانـن پوچـی بکـەنەوە ئیـتر پـەروەردگار بەشـێوەی سەر زەنـشتکردنەوە ڕەدی

١- في ظلال القرآن ج٧/٢٣٣ ، تەفسیری (المنير) لـەم بـارەوە چیرۆکێکی‌تری هێنـاوەو ناوەڕۆکیان لێك جودایە .

دانەوەو فەرموی : ﴿أولم یروا ان الله الذي هو أشد منهم قـوة؟ وكـانوا بآیاتنا یجحدون﴾ ئایا نازانن و بیر ناكەنەوە، لەگەڵ كـێ دا بەربـەرەكانی دەكەن، ئەو كەسەی ئەوان بەربەرەكانی لەگەڵ دەكـەن خـودای بونـەوەرە، بەدیهێنەری مەخلوقاتــە، خـاوەنی هـەموو هـێزو توانایەكـە، هەڵمـەت وعەزابی توندو تیژە، دەتوانێ سامناكترین سزایان بەسەردا بدا، هەر چـی بیەوێ ببێ دەبێ، ئەوان دەزانن ئایاتی ئێمە حەق و چەسـپاوو ئاشـكران، وەلێ لەخت و خۆڕایی ئینكاری دەكـەن، موعجـیزەی گـەورەو بێوێنـەی وەكوو قورئان ڕەت دەكەنەوە، بێگومان ئــەو خودایـەی ئـەوانی دروسـت كردوە لەوان بەهێزترە، ئەو ئەوتۆزە هێزو توانایەی پـێ بەخشـیون، وەلێ ملهوڕو بوغڕابووەكان بیر ناكەنەوە.

ئەمجار پـەروەردگار جـۆری سـزاكەی عـادو سـەمود ڕوون دەكاتـەوە و دەفەرمووی: ﴿فأرسلنا علیهم ریحا صرصـراً في أیـام نحسـات، لنذیقـهم عـذاب الخـزي في الحیـاة الدنیـا، ولعـذاب الآخـرة أخـزى، وهــم لا ینصرون﴾ ڕەشەبایەكی توندو ساردمان ناردنــە سـەر، تـا بلـێی سـاردو دەنگ گەورەو وێرانكەر، بەسەر هەرچیدا بڕۆیشـتایە دەیـپرواندو تێكـی دەدا، دەیكردە وێرانەو كەس تێدا نــەماو، ئەمـەش لـەڕۆژانێكی شـوم و نەگبەتدا وەكو لەئایـەتێكی تـردا مـاوەی ڕۆژو شـەوەكان دیـاری دەكـاو دەفــەرمووی: ﴿سـخرها علیـهم سـبع لیـال وثمانیـة ایـام حسـوما﴾ (الحاقة/٧) .

ئاكامی ئەو عەزابەش ئەوەبوو لــەدونیادا عــەزابی ڕیسـواكەرو تێـك شكێنەرمان پێ چەشتن لەپاسـاوی خـۆ بـەلزانی و فیزەونیـان ڕیسـوامان كردن، با دڵنیاش بن لەقیامەت دا عــەزابی توندوتیژتـرو ڕیسـواكەرتریان پێ دەچێژین، كـەس نیـە یارمـەتیدەریان بـێ، كـەس عـەزابی خودایـان لێناگێڕێتەوە، كێ دەتوانێ بەرەنگاری ویستی خودا ببێتەوە؟

ئەمجار تاوانی سەمود باس دەکاو دەفەرموێ: ﴿وأما ثمود فهديناهم فاستحبوا العمى على الهدى﴾ هۆزی سەمودیش ڕێگای حەق و ڕاستیمان بۆ ڕوونکردنەوە، حەق و بەتاڵمان بۆ لێك جیا کردنەوە، پێغەمبەرمان بۆ ناردن، موعجیزەمان لەسەر دەستی پێغەمبەرەکانیان نیشان دان، سەرنجمان ڕاکێشان بۆ ئەوەی لەبەڵگە کەونیەکان ورد ببنەوە، ڕوو بکەنە خودا ناسی و یەکتاپەرستی، کەچی ئەوان کوفرو بێدینیان هەڵبژارد، ڕویان کردە سەرپێچی و یاخی بوون، پێغەمبەرەکانیان بەدرۆ خستنەوە، پشتیان لەبانگەوازییەکەیان هەڵکردو موعجیزەکانیان بەبێ‌نرخ سەیر کرد، تەنانەت ئەو حوشترە کە موعجیزەی ڕاستی پێغەمبەرێتی حەزرەتی صالح بوو ڕێزیان لیّ نەگرت و سەریان بڕی.

ئیتر ﴿فأخذتهم صاعقة العذاب الهون بما كانوا يكسبون﴾ گرمەو ناڵەو بوومەلەرزەی عەزابی ڕیسواکەر گرتنی و تێکیەوە پێچان، بەڵایەکی گەورەو سامناك یەخەی گرتن.

﴿ونجينا الذين آمنوا وكانوا يتقون﴾ صالح و ئەوانەی ئیمانیان پیّ هێنابوو ڕزگارمان کردن، ئەو عەزابە سەختە نەیگرتنەوە!

جۆری عەزابی کافرەکان لەقیامەتدا

وَيَوْمَ يُحْشَرُ أَعْدَآءُ ٱللَّهِ إِلَى ٱلنَّارِ فَهُمْ يُوزَعُونَ ﴿١٩﴾ حَتَّىٰٓ إِذَا مَا جَآءُوهَا شَهِدَ عَلَيْهِمْ سَمْعُهُمْ وَأَبْصَٰرُهُمْ وَجُلُودُهُم بِمَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿٢٠﴾ وَقَالُوا۟ لِجُلُودِهِمْ لِمَ شَهِدتُّمْ عَلَيْنَا ۖ قَالُوٓا۟ أَنطَقَنَا ٱللَّهُ ٱلَّذِىٓ

أَنطَقَ كُلَّ شَيْءٍ وَهُوَ خَلَقَكُمْ أَوَّلَ مَرَّةٍ وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ ﴿٢١﴾
وَمَا كُنتُمْ تَسْتَتِرُونَ أَن يَشْهَدَ عَلَيْكُمْ سَمْعُكُمْ وَلَآ أَبْصَٰرُكُمْ
وَلَا جُلُودُكُمْ وَلَٰكِن ظَنَنتُمْ أَنَّ ٱللَّهَ لَا يَعْلَمُ كَثِيرًا مِّمَّا تَعْمَلُونَ
﴿٢٢﴾ وَذَٰلِكُمْ ظَنُّكُمُ ٱلَّذِي ظَنَنتُم بِرَبِّكُمْ أَرْدَىٰكُمْ فَأَصْبَحْتُم
مِّنَ ٱلْخَٰسِرِينَ ﴿٢٣﴾ فَإِن يَصْبِرُوا۟ فَٱلنَّارُ مَثْوًى لَّهُمْ ۖ وَإِن
يَسْتَعْتِبُوا۟ فَمَا هُم مِّنَ ٱلْمُعْتَبِينَ ﴿٢٤﴾ ۞ وَقَيَّضْنَا لَهُمْ
قُرَنَآءَ فَزَيَّنُوا۟ لَهُم مَّا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُمْ وَحَقَّ عَلَيْهِمُ
ٱلْقَوْلُ فِىٓ أُمَمٍ قَدْ خَلَتْ مِن قَبْلِهِم مِّنَ ٱلْجِنِّ وَٱلْإِنسِ ۖ إِنَّهُمْ
كَانُوا۟ خَٰسِرِينَ ﴿٢٥﴾

دەربارەی سەبەب نزولی ئایەتی ﴿وما كنتم تستترون..﴾ ئیمام ئەحمەد و بوخاری و موسلیم و تیرمذی لەئیبنو مەسعودەوە ڕیوایەتیان کردووە دەفەرموێ:

دەستم بەپەردەی کابەوە بوو، سێ کەس هاتن؛ کابرایەکی قورەیشی دوو زاوای کە لەخێڵی ثەقیف بوون، یان کابرایەکی ثەقەفی و دوو زاوای قورەیشی، هەرسێکیان گەدەو گیپاڵ گەورە بوون، کەم عەقڵ و نەفام بوون، دەستیان کرد بەقسەی وا، تا ئێستا شتی وەهام نەبیستبوو، یەکێکیان وتی: ئێوە پێتان وایە خودا قسەی ئێمە دەبیسێ؟ یەکێکی تریان وەڵامی دایەوە، وتی: ئەگەر دەنگ بەرز بکەینەوە گوێی لێمانە،

ئەگەر بەنزمی ئاخاوتنی خۆمان ئەنجام بدەین گوێی لێمان نیە، سێیەمیان وتی: ئەگەر گوێی لەهەندێکی بێ، گوێی لە هەمووی دەبێ.منیش چومە خزمەت پێغەمبەرو ئەم قسانەم بۆ گێڕایەوە ئیتر پەروەردگار ئایەتی ﴿وما كنتم تستترون أن يشهد عليكم سمعكم ولا أبصاركم ولا جلودكم﴾ هەتا ﴿من الخاسدين﴾ی نازڵ کرد.

پەیوەندی ئەم کۆمەڵە ئایەتە بەهی پێشەوە لەم ڕووەوەیە:

کە لە ئایەتەکانی پێشوودا پەروەردگار دەسەڵاتی خۆی لەسروشتی بوونەوەردا ڕاگەیاند، هەروەها دەسەڵاتی خۆی لەمێژووی ئادەمیزاددا روون کردەوە، ئێستا دەسەڵات و توانای خۆی لەسەر خودی ئادەمیزادەکان دیاری دەکا، ئەوە نمایشت دەکا کە بوونەوەر بەگشتی و ئەفرادی ناوی بەتایبەتی بەگیاندارو بێ گیانیەوە، بەڵکوو هەموو ئەندامێکی جەستەو هەموو خانەو زەرەیەکی ناو بوونەوەر ملکەچ و پابەندی فەرمانی خودایە، تەنانەت چاوو گوێچکەو پێست و دەست و قاچ بەفەرمانی خودا لەخۆدی خاوەنی خۆیان دەدەن، دەفەرمووی:

﴿ويوم يحشر أعداء الله إلى النار فهم يوزعون﴾ ئەی پێغەمبەر! ڕوداوی ئەو ڕۆژە بۆ قورەیشیەکان باس بکەو بیانترسێنە بۆ ئەوەی بەخۆیاندا بچنەوەو واز لەسەر ڕەقی خۆیان بێنن؛ ئەو ڕۆژەی دووژمنانی خودا لەسارای مەحشەردا کۆ دەکرێنەوە بۆ ئەوەی حەق و حیسابیان لەگەڵ بکرێ و ئەمجا بەپاڵەپەستۆ بۆ دۆزەخ بەرێ بکرێن، پێشیان ڕادەگیرێ بۆ ئەوەی پاشەتایان پێیان بگەن و یەکتر بگرنەوەو بڵاو نەبنەوە، بەکۆمەڵ بەرەو دۆزەخ ڕاپێچ بکرێن.

﴿حتى إذا ما جاؤوها شهد عليهم سمعهم وأبصارهم وجلودهم بما كانوا يعملون﴾ هەتا دەگەنە لای دۆزەخ و ڕادەوەستێنرێن پرسیاریان لێدەکرێ لە تاوانەکانیان، جا ئەگەر دانیان بەتاوانەکانیان دا نەهێنا،

گوێچکە یـان چاویـان و پێسـتیان شـایەتییان لیٚ دەدەن، هـەر تـاوانێك بەدەست کردبیەتی دەست دەبێتە شایەت بەسەریەوە، بـەقاچ بـۆی چوبـیٚ قاچی لیٚی دەبیٚ بەشایەت، ئەگەر بەپێسـتی کردبێتـی پێسـتی شـایەتی لەسەر دەدا. مەوقیفێکی حەریجەو تا بلێی جێگای سەر سوڕمانە..

بۆیە بە حەبەسانەوە دەکەونە پرسیارکردن لەگوێچکەو چاوو پێسـتیان ﴿وقالوا لجلودهم لم شهدتم علينا؟﴾ ئەندامەکانی جەسـتەیان بەپێسـتیان دێژن ئەوە بۆچی شایەتیتان لیٚ داین؟

﴿قالوا: أنطقنا الله الذي أنطق كـل شـئ﴾ ئەندامـەکانی جەسـتەیان وەڵامیان دەدەنەوە دەڵێن: بەدەست خۆمان نیە، خودا وەزمانی هێنـاوین، ئەو خودایەی هەموو شتێکی وەزمان هێناوە ئێمەشـی وەزمـان هێنـاوە، بێگومان ئەو خودایەی لەدونیادا ئامێری زمانی وەقسە هێنـاوە، ئێمـەی خستۆتە حاڵەتی ئاخاوتن، بۆیە ناچارین شایەتیتان لەسەر بدەیـن، وەکـو لەئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿اليوم نختم على افواههم، وتكلمنا ايدهم وتشهد ارجعلهم بما كانوا يكسبون﴾(يس/٦٥) .

ئـەمجار پـەروەردگار دەفـەرمووی: ﴿وهـو خلقكـم أول مـرة واليه ترجعون﴾ یەکـەمجار خـودا دروسـتی کـردوون و هـەر بـۆلای ئـەو دەگەڕێنەوە[1] .

ئیمامی موسلیم لە صەحیحی خۆیداو بەززازو هی تریـش لەئەنەسـی کوڕی مالیکەوە ڕیوایەتیان کردووە، دەڵـیٚ: ئێمـە لەخزمـەت پێغەمبـەر بووین و کەوتە پێکەنین، دوایی فەرمووی: دەزانـن بۆچـی پێکـەنینم دیٚ؟ ئێمەیش وتمان خوداو پێغەمبەریخودا باش دەزانن، فەرمووی: بەگوفت و

١- ئێستاکە سەعات و هەشت و نیوی شەوی٢٠٠١/١٠/٨ ی ز هەواڵەکان ڕایانگـەیان کەوڵاتە یەکگرتووەکان هێرشی خۆی بۆ سەر ئەفغانسـتان دەسـت پێکـرد و شـاری کابول و قەندەهار و جەلال ئاباد بۆردومان کران .

گۆی بەندە لەگەڵ خودادا پێ دەکەم، بەندە بەخودای خۆی دەڵێ: ئەری پەروەردگارم تۆ لەستەم نامپارێزی؟ وادەت نەداومێ کە ستەمم لێ نەکەی؟ پەروەردگار دەفەرموێ: بەڵێ. بەندەکە دەڵێ: دەسا من کەسێکم بەشایەت قبووڵە: کە لەخۆم بێ، پەروەردگار پێی دەفەرموێ: کیفایەتە تۆ ئەمڕۆ بۆ خۆت شایەتی لەخۆت بدەی.

فریشتە کردەوە نووسەکان شایەتی بدەن، ئەمجار دەمی مۆر دەکرێ و بەئەندامەکانی جەستەی دەگوترێ بکەونە قسەو کردەوەکانی باس بکەن، ئیتر ئەندامانی لەشی دەکەونە شایەتیدان لەسەری.

ئەمجار پێی دەگوترێ؛ دە بۆ خۆت حیساب بۆ خۆت بکەو بڕیار لەسەر خۆت بدە، ئەویش بەئەندامەکانی جەستەی دەیەژێ کورە ماڵوێران و بەفتارە بچن ئەمن بۆ ئێوەم کردوەو لەپێناو ئێوەدا تووشی ئەم دەردە سەرییە بووم.

﴿وما كنتم تستترون أن يشهد عليكم سمعكم ولا أبصاركم ولا جلودكم﴾ ئەم فەرمایشتەیان لەفەرمایشتی پەروەدگارە، یان کەلامی فریشتەکانە، یان لەوتەی (جلود)ە یان قسەی هەندێکیانە بەهەندێکیان، واتە: لەو دەمەیدا کە تاوانتان دەکردن نەتاندەکرد بەدزی ئەندامەکانی جەستەتانەوە ئەنجامیان بدەن، لەوە نەدەترسان: کە ئەندامەکانی جەستەتان شایەتیتان لێ بدەن، بەڵکوو شانازیتان بەکوفرو بێدینییەوە دەکردو بەئاشکرا ملتان لێ دەنا، یان ناتوانن تاوانەکانتان پەردەپۆش بکەن، چەندێك بەدزییەوە بیانکەن خودا ئاگای لێیە.

﴿ولكن ظنكم أن الله لا يعلم كثيراً مما تعملون﴾ وەلێ گومانتان وابوو: کە خودا زۆر لەو تاوانانەی ئێوە دەتانکردن ئاگای لێ نیە، بۆیە پڕ کێشیتان کردن و خۆتان لەکوفرو تاواندا نوغرۆ کرد. ﴿وذلك ظنكم الذي ظننتم بربكم أرداكم فأصبحتم من الخاسرين﴾ ئائەو گومانە هەڵەیەتان:

كە پێتان وابوو خودا بێ ئاگایە لەزۆر لەو تاوانانەی دەیانكەن، ئێوەی هەڵنا بۆ ئەوەی مل لەتاوان نێن، هەر ئەوەش بوو ئێوەی توشی ئەو عەزابە سەختە كردو بەفەتارەی بردن.

﴿فإن يصبروا فالنار مثوى لهم، وان يستعتبوا فماهم من المعتبين﴾ ئەگەر دان بەخۆیاندا بگرن و ئارام بگرن ئارامگرتن بێ هودەیە، ئەگەر صەبریشیان نەبێ ئەوە دۆزەخ جێگایانەو خۆشیان بێ و ترشیان بێ لەدۆزەخ رزگاریان نابێ، خۆ ئەگەر بیانەوێ پاساو بۆ تاوانەكانیان بهێننەوەو بیانوو بدۆزنەوە، ئەوە تازە دەرگای تۆبەو پەشیمانبوونەوە داخراوە، عوزرو پاساو كەڵكیان نەماوە.

ئیمام ئەحمەدو ئەبو داودو ئیبنو ماجە لەجابرەوە ریوایەتیان كردوە دەفەرموێ: پێغەمبەرﷺ فەرمووی: (لا يموتن أحد منكم الا وهو يحسن بالله الظن فان قوماً قد أرداهم سوء ظنهم بالله) با هەركەسێ لەئێوە دەمرێ نیازی بەخودا باش بێ، بەتەما رەحمەت و بەزەیی پەروەردگاری بێ. چونكە بێگومان گەل و نەتەوەیەك بەهۆی بەدگومانیانەوە بە فتارە چوون، دونیا گۆڕەپانی كردەوەیە، قیامەت خانەی پاداشت و سزایە، كەوابێ لەقیامەت دا بیانوو عوزر هێنانەوە بێ جێیە، چەندێك عوزر بهێننەوە لێیان وەر ناگیرێ.

ئەنجار پەروەردگار هۆی مانەوەیان لەسەر كوفرو بێدینی رادەگەیەنێ و دەفەرمووی: ﴿وقيضنا لهم قرناء فزينوا لهم ما بين ايديهم وما خلفهم﴾ لەئاكامی دڵڕەقی و خراپەكاری سروشتی خۆیان ، شەیاتینی و گومراكەری جندۆكەو ئادەمیزادمان بەسەردا بالاْ دەست كردوون، كردەوەی رابردوو داهاتوویان لەپێش چاو جوان كردوون و دەكەن، هەرچی خراپەكاری و بیر و باوەڕی پوچ و بێ بناغەیە لەبەر دڵیان شیرینی دەكەن، بۆ ئەوەی پتر لەزەلكاوی گومرایی‌دا نوغرۆیان بكەن، كاری ناشیرینیان

لەلا جوان دەکەن، وا سەرقاڵی ژیانی دونیایان دەکەن هەموو کردارێکی بەدو خراپی خۆیان لەلا پەسەندە، ئەمەش کوشندەترین دەردو بەڵایە، ئادەمیزاد وای لێ بێ چاك و خراپ لێك جیا نەکاتەوە، هەست بەرێگا لێتێکچون و سەر لێشێواوی خۆی نەکا، هەرچی دەیکا بەلایەوە ڕاست و پەسەندبێ، بەڕاستی ئەم حاڵەتە حاڵەتێکی خەتەرناکەو هەر کەسێ گەیشتە ئەو ئاستە ماڵوێران و بەفتارە چووە.

﴿وحق عليهم القول في أمم قد خلت من قبلهم من الجن والأنس إنهم كانوا خاسرين﴾ بڕیار دراوە بۆیان و لەسەریان چەسپاوە کە عەزابی دۆزەخ بیانگرێتەوە، لەگەڵ ئەو گەل و نەتەوە کافرو گومڕایانەدا: کە لەپێشیانەوە بەکافری مردوون، لەجندۆکەو ئادەمیزاد، چونە تونی نەمانەوە، عەزابی سەخت و دژوار یەخەی گرتوون و ڕزگاریان نابێ، هەموو گەل و نەتەوەیەکی گومڕا بەئینس و جیننەوە، بەڕابردوو حازرو داهاتووەوە، هەموویان خەسارەتمەندو بەفتارە چوو دور لەڕەحمەتی خودان.

لەمپەڕ دروستکردن لەبەردەم قورئاندا

وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ لَا تَسۡمَعُواْ لِهَٰذَا ٱلۡقُرۡءَانِ
وَٱلۡغَوۡاْ فِيهِ لَعَلَّكُمۡ تَغۡلِبُونَ ﴿٢٦﴾ فَلَنُذِيقَنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ عَذَابٗا
شَدِيدٗا وَلَنَجۡزِيَنَّهُمۡ أَسۡوَأَ ٱلَّذِي كَانُواْ يَعۡمَلُونَ ﴿٢٧﴾ ذَٰلِكَ جَزَآءُ
أَعۡدَآءِ ٱللَّهِ ٱلنَّارُۖ لَهُمۡ فِيهَا دَارُ ٱلۡخُلۡدِ جَزَآءَۢ بِمَا كَانُواْ بِـَٔايَٰتِنَا يَجۡحَدُونَ
﴿٢٨﴾ وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ رَبَّنَآ أَرِنَا ٱلَّذَيۡنِ أَضَلَّانَا مِنَ ٱلۡجِنِّ
وَٱلۡإِنسِ نَجۡعَلۡهُمَا تَحۡتَ أَقۡدَامِنَا لِيَكُونَا مِنَ ٱلۡأَسۡفَلِينَ ﴿٢٩﴾

لەوە پێش ئەوەی ڕاگەیاند کە شەیتانی جندۆکەو ئادەمیزاد کردەوەی بەدو ڕێگای خراپ لەپێش چاوی کافرو خراپەکاران جوان دەکەن، لێرەشدا ئەوە ڕوون دەکاتەوە: کە هەندێ لەو خراپ جوانکردنەیان هەڵنانیانە بۆ کافرەکان: کە بەربەرەکانی قورئان بکەن و نەهێڵن بگاتە بەر گوێچکەی خەڵکی و مەنعی بڵاو بوونەوەی بکەن، کۆسپ و تەگەرە بخەنە بەردەم هەڵگرانی و بانگخوازانی و جۆرەها ناوو ناتۆرەی لیٚ بدۆزنەوە.

دەفەرمووی: ﴿وقال الذين كفروا: لا تسمعوا لهذا القرآن والغوا فيه لعلكم تغلبون﴾ هەندێك لەکافرەکان بەهەندێکی تریانیان دەگوت: کوڕینە دەخیلتان بیێ گویٚ بۆ ئەم قورئانە مەگرن، لەکاتێکدا کە گوێتان لیٚیەو دەخوێندرێتەوە بیکەنە هەراو هوریاو ژاوە ژاو، با کەس لیٚی حاڵی نەبیٚ، بیکەنە فاك و فیٚك و چەپڵە لیٚدان و گۆرانی گوتن، بەڵکو دەنگی ئیٚوە زاڵ بیٚ، یان فەرمانبەرداری فەرمان و جڵەوی گیرییەکانی ئەم قورئانە مەبن بەشیعرو سیحرو هەڵبەستراوی لەقەڵەم بدەن، بەڵکو قسەکەتان سەر بکەویٚ و کەس شوێنی نەکەویٚ.

ڕیوایەت کراوە: کە پێغەمبەر ﷺ لەمەککە بەدەنگی بەرز قورئانی دەخوێندەوە بۆ ئەوەی کافرەکان گوێیان لیٚ بیٚ، بەڵکو ئیمانی پیٚ بهێنن، قورەیشیەکان دەیانکردە گاڵ و بوغڵ و چەپڵەلیٚدان و فیکە فیك و شیعر خوێندنەوە، وایان دەکرد گوێگرەکان لیٚی تیٚ نەگەن.

ئیبنو عەبباس دەفەرمووی: ئەبو جەهل خەڵکی ڕادەسپارد و دەیگوت: کە موحەممەد قورئانی خوێند ئیٚوە بەقولە قول و گاڵە گاڵ بەڕویا بچنەوە بۆ ئەوەی نەزانی چی دیٚژیٚ، ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوە: کە قورەیشیەکانیش وەکو گەلی عادو سەمود پێغەمبەری خودایان بەدرۆ خستۆتەوە. ئەمجار پەروەردگار هەڕەشەی توندیان ئاڕاستە دەکاو دەفەرمووی:

﴿فلنذيقن الذين كفروا عذاباً شديداً ولنجزينهم أسوأ الذي كانوا يعملون﴾ سەختترین سزای دۆزەخ بەکافرەکان دەچێژین، تۆڵەی کردەوەی بەدو بەدڕەفتارییان لیٚ دەستێنین، تۆڵەی ڕەتکردنەوەی قورئان و لەمپەڕ دانان لەبەردەم ئەوانەی دەیانەویٚ موسوڵمان بن لیٚدەسێنین و بەسەریانەوە ناچیٚ، سزای خراپترین کردەوەیان دەدەینەوە، کام کردەوەیان ناشیرین و بەدە ئەوەیان بۆ حسێب دەکەین، کردارە باشەکانیان پاشگویٚ دەخەین و بۆیان حسێب ناکەین، چی کرداری باشیان هەبیٚ وەکو صیلەی ڕەحم و ڕێزگرتن لە دراوسیٚ و میوان و یارمەتی هەژارو بیٚ نەوایان لەقیامەت کەڵکی لیٚ وەرناگرن هەر لەدونیادا جێگایان بۆ پڕ دەکرێتەوەو پاساویان دەدرێتەوە.

بەڕاستی ئەمە هەڕەشەیەکی سەخت و دژوارە لەهەموو کافرو بیٚ بڕوایان بەگشتی، بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆش هەڕەشە لەهەموو ئەوانەی بەبیستنی قورئان دڵیان ڕا ناچڵەکیٚ و گوێچکەیانی بۆ ناکەنەوە، لەکاتی خوێندنی قورئاندا بیٚ دەنگ نابن، فەرمانی پەروەردگار دەشکێنن، کە فەرمانی پیٚ کردون گویٚ بۆ قورئان بگرن و لەماناکانی ورد ببنەوە، وەکو لەئایەتێکی تردا دەفەرمووی: **﴿وإذا قرئ القرآن فاستمعوا له وانصتوا لعلكم ترحمون﴾**(الأعراف/٢٠٤).

ئەمجار پەروەردگار چۆنیەتی ئەو عەزابە دیاری دەکاو دەفەرمووێ: **﴿ذلك جزاء أعداء الله النار، لهم فيها دار الخلد جزاء بما كانوا بآياتنا يجحدون﴾** ئا ئەو سزا سەختەی کە پێیان دەچێژین لەسەر خراپترین کردەوەیان: کە هاوەڵدانانە بۆ خودا، سزای دووژمنانی خودایە، سزای ئەوانەیە:کە پێغەمبەرانیان بەدرۆ خستونەوە، لەئاستی بەندایەتی کردن بۆ خودا لوتبەرزییان نواندوە، هاوەڵیان بۆ بەدیهێنەری خۆیان داناوە، بۆ ئەوانە لەناو دۆزەخدا ماڵی هەمیشەیی هەیە، بۆ هەتا هەتایە ئەوە

جێگاو نشینگەیانە، ساتە وەختێك لیێ دەر ناچن و ئەو سزایەیان لـەکۆڵ نابێتەوە، ئەمەش پاداشی ئەوەیانە: کە دەیانگوت: قورئان کەلامی خـودا نیەو لەخوداوە نەهاتووە!

ئەمجار کافرەکان لەدۆزەخ دا وەزمان دێن هاوار دەکەنە پـەروەردگاریان: کـە گومڕاکـەرانیان نیشـان بـدا بـۆ ئـەوەی تۆڵـەیان لیێ بسـێننەوە.. دەفەرموێ: ﴿وقال الذين كفروا: ربنا أرنا اللذين أضلانـا مـن الجـن و الإنس نجعلهما تحت أقدامنا ليكونا من الأسفلين﴾ کافرەکان داوایان کـرد (داوا دەکەن) وتیان: خودایە؛ ئەوانەی لەدو تاقمـەی ئـادەمیزادو جنۆکـە ئێمـەیان گومـڕا کـردووە نیشـانمان بـدە بـا بیانخەینـە ژێـر قاچمانـەوەو بیانساوینەوە، تۆزێك داخی دڵی خۆمانیان پیێ بڕێژین، بیانکەینە بنکڵـی ناو ئاگرو بکەونە (ئەسفەلە سافیلینەوە) ژێر هەموانمان بکەون، توندتریـن سزایان بدریێ.

پـەروەردگار وەڵامیـان دەداتـەوە دەفـەرموێ: هـەمویان عـەزابی دوو چەندانەیان هەیە، عەزابی گومڕایی خۆیان و گومڕاکردنی خەڵکانی تـریش وەکو لەئایەتێکی تردا ئامـاژە بـەوە دەکـاو دەفـەرمووی: ﴿لكل ضعف ولكن لا تعلمون﴾الأعراف/٣٨.

شەیتان و گومڕاکەر وا دەبیێ ئـادەمیزادە وا دەبـیێ جندۆکەیـە وەکـوو لەئایەتێکی تردا دەفەرمووی: ﴿وكذلك جعلنا لكل نبي عدواً شياطين الأنس والجن﴾(الأنعام/١١٢). یـان دەفـــەرمووی: ﴿الـذي يوسـوس في صدور الناس من الجنة والناس﴾(الناس/٦).

هەندیێ لە موفەسسرین پێیان وایە مەبەست بەشەیاتینی ئینس و جـین ئیبلیس و قابیلە، چونکە ئەو دوانە بەناحەق کوفـرو کوشـتنیان داهێنـا، شەیتان فەرمانی خودای شکاندو قابیلیش ئـادەمیزاد کوشـتنی نـاڕەوای داهێنـا، فەرموودەیـەکی (مرفـوع) هەیـە تـیرمیزی ڕیوایـەتی کـردووە

پشتگیری ئەم تەفسیرە دەکا، دەفەرمووی: (ما من مسلم يقتل ظلماً الا كان على ابن آدم الأول كفل من ذنبه لأنه أول من سن القتل) هەر موسڵمانێك بەناحەق بکوژرێ، بەشێك لەتاوانەکەی لەئەستۆی قابیلی کوڕی ئادەمە،چونکە ئەو یەکەم کەس بوو: کەکوشتنی بەناڕەوای داهێنا.

وادەو بەڵێنی خودا بۆ ئەوانەی بەردەوامن لەسەر خوداپەرستی

إِنَّ ٱلَّذِينَ قَالُواْ رَبُّنَا ٱللَّهُ ثُمَّ ٱسْتَقَٰمُواْ تَتَنَزَّلُ عَلَيْهِمُ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ أَلَّا تَخَافُواْ وَلَا تَحْزَنُواْ وَأَبْشِرُواْ بِٱلْجَنَّةِ ٱلَّتِى كُنتُمْ تُوعَدُونَ ﴿٣٠﴾ نَحْنُ أَوْلِيَآؤُكُمْ فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا وَفِى ٱلْءَاخِرَةِ وَلَكُمْ فِيهَا مَا تَشْتَهِىٓ أَنفُسُكُمْ وَلَكُمْ فِيهَا مَا تَدَّعُونَ ﴿٣١﴾ نُزُلًا مِّنْ غَفُورٍ رَّحِيمٍ ﴿٣٢﴾

دەربارەی سەبەب نزولی ئایەتی ژمارە (٣٠) ئیبنو عەبباس دەفەرمووی: لەشەئنی حەزرەتی ئەبوبەکری(صديق)دا نازڵ بووە، ئەوەبوو موشریکەکان گوتیان: (الله) بەدیهێنەرمانە، فریشتەکان کچی ئەون، ئەم بتانەش لایخودا شەفاعەتمان بۆ دەکەن،حەزرەتی ئەبوبەکر وتی: (بەدیهێنەرمان خودایەو بیهاوەڵ و ژن و منداڵە، تاك وتەنهاو بیتاتاجە موحەممەد بەندەو پێغەمبەریەتی، بەردەوام بوو لەسەر ئەم بیرو باوەڕە..

پەیوەندی ئەم کۆمەڵە ئایەتە بەهی پێشەوە لەم ڕووەوەیە:

کە لەپێشەوە باسی حاڵ و چۆنیەتی موشریکەکانی کرد، سەرەنجام و سزایانی دیاری کرد، ئەمجار باسی حاڵ و چۆنیەتی موسوڵمانان دەکا،

سەرەنجامیان دیاری دەکا، بۆ ئەوەی کافرو موسوڵمان لێك جیا بکاتەوە، پاك و پیس لێك هەڵاوێرێ، ئەمەش داب و نەریتێکی قورئانەو ئوسلوبی وەهایە: هەر کە باسی شتێکی کرد دژەکەشی باس دەکا، باسی دوونیا بکا، باسی قیامەتیش دەهێنێ لێرەشدا، کە هەڕەشەی لەکافرەکان کرد، بەشوێن ئەوەدا وادەو بەڵێنی پاداشی باش و هەرگیز نەبڕاوەی بەموسوڵمانان داو فەرمووی:

﴿إن الذين قالوا: ربنا الله ثم استقاموا﴾ بێگومان ئەوانەی وتیان خودامان (الله)یە دان بەخودایەتی خوداو بەتاك و تەنهایی‌دا دەنێن و بڕوایان وایە: هەر زاتی (الله) خودایەو هەر ئەو شیاوی خودایەتیەو بەردەوامیش بوون لەسەر ئەو بیرو باوەڕەو کەسی تریان بەخودا نەزانی، پابەندی فەرمان و نەهیەکانی پەروەردگار بوون و لەسەر ئەو حاڵەش مردون، ئەوانە..

﴿تتنزل عليهم الملائكة ألا تخافوا ولا تحزنوا، وأبشروا بالجنة التي كنتم توعدون﴾ فریشتەی تایبەت بەیارمەتیدانی موسوڵمانان دێنە سەریان و دڵیان خۆش دەکەن، ترس و خۆفی داهاتوویان لێ دەڕەوێننەوە، لە سێ حاڵەتی تەنگانەدا فریایان دەکەون مژدەیان پێ دەدەن، لەکاتی مردندا، لەگۆڕدا، لەکاتی زیندوو بوونەوەدا.

وایان لێ‌دەکەن ترسی داهاتوویان نەبێ، بەپەرۆش نەبن بۆ ئەو ژیان و ماڵ و حاڵەی لەدوونیادا هەیانبووەو بەجێیان هێشتووە، مزگێنی چوونە ناو بەهەشتیان پێ دەدەن، بەمەش مرازیان حاصڵ دەبێ و دڵنیایی و دڵئارامی ڕویان تێ دەکا.

فریشتەکان: کە دەچنە لای موسوڵمانان دڵخۆشیان دەکەن پێیان دەڵێن: ﴿نحن أولياؤكم في الحياة الدنيا وفي الآخرة﴾ ئێمە ڕاسپێرراوین: کە لەژیانی دوونیاتانداو لەژیانی قیامەتتاندا پارێزگاریتان بکەین، لەژیانی

دوونیاتاندا یارمەتیتان بدەین بۆ کاری خێرو بەفەرمانی خودا بتانپارێزین لە هەموو ناخۆشی و تەنگ و چەڵەمەیەك، لەژیانی دواژیانی دونیاشتان دا لەگەڵتان دا دەبین، لەژیانی بەرزەخدا ئەنیس و هاودەمتان دەبینن لەکاتی زیندوو بوونەوەدا ترس و بیمتان لیٚ دەرەوێنینەوە، لەپردی سیرات دەتان پەرێنینەوە، هاورێیتان دەکەین بۆ ناو بەهەشت..

جا ئەوکاتە ﴿ولكم فيها ما تشتهي أنفسكم ولكم فيها ما تدعون، نزلاً من غفور رحيم﴾ بۆ ئێوە هەیە لە بەهەشتدا هەرچی ئارەزۆ بکەن، هەرچی بتانەویٚ و داوای بکەن، دەست لەعاست بۆتان ئامادەیە، ئەم هەموو نازو نیعمەتانە بۆ ئێوە بەیدەست کراوە و دابینکراوە لەلایەن خودای لێخۆشبوو لەتاوان و خاوەن ڕەحم و بەزەیی.

بانگەوازیکردن بۆ ڕێبازی خوداپەسەندو شێوەی بانگەوازیکردن

وَمَنْ أَحْسَنُ قَوْلًا مِّمَّن دَعَا إِلَى ٱللَّهِ وَعَمِلَ صَٰلِحًا وَقَالَ
إِنَّنِى مِنَ ٱلْمُسْلِمِينَ ﴿٣٣﴾ وَلَا تَسْتَوِى ٱلْحَسَنَةُ وَلَا ٱلسَّيِّئَةُ
ٱدْفَعْ بِٱلَّتِى هِىَ أَحْسَنُ فَإِذَا ٱلَّذِى بَيْنَكَ وَبَيْنَهُۥ عَدَٰوَةٌ كَأَنَّهُۥ
وَلِىٌّ حَمِيمٌ ﴿٣٤﴾ وَمَا يُلَقَّىٰهَآ إِلَّا ٱلَّذِينَ صَبَرُوا۟ وَمَا يُلَقَّىٰهَآ
إِلَّا ذُو حَظٍّ عَظِيمٍ ﴿٣٥﴾ وَإِمَّا يَنزَغَنَّكَ مِنَ ٱلشَّيْطَٰنِ نَزْغٌ
فَٱسْتَعِذْ بِٱللَّهِ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْعَلِيمُ ﴿٣٦﴾

لەم کۆمەڵە ئایەتەدا پەروەردگار وێنەی بانگخوازانی ئیسلامان بۆ دەکێشیٚ و ئەرکەکانیان دیاری دەکا، هەڵس و کەوت ورەفتارو گوفتاری

موسـولّمان ڕون دەکاتـەوە، ڕەوشـتەکانی داعـی دەسـت نیشـان دەکـاو پێغەمبەرﷺ تەوجیه دەکا بـۆ پابـەند بـوون پێیانـەوە و موسـولّمانانیش هەڵدەنێ بۆ چاو لێکردنی، دەفەرموێ:

﴿ ومن أحسن قولا ممن دعا الى الله وعمل صالحـا، وقـال انّـني مـن المسلمين ﴾ ئیبنو عـەبباس دەفەرموێ: مەبەست بە ﴿مَنْ﴾ لە ئایەتەکە دا پێغەمبەرەﷺ هەروەها هەر کەسێ: بەرنامەی ئەو پەیڕەو بکا..

خاتوعائیشەو عیکریـە و موجـاهید دەفـەرمون ئایەتەکـە دەربـارەی بانگبێژەکان نازلّ بووە، بەڵام لێرەدا ئیشـکالێك دێتـە پێشـەوەو ئـەویش ئەوەیە بانگ لەمەدینە داهێنراوەو سـورەتەکە مەککیـە! ئـەبو حـەییان دەفەرموێ: پێویستە بۆ دەفعی ئەو ئیشکالە بگوترێ: ئایەتەکە بـانگدەرە کانیش دەگرێتەوە، نەك دەربارەی بانگدەر نازلّ بووە،﴿مَنْ﴾ ئیستیفهامی تەقریری دەگەیەنێ واتە: کەس لەو کەسە باشتر نیە: کە ئەوسێ ڕەوشتەی تێدابن:

١- بانگەوازیکردن بۆ یەکتاپەرستیو بەندایەتیکردن بۆ خودای بونــەوەر، بەڕاستی بانگەوازیکردن بۆ خودا پەرستی و یەکتا پەرستی باشـترین قسەو گوفتارە کە ئادەمیزاد ئاڕاستەی برای ئادەمیزادی خۆی دەکا، دەقەکـە گشـتییە، هـەموو بانگـەوازیکارێك دەگرێتـەوە هـەر لـە پێغەمبەرﷺ خۆیەوە تا دەگاتە ئاخرەمین کەسێکی ئوممەتی ئیسـلام: کە بانگەوازیی ئەنجام دەدا، بەو تەو نووسین.

٢- کردەوەی چاك و پەسند، ئەمەش بریتیـە لەئـەنجامدانی هـەموو ئـەو فەرمانانەی خودا فەرمانی بەئەنجامدانیان کردوە، خۆبـە دوورگرتـن لەو شتانەی جلّەو گیری لیّ کردوە.

٣- پابەند بوون بە ئایینی ئیسلام و کردنـی بـە بەرنامـەی ژیـان، واتـە پابەند بوون بە ئیسلامەوە، وەکـو بـیرو بـاوەڕ و پـەیڕەوو پڕۆگـرام،

بەڕاستی ئەم سێ‌خاڵە بنەمای بانگەوازیکردنن بۆ خودا پەرستی، کەسێك بەدڵ ئەوە باوەڕی بێ، بەکردەوەش ئەو ڕەفتارو گوفتاری بێ‌و بەئاشکرا خۆی بەموسوڵمان پۆلێن بکاو بڵێ من لە پێڕی موسوڵمانانم، دەبێ کێ لەو کەسە باشتربێ کێ لەو خودا پێداوە بەختەوەرتر بێ؟ دیارە کەس لەو باشتر نیە و ئەو پەڕی خێرو بێری بۆ خۆی دەستەبەر کردوە..

ئەمجار دوای بەیانکردنی بنەماکانی بانگەوازیکردن بۆ خودا پەرستی، ڕەفتاری بانگەوازیکەران دیاری دەکاو ڕەوشتی جوان و ناشیرین لێك هەڵدەهاوێژێ و دەفەرموێ:

﴿ولا تستوى الحسنة ولا السيئة، ادفع بالتي هي أحسن﴾ هەر گیزاو هەرگیز کرداری چاك و ڕەوشتی بەرزو جوان وەکوو ڕەفتاری بەدو کردەوەی ناشرین نین، ناچنەریزی یەکترەوەو وەکوو یەك حیسابیان بۆ ناکرێ، چۆن کردەوەیەکی جوان: کە ببێتە هۆی ڕەزامەندیی خوداو پاداشتی باشی لەسەر وەر بگیرێ و سود بەخش بێ بۆ ئادەمیزاد خۆیشی، وەکوو کردارێکی بەدوناشیرین وایە: کە جێگای ناڕەزامەندیی خودایەو سزای لەسەر دەدرێ!؟

کەوابێ ئەی بانگەوازیکەر ڕەوشتی پەسەند پەیڕەو بکەو بەچاکە خراپە دوور بخەرەوە، لەبەرامبەر خراپەکاران دا چاکە پەیڕەو بکە، بەڵکوو شەرمەزاربن و بەخۆیان دا بچنەوەو واز لەخراپەکاریی خۆیان بێنن! جا کە تۆ لەبەرامبەر خراپەی خەڵك دا چاکەت کرد، لە هەڵەو تاوانیان بوردی، لە شوێنی رق هەڵسان دانت بەخۆتا گرت و چاوت لەهەڵەو خراپەیان پۆشی .

﴿فاذا الذي بينك وبينه عداوة كأنه ولي حيم﴾ ئیتر لەگەڵ ئەو کەسەدا: کە لەنێوان تۆو ئەودا دوژمنایەتی هەیە دۆستایەتیەك پەیدا

دەبێ هەر دەڵێی خۆشەویستێکی نزیك و دڵسۆزە، دوژمن دەبێتە دۆست، ئای کە ئاکامێکی باش و بەنرخە، دوژمن ببێتە دۆست و برادەر!

﴿وما یلقاها الا الذین صبروا، وما یلقاها الا ذوحظ عظیم﴾قبوڵی ئەم ئامۆژگاریە ناکا مەگەر کەسێك خۆڕاگرو پشوو درێژ بێ، بتوانێ بەچاکە خراپە بپوچێنێتەوە، خۆ بۆ ناخۆشی و نارەحەتی رابگرێ، کەسێ: دەتوانێ بەچاکە خراپە بڕەوێنێتەوە: کە خاوەنی بەختەوەریی دونیاو قیامەت بێ، بەشێکی باشی هەبێ لەخێرو چاکە.

ئیبنوعەبباس لەتەفسیری ئەم ئایەتەدا دەفەرموێ: پەروەردگار فەرمانی بەموسوڵمانان کردوە، کەلە کاتی رق هەڵسان دا خۆڕاگرو پشوو درێژ بن لەگەڵ نەفامان دا بەحیلم و حەوصەڵە بن، کە خراپەیان لەگەڵ کرا لێبوردەیی بەکار بێنن، هەر کاتێك وابوون خودا لەشەڕی شەیتان دەیانپارێزێ و دوژمن بۆیان دەبێتە براو خۆشەویستی دڵسۆز، ئەمجار پەروەردگار ڕێگای چارە سەر کردنی وەسوەسەی شەیتان ڕون دەکاتەوەو ڕێنمویی‌ئادەمیزادەکان دەکا کەپەنابگرن بەخودا لەوەسوەسەو هەڵداشتنی شەیتان و داروودەستەکانی.

دەفەرموێ: **﴿واما ینزغنك من الشیطان نزغ فاستعذ بالله انه هو السمیع العلیم﴾** ئەی ئادەمیزاد! هەر کاتێك شەیتان وەسوەسەی خستەدڵتەوە ویستی لەڕێگەی چاکە کاری لات بداو نەهێڵی لەبەرامبەر خراپەکاری خەڵکی‌دا چاکەی بکەی، پەنا بگرە بەخودا لەشەڕو نەگبەتی، داوابکە خودا لەشەڕو فرت و فێڵی ئەو نەگریسە بتپارێزێ.

بێگومان خودا شنە وایە بەپاڕانەوەو پەناگرتنی تۆ، زاناو ئاگادارە بەوەسوەسەو ختوکەی شەیتان و عەزم و جەزمی ئادەمیزاد لەسەر کردەوەو بیرو باوەڕی و دڵسۆزیو ڕاستگۆیی لەهەڵوێستی‌دا.

ئیمام ئەحمەد و تیرمیزی لە ئەبو سەعیدی خودرییەوە ڕیوایەت دەکەن دەڵێ: هەر کاتێ پێغەمبەر ﷺ هەڵسایە بۆ نوێژ ئەم دوعایەی دەخوێندو دەیفەرموو: (أعوذ بالله السميع العليم من الشيطان الرجيم من همزه ونفخه ونفثه) .

نمونەی ئەم ئایەتە ئایەتێکی ترە، کە دەفەرموێ: ﴿خذ العفو وامر بالعرف واعرض عن الجاهلين، واما ينزغنك من الشيطان نزغ فاستعذ بالله انه سميع عليم، ان الذين اتقوا اذا مسهم طائف من الشيطان تذكروا، فاذا هم مبصرون﴾(الاعراف١٩٩-٢٠١).

بەڵگەی جۆراو جۆر لەسەر هەبوونی خوداو لەسەر تاک و تەنهایی و تواناو حیکمەتی

وَمِنْ ءَايَـٰتِهِ

ٱلَّيْلُ وَٱلنَّهَارُ وَٱلشَّمْسُ وَٱلْقَمَرُ لَا تَسْجُدُوا۟ لِلشَّمْسِ
وَلَا لِلْقَمَرِ وَٱسْجُدُوا۟ لِلَّهِ ٱلَّذِى خَلَقَهُنَّ إِن كُنتُمْ
إِيَّاهُ تَعْبُدُونَ ﴿٣٧﴾ فَإِنِ ٱسْتَكْبَرُوا۟ فَٱلَّذِينَ عِندَ
رَبِّكَ يُسَبِّحُونَ لَهُۥ بِٱلَّيْلِ وَٱلنَّهَارِ وَهُمْ لَا يَسْـَٔمُونَ ۩ ﴿٣٨﴾
وَمِنْ ءَايَـٰتِهِۦٓ أَنَّكَ تَرَى ٱلْأَرْضَ خَـٰشِعَةً فَإِذَآ أَنزَلْنَا عَلَيْهَا ٱلْمَآءَ
ٱهْتَزَّتْ وَرَبَتْ ۚ إِنَّ ٱلَّذِىٓ أَحْيَاهَا لَمُحْىِ ٱلْمَوْتَىٰٓ ۚ إِنَّهُۥ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ
قَدِيرٌ ﴿٣٩﴾

لەوە پیش ئەوەی رونکردەوە کە چاکترین کردارو گوفتار بانگەوازیکردنە بۆ ئاینی خودا، ئەمجار لێرەدا پەروەردگار هەندێ بەڵگە لەسەر و جود و قودرەت و حیکمەتی خۆی نمایش دەکا، دەفەرموێ:

﴿ومن آیاته اللیل والنهار والشمس والقمر﴾ لەبەڵگەو نیشانەی هەبوونی خوداو تواناو دەسەلاتیەتی، کاتی شەوورۆژ، تاریکی ئەوو روناکی ئەم بەشوێن یەکدیدا هاتنیان و زیادبوونی ئەم لەسەر حیسابی ئەوو بەپێچەوانەشەوە، هەروەها دروستکردنی خۆری پرتەو بەخش و مانگی نورانی، بەشوێن یەکدا هاتنیان و هەر یەکەیان لەدائیرەی خۆی دا هاتو چۆیانە..

بۆ هەریەکەیان رێرەووقۆناغی خۆی دیاری کراوە، خێرایی رۆیشتنیان بەجۆرێکە گونجاوو لەبار بەهاتووچۆی خۆرو مانگ ئەندازەی شەوو رۆژ حەفتەو مانگ و ساڵ دەزانرێ،کاتی حەج و نوێژو رۆژو گرتن و کاتی قەرزو مامەڵەو وەرزەکانی ساڵ دەزانرێ، مانگ وخۆرو ئەستێرەکان و زەویو ئاسمانەکان هەموو ئەندامی جەستەی بونەوەرن، هەمیشە لەگەڕدان بۆ خزمەتکردن، هەر ئەندامێکی ئەم بونەوەرە بەئەندازەی خۆی نرخی هەیەو لە خزمەتی راستی و عەدالەتکاری دایە: کەواتە: ئێوە..

﴿الاّ تسجدوا للشمس ولا للقمر﴾سوژدە بۆ خۆرو بۆ مانگ مەبەن، سوژدە بۆ ئەستێرەی گەش و گای رەش مەبەن ﴿و اسجدوا لله الذي خلقهن ان كنتم اياه تعبدون﴾ بەڵکوو سوژدە بۆ ئەو خودایە بەرن، کە ئەوانەی دروستکردون، هەر ئەو شیاوی عیبادەت بۆ کردنە، ئەگەر راست دەکەن ئێوە بەندایەتی هەر بۆ ئەو دەکەن.

﴿فان استكبروا فالذين عند ربك يسجدون له بالليل والنهار وهم لا يسأمون﴾ جا ئەگەر کافرەکان سوور بوون لەسەر کوفرو بێدینی و

دەمارگرتنی و خۆیان بەگەورەزانی و سوژدەیان بـۆ خـودا نـەبردو یـەکتا پەرسـتییان ئـەنجام نـەدا، هـەندێکیان فریشـتەیان پەرسـت و بڕێکیـان ئەستێرە یان پەرسـت و کۆمـەڵێکیان بوونـە پارەپەرسـت و گرۆیـەکیان بتپەرست بوون بەشێکیشیان هاوەڵیان بۆ خودا دانا.....هتد.

ئەوە باهەموو یان بزانن: فریشتە: کـە لـەخودا نزیکـن و لـەئادەمیزاد باشترن تۆزقاڵێك لەئاستی بەندایەتیکردن بۆ خـودا لوتبـەرزی نـانوێنن.. بەڵکوو هەمیشە سەرگەرمی خوداپەرسـتی و بەندایـەتی کردنـن، مـاندو نابن و چان نادەن، ئەوان چەندێك لەخودا وە نزیك بن و خاوەن هێزو توانـا بن لەخۆیان بایی نابن و بۆغرایی ڕویان تێ‌ناکـا، ئـەوان بەهـەموو هـێزو توانایەکیانەوە خالصانەو دڵسۆزانە بەندایەتی بۆ خودا دەکەن.

ئەمجار دوای ڕانواندنی بەڵگـەی دەسـەڵاتی خـودا لەجیـهانی بـاڵادا، نیشانەی دەسەڵاتی خودا لەزەوی دا نمایش دەکاو دەفەرموێ: ﴿ومن آياتـه أنك ترى الارض خاشعة فاذا أنزلنا عليها الماء اهتزّت وربت﴾ هــەندێ لە بەڵگەونیشانەی دەسەڵاتی خودا لەسەر زیندوبوونەوەو هاتنی قیامــەت ئەوەیە: کە تۆ کاتێ واهەیە زەوی دەبینی سوتەمەرۆو زەرد هەڵگەڕاو، بێ شینایی و بێ نیشات، کــەچی: کـە پـەروەردگار، بـاران بەسـەر زەوی دا دەبارێنێ، ئیتر ئەو خاکە مردوە بــێ گیانــە سـوتەمەرۆیە وەجـم و جـوڵ دەکەوێ و فشەڵ دەبێ و گژو گیا دەڕوێنێ و جۆرەها گوڵ و ڕوەك دەڕوێ، بەجۆرەها ڕەنگ و شێوەی ڕەنگاو ڕەنگ خۆی دەنوێنێ.

﴿ان الذي أحياها لمحيي الموتى انه على كل شيء قدير﴾بێگومان ئەو کەسەی ئەو زەوییە سـوتەمەرۆیەی زینـدو کردۆتـەوە مردوانیـش زینـدو دەکاتەوە، قیامەت هەڵدەسـتێنێ و حەشـر بـەرپا دەکـا، بێگومـان ئـەو خودایە خاوەن دەسەڵاتە بەسەر هەموو شـتێك دا خـاوەن هـێزو توانایــەو هیچی لێ‌یاخی نابێ.

هەڕەشە لەخودانەناسان و بەدوور گرتنی قورئان لەتانە و کەم و کوڕی

إِنَّ ٱلَّذِينَ يُلۡحِدُونَ فِيٓ ءَايَٰتِنَا لَا يَخۡفَوۡنَ عَلَيۡنَآۗ أَفَمَن
يُلۡقَىٰ فِي ٱلنَّارِ خَيۡرٌ أَم مَّن يَأۡتِيٓ ءَامِنٗا يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِۚ ٱعۡمَلُواْ مَا شِئۡتُمۡ
إِنَّهُۥ بِمَا تَعۡمَلُونَ بَصِيرٌ ﴿٤٠﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ بِٱلذِّكۡرِ لَمَّا جَآءَهُمۡۖ
وَإِنَّهُۥ لَكِتَٰبٌ عَزِيزٞ ﴿٤١﴾ لَّا يَأۡتِيهِ ٱلۡبَٰطِلُ مِنۢ بَيۡنِ يَدَيۡهِ وَلَا مِنۡ
خَلۡفِهِۦۖ تَنزِيلٞ مِّنۡ حَكِيمٍ حَمِيدٖ ﴿٤٢﴾ مَّا يُقَالُ لَكَ إِلَّا مَا قَدۡ قِيلَ
لِلرُّسُلِ مِن قَبۡلِكَۚ إِنَّ رَبَّكَ لَذُو مَغۡفِرَةٖ وَذُو عِقَابٍ أَلِيمٖ ﴿٤٣﴾

لەوە پێش بانگەوازی خەڵکی کرد بۆخودا پەرستی، ئوسلوب و داب و نەریتی بانگەوازیکردنی بەیانکرد، بەڵگەی لەسەر ڕابوونی قیامەت و زیندوبونەوە هێنایەوە.

ئەمجار لێرەدا هەڕەشە لەهەموو ئەوانە دەکا: کە گوێ بۆ بانگەوازی یەکە ناگرن و لەئایەتەکانی بوونەوەر وردنابنەوەو هەوڵ دەدەن شوبهە و گومان بخەنە ناو ئایەتەکانەوەو کاریگەرییان پوچ بکەنەوە. ئەمجار قورئان وەصفی دەکاو دڵنەوای پێغەمبەر دەداتەوە بۆ ئەوە بەهەڵوێستی ناشیرینی نەتەوەکەی دڵتەنگ نەبێ، فەرمانی پێ دەکا: کە پشوو درێژبێ لە بەرامبەر ئەزیەتدانیان دا، بەرو وەرگێڕانیان تەنگە تاونەبێ، چونکە ئەوە عادەت و هەڵوێستی گەل و نەتەوەکانی پێشوو بووە، بەرامبەر پێغەمبەرەکانیان دەفەرموێ:

﴿ان الذين يلحدون في آياتنا لا يخفون علينا﴾ بێگومـــان ئەوانـــەی ڕو لەحەق وەردەگێڕن، قورئان لەپلەو پایەی خۆی دا دەبــەزێنن و گۆڕانکــاری تێدا دەکەن، بڕوا بە حیکمـــەت و دەســەلآتی خــودا لەبونــەوەردا ناکــەن، ئەوانــە لــە ئێمــە شــاراوە نــین، پێیــان دەزانــین، ئاگامــان لــە هـــەڵس و کەوتییانە، تۆڵەیان لێ‌دەستێنین، ناهێڵن ئاوا بۆیان سەربچێ.

ئەمجار جۆری تۆڵەستاندنەکەو سزادانەکەیان دیاری دەکا، دەفــەرموێ: ﴿أفمن يلقي في النار خير أمن ياتي آمنا يوم القيامة﴾؟ ئایا کەسێ: ڕۆژی قیامەت بە تۆپزی توڕبدرێتـــە نـــاو دۆزەخــەوە و لەتۆڵـــەی بەدرۆخســتنەوەی پێغەمبەردا سزابدرێ، حاڵی باشترە یان ئەو کەسەی ڕۆژی قیامەت دێتـــە سارای مەحشەرەوەو دڵنیایـــە لەســەرنجامی خــۆی و ئەمینــە لەعــەزاب؟ بێگومان چۆن یەك نین و ناخرێنە تـــای تــەرازوی یــەکترەوە! مەبەســتەکە ئەوەیە بێ بڕوا یان ڕۆژی قیامەت دەخرێنە ناو دۆزەخـــەوەو موســوڵمانان ئەمێنن لەعەزاب و ناڕەحەتی،دەی ئێوە بۆ خۆتان حوکــم بــدەن کــام پــێر حاڵی باشتر دەبێ؟

دەی کەوابێ ﴿اعملوا ما شئتم انه بما تعملون بصير﴾ بەویستی خۆتان چی دەکەن بیکەن، دڵنیابن خودا بەکردارو ڕەفتارتـــان ئاگـــا دارو بینایـــەو هیچی لێ‌گوم نابێ، بەگوێرەی کردەوەکانتـــان پـــاداش و ســزاوەردەگرنەوە، چاکە بە چاکە خراپە بەخراپە.

﴿ان الذين كفروا بالذكر لما جاءهم﴾ بێگومان ئەوانەی کافرن و بڕوا بەقورئان ناکەن: کە بۆیان نێراوە، بەناڕەوا پەیامەکەی ڕەتدکەنەوە، ئەوانە بەدبەخت و چارەش و بەفتار چوون، لە پاساوی کوفرو بێدیـــنی خۆیـــان دا تۆڵەیان لێ دەسەندرێ.

ئەمجار سێ صیفەتی قورئان بەیان دەکا:

دەفەرموێ: ﴿وانه لكتاب عزيز لايأتيه الباطل من بين يديه ولا مـن

خلفه تنزيل من حكيم حميد﴾ بێگومان ئەو قورئانەی ئەوان بڕوایان پێ‌نیەو ڕەتی دەکەنەوە، بەرزو پیرۆزەو بەرپەرچی نادرێتەوە، هی ئەوەنیە تانەی لێ‌بدرێ، کەس ناتوانێ پوچی بکاتەوە، لەهیچ ڕویەکەوە بەدرۆ ناخرێتەوە، هیچ نامەیەکی ئاسمانی نیە بەدرۆی بخاتەوە، پارێزراوە لەهەموو کەم و کوڕییەك، خودا نازڵی کردوە و هەر ئەویش دیپارێزێ وەکوو لەئایەتێکی تردا دەفەرموێ: **﴿انا نحن نزلنا الذكر وانا له لحافظون﴾(الحجر/٩)** .

نامەی خودایەو کەتەلۆکی بوونەوەرە، هەرچی تێ‌یدایە لەفەرمان و نەهی، لەئەحکام و ئامۆژگاری، لەسەر گورشتەو دیرۆك هەموو پڕە لەحیکمەت و دانایی، جێگای حەمدو سوپاسە، بەڵکوو گەورەترین نیعمەتی خودایە بۆ ئادەمیزاد، باشترین دیاری ئاسمانە بۆ زەوی، ڕۆشنکەرەوەی ڕێبازی حەق و ڕاستیە!

ئەمجار تەسەللای پێغەمبەرﷺ دەداتەوەو ئازاری ڕەتکردنەوەی پەیامەکەی لەلایەن نەتەوەکەیەوە لەسەر لادەباو هەڵیدەنێ بۆ ئەوەی بەهەڵوێستی نالەباریان دڵتەنگ نەبێ، فەرمانی پێ دەکا بەصەبرو پشوو درێژی و بەردەوامبوون، لەسەر بانگەوازی یەکەی، دەفەرموێ:

﴿ما يقال لك الا ما قد قيل للرسل من قبلك، ان ربك لذومغفرة وذو عقاب أليم﴾ ناگوترێ بەتۆ لەلایەن ئەو موشریك و بتپەرستانەوە جگە لەوەی بەپێغەمبەرانی پێش تۆ گوتراوە، ئەوەی دەربارەی تۆ دەگوترێ: کەساحیری، دوۆزنی، شاعیری، شێتی..هتد بەپێغەمبەرانی پێشووش گوتراوە، ئەوانیش وەکوو تۆ لەلایەن نەتەوەکانیانەوە بەدرۆخراونەوە: گاڵتەیان پێ‌کراوە، بوختانیان بۆ هەڵبەستراوە، ئەوان لەبەرامبەر هەڵوێستی ناپەسەندی گەلەکانیان دا خۆراگرو پشوو درێژ بوون تویش وابەو چاو لەوان بکە.

بێگومان خودای تۆ ئەی موحەممەد! خاوەن لێخۆشبون و چاوپۆشی‌یە بۆ ئەوانەی تۆبە دەکەن و لەتاوانەکانیان پەشیمان دەبنەوە، هەروەها خاوەنی سزای توندو دژوارە بۆ ئەوانەی سورن لەسەر کوفرو بێدینی و پەیامەکەی بەدرۆ دەخەنەوە.

نمونەی ئەم ئایەتە ئایەتێکی‌ترە: کە دەفەرموێ: ﴿**كذلك ما اتي الذين من قبلهم من رسول الا قالوا: ساحر او مجنون**﴾(الذاريات/٣٩)

ئیبنو ئەبی حاتەم لەسەعیدی کوڕی (المسيب)ەوە ڕیوایەت دەکا دەڵێ: کەئایەتی ﴿**ان ربك لذو مغفرة...**﴾نازڵ بوو، پێغەمبەرﷺ فەرموی: (**لولا عفوا الله وتجاوزه ما هنأ أحد العيش، ولولا وعيده وعقابه لإتكل كل أحد**) ئەگەر عەفوو لیبوردەی‌خودا نەبوایە کەس لەززەتی لەژیان نەدەکرد، خۆ ئەگەر هەڕەشە و سزاشی نەبوایە هەموو کەس پاڵی لیٚ‌دەدایەوە.

جەختکردنەوە لەسەر ئەوە: کە قورئان بەزمانی عەرەبییە

وَلَوْ جَعَلْنَٰهُ قُرْءَانًا أَعْجَمِيًّا لَّقَالُوا۟ لَوْلَا فُصِّلَتْ ءَايَٰتُهُۥٓ ءَا۬عْجَمِىٌّ وَعَرَبِىٌّ قُلْ هُوَ لِلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ هُدًى وَشِفَآءٌ وَٱلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ فِىٓ ءَاذَانِهِمْ وَقْرٌ وَهُوَ عَلَيْهِمْ عَمًى أُو۟لَٰٓئِكَ يُنَادَوْنَ مِن مَّكَانٍۭ بَعِيدٍ ﴿٤٤﴾ وَلَقَدْ ءَاتَيْنَا مُوسَى ٱلْكِتَٰبَ فَٱخْتُلِفَ فِيهِ وَلَوْلَا كَلِمَةٌ سَبَقَتْ مِن رَّبِّكَ لَقُضِىَ بَيْنَهُمْ وَإِنَّهُمْ لَفِى شَكٍّ مِّنْهُ مُرِيبٍ ﴿٤٥﴾ مَّنْ عَمِلَ صَٰلِحًا فَلِنَفْسِهِۦ وَمَنْ أَسَآءَ فَعَلَيْهَا وَمَا رَبُّكَ بِظَلَّٰمٍ لِّلْعَبِيدِ ﴿٤٦﴾

لەم کۆمەڵە ئایەتەی ئێرەدا پەروەردگار نیعمەتێکیتری خۆی بەسەر قورەیشیەکان دابەیان دەکا: کە قورئانی بەزمانی عەرەبی نازڵ کردوە، بیانووی بڕیون، چونکە ئەگەر بەزمانی غەیری عەرەبی قورئانی بناردایە ئەو کات عەرەبەکان بیانوویان بەدەستەوە دەبوو، دەیانگوت تێی ناگەین و نازانین چی تێدایە، بەڵام: کە زمانی خۆیانە ئەو بیانوەیان براوە، دەفەرموێ:

﴿ولو جعلناه قرآنا أعجميا لقالوا لولا فصلت آياته أأعجمي وعربي؟﴾ واتە: لەفەرزێك دا ئێمە ئەم قورئانەمان بە غەیری زمانی عەرەبی نازڵ بکردایە: کافرەکانی قورەیش گەزافیان دەکێشاو دەیانگوت: ئەوە بۆ بەزمانی ئێمە ئایەتەکانی نەهاتوونە خوارێ و شی نەکراونەوە، بۆ ئەوەی لێی حاڵی بین و بزانین چی تێدایە و باسی چیدەکا، ئێمە عەرەبین و لە زمانی عەجەم حاڵی نابین،هەروەها دەیانگوت: چۆن کەلامی ناعەرەب بۆ عەرەب دەنێردرێ؟ مەبەستەکە ئەوەیە قورئان عەرەبییە بۆ تێی ناگەن؟ ئەگەر بەزمانی ناعەرەب بنێردرایە بیانوویان بەدەستەوە دەبوو، دەیانگوت چۆن دەبێ نامە بەزمانی ناعەرەب و نامە بۆ نێردراو عەرەب!؟ چۆن لێی حاڵی بین و چۆن پەیڕەوی بکەین؟

جا لەکاتێك قورئان هەمووی عەرەبییەو ئیمانی پێناهێنن، تێیدەگەن و پشتی لێهەڵدەکەن، دیارە ئەوانە کوفرەکەیان زۆر قوڵەو زۆر سەررەق و دڵرەقن، قورئان بەزمانی خۆیان بۆیان نێردراوە کەچی دەڵێن:

﴿قلوبنا في اكنة مما تدعونا اليه﴾ یان دەڵێن: ﴿وفي آذاننا وقر﴾ حەقیقەت و ڕاستی یەك کەلەناو ئەم کەلامە ئاسمانیدا هەیە ئەوەیە:

﴿قل﴾ ئەی موحەممەد! بەو موشریکانە بڵێ: ﴿هو للذين آمنوا هدى وشفاء﴾ ئەو قورئانە هیدایەتدەری موسوڵمانانە، ڕێبازی حەق و ڕاستیان

نیشان دەدا شـــیفای دڵ و دەرونیانـە، گومـان و شـوبهەو ڕاڕاییـان تێـدا ناهێڵێ، ڕێبازی ژیانیـان بـۆ ڕون دەکاتـەوە، ڕێگایـە کیـان نیشـان دەدا بەپەیڕەویکردنی سەرفرازی دونیاو قیامەتیان بۆ دەستەبەر دەبێ، هەسـت بە سروشت و حەقیقەتی قورئان دەکەن و پێی بەهرەمەند دەبن.

﴿والذين لايؤمنون في آذانهم وقر، وهو عليهم عمى﴾ ئەوانەی بـڕوا بەهەبون وتاك و تەنهایی خـوداو پێغەمبـەرێتی موحەممـەدو پەیامەکـەی ناکەن، قورقوشم لەگوێچکەیان دا هەیـەو کـەلامی حـەق نابیسـن و لێی حاڵێ نابن، نایانەوێ تێ بگەن، ترسی ئەوەیان هەیـە بەرژەوەندییـەکانیان لەدەست بچن، بۆیە ئامۆژگاریی یەکتریان دەکـرد: کـە لـەغوەو هـاش و هۆشی بخەنە سەرو لەکاتی خوێندنەوەیدا ژاوەژاوو هەراو هۆریا بەرپا بکەن بـۆ ئەوەیکەس تێی نەگاو نـەزانن چـی تێدایـە.ئـەمجار پـەروەردگار جـەخت لەسەر ئامادە نەبوونیان بۆ حاڵێ بوون لەقورئان دەکاتەوەو دەفەرموێ:

﴿أولئك ينادون من مكان بعيد﴾ حـاڵ و وەزعـی ئـەو نەفامانـە لـە تێنەگەیشتن و حاڵی نەبوون وەکـوو حاڵـێ کەسێك وایـە لـە شـوێنێکی دوورەوە بانگی لێ بکرێ، گوێی لەدەنگێك هەیە بەلام تێی ناگا.

ئـەمجار ئـەوە ڕون دەکاتـەوە: کەرەتکردنـەوی نامـەی ئاسمـانی داب و نەریتێکی کۆنی ئادەمیزادە، گەل و نەتەوەکانی ڕابوردوش پێغەمبـەرانی خۆیان بەدرۆخستۆتەوە..

دەفەرموێ:﴿ولقد آتينا موسى الكتاب فاختلف فيه﴾ئەی پێغەمبـەر! بەهەڵوێستی قورەیشیەکان دڵگران مەبەو بەلاتەوە عەجایەب نـەبێ، کـە پەیامەکەت ڕەت دەکەنەوە، چونکە ئەوە داب و نـەریتێکی کۆنـە، گـەل ونەتەوەکان پەیڕەوییان کردوە بەرامبەر پێغەمبەرەکانیان، بـۆ نمونـە ئێمـە موسامان کردە پێغەمبەرو تـەوراتمان پێـداو ناردمانـە سـەر فیرعـەون و نەتەوەکـەی و نەتـەوەی ئیسـرائیل، هـەبوو ئیمـانی پـێ هێنـاو هـەبوو

پەیامەکەیان ڕەتکردەوە، موسایان بەدرۆخستەوە، ئەزەیەتیان دا، کەوابێ ئەی موحەممەد ئەتۆ دڵت بەخۆنەمێنێ و بەرەتکردنەوەی پەیامەکەت لەلایەن ئەوانەوە دڵتەنگ مەبە، خۆڕابگرە پشت بەخودا ببەستە، وەکوو لەئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿**فاصبر كما صبر اولوالعزم من الرسل**﴾ (**الاحقاف/٣٥**).

ئەمجار هۆی دواکەوتنی عەزاب بۆسەر کافرەکانی قورەیش بەیان دەکاو دەفەرموێ: ﴿**ولولا كلمة سبقت من ربك لقضي بينهم**﴾ ئەگەر لەبەر ئەوە نەبوایە کە لەپێش دا بڕیاری خودا بەوە دەرچووە: کە بەعەزابی کۆکوژ کافرە قورەیشیەکان لەناو نەباو ئاسەوارییان نەبڕێتەوە وەکوو گەلی عادو سەمود، زوو عەزابی بۆ دەناردن و لەناوی دەبردن، بەڵام حیکمەتی خودا واهاتووە: کەتارۆژی قیامەت عەزابیان دوابخاو ئەوکاتە تۆڵەی سەرپێچی و سەرڕەقیان لێبستێنێ، وەکوو لەچەند ئایەتیتردا ئاماژە بەوە دەکاو دەفەرموێ: ﴿**بل الساعة موعدهم**﴾(**القمر/٤٦**) یان دەفەرموێت: ﴿**ولكن يؤخركم الى اجل مسمى**﴾(**النحل/٦١**).

ئەگەر لەبەر ئەو بڕیارە خودایییە پێشینە نەبوایە وەکوو گەلەپێشینەکان کۆکوژی دەکردن، چونکە هۆکاری بەهیلاکبردنیان تێدایە، پێغەمبەر بەدرۆدەخەنەوە پەیامی قورئان ڕەتدەکەنەوە ﴿**وانهم لفي شك منه مريب**﴾ بێگومان کافرەکانی قورەیش لەگومان دان بەرامبەر قورئان و پەیامەکەی رەت دەکەنەوە.

ئەمجار پەروەردگار یاسای سزاو پاداش دیاری دەکاو دەفەرموێ: ﴿**من عمل صالحا فلنفسه ومن اساء فعليها، وما ربك بظلام للعبيد**﴾ هەر کەسێ لەدونیادا کارێکی باش ئەنجام بدا سوودەکەی بۆ خۆیەتی، کەسێکیش خراپەی کرد زیانەکەی لەسەر خۆیەتی،هەموو کەسێ: بەگوێرەی کردەوەکانی سزاو پاداش وەردەگرێتەوە ئیمان و باوەڕی

پەسندی هەبێ و کردەوەی چـاك بکـا بـۆ خـۆی قازانجـەو دەبێتـە هـۆی بەختەوەریی خۆی، ئەگەر لەخودا یاخی بێ و ڕەفتاری بەدبێ زیانەکەی بۆ خۆیـەتی وەکـوو لەئایـەتێکی تـردا دەفـەرموێ ﴿**وان لیس للانسـان الا ماسعی**﴾(النجم/٣٩) .

سوپاس بۆ خوا تەفسیری جوزئی بیست و چوار تەواو بوو .





پێڕستی بابەتەکان

